



# یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان و هەڵوێست و ڕەنگدانەوەکان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

- لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە ............................................ ٦

- بەیاننامەی هاوبەش، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان و خەبات ........ ٩

❊ پەیامی پیرۆزبایی حیزب و ڕێکخراوە مەدنییەکان و کەسایەتەکان ....... لاپەڕەی .......... ١٥

❊ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ...

❊ حیزبی تەزامۆنی ئەهواز "عەرەبستانی ئێران"...

❊ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران...

❊ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان...

❊ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران...

❊ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران...

❊ ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان...

❊ پەیامی پیرۆزبایی بزووتنەوەی گۆڕان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات...

❊ تەڤگەری چاکسازی کوردی لە سووریە" پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی حیزب کرد...

❊ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان...

❊ پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان...

❊ حیزبی شیوعیی کوردستان...

❊ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان...
❊ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان...
❊ پارتی سەربەستیی کوردستان...
❊ یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان...
❊ یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان...
❊ بزووتنەوەی ڕزگاریی دێموکراتی کوردستان...
❊ پەیامی بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەلاتی کوردستان بە بۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان...
❊ پەیامی پیرۆزبایی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە بۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان...
❊ ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران بەبۆنەی یەکگرتنەوە پیرۆزبایی گەرمی لە حیزبی دێموکرات کرد...
❊ دکتۆر "موسا کەڤاڵ" سەرۆکی بزاڤی ئاشتی ناوخۆیی "بان" ...
❊ پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکاران...
❊ کۆنفیێدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی...
❊ یەکیەتی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران...
❊ ئەنستیتۆی کورد لە واشنتۆن...
❊ ڕێکخراوی جیهانیی کورد...
❊ پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی پارلمانتارانی هەرێمی کوردستان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات...
❊ بەڕێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ...
❊ برووسکەی پیرۆزبایی ناوەندیی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات...
❊ ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سوسیالیست...
❊ "محەممەد ئەمین پێنجوێنی"کەسایەتییەکی باشووری کوردستان...
❊ خاتوو "شاناز ئیبراهیم ئەحمەد...
❊ غەفوور مەخمووری" سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان...
❊ کۆمیتەی پەیوەندییە ئێرانی و کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات...
❊ هاوڕێ سەعید بەگزادە...
❊ دوکتور جەبار قادر...
❊ هونەرمەند مستەفا دادار...
❊ شێرکۆ شێخ نووری پێشمەرگەی دێرین...

* دوکتور ئالان فتووحی...

* عەتا سەراوی" ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان...

* بنەماڵەی شەهید "مەلا ئەحمەد دەروێشی...

* بەڕێز کەماڵ شەرەف...

* بنەماڵەی شەهید "نەحۆ"...

* مەلا محەممەد جوانڕۆیی...

## * هەڤپەیڤین ................ لاپەڕەی ........... ٧٧

١- هەڤپەیڤینی ماڵپەڕی رووداو لەگەڵ مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزبی دیموکراتی .......... ...................................................................................... هەڤپەیڤین: نوێنەر فاتیح

٢- خالید عەزیزی: لە هەر شوێنێک هێرشمان بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆمان دەکەین .................. کوردستان میدیا

٣- ناسر باباخانی: قۆناغی دوای یەکگرتنەوە، دەبێ کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی خەبات بێ لە ڕێگەی بە ڕۆژەڤ کردنی پرسی کورد لە وڵاتانی دەرەوە ........................................................................ دیمانە: ڕەحمان سەلیمی

٤- قادر وریا: پاراستنی یەکگرتوویی حیزب، دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە .................................. ئا: سروور

٥- سامان موکریانی: ئەرکەکانی پاش یەکگرتن، قورستر، گرینگتر و بەرفراوانترن ............................ ئا: سروور

٦- هەڤپەیڤینێ عومەر باڵەکی لەگەڵ ڕێگای کوردستان و سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکرات ............. ............................................................................................ دیمانە: محەمەد چاوشین

٧- وتوویـژەدا لەگەڵ بەڕێـز کاک تەیمور مستەفای ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ...... دیمانە: ڕەحمان سەلیمی

٨- چەند پرسیار و وەڵامێک لە سەر پرسی یەکگرتنەوە لە بەڕێز و تێکۆشەر هاوڕێ کاک برایم لاجانی .................. ............................................................................................................ لوقمان باختە

## ٭ وتار و بیروبۆچوون ............... لاپەڕەی ................ ١٢٣


١- بایەخی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ............................................................ د. ئاسۆ حەسەن زادە

٢- یەکگرتنەوەی دێموکرات و پرسی ژنان ........................................................ ئاسۆ مینبەری

٣- وانەکانی دابڕان و یەکگرتنەوە ..................................................................... مەنسوور مروەتی

٤- نەخۆشی ئەگەر نەتکوژێ، بەهێزترت دەکا! ..................................................... برایم لاجانی

٥- لە یەکگرتنەوە گرینگتر ......................................................................... ئەلبورز ڕۆئین‌تەن

٦- یەکگرتن و پێشکەوتن ............................................................................ پێژمان شەریعەتی

٧- گەلاوێژێک کە حوکمی نەورۆزێکی هەبوو ......................................................... ئاسۆ مینا

٨- تێکەڵبوونەوەی دێموکراتەکان و چەند وتەیەک ................................................... لوقمان زەهرایی

٩- تاقە یەک خاڵی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لەبەرچاو بگرەو بەس! .................................. برایم جەهانگیری

١٠- یادداشتەکانی دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دیمۆکڕات ............................................. بهزاد خوشحالی

١١- یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ..................................................................... کەریم ئەڵلاوەیسی

١٢- پێنووسی یەکگرتووخوازم ئاوا دەنووسێ ........................................................... ئەحمەد ڕەحمانی

١٣- وەڵامێک بۆ لێکدابڕان و یەکگرتن ................................................................ شۆڕش ئەسەدزادە

١٤- یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب .................................................................... شەمزین ئەحمەدنەژاد

١٥- تێکەڵبوونەوەی دێموکراتەکان و خەسارناسییەک .................................................. کەماڵ گرویسی

١٦- یەککگرتنەوەی دیمۆکرات و چەند تێبینییەک ...................................................... کامران شۆرەبی

١٧- ئەم هەل و دەسکەوتە بەو هەڵە کوشندەیە مەفەوتێنن ............................................ رامبۆد لۆتفی پووری

١٨ - ئەو رۆژەی کە دەمێک بوو چاوەڕوانی بووین و ئاواتمان بۆ دەخواست ........... سەید عەلی هاشمی و عوسمان نۆباری



٭ ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وەڵات ................................. لاپەڕەی ...... ١٨٣

٭ پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ............. لاپەڕەی ...... ٢٠٧

٭ سپاسنامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ...... لاپەڕەی .... ٢٨٧

## لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە




دوای ١٦ ساڵ دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوای بەئاکامگەیشتنی وتووێژەکانی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوولایەنی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە.

ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە، ٣٠ی گەلاوێژ لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە بە بەشداریی سەدان کادر و پێشمەرگە و، کەسایەتییە سیاسییە دێرینەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو؛ حیزبە خۆشەویست و تێکۆشەرەکەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکی گرتەوە.

ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێ کرد. دوایە بەیاننامەی هاوبەشی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەلایەن خوشکە خەدیجە مەعزووری، ئەندامی ڕێبەری و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات خوێندرایەوە.

لە بەشێکی ئەو بەیاننامەیەدا هاتبوو کە گومانی تێدا نییە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەدژی هەر عەقڵییەتێکی ناوەندگەرا کە

فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوەییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران ڕەت بکاتەوە. هەروەها هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە هێزێکی شوێندانەری ئەوتۆ کە لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سەرانسەریدا، حیسێبی تایبەتی بۆ بکرێت. ئەم یەکگرتنەوەیە پاڵپشت دەبێت بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرەنسیپە لەمێژینە و گرنگەکانی حیزب. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕووداوە پیرۆزە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەوتنەوە سەریەکی ئەو هەموو سەرمایە مرۆیی و مەعنەوییە، پشتئەستوور بە جێگە و پێگە و ئێعتبار و خۆشەویستیی کەموێنەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکی کوردستان و، دڵگەرم بە دەرسوەرگرتن و وشیاری و ئەزموونی دەوڵەمەند و فرەڕەهەندی ڕێبەری، کادرەکان و سەرجەم تێکۆشەرانی دێموکرات، زۆر دەرفەتی نوێ بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنن.

لەو ڕێوڕەسمەدا و دوای خوێندنەوەی بەیاننامەی هاوبەش، بەڵگەنامەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەنێو چەپڵەڕێزان و فرمێسکی شادی و دڵخۆشی ئامادەبوواندا لەلایەن بەڕێزان کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزیەوە ئیمزا کرا.

کاک مستەفا هیجری لە وتارێکی کورت لەو ڕێوڕەسمەدا باسی لەوە کرد کە ئەم یەکگرتنەوە و یەکرێزییە هەنگاوێکی بوێرانەیە بۆ وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیی گەلەکەمان بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە لە نێوخۆی وڵات نارەزایەتییەکان و خەباتی جەماوەریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنگیان بە کۆماری هەڵچنیوە و لە دەرەوەی وڵاتیش ڕێژیم پتر لە هەموو کاتێک بێزراوە و لەسۆنگەی پاڵپشتیی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکە ئێعتبار و متمانەیەکی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا نەماوە. بۆیە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکخستنەوەی وزەی خەباتگێڕیی ئەم حیزبە تێکۆشەرە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانێکی نوێ وەبەر خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دەنێتەوە، هەم لە ئاستی سەراسەریدا شوێنی کاریگەری خۆی لە هاوپەیمانییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمدا دادەنێت.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا تیشکی خستەسەر ئەو بابەتە کە دوای قۆناغی یەکبوونەمان، بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە هیممەتی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان لە پێناو دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێدەکا و ئەو یەکگرتنەوەیە دڵنیایی ئەوە دەداتە خەڵکە مافخوازەکەمان کە حیزبەکەیان هەتا دواترووپکی سەرکەوتن لە سەنگەری بەرگری لە مافەکانی ئەواندا دەمێنێتەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کاک خالید عەزیزی، پیرۆزبایی ئەو یەکگرتنەوەی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە ئیلهامدەر و هەوێنی هەموو سەرکەوتنەکانی حیزب بوون و لە قۆناغە سەخت و ناخۆشەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا پشتی ڕۆڵەکانی خۆیان بەر نەداوە و بە هیممەت و توانای لەبن‌نەهاتوویان حیزبەکەیان هەستاندۆتەوە.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی زەروورەتەکانی یەکبوونەوە و پەیامەکانی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرد و تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە یەکگرتنەوە دەرفەت بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکا و هاوکات ئەرک و دەروەستیی زیاتر بۆ خەباتکارانی حیزبەکەمان دروست دەکا. هاوکات ئەو یەکگرتنەوەیە ئەو پەیامەش بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران، چالاکانی سیاسی و مەدەنی وخەباتکار لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەودەدا کە سەرکەوتن بە سەر کۆماری ئیسلامیدا پێویستیی بە یەکگرتن و پتەوکردنی ڕیزەکانیان و هاوکاری و خەباتی هاوبەش هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یەکگرتنەوەیە پشتڤاییمییەکی گرینگە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرەنسیپە لەمێژینە و گرینگەکانی حیزبی دێموکرات. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕووداوە مێژوویی و پیرۆزە بە پشتیوانیی لەبن‌نەهاتووی کۆمەڵانی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕێوڕەسمی وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات بە چەند سروود و ڕیزەگۆرانییەک و گەڕی شایی و شادیی بەشداران ڕازایەوە.

**ماڵپەڕی کوردستان میدیا**

**٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٢**

# بەیاننامەی هاوبەش




## یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان و خەبات

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە دۆستەکان!**

**تێکۆشەران، ئەندامان و سەرجەم دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات!**

**بە خۆشحاڵی و شانازییەوە ڕادەگەیەنین کە سەرئەنجام وتووێژەکانی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەیشتە ئاکامی دڵخواز و، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی لێ کەوتەوە.**

**کاتێک لە سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی (دێسەمبری ٢٠٠٦)، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانیدا، تووشی لێکدابڕان و جیابوونەوە بوو، ئەم ڕووداوە شەپۆلێکی گەورە لە نیگەرانی و بەداخبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی دۆست و دڵسۆزی ئەم حیزبەی بە دوای خۆیدا هێنا.**

ئەگەرچی ڕۆڵەکانی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەسەر دوو حیزبی جیادا دابەش ببوون، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچ کات ددانی خێریان بەم لێک جیابوونەوەیەدا نەنا و بە ڕەسمییان نەناسی. هیچ کات لە ڕەخنەلێگرتن و سەرکۆنەی ڕۆڵە دێموکراتەکانی خۆیان سڵیان نەکردەوە. هیچ کاتیش لە گوشارهێنان بۆ سەر ڕێبەران و تێکۆشەرانی هەر دوو لای دێموکرات و وەبیرهێنانەوەی پێویستیی یەکگرتنەوە، ماندوو و ناهومێد نەبوون. ئەوان لەنێو زەبروزەنگ و هەڕەشەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە هەر بۆنە و دەرفەتێک بۆ دەربڕینی داوای یەکگرتن و پەیامی یەکگرتنەوەخوازیی خۆیان سوودیان وەرگرت و سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات، ئەمانەت و سەرمایەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەلای ڕێبەران و تیکۆشەرانی ئەو حیزبە و، قبووڵ ناکەن ئەم ئەمانەت و سەرمایە، لەمە زیاتر بە دووپارچەیی و لێکدابڕاوی بمێنێتەوە. دیارە حیزبەکانی دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات لە ئێران و بەشە جیاوازەکانی کوردستان و زۆر لە کەسایەتییە خەباتکار و ئازادیخوازەکانیش، بەردەوام هاندەری دانوستان، ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنەی دێموکرات بوون. بە خۆشییەوە لەنێو ڕێبەری، تێکۆشەران و ئەندامانی هەر دوو لای دێموکراتیشدا، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، نەک تەنیا وەک ئەگەرێک، بەڵکوو وەک ئامانجێکیش، هیچ کات وەلا نەنرا و، ئاواتی یەکگرتنەوە و بیری یەکگرتنەوەخوازی بە تێپەڕینی ساڵەکان، نەک هەر کەمڕەنگ نەبۆوە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ پتر گەشایەوە.

ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، قۆناغێکی ناخۆش لە مێژووی خۆی کۆتایی پێ دێنێت. لە ماوەی ساڵانی لێکدابڕاندا، هەردوو حیزب لە زۆربەی مەیدانەکانی تێکۆشاندا دیار و چالاک بوون. پاش ساڵانێک دووری و لێکدابڕانی نەخوازراوی خەڵک و پێشمەرگە، جارێکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵات شایەتی حزووری پێشمەرگەی دێموکرات و فیداکاریی ڕۆڵەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکاندا بوون. پشتگیریی چالاکانی مەدەنیی نێوخۆ و پشتیوانی لە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە بێمافی و ستەم و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە گوتار و سیاسەت و تێکۆشانی ئەو قۆناغەی دێموکراتەکاندا گرنگییەکی تایبەتیی پێدرا. لە گۆڕەپانی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە مەیدانی پێوەندییە کوردستانی و ئێرانییەکاندا، هەردوو حیزب هەوڵیان دا بە نۆرەی خۆیان نوێنەرایەتیی ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. لە بواری ڕاگەیاندن، پەروەردە، ڕێکخراوە سینفییەکان، بایەخدان بە ژنان و لاوان لە ڕیزەکانی حیزب و لە بەرنامەی تێکۆشانیاندا، ئاوڕدانەوە لە تاوانەکان و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئێران لە بواری مافی مرۆڤ و لە پێوەندی لەگەڵ بەندییە سیاسییەکاندا، لە مەیدانی گرنگیدان بە گوتاری نەتەوەیی و شوناسخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر دوو لا بە تین و گوڕێکی نوێوە، قۆڵیان لێ هەڵماڵی.

لە ماوەی ساڵانی ئەم قۆناغەدا سەدان و هەزاران کەس لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە نەسلی نوێی لاوانی کورد،

هاتوونە سەر ڕێبازی دێموکرات و تێکەڵ بە خەبات و تێکۆشانی دێموکراتەکان بوون. لەو ماوەیەدا سەرەڕای بارودۆخی سەرچاوەگرتوو لە لێکدابڕان، ئەم دوو حیزبە لە ژمارەیەک پلاتفۆرم و هاوپەیمانەتیی سیاسیی کوردستانی و ئێرانییشدا بەشدار و هاوکار بوون. لەگەڵ هەمووی ئەو ڕاستییانەشدا، قۆناغی ١٥ ساڵەی لێکدابڕان و پێکەوەنەبوون، بە قۆناغێکی نەخوازراو و ناسروشتیی مێژووی حیزبی دێموکرات دەزانین.

دەرس و ئەزموونەکانی ئەم قۆناغە لە مێژووی دێموکراتەکان بۆ لێفێربوون یەکجار زۆر و هەر لەو کاتەشدا گرنگن. لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کە دەمانەوێ لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی حیزبی دێموکرات هەڵدەینەوە، وەبیرهێنانەوەی هێندێکیان لە جێی خۆیدا دەبینین:

**یەکەم.** گومانی تێدا نییە ئەگەر حیزبی دێموکرات بە یەکگرتوویی مابایەوە و لە هەمووی ئەو مەیدانانەدا، بە یەکپارچەیی بەشدار و ئامادە بوایە، دەرفەتەکانی بەردەمی خۆی باشتر دەقۆزتەوە، دەسکەوتی زۆر گەورەتری لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەدەست دەهێنا و، بەردەنگەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە کوردستان، زیاتر بە دەنگ داخواز و پەیامەکانییەوە دەهاتن.

**دووهەم.** بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی دێموکراتەکان و ئامادەبوونیان لە ژمارەیەک لەو مەیدانانەدا کە ئاماژەیان پێ کرا، ئەگەر دەسکەوتی هەبووە، قوربانیی بەنرخیشی ویستووە. بە دەیان کادر، فەرماندە و پێشمەرگە و تێکۆشەری ئاشکرا و نهێنی لەو ماوەیەدا لە پێناوی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا گیانیان پێشکەش کرد. ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی دێموکرات تووشی بەندیخانە، ئەشکەنجە و ئێعدام یا دەربەدەری و ئاوارەیی بوون. هەر لەو ماوەیەدا دەیان سیمای ناسراو و تێکۆشەری لەمێژینە لە نەسلەکانی پێشووی دێموکرات، چوونە ڕیزی نەمران. جێی خۆیەتی لەمڕۆژەدا وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە ئاواتی هەموو شەهیدان و نەمرانی ئەو ماوەیە لە دواساتەکانی ژیانیاندا، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بوو کە زۆربەی سالانی تەمەنی خۆیان تێدا تێپەڕ کردبوو.

**سێهەم.** ئەزموونی تێکۆشانی بەجیای هەر دوو لای دێموکرات لەم ماوەیەدا سەلماندی کە لێکدابڕان ناتوانێت ڕێگەیەکی سەرکەوتوو بۆ دەربازبوون لە کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکان بێت. نەک بە لێکدابڕان و تێکۆشانی بەجیا، بەڵکوو بە ئەزموونوەرگرتن لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، بە ڕێگەگرتن لە کۆمەڵێک دیاردەی نەرێنی و نەخوازراو، بە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبووڵکردن و ڕاشکاوبێژیی ڕێبەری و ئەندامان لە نێوخۆی حیزبدا، بە گۆڕین و نوێکردنەوەی کولتوور و سیستەم و شێوازی حیزبایەتی و پێکەوە کارکردن، بە ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ شایستەسالاری، بە پێکهێنانی گیانی

هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست یەکگرتوویی حیزب و پەسندکراوەکانی، بە پەروەردە و بارهێنانی ئەمڕۆیی و ڕاهێنانی تاکەکان بە گیانی وێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری و جیاوازییەکان، بە خوڵقاندنی کەشوهەوایەک کە هەمووان حیزب بە هی خۆیان بزانن، قەیران و کێشە نێوخۆییەکان کەم دەبنەوە و چارەسەر دەکرێن.

**چوارەم**، ئەم قۆناغە لە تێکۆشانی بەجیای دێموکراتەکان، بە هەموو خەسار و دەسکەوتەکانییەوە، بە خاڵە لاواز و بەهێزەکانییەوە، بە ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانییەوە، بەشێکە لە مێژووی حیزبی دێموکرات. هەمووی ئێمە ئەو کەسانەی لە دروستکردنی ئەو مێژووەدا کەم و زۆر بەشدار و شوێندانەر بووین، بەپێی بەرپرسایەتیی حیزبی و ڕۆڵ و هەڵوێستمان لە بڕیارەکان و ڕەوتی ڕووداوەکاندا بەرامبەر مێژوو و داهاتوو، بەرپرسیارین. داننان بە بەرپرسایەتی و قبووڵی ڕەخنە لە پێوەندی لە گەڵ لێکدابڕانی حیزبی دێموکراتدا، تەواوکەری بەرپرسایەتی و ئازایەتیی هەنگاونانی ماندوویی‌نەناسانەمان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتە. بە دەربڕینێکی دیکە، سپاردنی حیزبی دێموکرات بە یەکگرتوویی بە نەسلەکانی داهاتوو، بەشێکە لە ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەمڕۆی ئێمە و، تەنیا کارێکە کە دەتوانین کەمتەرخەمی و هەڵە و وێکهەڵنەکردنی ڕابردوومانی تا ڕادەیەک پێ قەرەبوو بکەینەوە. هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارەتییانە، پێویستە و دەبێ ببێتە هاندەری بەرێوەبەریی لەمەودوای حیزبی یەکگرتووی دێموکرات و سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب کە بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسایەتی، پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی یەکگرتنەوە، بە تایبەتی یەکگرتوویی حیزبی دێموکرات بکەن.
ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات!

ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازە کوردستانی و ئێرانییەکان!

خەڵکی دێموکراتپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

لەمڕۆ بە دواوە کۆتایی بە تێکۆشانی بەجیای هەر دوو لای دێموکرات دێت. ڕێکخراوە و ئۆرگان و دامەزراوەکانی هەر دوو حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بەپێی ڕێککەوتنە دوو لایەنییەکان و ڕێوشوێنە دیاریکراوەکان و لەژێر ڕێنوێنی و چاوەدێریی ڕێبەرییەکی هاوبەشدا، لە ژێرناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، یەک دەگرنەوە و درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن.

لەم بۆنە مێژووییەدا، لە ئاست کۆڵنەدان و پێداگرتنی خەڵکی کوردستان لەسەر پێویستیی یەکگرتنەوەی حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەری ڕێز دادەنوێنین. بە ئەمەگناسییەوە ئاوڕ لە هەوڵەکانی دڵسۆزان و خوازیارانی یەکگرتنەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، چ لەنێو بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و چ لە دەرەوەی حیزبی

دێموکراتــدا دەدەیــنەوە. بە گەرمیــیش ســوپاس و دەســتخۆش بە هەیئەتەکــانی هەردوو لای دێمــوکرات دەڵێــین کە ڕەوتــی دانوستان و ڕێککەوتنەکانیان بە سەرکەوتنەوە گەیاندە کۆتایی.

ئێمە بـاش دەزانین کە یەکگـرتنەوەی حیزبـی دێـموکرات یەکێک لە داوا ڕەواکـان و ئـاواتە پیرۆزەکـانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بە گشتی و، بنەماڵەی شەهیدان، بەنـدییە سیاسییەکان و تێکۆشـەران و ئەنـدامانی سـەر بە حیزبـی دێـموکرات بە تـایبەتییە. بەبـۆنەی وەدیهـاتنی ئەو ئـاواتە پیرۆزەیـان گەرمتـرین پیرۆزباییـان پێشکەش دەکەیـن. دڵنیاشیان دەکەیـن خەمخۆری و هەستیاربوونی ئەوان لە ئاست پرسی یەکگرتنەوە، بەرپرسایەتی و ئەرکی ئێمە لە پاراستنی ئەو دەسکەوتە گەورەیەدا، قورستر دەکا.

گومـانی تێدا نییە کە یەکگـرتنەوەی حیزبـی دێـموکرات، دەبێـتە دەسپێکی قۆنـاغێکی نـوێ لە خەبـاتی ئەم حیـزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێـران و لەدژی هەر عەقڵییەتێکی ناوەنـدگەرا کە فرەنەتەوەبـوونی ئێـران و مـافە نەتەوەییەکـانی پێکهـاتە جیاوازەکـانی ئێـران ڕەت بکـاتەوە. هانـدەر و ڕێخۆشکەر دەبێـت بـۆ ئەوەی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ببێـتە هێزێکـی شـوێندانەری ئەوتـۆ کە لە هەر ئـاڵوگۆڕێکی سەرانسـەریدا، حیسـێبی تـایبەتی بـۆ بکرێـت. ئەم یەکگـرتنەوەیە پاڵپشت دەبێت بـۆ پاراسـتن و بەهێزکردنـی پرەنسیپە لەمێـژینە و گرنگەکـانی حیـزب. بە دڵنیـاییەوە ئەم ڕووداوە پیرۆزە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەوتـنەوە سـەریەکی ئەو هەمـووە سـەرمایە مرۆیـی و مەعنەوییە، پشتئەسـتوور بە جێگە و پـێگە و ئێعتبـار و خۆشەویسـتیی کەموێـنەی حیزبـی دێموکرات لەنێو خەڵکی کوردستان و، دڵگەرم بە دەرسوەرگـرتن و وشیاری و ئەزموونی دەوڵەمەنـد و فرەڕەهەنـدی ڕێبەری، کادرەکان و سەرجەم تێکۆشەرانی دێموکرات، زۆر دەرفەتـی نوێ بـۆ حیزبـی دێـموکرات دەخـوڵقێنن. چاوەڕوانی و هیـوای ئێـمە ئەوەیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، ببێتە مایەی هیواداری و دڵگەرمیی زیاتری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەیان بە ڕێبەریی ئەم حیزبە.

بانگەوازی ئێمە لەم بۆنەیەدا بۆ ڕێکخراوە سیاسییە خەبـاتگێڕەکانی کوردستان و ئێران، کـۆڕ و کـۆمەڵە و گـرووپ و نـاوەنـدە مەدەنـی و ئـازادیخوازەکـان لە نێوخـۆ و دەرەوەی وڵات ئەوەیە، هەلـومەرجی سیاسیی ئەمـڕۆی ئێـران و ڕاوەسـتانی بـێوێنەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، هاندەریان بێت بۆ یەکگرتن و پتەوکردنی ڕیزەکانیـان، هاندەریان بێت بۆ هاوکاری و خەبـاتی هاوبەش. حیزبـی دێـموکرات لەمەودوا بە دەستـوبـاڵێکی ئـاوەڵاترەوە بـۆ بەدیهێنـان و جێبەجێکردنی ئامانج و پرۆژە نەتەوەیی و خەبـاتگێڕانەکانی، یەک لەوان پێویستیی پێکهێنانی هاوخەبـاتی و هاوپەیمـانیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکان

هەنگاو دەنێت.

سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی شەهیدان و نەمرانی مێژووی ٧٧ساڵەی حیزبی دێموکرات بە تایبەت سێ ڕێبەری شەهیدی دێموکرات: پێشەوا قازی محەممەد، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی.

پیرۆزبێ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە هەموو تیکۆشەران، ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا**

**٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**

---



## پەیامی پیرۆزبایی حیزب و ڕێکخراوە مەدنییەکان و کەسایەتەکان

### کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە ڕاگەیەندراوێکدا پێشوازیی لە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان کردووە و ئەم هەوڵەی بە هەنگاوێکی گرینگ لە ڕاستای بەهێزبوونی خەباتی خەڵکی ئێران بۆ وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی ئێران زانیوە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ سەرەڕای ڕێزگرتن لە هەیئەتەکانی وتووێژ بۆ ئاکام گەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوە، لە ئیرادەی هەردوو لایەنی دێموکرات هیواداریی دەربڕیوە کە ئەو حیزبە لە داهاتووی نزیکی خۆیدا، خەبات دژی ڕێژیمی ئێران بەگوڕتر بکات.

لەو ڕاگەیاندراوەدا هاتووە کە ئێمە وەکوو هاوپەیمانییەکی سیاسی کە حیزبی دێموکرات تێدا ئەندامە، ئەم یەکگرتنەوەیە بە نیشانەی ئیرادەی بەهێزی ئەو حیزبە بۆ بەرگری لە بایەخە مێژووییەکان و پتەوکردنی خۆمان لە خەبات دژی ڕێژیمی

ئێران بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیک لە کوردستان و هەروەها بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئێران دەزانین.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی بە هەنگاوێکی گرینگ لە ڕاستای بەهێزبوونی ڕیزەکانی ئەو هاوپەیمانییە سیاسییە زانیوە چونکە حیزبی دێموکرات لە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە.

**٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٢**

---

**پیرۆزبایی حیزبی "تەزامۆنی ئەهواز" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات**




حیزبی تەزامۆنی ئەهواز "عەرەبستانی ئێران" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات برووسکەی پیرۆزبایی خۆی پێشکەش بە حیزب کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمێکی بە شکۆدا ڕایگەیاند کە هەردوو لایەنی دێموکرات یەکیان گرتووەتەوە و مزگێنی یەکگرتنەوەیان بە خەڵک دا، هەر بەو بۆنەوە حیزبی تەزامۆنی ئەهواز "عەربستانی ئێران" برووسکەی پیرۆزبایی خۆی پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

حیزبی تەزامونی ئەهواز لە برووسکەی پیرۆزباییەکەیدا وتی: ئێمە ئەو هەنگاوە مەزنە لە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان پیرۆز دەکەین، حیزبی دێموکرات حیزبێکی نەتەوییە و بۆ مافی ڕەوای خەڵکی خۆی خەبات و تێکۆشان دەکا کە پاش شازدە ساڵ دابڕانی دوو حیزبی دێموکرات، ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان هەردوو سکرتێری دێموکراتەکان واژۆ کرا و بەڕێز مستەفا هیجری بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێز خالید عەزیزیش بوو بە وتەبێژی گشتیی ئەو حیزبە و لە ژێر ناو و لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدەن.

٢٢ - ٨ - ٢٠٢٢

---

## پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات




بە خۆشحاڵییەوە، ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، هەواڵی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بڵاو کرایەوە.

بەو بۆنەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی گەرم و هاوڕێیانەی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، کادر و هەموو پێشمەرگەکانیان دەکەین. بێگومان ئەو بڕیارە بوێرانە و بەرپرسیارانەیە کاریگەریی زۆری لەسەر ورەی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان و بەرفراوانترکردنی بازنەی هاوکاری لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێت.

لە هەمان کاتدا، ئەوە دەسەلمێنێت کە قۆناغی ئێستا و ئەم سەردەمە، قۆناغی یەکگرتنەوە و یەکخستنەوە و هاوکاریی

**چڕوپڕتری نێوان حیزبە سیاسییەکانە.**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندی**

**٢٣ - ٨ - ٢٠٢٢**

---

**پەیامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات**

**بەڕێزان کاک مستەفای هیجری لێپرسراوی گشتی و بەڕێزان ڕێبەرایەتیی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

**لەگەڵ سڵاو و ڕێز**

**بە خۆشحاڵییەوە کە پرۆسەی دیالۆگی نێوان هەرتک باڵی حیزبی دێموکرات سەرنجام پاش بڕینی قۆناغێکی پڕ گفتوگۆ و چڕوپڕ لەپێناو یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەنگاوەکانی یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستنەوەی ئەو حیزبە گەیشتە دواقۆناغی خۆی.**

وێڕای پیرۆزبایی لە ڕێبەرایەتی و ڕیزەکانی هەرتک لایەنی حیزبی دێموکرات بۆ سەرخستنی ئەو هەنگاوە، بێگومان ئەم یەکگرتنەوە و یەکڕیزییەی ئێوە دڵخۆشکەرە بۆ ئێمەی دۆست و هاوپەیمانیش لە بزووتنەوەی کوردستان وهەمیش بۆ دۆست و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە هەموو کوردستان. هیواداریین پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبەکەتان ببێتە مایەی تەبایی و یەکڕیزی و هاوخەباتیی زیاتر لەنێو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها ببێتە هەوێنی برەودان و گەشەی زیاتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەپێناو وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی گەلەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

لە کۆتاییدا وێڕای پیرۆزبایی دووبارەمان، پڕ بەدڵ هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی

---

**ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، یەکگرتنی دێموکراتەکانی پیرۆز کرد**

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران، لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆیدا پەیامی پیرۆزبایی دێموکراتەکانی بڵاو کردووەتەوە. دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات و هیوای سەرکەوتن بۆ خەباتی یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران بە ئاراستەی ڕووخاندنی ڕژێمی ویلایەتی فەقیە و سنووردارکردنی لەمێژینە لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی شێخ و شا لە چوارچێوەی یەکپارچەیی ئێرانی دێموکراتدا دەخوازێت.

٢٣ – ٨ - ٢٠٢٢

---

**پیرۆزبایی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دیموکرات**

بە پێی ڕاگەیەندراوی هاوبەشی دوو لایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکرات کوردستان، لە ڕێوڕەسمێکی هاوبەشدا یەکگرتنەوەیان لە چوارچێوەی یەک حیزبدا بە ڕای گشتی ڕاگەیاند.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی گەرم بە دوو لایەنی حیزبی دیموکرات بە بۆنەی یەکگرتنەوەیان پێشکەش دەکا.

سازمانی خەبات داواکارە تەبایی و یەکێتی و یەکتر قەبوڵ کردن و پلۆرالیزم لە نێوان هێزەکانی جوڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بە شێوەی جیددی ڕچاو بکرێ.
ئێمە پێمانوایە ئامانجی سەرەکی هەموو لایەنەکانی گۆڕەپانی جوڵانەوەی مافخوزانەی کوردستان و هێزە سەرانسەریە

شۆڕشگێڕەکانی ئێران، خەباتی شێلگیرانە لە بەرامبەر ڕژیمی ئاخوندیی ئێران و دامەزراندنی حکومەتی دێموکراتیک لە ئێران و دەستەبەرکرانی مافەکانی خەڵکی کوردستانی ئێراندا بێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

٣١ی گەلاوێژی ١٤٠١ ی هەتاوی

---

**پەیامی ڕێکخراوی خەبات.ی شۆڕشگێڕی کوردستان بە بۆنەی تێکەڵبوونەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات**

به نێوی خودای بەخشندەی مێهرەبان دۆستانی بەڕێز لە ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

بە بۆنەی تێکەڵبوونەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات لە ڕیزێکی یەکگرتوودا پیرۆزبایی گەرم بە ئێوەی بەڕێز و هەموو تێکۆشەرانی حیزبەکەتان دەڵێین.

بەو بڕیارە بوێرانە حیزبەکەتان قۆناغێکی دوور و درێژی ناخۆش و نەخوازراوی لە خەباتی خۆی تێپەڕاند و، هێز و هیوای زیاتری بە خەباتگێڕانی نێو ڕیزەکانی دایەوە. ئەو یەکگرتنەوە لە لایەک دەکرێ بکرێتە هەوێنی هاوکاریی و هۆی تەبایی زیاتر لەنێوان لایەنەکانی مەیدانی تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەکیش بەرپرسیاریی زیاتر دەخاتە ئەستۆی حیزبی دێموکڕات لە پێوەندیی لەگەڵ پێکهێنانی بازنە و بەرەیەکی بەرینی تێکۆشانی هاوبەشی هێزە خەباتگێڕەکانی ئەو بەشەی کوردستان.

هیواداریین ئەو هەنگاوە هەر وەک چۆن زۆر پێویست و بەجێ بوو، ئاواش قایم و پتەو بێ. جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان لە خزمەت بە بزووتنەوەی کوردستان و گەلە بەشخوراوەکەمان لە هەنگاو و قۆناغەکانی دیکەی تێکۆشاندا بۆ دەخوازین.

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان کومیتەی ناوەندیی

١ی خەرمانانی ١٤٠١ی ک. هـ.

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

---

## پەیامی پیرۆزبایی بزووتنەوەی گۆڕان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات

بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەبۆنەی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبتان، حیزبی دێموکرات، بە ناوی ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی و گشتی و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و ئەندامان و دۆست و لایەنگرانتان دەکەین.

گومانی تێدا نییە ئەم کارە نیشتمانییەتان شکستهێنانە بە هەموو پلان و پیلانە دوژمنکارییەکانی دوژمنانی گەلەکەمان لە کەرت و پەرتکردنی هێز و تواناکان، بەو هەنگاوە مەزنەتان ڕیزەکانی خەبات و بەرخودان و یەکخستنەوەی سەنگەرەکانتان پتەوتر کرد و ئومێدی سەرکەوتنی زیاترتان بەخشییە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و گیانی شەهیدەکانتان ئاسوودە کرد.

هیوادارین ئەوە ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لە پارچەکانی تری کوردستان، چونکە تەنها تەبایی و یەکڕیزی، بەرنامەکانی دوژمنان پووچەڵ دەکاتەوە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە دەتوانرێت خواستەکانمان زیاتر و زۆرتر بهێنێتە دی.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن

بزووتنەوەی گۆڕان

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

**"تەڤگەری چاکسازی کوردی لە سووریە" پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی حیزب کرد**




**پەیامی پیرۆزبایی**

**برای بەڕێزمان کاک "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**برای بەڕێزمان کاک "خالید عەزیزی" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەر دوو حیزبی دێموکرات**
**سڵاو و ڕێز...**

**ئێمە وەکوو بزووتنەوەی چاکسازیی کوردی لە سووریە بە خۆشحاڵی و شانازی، گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی ڕێبەری و تێکۆشەران، ئەندام و سەرجەم دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین بەبۆنەی ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات.**

**هێڤیدارین یەکگرتنەوەی حیزبتان ببێتە فاکتەری پێشڤەچوون و سەرکەوتنی زیاتر لە پێناو خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.**

**بێگومان یەکبوونی حیزبتان کاریگەرترین چەکمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانی دوژمن و ناحەزانی گەلی کورد.**

بە باوەڕی ئێمە یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات بەرز دەنرخێنین.

لە کۆتاییدا دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و سڵاو لە خەبات و بەرخۆدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

هەر بژین و سەرکەوتوو بن بۆ کورد و کوردستان

فەیسەڵ یووسف

لێپرسراوی گشتیی بزووتنەوەی چاکسازی کوردی لە سووریە

قامیشلوو

٢٢ - ٨ - ٢٠٢٢ی زایینی

---

## پەیامی پیرۆزبایی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات




بەڕێز: هەیئەتی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بابەت : پیرۆزبایی

سڵاوێکی گەرم..

بە خۆشحاڵییەوە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتمان پێ گەیشت، بەو بۆنەیەوە بەناوی هەموو هاوڕێیانمان بە گەرمی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەتان لێ دەکەین و ئەم هەنگاوە، بە هەنگاوێکی مێژوویی گرینگ دەزانین، کە خواستی هەموو لایەکمان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێگەیەکی مێژوویی و گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، بۆیە ئومێدەوارین ئەم هەنگاوە دەستپێکی قۆناخێکی نوێ بێ لە بەرەوپێشبردنی خەبات و تێکۆشان و بەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکانی گەلەکەمان.

لەو کاتەدا کە جیهان و ناوچەکە بە دۆخێکی ئاڵۆز و هەستیاردا تێپەڕ دەبێ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاڵنگارییەکان و لێکەوتەکانی ڕەوشەکە، بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر و زۆرتر پێویستی بە یەکیەتی و یەکریزیی کوردستانی هەیە.

دووبارە ئەم هەنگاوە مێژووییە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆز بێت.

مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

**پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی کرد**




**بەڕێزان هەنگاوی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەنگاوێکی بوێرانە و شۆڕشگێرانە بوو، خزمەتێکی گەورە و بێهاوتای بزووتنەوەی سیاسی بوو، لە ڕۆژهەلات هەنگاوی جۆشدانەوەی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستانە، وەرچەرخانێکی گرنگی ئەو قۆناغەی ئێستایە و پێداویستییەکی هەنووکەیی و بڕیاردەرانە لە ئایندەیەکی ڕۆشن و پڕشنگداری دوارۆژی گەلەکەمان و هاندانی خەڵکی کوردستانە بۆ تەبایی و برایەتی و پێکەوەیی و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر جووڵەی سیاسیی بزاڤی ڕزگاریی گەلەکەمان و ئومێدبەخشە بۆ خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان.**

**ئەو هەنگاوە لە کاتێکدایە کێشە و ململانێی زلهێزەکان چڕ بووەتەوە لە ناوچەکە و شەڕی ئۆکراینا و ڕووسیا لە ئارادایە لێکەوتەی هەمەلایەنەی هەیە، سەنگەربەندیی نوێ و پێشهاتی سیاسی بەڕێوەیە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکرات لە کاتێکی گونجاودا بوو، بۆ کۆکردنەوەی تواناکانی گەلەکەمان، ئومێدەوارین ئەو یەکخستنەوەیە ببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ هێنانەدیی تەبایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ناوەندی سیاسیی کوردستان زیاتر ڕێک بخرێتەوە و کاریگەریی هەبێت لە گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بە ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ بەرەو داهاتوویەکی پێکەوەژیانی تێکڕای پێکهاتەکان و گەلانی ناوچەکە.**

**یەکبوونەوەی بەشێکی گەورەی ماڵی کوردان هاوکاتە لەگەڵ یادی دامەزراندنی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٧ ساڵەی دامەزراندن و جەژنی یەکگرتنەوە بەناوی خۆم و سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و تێکڕای هەڤاڵانمان لە پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و هاوڕێیان و تێکۆشەرەکانتان و گەلی**

کوردستان دەکەین. ئۆمێدەوارین هەنگاوەکانی داهاتووتان بەبڕشتر و گەورەتر بێت بەرەوە بەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانتان و سەقامگیریی سیاسی و تەبایی و ئاشتی و کۆمەڵایەتی، دووبارە پیرۆز بێت یەکگرتنەوە و ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

هەر سەرکەتوو بن، وڵات ئاوەدان و گەل بەختەوەر بێ.

براتان

باپیر کا مەلا

سکرتێری گشتیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢

---

## مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان یەکگرتنەوەیان پیرۆز کرد




بەناوی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین.
بەبۆنەی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
لە ڕێگای ئێوەشەوە پیرۆزبایی گەرممان لە سەرجەم کادر و پێشمەرگە و ئەندامانتان دەکەین.

هیوادارین ئەم یەکگرتنە ببێتە مایەی جۆشدانی خەباتی نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیوەندیی دۆستانەی مێژووییمان پەرە پێ بدەین و لەسەر خاڵە هاوبەش و بەرژەوەندی باڵای نیشتمانمان لە بەدیهێنانی مافی ڕەوای گەلی کوردستان لە سەرجەم بەشەکانی نیشتمان تێکۆشانی بەردەوام ئەنجام بدەین.

جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەین.

مەکتەبی سیاسی

حیزبی شیوعیی کوردستان

٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی حیزبی دێموکرات کرد**

جەنابی کاک مستەفا هیجری

جەنابی کاک خالید عەزیزی

سڵاو و ڕێز

هەنگاوی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی "حدک و حدکا" و ڕۆڵی جەنابتان و هاوکارانی سەرکردایەتیی هەردوو لاتان بەرز

دەنــرخێنین و هیــوادارین بەردەوام بــن لە دڵخۆشــکردنی خەمخــۆران و دڵســۆزانی گەل و نیشــتمان. ســەرکەوتوو بــن لە یەکخستنەوەی تواناکانتان بۆ ڕۆژێکی باشتر و ئایندەیەکی گەشتر.

ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ڕوانگەی هەڵوێستی نەتەوەیی و ئاشتیخوازانەی خۆمـانەوە هەر لە سەرەتـای ئەم لێکترازانەوە لە هەوڵدا بووین و هیواخواز بووین ئەو حاڵەتە درێژ نەبێتەوە و کۆتـایی پێ بێ.

بـۆیە بەم بـۆنەیەوە کە ئەم هیـوایە بە ئەنجـام گەیشـتووە و یەکگرتنتـان ڕاگەیانـدووە، لە ئـێمەوە سپـاس و پیرۆزبایی پێشکەش دەکەین و دەخـوازین پێکەوە زۆرتـرین دەسکەوت بەدەست بێنن و خەبـاتی مافخوازیتـان بەردەوام بـێ و لە هەمـان کاتـدا دەبـێ ئەم سـەرکەوتنە لە پاشەکشـێ و دڵسـاردی بپـارێزن و ڕەنگرێـژی بـکەن بـۆ پلانێکـی سـەردەمیانەی واقعـی و ئاشتییـانە بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

جاریکی تر پیرۆزبێ و هەر شاد بن.

براتـان سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین

ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی

---

## "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" پەیامێکی ئاراستەی حیزبی دێموکرات کرد




**پەیامی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات**
**بەڕێز "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

به دڵخۆشیەکی زۆرەوە هەواڵی یەکگرتنەوەی یەکجاریی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان پێ گەیشت. ئەم هەنگاوە پیرۆزە لە کاتێکدایە کە هەڕەشە و هێرشە بەردەوامەکانی دوژمنانمان بۆ سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان لە ئارادایە. ئەم یەکگرتنەوەتان وەڵامێکی پڕ بە پێست و دروستی ئەم قۆناغە هەستیارەیە.

ئەمڕۆ و هاوکات لەگەڵ پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو خەڵکی کوردستان دڵخۆشە بەوەی کە ئێوە ئەم ڕەوتەی دیالۆگەتان بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیاند. بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی تریش پێویستە ئەو هەنگاوە وەک دەسکەوتێکی هاوبەش چاوی لێ بکرێ و ببینرێت. هەر چەندە گرفت و ناکۆکییە نێوخۆییەکانمان چارەسەر بکرێن، لە بەرامبەردا هیوا و دەرفەتەکانی سەرکەوتن زیاتر دەبن.

بەڕێزان

ساڵانێکی زۆرە کە دوژمنانی گەلەکەمان کێشە ناوخۆییەکانی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەکار دێنن بۆ ئەوەی پێش بە دروستبوونی یەکیەتی و هاوبەندییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بگرن. دوژمنانمان هەرگیز پێیان خۆش نییە

**کە هێزگەلی سیاسیی کوردستانی، یەکگرتوو و تەبا و دۆست و پشتیوانی یەکتری بن.**

**یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە ئەوەی دەرخست کە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکان سەرکەوتووترین ڕێگا تەنها دیالۆگ و ڕێککەوتنە.**

**ئێمە بەناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - ک ن ک ـە وێڕای پیرۆزبایی ئەم هەنگاوە گرینگ و پێویستە، بۆ ئێوەی بەڕێز و تێکۆشانی بە نرختان هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.**

**لەگەڵ سڵاوی گەرممان**

**هاوسەرۆکانی ک ن ک ـە**

**زەینەب موراد – ئەحمەد قەرەموس**

**٢٢ - ٨ - ٢٠٢٢**

**پارتی سەربەستیی کوردستان، یەکگرتنی دێموکراتەکانی پیرۆز کرد**

**پیرۆزبایی پارتی سەربەستیی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی حیزبی دێموکرات.**

**خەڵکی نیشتماناداگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و گشت خەمخۆرانی یەکڕیزی و تەبایی گەلی کورد و کوردستان**

**بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئەو خەم و نارەزایەتییانەی کە لە ناخی ڕێکخستنەکانی هەردوو بەشی حیزبی دێموکرات و لە ناخی گشت تاکێکی دڵسۆزی یەکڕیزیی گەلدا بوو، لە پێوەندی بەو دابەشبوونەی کە لە ماوەی نزیک بە ١٦ساڵ هاتە ئاراوە کۆتایی پێ هات. ئەمڕۆ ئەو مزگێنییە ئاشتییە بڵاو کرایەوە.**

**وەک پارتی سەربەستیی کوردستان کە پارتێکی نەتەوەیی و یەکڕیزیخوازی گەلەکەمان کە ڕووی خەباتی ئەمڕۆی بەرەو خۆرهەڵاتی نیشتمانە بە بیستنی ئەو هەواڵە شادیهێنەرە زۆر خۆشحاڵ بووین.**

**بەو بۆنە خۆشەوە پیرۆزبایی سەرکردایەتی و گشت ئەندامانی پارتەکەمان ئاراستەی تەک تەکی پێشمەرگە و کادر و**

سەرکردایەتی و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکانی هەردووک بەشی بە یەکبوونەوەی حیزبی دێموکرات دەکەین. ئەو ڕۆژە خۆشە بە بەشێک لە مێژووی بیری نەتەوەیی گەلەکەمان دەزانین.

وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، پێمانوایە بەو یەکگرتنەوە مێژووییە هەنگاوێکی دیکە لەو بەرەوپێشچوونی خەباتی سەروەریی یەکجاری نیشتمانەداگیرکراوەکەمان نزیک دەبینەوە.

هیواخوازین ئەم یەکبوونەوەیە کە ئاواتی هەموو کوردێکی خەمخۆرە ئەوەندی ڕیشەکەی بەهێزە و زانستییانە ئامادە کرابێت بە هەموو شێوەیەک ڕێگر بێت لە دووپاتبوونەوەی مێژووی ناکۆکی و لەتبوون و دابڕان.

هەر لەم ڕۆژە خۆشەدا بە هەلی دەزانین کە پیرۆزبایی ٧٧مین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دیموکرات ئاراستەی سەرکردایەتی و تەواوی پەیکەری ئەو ماڵە یەکگرتووەی حیزبەکەتان بکەین.

وەک پارتی سەربەستیی کوردستان داواکاری لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان کە دابڕان لەناو ڕێکخستنەکانیان ڕووی داوە لە یەکخستنەوەی ماڵەکەیان پەلە بکەن و ئەوانیش ئەو مزگێنییە خۆشە بە خەڵکی دەڵڕەنجاو و نیشتمانداگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخستنەکانی خۆیان بگەیەنن.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی و خۆشحاڵیی خۆمان لەو پێوەندییەدا ڕادەگەیەنین.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سەربەستیی کوردستان

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

بەرامبەر بە ٢١ی ٨ی ٢٠٢٢ی زایینی

## یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی کرد




**بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**وەک یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، پەیامی پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین، حیزبی دێموکرات خاوەن مێژوویەکی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی پڕ لە شانازییە بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێراندا، وەک قوربانییەکی سەرەکی لە گۆڕەپانەکەدا خاوەن هەزاران شەهیدی سەرکردە و پێشمەرگەی خۆنەویست و ئازادیخواز بووە.**

**دیارە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە زەمەنێکی هەستیاری ناوچەیی و جیهانی و لە کات و ساتێکی پڕ لە ستەمکاری و زۆرداریی کۆماری ئیسلامیدا ڕووی داوە کە جیاواز لە داخوازیی هەموولایەنەی کورد لە ئێران و دۆستانی حیزبی دێموکرات، زەروورەتێکی مێژوویی بوو کە دەبوایە ئەو یەکگرتنەوەیەتان سەر بگرێت و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و خەباتی دێموکراسیخوازانە و بەرابەری و یەکسانیخوازی دژ بە ناوەندگەرایی و سەرکوتکاری نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لەلایەن دەسەڵاتەوە بخاتەوە چەقی ئەگەر و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو و دەنگی گەلی کورد لە ئێرانیش بەرزتر بکاتەوە.**

**وەک یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، باوەڕمان وایە کە ئەم یەکگرتنەوەیە پێگەی کوردستانی ئێران و خەباتە ڕەواکەی دەگەیەنێتە ئاستێکی شیاوتر و دەبێتە هۆی بزاوتی سیاسیی زیاتر لە کوردستانی ئێران و ئێران بەگشتی، بۆ وەستانەوەی دژی داگیرکاری و ستەمکاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروەها هیوامان وایە کە ئەم یەکگرتنەوەیە ببێتە هەوێنی**

یەکڕیزیی گەلەکەمان و شاهیدی ئەوە بین کە هاودەنگی و هاوئاهەنگی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە دوای خۆیدا بێنێت و ببێتە مایەی تەبایی و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی و هاوکاریی نێوماڵی کورد دژ بە کۆماری ئیسلامی و هەر هزرێکی تەواوییەتخواز و ناوەندگەرا.

وەک یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکراتتان لێ پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، بەهیوای سەرکەوتنی گەلی کورد و چەسپاندنی دێموکراسی و ئازادی و بەئەنجامگەیشتنی خەباتی گەلی کورد لە ئێراندا، پیرۆزبایی ئەم یەکگرتنەوەیەتان لێ دەکەین و پێخۆشبوون و شادیی خۆمانتان پێ ڕادەگەیێنین.

یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان

٢٢ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**

بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بابەت / پیرۆزبایی

سڵاوی سەرخۆبوون و ئازادی

بەبۆنەی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی خۆمان و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیمان YNDK، جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و خوازیارین ئەم یەکگرتنەوەیە ببێتە هەوێنی سەرکەوتنی بزاڤی سیاسیی نەتەوەییمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**بەڕێزان**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی دایک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە ڕێبەرایەتیی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەو بەشەی وڵاتی کردووە و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی خاوەن سەرکەوتن و سەروەری نەتەوەکەمانن و خودان هەزاران قوربانی و شەهیدن لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان، ئەم یەکگرتنەوەیە دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە و دەبێتە هۆی زیاتر خورتبوونی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی وڵات لە پێناو ڕزگاری و ئازادیی ئەم بەشەی کوردستان.

ئەوەی لەم قۆناغەی ئەمڕۆشمان گرنگە یەکڕیزی و تەبایی سەرجەم هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی خەبات و تێکۆشانە بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەر ئەگەر و پێشهات و گۆڕانکارییەک کە لە ناوچەکە ڕوو دەدات.

لە دووماهیدا جارێکی تر جەخت دەکەینەوە سەر زیاتر توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی برایانەی نێوانمان و سەرجەم هێز و لایەنەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان.

هەر سەرکەوتوو بن .... لەگەڵ ڕێزماند.

مەکتەبی سیاسی

یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK

٢٢ی ئابی ٢٠٢٢ی زایینی

**بزووتنەوەی ڕزگاریی دێموکراتی کوردستان، یەکگرتنی دێموکراتەکانی پیرۆز کرد**




**بۆ بەڕێزان: کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بابەت: پەیامی پیرۆزبایی**

**سڵاوێکی گەرم**

**بەبۆنەی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەناوی هاوبیرانمان لە بزووتنەوەی ڕزگاریی دێموکراتی کوردستان گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و تەواوی ئەندام، دۆست و لایەنگرانتان دەکەین.**

**بەو هەنگاوە پیرۆزە مێژووییە دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی کورد و شەهیدان ئاسوودە و بەختەوەر بووە.**

**یەکریزی و یەکگوتاریی کورد و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان زەروورەتێکی مێژووییە بۆیە ئێمە جارێکی تر پیرۆزبایی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.**

**هەر بژی کورد**

**بزووتنەوەی ڕزگاریی دێموکراتی کوردستان**

**٨ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

---

## پەیامی بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان




**زۆر بەڕێزان سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**هەواڵی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیمۆکرات بوو بە مایەی خۆشحالیمان، بۆیە لەم پەیوەندییەدا بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕێزەکانی حیزبی دێموکرات حدک و حدکا، و سەرئەنجام ڕاگەیاندنی دەستپێکی تێکۆشانتان لە چوارچێوەی حیزبێکی یەکگرتوو، بەناوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئاراستەی ئێوەی هێژا و تێکۆشەر دەکات.**

**بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە پشتئەستوور بە هێز و دینەمۆ و ئازموونی ٧٧سال خەباتی گشت ڕەهەندی لەپێناو دەستخستنی ئامانجی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بۆ دەستپێکردنی**

خەباتێکی نوێ، بەشێواز و مێتودی نوێ بەلام کەم تێچوو، لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی قایم بەزاتی کوردی رۆژهەلاتی کوردستاندا، بە خاڵێکی ئیجابی و گرنگ دەنرخێنێت. بۆیە بزووتنەوەی کۆماریخوازان هێواخوازە کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەگەل رێزێرۆکردنی مافی دیفاع و بەرگری رەوا، ئەم جارە هەولبدات بەلکوو لە دەستپێکی خەباتی تازەیدا، ئیستراتیژی و ئامانجی ئیستراتیژیکی خەباتی، بە شێواز و مێتۆدگەلێکی کەم تێچوو لە خەباتدا تەیار بکات، کە لەئەنجامدا دەگەل پاراستنی ئەمنیەتی فیزیکی ئەندامان و پێشمەرگەکان،و گشت خەلکی ناوخۆی وەلات، و هەروەها مەسلەحەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ناوچەدا رەچاو و مسەوگەر بکات.

بێشک ئەم دەستپێشخەریە نایاب و کارسازە حیزبی و نیشتیمانیە، دەتوانی لە بووارگەلی رێکخراوەیی، گۆفتمانی، وە شێوازگەلی خەباتی سیاسی، مەدەنی و سەربازی(دیفاع و بەرگری رەوا) رێخۆشکەر و شوێندانەر بێت لەسەر ئاستی کۆی سیستەمی حیزب کوردستانی، بۆ ئەوەی لەئەنجامدا دەگەل بەجەماوەری کردنی گۆفتمانی موەحەدی سیاسی، لەئاکامدا ساغکردنەوەی سازانی نیشتمانی و یەکگرتوویی ناومالی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانی لێبکەوێتەوە، کە بێگوومان ئەو یەکگرتوویی و سازانی ناومالی کوردەش لە تەعاموول دەگەل لایەنی بەرامبەر، سەرئەنجام پشتئەستوور بە هێز و گۆفتمان و کرداری موەحەد، دابینکردنی مافی پێشێلکراویی کورد، بە ئەمری واقیع تەبدیل دەکات.

بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەلاتی کوردستان وێرای بەرزنرخاندنی ئەم هەوڵە بۆ یەکگرتنەوەی رێزەکانی حیزبی دێموکرات، دیسانەوە پیرۆزبایی ئاراستەی گشت تێکۆشەرانی حیزبی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەکات،و هیواخوازە کە ئەم دەستپێشخەریە لەپێناو ساغکردنەوەی یەکانگیری ریزەکانی حیزبی، تەشەنەی بستێنێت و بکرێتە بنەمای لێکتێگەیشتنێکی گشتگیرانە و هاوبەشی نێوانحیزبی سەرجەم حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان،و پشت ئەستوور بەهێزێکی یەکانگیر و قائیم و وەفادار بە ساز و کاری دێموکراسی کۆنسێسوال و تەوافقی، کۆی هێز و توانای کورد لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەسڵی سەروەری سیاسی و نەتەوەیی لە شکلی مومکین بۆ کوردی رۆژهەلات جەهەتدار بکات، و سەرئەنجام چەسپاندنی ئاشتی و ئازادی، بەختەوەری و هاوژینی بەئاشتی و تەناهی بۆ گەلی کورد لە رۆژهەلات دا، مسۆگەر بکات.

سەربەرزی و سەرفەرازی و پێشوەچوونی زیاترتان بۆ ئاواتەخوازین

لەگەڵ رێزمان دا..

بزووتنەوی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٢ کوردی

٢٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی بزووتنەوی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان

---

## پەیامی پیرۆزبایی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە بۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

هاورێیان و دۆستانی ئازیز لە حزبی دێمۆکرات

پڕبەدڵ پیرۆزبایی ئێمەتان بە بۆنەی یەکبوونەوەتان پێشکەش بێت.

هەمووکەس دەزانێت حزبی دێموکرات وەکوو کاریگەرترین و جماوەریترین حزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاترین کریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان بووە و هەیە و دەبیێت.

یەکبوونی ئێوە هەوێنی یەکبوونێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەتوانێت ببێت و بەهێزبوونی ئێوە پاڵپشتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانە و بەهێزبوونتان چقڵی چاوی داگیرکەران دەبێت و هیوادارین لە هەموو کات و ساتێک بەهێزتر دەرکەون.

ئێمە وەکوو بزووتنەوەیەکی گشتی نەتەوەیی کوردستانی خۆمان لە هیچ ڕەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان بە جیا نازانین و حزبی دێموکراتیش دەتوانێت سەرەکیترینی کاراکتێری ئەم بزووتنەوەیە بێت، بەو پێیە هیوادارین و پێشنیار دەکەین لە یەکەم کونگرەی گشتیدا سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتخوازی ببێتە ستراتژی و دروشمی سەرەکی کۆنگرە و کاریگەری مێژوویی و دەوری سەرەکی خۆتان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بگێڕن.

دیسانەوە پیرۆزباییتان پێدەڵێین و سەرکەوێت بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان

دەستەی بەڕێوەبەری

٣١ - ٥ - ٢٧٢٢

سەرچاوە: فەسبووکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان — ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران بەبۆنەی یەکگرتنەوە پیرۆزبایی گەرمی لە حیزبی دێموکرات کرد




کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران لە نامەیەکدا ڕوو بە ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان کرد.

لەو پەیامەدا هاتوە کە ئێمە وەک هاوڕێ و هاوپەیمانێکی دێرین بەو بڕیارەی ئێوە دڵخۆشین و پێمان وایە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان شوێندانەریی زۆری باش لە ڕەوتی خەباتی میللی-دێموکراتیکی کورد و جووڵانەوە ئازادیخوازی و دادپەروەریی سەرانسەری ئێران دەبێت.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا هاتووە هەموو ئێمەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان بە کێشە و ناکۆکییەکانی نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە ئاستەنگی سەرەکیی بەردەم یەکگری و دروستبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامییە دەزانین. بۆیە لامان وایە لە بەردەوامیی هاوکاری و خەباتی یەکگرتوومانـدا پێویستە بە هاوفکریی هەمەلایەنە و بە هەڵسەنگاندنی واقعبینانەی هەلومەرج و دۆخی نوێی کۆمەڵگە ڕێکار و شێوازی گونجاو بۆ خەباتی گشتگیر لە دژی کۆماری ئیسلامی بگرینە بەر.

ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران لە نامەیەکەیاندا پێداگرییان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە باوەڕی تەواویان بە مافی ڕەوا و بەرحەقی هەموو نەتەوەکانی ئێران هەیە و لایان وایە وەدیهاتن و دەستەبەری ئەو مافانە لە گرەوی خەباتی

یەکگرتووانە و هاوپێوەندیی گشتیگیر لە دژی کۆماری ئیسلامیدایە.

٢١ ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی دکتۆر "مووسا کەڤاڵ" سەرۆکی بزاڤی ئاشتی ناوخۆیی "بان"**




نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ هەردوو بەڕێزان مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتی و خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێزان بە ناوی خۆم و بزاڤی ئاشتیی نێوخۆیی"بان" و هەموو ئەندامانی لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، سڵاو ڕێز و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەم.

زۆر خۆشحاڵ بووین بە بیستنی ڕاگەیەندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە یەکگرتنەوەیان، ئێوەی بەڕێز لە دوای لێکترازانێکی چەند ساڵە لە ساڵی ٢٠٠٦ وە، بڕیارێکی زۆر پیرۆزتان داوە و جارێکی دیکە بوونەوە بەیەک حیزب.

حیزبی دێموکراتی کوردستان گرنگیەکی مەزنی لەنێو مێژوویی هەموو کوردستاندا هەیە بەتایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکگرتنی ئێوە دڵخۆشی و بەختەوەرییەکی گەورەی بۆ ئێمە و هەموو گەلی کوردستان دروست کرد. بەم هەنگاوە ئێوە ئومێدی گەلی کوردستان و ئومێدی ئێمە وەکوو بزاڤی ئاشتیی ناوخۆیی "بان" جێبەجێی کرد، هەنگاوێکی مێژووییتان نا و نموونەیەکی زیندوو بۆ هەموو پارتەکانی کوردستان پێشکەش کرد، هیوادارین پارتەکانی دیکە لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەمان هەنگاوی ئێوە بنوێنن.

بەم بۆنەوە ئێمە ئەم یەکگرتنە لە ئێوەی بەڕێز، بەڕێوبەرانی کۆنی هەردوو حیزب و بەڕێوبەرانی نوێی پارتی یەکگرتوو و هەروەها لە هەموو گەلی کوردستان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دڵ و گیان پیرۆز دەکەین، هیوای سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو دەخوازین و هیوادارم هەمیشە سەرکەوتوو بن و هەموو ئامانج و ئومێدی گەلی کوردستان بەجێ بگەینن.

ئێمە داوا لە هەموو پارتە کوردییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەین کە یەکیەتییەکی سیاسی و ستراتیژی لەنێو خۆیاندا دروست بکەن، هەروەها ئێمە هیوادارین کە پارتەکانی هەر چوار پارچەکانی کوردستان تەبایەکی گشتی و ستراتیژیەکی نەتەوەیی لەژێر هەر ناوێک بێت لە زووترین کاتدا دروست بکەن

بژی کوردستان، بژی یەکیەتیی نەتەوەی کوردی

دکتۆر "مووسا کەڤاڵ" سەرۆکی بزاڤی ئاشتی ناوخۆیی "بان"

٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی

## ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکاران پەیامی پیرۆزباییان بەبۆنەی دامەزرانی حیزب و یەکگرتنەوە بڵاو کردەوە



### پەیامی پیرۆزبایی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی ڕیزکانی دێموکرات

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگر!

کادر و پێشمەرگە خۆشەویستەکان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات!

٧٧ ساڵ پێش ئێستە لە وەها ڕۆژێکدا کە جیهان و ناوچەکە بە دەستی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە دەیناڵاند، لە بەشێک لە کوردستان لە شاری مەهاباد، هەواڵی هاتنە مەیدانی حیزبێک بڵاو بووەوە، کە ٧٧ ساڵە لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێ بۆ سەروەری و بەختەوەریی کورد خەبات دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لەسەر بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەرزا، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و دێموکراسی هەزاران شەهید، کەمئەندام، زیندانیی سیاسی لە هەموو ئاستەکاندا لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کردووە.

حیزبێکی وەها بەرپرسیار لە هەمبەر چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانەکەی لە مێژووی کورددا لە خەبات و تێکۆشانێکی بێوچان و خاوێندا هەمیشە جێگای ئاماژە و بەشێک لە هاوکێشە سیاسییەکانی کورد و تەنانەت ناوچەکە و ئێرانە؛ واتە ئەگەر چارەسەریی پرسی کورد بۆ خودی کورد یەکێک لە بنەڕەتیترین بابەتەکانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش یەکێک لە پرسە گرنگەکانە و لە ئێرانیش بەبێ چارەسەرسەریی دۆزی کورد، ئەم وڵاتە ئارامی بە خۆیەوە نابینێت و چارەسەریی ئەم کێشانە کە پێکەوە گرێ دراون، بەبێ بەشداری و هەبوونی حیزبی دێموکرات جێبەجێ ناکرێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵە گرنگە کە ئاماژەی پێ کرا و هەروەها بە هەبوونی دوژمنانێک کە بۆ لەنێوبردن کورد و کاولکردنی کوردستان قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە، کورد لە هەموو کاتێک زیاتر دەبێت یەکگرتوو و یەکڕیز بێت و خۆی لە هەمبەر داگیرکەرانییەوە ئامادەتر بکات. حیزبی دێموکرات کە زیاتر لە سێ چارەکە سەدەیە لە مەیدانی کوردایەتی سیاسەتدایە و هەموو شێوازێکی خەباتی تاقی کردووەتەوە، لەم کات و ساتە هەستیارە لە ڕاستای یەکگرتوویی نێو ڕیزەکانی خۆی هەنگاوێکی پیرۆز و جیدی هەڵگرتووە و لە سەروبەری ٢٥ی گەلاوێژ کە هەم ساڵیادی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و هەم حیزبی دێموکرات، خەڵکی تامەزرۆی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات دڵخۆش و شاد کردەوە و مزگێنی ڕۆژێکی خۆشی بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی و ئازادیخوازانی کوردستان دا.

بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا، وەکوو ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی حیزبی دێموکرات دوو پیرۆزبایی، یەکەم پیرۆزبایی ٢٥ی گەلاوێژ و دووهەم پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئاراستەی خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

پیرۆز بێت ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات.

سەرکەوێت بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە ژێر سێبەری یەکگرتوویی و یەکڕیزیدا.

یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکرات

٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٢ی کوردی

## کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی پەیامێکی پیرۆزباییان بۆ حیزبی دێموکرات نارد




سەرەتا بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٧ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی تێکۆشەر، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان و ئەندامانی ناوەندی ڕەوەندی کوردستانی و کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی، پێشکەش بە هەموو خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بەتایبەت پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەین.

یەک ڕۆژهەڵات، یەک دێموکرات، لەدایکبوونەوەیەکی دوای ١٦ ساڵ لە دابڕان ئومێد بۆ یەکڕیزی و تەبایی و هاوخەباتی لە بەرامبەر پێشهاتەکان دژ بە خواستی نەتەوەیی، ئەمڕۆ ئێمەی کورد لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە یەکڕیزی و تەبایی هەیە.

لەکاتێکدا ئێمەی کوردانی تاراوگە و بەتایبەت کۆنفیدراسیۆن و ڕەوەندی کوردستانی، وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی و کۆکەرەوەی کوردستانیییانی دیاسپۆرا تێدەکۆشێت و لە ڕوانگەی خەمی نەتەوەییەوە باوەشی بۆ کوردستانی تاراوگە کردووەتەوە بەبێ بیروبۆچوونی جیاواز و ئایدیۆلۆژیای جیاواز، بەو پێیەی بڕوای بە کوردبوون و پرسی نەتەوەیی و سەربەخۆبوون و ئاڵاکەی هەبێت، دەرگا بۆی کراوەیە.

کاتێ دەڵێین یەک ڕۆژهەڵات و یەک دێموکرات، ئەوە مانای خەمخۆری و خۆشەویستییە بۆ کوردستانی نیشتمان، کوردستانی دایک. لێرەوە پیرۆزبایی یادی دامەزراندن و دواتر یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات دووبارە دەکەینەوە و ئومێدەوارین ئەم تەبایی و پێکەوەگرێدانە قۆناخی خەبات و بەرخودان و تێکۆشانی ڕۆژهەڵات گۆڕانکاریی جیاواز و

چۆنایەتی بێنێتە ئاراوە.

سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانفیدایی و ڕۆحی شەهیدان، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و سەدان گەورە ژن و پیاوی ڕێبازی دێموکرات و کوردایەتی دادەنوێنین کە گیانیان فیدای کوردستان کرد، ڕۆحیان شاد دەکەینەوە و هیوادەخوازین ڕێبوارانیان سەربەرز و سەرکەوتوو و هەمیشە سەرفراز بن بۆ گەیشتن بە ڕۆژی سەربەخۆیی.

بژی کورد بژی کوردستان

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات**

سڵاوێکی شۆڕشگیرانە!

بەڕێزان:

کاک مستەفا هیجری

کاک خالید عەزیزی

یەکیەتی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، یەکبوونەوە و یەکگرتنەوە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئێوەی تێکۆشەر و خەباتگیر و کادر و پێشمەرگەی شاخ و شار و لایەنگران و دوستانی حیزب و خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی دەکەین.یەکبوونەوە حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی کە ئەزموونی ١١مانگ حکومەتداریی و دەیان ساڵ خەباتی زێڕین و پرشنگداری چەکداریی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی، بە دژی سیستمە دیکتاتوور و سەرەڕۆکانی پادشایی و ئاخوندی هەیە، هەنگاوێکی مەزن و جێگای بایەخە بۆ خەبات و تێکۆشان و شکۆی زیاتر بە حیزبی دێموکرات دەدا، جێگای پشتیوانی و دەسخوشی مامۆستایانی سەنگەری زانکۆ و قوتابخانەکانی کوردستانە.

بەردەوام بێ خەباتی شار و شاخ

یەکیەتی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران

٣١ی گەلاویژی ٢٧٢٢ی کوردی

## ئەنستیتۆی کورد لە واشنتۆن، یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکراتی پیرۆز کرد

بەڕێزان:

مستەفا هیجری

خالید عەزیزی

ئەندامانی دەفتەری سیاسی و سەرکردایەتی

ئەندام و لایەنگرانی حیزب

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و خەڵکی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە هەنگاوێکی مێژوویی و هاوئامانج لەگەڵ داخوازییە هەمیشەکانی گەلی کوردستان، هەواڵی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک ڕاگەیاندنی نۆبەرەی خەباتێکی نوێی هاوشەپۆلی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە پێمان گەیشت.

بەم بۆنەیەوە، وەک ئەنستیتۆی کورد لە واشنتۆن، بەئاکامگەیشتنی ئەم هەنگاوە مێژووییە، لە هەموو سەرکردایەتی و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و خەڵکی نیشتانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆز دەکەین.

٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢

## ڕێکخراوی جیهانیی کورد یەکگرتنی دێموکراتەکانی پیرۆز کرد




ڕێکخراوی جیهانیی کورد بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە.

بەڕێزان، بەڕێوەبەری و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لەلایەن ڕێکخراوی جیهانیی کورد، پیرۆزبایی خۆمان سەبارەت بە یەکگرتنەوە و یەکڕیزیی بنەماڵەی دێموکرات ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین.

بێشک یەکگرتوویی ناوماڵی کورد یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوەکەمان دژی داگیرکەران و گەیشتن بە ئازادی و سەروەریی نەتەوەییە.

هیواداریـن حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" بە پەشتبەستن بە ئەزموونەکانی ڕابردوو، بە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە لە هۆکار و زیانەکانی لێکدابڕان ورد ببێتەوە، تا لە داهاتوودا ئەزموونی لەو چەشنە دووپات نەبێتەوە.

لە کۆتاییدا ئاواتەخوازین هەرچی زووتر حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەیەکی یەکگرتوو لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا هێز و تواناکانیان دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەگەڕ خەن.

ڕێکخراوی جیهانیی کورد

٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

## پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی پارلمانتارانی هەرێمی کوردستان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات



یەکیەتیی پارلمانتارانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستە کرد.

یەکیەتیی پارلمانتارانی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا کە ڕوو بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی کردووتەوە، پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی لە هەموو بنەماڵەی گەورەی پێشەوا قازی محەمەد، واتە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کردووە و ئەم بڕیارەی بە هەنگاوێکی بە نرخ لەپێناو برەودان بە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە.

لەو پەیامەدا هاتووە کە بڵاوبوونەوەی مژدە و هەواڵی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات کە لە بنەماشدا هەر یەک بوون و بەداخەوە ماوەیەک دابڕابوون، هەر هەموومانی یەکجار دڵخۆش و شادمان کرد. بۆیە لەگەڵ پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە دڵنیاین کە ئەو هەنگاوە بەنرخە وەرچەرخانێکی مێژوویی بەهێز دەبێت لە ڕەوتی خەباتی سیاسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گوڕوتینی زیاتر دەداتە بەر ئەم خەباتە بەردەوام و نەپساوەی حیزبی دێموکرات لەپێناو

وەدەستهێنان و چەسپاندنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا هاتووە کە نەتەوەکەمان لەسەر خاکی خۆی ناحەز و دوژمنی زۆری بۆ پەیدا بووە و نەیارانی کورد سەرەڕای دژایەتیی توندی بزووتنەوەی کورد بەردەوام سوودیان لە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کورد لەگەڵ یەکتر بینیوە، بۆیە دڵنیاین کە ئەم یەکبوون و یەکسەنگەری و یەکهەڵوێستییە بوارێکی فراوانتر بۆ بەرگری لە خۆمان و بردنە پێشی خەباتە ڕەواکەمان دەڕەخسێنێ.

٢١ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی بەڕێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ بۆ یەکریزیی و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان**

سەرەتا بە بۆنەی بە ئاکام گەیشتنی پرۆسەی دیالۆگی دێموکراتەکان (حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) و یەکگرتنەوە و وەسەریەک کەوتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکڕات پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو و کادر و پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و هەموو ئەویندارانی ڕێگای ئازادی کوردستان دەکەین.

ئەگەر لە لایەک هەواڵی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بوو بە هۆی شادی و خۆشحاڵی خەڵکی کوردستان، لە

لایەکی‌ترەو یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو بە مایەی نیگەرانی و بێهیوایی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەوانەی کە بە یەکریزی و تەبایی نێومالّی کورد تورەن. هەوالّی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ خەڵکی کوردستان هیوابەخش و پڕ لە پەیامی برایەتی و یەکبوون بووە و بە گشتی ورەبەرزی بە ئازادیخوازان و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەخشیوە.

ئێمەش وەک بەڕێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ وێرای پیرۆزبایی کردن، بە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی سەر شانی خۆمانی دەزانین کە بانگەشەی زیاتر بۆ یەکریزی نێومالّی کورد بکەین و ماڵپەرەکەمان هەر وەک پێشوو و بەگرە زیاتریش لە خزمەت دۆزی ڕەوای کورد و گەلەکەمان دادەبێ.

سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە ئاوات دەخوازین.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت

حەمەڕەسووڵ کەریمی

بەرێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ

١ - ٦ - ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٣ - ٨ - ٢٠٢ ی زائینی

**برووسکەی پیرۆزبایی بە بۆنەی یەکبوون و یەکڕیزی و تەبایی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات.**

**خوشک و برایانی بەڕێز**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و تێکۆشەرانی ڕێگای خەباتی بێوچانی گەلەکەمان.**

**بە بۆنەی یەکبوون و یەکگرتوویی ڕیزی خەباتگێڕان و فیداکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن ناوەندیی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکراتەوە لە ناخی دڵمانەوە دەستخۆشی و پیرۆزباییتان لێدەکەین کە ئاواتی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان و ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی گەلەکەمان کە وەدیهاتنی یەکڕیزی و تەبایی بوو ، ئێوە بە لەخۆبردوویی و فیداکاری خۆتان توانیتان هەڵێک بڕەخسێنن کە بە فرمێسکی شادی گەلەکەمان دڵی دوژمن بریندار بکەن و ڕێگای خەبات و تێکۆشان بەرەو سەرکەوتن ئاوەدان بکەنەوە.**

**بژی یەکڕیزی و یەکگرتووویی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.**

**ناوەندیی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات**

**٢٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**

## پەیامی ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سوسیالیست بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات



سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سوسیالیست لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کردووە و ڕاگەیاندووە ئەم ڕێکخراوە هاوپشت و پشتیوانی حیزب دێموکرات دەمێنێتەوە.

مستەفا هیجری، خالید عەزیزی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و، سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڤاڵانی هێژا، دۆستانی خۆشەویست

فرە دەڵخۆشم، بە ناوی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست پیرۆزبایی گەرم و دڵسۆزانەی خۆمان بەبۆنەی هەنگاوی مێژوویی ئێوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزبەکەتان پێشکەش بکەم.

ئێوە مێژوویەکی دوورودرێژ و پڕ لە شانازیتان هەیە و گومان لەوە دانییە کە ئێوە ئەمڕۆ بە یەکەوە بەهێزترن. ئێوە مێژوویەکی لەمێژینەشتان لەگەڵ ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هەیە. ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ناویاندا عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە هەشتاکانی زایینیدا وەک میوان بەشداریی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستی کرد، پاشان سادق شەرەفکەندی. حیزبەکەتان لە نەوەدەکانی زایینیدا بوو بە ئەندامی چاودێر، دواتر ئەندامی ڕاوێژکار و بەدوای ئەویشدا لە ٢٠١٥، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە ئەندامی تەواو. بەشداریی ئێوە لە کۆنگرەی داهاتووی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا، وەک یەک حیزب، دەبێتە مایەی دڵخۆشی مەزن.

لەگەڵ دەستپێکی ئەو قۆناغە نوێیەی ژیانی حیزبەکەتان، ئێوە هاوپشتی و پشتیوانیی ئەو بنەماڵە نێونەتەوەییەتان هەیە. هەوڵی هاوبەشی ئێمە بۆ دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی و ڕێز بۆ ئازادی و مافەکان یەکە و قەت کۆتایی نایەت. هێشتا بۆ بەهێزکردنی دەنگی گەلی کورد زۆری ماوە و لە هەموو وڵاتێک ئینترناسیۆنال سۆسیالیست پشتیوانی ئێوە و پرسەکەتان دەمێنێتەوە.

لوئیس ئایالا

سکرتێری گشتی

۳۰ی ئاگوستی۲۰۲۲

---

"محەممەد ئەمین پێنجوێنی"کەسایەتییەکی باشووری کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ حیزبی دێموکرات نارد




"محەممەد ئەمین پێنجوێنی" کەسایەتیی خۆشناو و ناسراوی باشووری کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ حیزبی دێموکرات نارد.

ئێمە هەر زوو وتمان مەل بە باڵێک نافڕێ.

زۆر بە خۆشی و هەستێکی نیشتمانییەوە هەواڵی یەکگرتنەوی هەر دوو باڵەکەی حیزبی دێموکراتمان پێ گەیشت. هیواداریین

ئەم یەگرتنەوەیە ببێتە هۆی دارشتنی سیاسەتێکی واقعیانەی نەتەوەیی دێموکراتی بۆ پێشخستنی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵات و ببێتە نموونەیەکی بەرچاو بۆ ئەو پارت و هێزانەی کە بەهۆی باڵباڵێنەوە تووشی شکستی گەورەی سیاسی و ڕێکخستنی هاتن.

بەڕێزان تەنها یەکریزی ناوخۆیی و تەبایی هەموو هێزە کوردستانییەکان ئەمانگەیەنێتە ئامانجی سەرەکیمان، ئەویش یەکیەتیی نەتەوەیی و وتاری سیاسییە کە لەم قۆناخە مێژووییەدا زەمەن و سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی سەپاندوویەتی بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا، ئەویش بەوە دەبێت لەباتی ڕاوێژکردن بە داگیرکەران با پرس و ڕا بە خۆمان بکەین.

پیرۆزبایی هەموو یەکریزی و هەوڵدانەکان بۆ یەکیەتیی و تەبایی نەتەوەیی کوردستانی دەکەین.

"محەممەد ئەمین پێنجوێنی"

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی خاتوو "شاناز ئیبراهیم ئەحمەد" بۆ حیزبی دێموکرات**



**لە پەیامێکی کورت و پوختدا خاتوو شاناز دەڵێ:**

**پیرۆز بێت یەکگرتنەوەتان لەژێر چەتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە هەنگاوێکی مێژوویی گرنگ و جێی دەستخۆشییە بۆ درێژەدان بە تێکۆشان.**

**شاناز ئیبراهیم ئەحمەد**

**ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠٢٢ – ٨ - ٢٧**

**پەیامی پیرۆزبایی" غەفوور مەخمووری" سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان لە حیزبی دێموکرات**




**برای بەڕێزمان کاک مستەفا هیجری بەرپرسی گشتیی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**برای بەڕێزمان کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**سڵاوێکی برایانەی گەرم...**

**بەڕێزان؛ بەناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامانی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی هەڤاڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و، هیواداریین یەکگرتنەوەی حیزبەکەتان ببێتە فاکتەری پێشڤەچوون و خاڵی وەرچەرخان و سەرکەوتنی زیاتر لەپێناو خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.**

**بەڕێزان؛ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران هەنگاوێکی بوێرانە و کارێکی نەتەوەیی نیشتمانی مەزنە، بە چاوی ڕێزەوە لەو هەنگاوەتان دەڕوانین و بە بەرزی دەینرخێنین، یەکگرتنەوەی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) لەم کاتەدا کەوا کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێوەیەکی گشتیی و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەوشێکی زۆر ناسک**

و هەستیاردان و چاوەڕوانی هاتنەپێشی کۆمەڵێ ئەگەرو پێشهات و گۆڕانکاری مەزن دەکرێت، پێویستییەکی بابەتی و مێژوویی بوو، ئومێد دەکەین یەکگرتنەوەی حیزب ببێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ یەکێتی و یەکدەنگی کوردان و سوود وەرگرتن لەگۆڕانکارییەکان، بێگومان باوەڕی نەگۆڕمان وایە کە یەکبوون و یەکدەنگیمان کاریگەرترین چەکمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانی دوژمن و ناحەزانمان، لەم ڕوانگەوە یەکگرتنەوەی حیزبی دێمۆکرات بە چەکێکی کاریگەر دەزانین بۆ هەڵوەشاندنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، بەباوەڕی ئێمە هەنگاوی دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، بۆ بەهێزکردنی خەبات و پێکهێنانی بەرەیەک بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەرییە، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان لەپێناو ئەم ئامانجەدا تێبکۆشین.

لەکۆتاییدا؛ دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و، سڵاو لە خەبات و بەرخودانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و بەچاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانین و، هیوای پێشڤەچوون و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و، جەختدەکەینەوە سەر پتەوکردن و پێشڤەبردنی پەیوەندی برایانەی نێوانمان لەپێناو زیاتر خزمەتکردن و پێشڤەبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و گەیشتنمان بە مافە ڕەواکانمان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتی

یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK

٧ - ٩ - ٢٠٢٢

**پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەی پەیوەندییە نێرانی و کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**




**بەڕێزان ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات**

**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە**

**زۆر خۆشحاڵین کە پرۆژەی یەکگرتنەوەی حیزب سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هات، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و ناوچەکە لە دۆخێکی هەستیاردان و یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەشێک لەو بەرپرسیارێتییەیە کە حیزبی دێمۆکرات بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیەتی.**

**هەستیاری هەنووکە و یەکگرتنەوە ئەو هیوایە لەنێو کوردستان سازدەکات کە وزەیەکی نوێ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێمۆکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەر هەڵدەدات و بەو هیوایەی کە ئەو وزە نوێیە، نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا لە ئاواتەکانی نزیک بکاتەوە.**

**"سەرکەوێ بزووتنەوەی نەتەوەی دێمۆکراتیکی کوردستان**

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی**

**کۆمیتەی پەیوەندییە ئێرانی و کوردستانییەکان**

شاهۆ حوسێنی

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

## پەیامی پیرۆزبایی "سەعید بەگزادە" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات



بەڕێز بەرپرسی ناوەندی گشتیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک "مستەفای هیجری"

بەڕێز وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک "خالید عەزیزی"

بەڕێزان ئەندامانی ناوەندی گشتیی بەڕێوەبەریی حیزب

سڵاوێکی گەرمی هاوڕێیانە

دەزانم لەم سەروبەندەدا یەکجار پڕکار و ئاڵۆزن، هەر بۆیەش نەمویست بەدەنگ کە خۆم زۆرم پێ خۆشتر بوو، کاتتان بگرم و پیرۆزبایی ئەم ڕێککەوتنە مەزنەتان لێ بکەم و داوای سەرکەوتنتان بۆ بخوازم.

ناچارەن بە چەند وشەیەک خۆشحاڵیی خۆمتان عەرز دەکەم و پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە تاک بە تاکتان دەکەم و ئارەزوو دەکەم هەمووتان ساخ و سڵامەت بن و هیوا دەخوازم کە گشتتان بە لەشێکی ساخ بتوانن ئەرکە گرینگەکانی حیزبمان بەڕێوە بەرن.

بێگومان کاری زۆر و ئەرکی گرانتان لەسەر شانە، گومان دە تواناییەکانتاندا نییە و بێشک بە کاری هەرەوەزیتان و بە دڵی هاوڕێیانەتان دەتوانن بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵ و دە کارەکانیشتاندا سەرکەوتوو بن.

ئەوەندەی خۆشم بگرێتەوە، وەک هەمیشە کوڕی حیزب و کوڕی ڕۆژە گرانەکانی حیزبم، دیارە بەدەر لە تەمەن، نەخۆشیش تا ڕادەیەک کزیان کردووم و ئێنێرژیی جارانم نییە، لە قەدەر تواناییەکانم هاوکار و برا چووک هەر هەم و بۆ هەر ئەرکێک دەرەقەتی بێم، دە خزمەت حیزب و ڕێبەرییەکەیدام.

یەکگرتنەوەتان پیرۆز بێ.

برا و هاورێتان سەعید بەگزادە

٢٤ی ئووتی ٢٠٢٢

سوئید

---

**پەیامی پیرۆزبایی دوکتور جەبار قادر بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**



دوکتور "جەبار قادر" لەو پەیامەدا هەستی خۆشی خۆی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە: "زۆر دڵخۆشم بە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هیوادارم ببێتە خاڵی

وەرچەرخـان لە بـزووتنەوەی کوردایەتیـدا لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئەنجـامە ئەرێنییەکـانی لەسـەر هەمـوو بەشـەکانی کوردستان ڕەنگ بدەنەوە و هەموو حیزبە دابەشبوو و ناکۆکان چاویان لێ بکەن"

٢٦ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**هونەرمەند "مستەفا دادار" لە پەیامێکدا یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی پیرۆزبایی کرد**



بەڕێزان، بەڕێوەبەران و سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئەوەندەی کە لێکدابڕان و لێکجیابوونەوەی حیزبی دێموکرات، یادگاری پێشەوای نەمر و یارانی جەرگبڕ بـوو و جێگـای داخ و پەژارە و مەراقی کۆمەڵانی هەراوی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان و گیانفیدایان و دڵسۆزانی کوردستان بـوو، بە هەمـان شێوە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات جێگای دڵخۆشی و شادمانی و ئاسۆڕوونیی کوردە، کە هیـوادارم هیچ کـات ئەو دابـڕان و لێکجیابوونەوانە ڕوو نەداتەوە و دڵی دوژمنان شاد نەکات.

بەداخەوە لە هەمـوو نەتەوەکانـدا جیـابوونەوە هەیە، بەڵام لە لام سـەیرە کە بە ڕێـژەی نەتەوەی کـورد لێـک بڵاوبوونیـان نەبووە، مێژووی گەلانی دراوسێ و ڕۆژاواییەکانیش سەرەڕای دەوڵەتبوونیـان تووشی لێکترازان بـوون، بەڵام بەقەد نەتەوەی کورد نەبووە. بۆیە تکایە با چیتر دووپات نەبێتەوە؛ چونکی خەڵکی کورد زۆر لەوە مەزڵوومترە کە تووشی ئەم هەمووە

زوڵم و سەرلێشێواوی و ئاڵۆزییە بێ.

لەکۆتاییدا هیواخوازم یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەوێنێک بێ بۆ هاندان و کاریگەریی لەسەر حیزبەکان و لایەنەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەت کۆمەڵەکان، هەروەها هەوڵ بدەن حیزبایەتی وەک کەرەسەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ببینن نەک پێپلیکانێک بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیی تاکەکەسی.

هیوادارم هەموو ئەم یەکڕیزیانە ببێتە هۆی باشتربوونی نیشتمانمان.

ڕێز و پێزانین و خۆشەویستیی زۆر و بێ قەید و شەرتی مستەفا دادار، کوڕی شەهید "حوسێن لاسووری"ی نەمر یادگاری پێشەوای نەمر و یارانی.

٩ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی

٩ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## پەیامی شێرکۆ شێخ نووری پێشمەرگەی دێرین و کەمئەندامی سەنگەر بەبۆنەی یەکگرتنەوە



بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو و ڕێز

ڕاگەیاندنی فەرمیی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبە و بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆز بێ. حیزبی دێموکرات لە ئێستاوە یەک حیزبە و بۆ یەک ئامانج تێدەکۆشێت.

جارێکی تر هێز و بازووەکان وەگەڕ کەوتنەوە، دڵەکان بووژانەوە و چاوەکان سۆمایان بۆ گەڕایەوە.

هیوا و ئومێد سەرلەنوێ مژدەی بەخشییەوە، چیاکان سەری نزمیان هەڵێنایەوە، هەڵۆ دای لە شەقەی باڵ و بەرەو لووتکە ملی نا، میللەت هەموو بە یکەوە سروودی ئەی ڕەقیب و دەمی ڕاپەڕین دەچڕن و بەیەکەوە هاوار دەکەن:

یەکگرن تا سەرکەون، یەکگرتنتان سەرکەوتنە


بەرەو زیاتر پتەوکردنی بیرو باوەڕ و ڕیزەکانی پێشمەرگە و میللەتەکەمان.

شــێرکۆ شــێخ نوری

پێشمەرگەی دێرین و کەم ئەندامی سەنگەر

٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢

## پەیامی پیرۆزبایی دوکتور ئالان فتووحی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات



تێکەڵبوونەوەی دوو لایەنی دێموکراتەکان ڕووداوێکی گرینگ دە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە.

ئەم یەکگرتنەوەیە بووەتە مایەی گەشانەوەی هیوای کوردستانییانی ڕۆژهەڵات بە دوارۆژ و وزەیەکی نوێی بەخشیوە بە جووڵانەوەی مافخوازانەی کورد لەم بەشەی نیشتمانی داگیرکراومان. لانیکەمی دەسکەوتی ئەو تێکەڵبوونەوەیە پێکهێنانی فەزایەکی ئەرێنیی هاندەر بۆ یەکیەتی و هاوکاریی زیاتر، ورەبەخشینێکی زۆر کاریگەر بە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵات و قورسترکردنی سەنگی کورد دە معادڵە سیاسیەکاندایە.

ئەم ڕووداوە دەشێ ڕەوتێکی بەردەوام بێ و زۆر بە باشی هانی کۆمەڵەکانیش بدا بۆ پەلەکردنیان لە تێکەڵبوونەوە. هەروەها ئەگەر بە درووستی بقۆزرێتەوە، ئەم ڕووداوە ڕێگەخۆشکەرە بۆ هەنگاونانی کارامەتر و خێراتر بەرەو هاوکاریی زیاتری سیاسی و لۆجستیکی و نیزامیی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناوەندی هاوکاری و تەنانەت نزیکتربوونەوە لە پێکهێنانی ئیئتلافێک یا تەنانەت دە باشترین حاڵەتدا بەرەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات. هەروەها دەکرێ لەو دەرفەتە زێڕینە کەڵکی باش وەرگیرێ بۆ پەرەپێدان بە هاوکاریی زیاتر و نزیکتر دەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی جوگرافیای سیاسیی بەناو ئێران، بۆ وێنە بە بووژاندنەوەی ڕێکخراوەی کۆنگرەی نەتەوەکان، کە دەرەنجامەکەی بەهێزکردنی بەرەی نەتەوە غەیری فارسەکانە لە بەرامبەر پاوانخوازانی نەتەوەی سەردەست. بەهێزبوونی هاوکاری ئەو نەتەوانە و بەرزبوونەوەی دەنگیان وەک ئاڵترناتیڤێکی جیددی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەتوانێ بەرپەرچی بەرنامەکانی نەتەوەی فارس بداتەوە

کە هەردەم خەونی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تۆتالیتێری دیکە و داسەپاندنەوەی چەندجارەی هێژموونیی خۆیان بە سەر نەتەوەکانی دیکە دەبینن، دە ئەگەری گۆڕانی دەسەڵاتی مەزهەبیی ئێستای تاراندا.

هیوادارم ئەم ڕووداوە مێژووییە ببێتە هۆی بەڕۆژکردنەوە و پێشخستن و کرانەوەی زیاتری حیزبی دێموکرات لە هەموو بوارەکانی تیئۆری، هزری، تەشکیلاتی و شێوازی چالاکییەوە، بە جۆرێ کە باشتر لەوەی هەیە وەڵامدەری ڕۆژهەڵاتی ئەمڕۆیی بێ کە لە باری فکری و تێگەیشتوویی سیاسی و نیشتمانپەروەرییەوە لە هەموو کات وریاتر و گەشەسەندووتر و چاو و گوێکراوەترە. هەروەها هیوادارم ئەم جەوەی تەبایی و هاوکارییەی ڕێگە خۆش کا بۆ کرانەوەی زیاتری حیزبی دێموکرات بە ڕووی هێزی تازەنەفەس و جیلی گەنجدا بۆ ئەوەی تین و گوڕی هێزی نوێ و تازەنەفەس دە جەستەی ئەم حیزبە گەورە و جێی هیوایە بگەڕێ و دە ئاکامدا وزەیەکی نوێ ببەخشرێ بە خەباتی مافخوازانەی ئەم ڕێکخراوە خۆشەویستەی ڕۆژهەڵاتی داگیرکراو و چەوساوەمان.

دیارە نابێ ئەم ڕاستیە لە بیر کەین کە دابڕانەکان زەربەی زۆر گرچووبڕیان لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان داوە و بە هیچ شێوە نابێ ڕێگە بدرێ هەستی خۆشیی ئەم تێکەڵبوونەوە و یەکیەتییە و غرووری سەرکەوتن، کەمتەرخەمی بە دووی خۆیدا بێنێ و گرینگیی خەسارناسیی لێکدابڕان لە یادەکان بباتەوە. زۆر حەیاتییە بە لێکدانەوەی ورد و دڵاوەڵانە هۆکارەکانی ئینشعاب دیاری بکرێ و بەوپەڕی نییەتپاکی و تەوازوع و لەخۆبردوویی و نیشتمانپەروەرییەوە مێکانیسمی گونجاو بۆ ڕێگری لە دووپاتەبوونەوەی خەساری لەم چەشنە بگیرێتە بەر.

بە هیوای یەکڕیزی و یەکیەتیی زیاتر لەپێناو دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی بۆ گەلی کورد لەسەر خاکی پیرۆزی کورستان، کە بە دڵنیاییەوە تا ئەو سەروەرییە مسۆگەر نەبێ کورد مەترسیی نەمان و ئاسێمیلەبوون و توانەوەی هەر لە سەرە و نابێ بە هیچ کەچە دەستکەوتێکی بچووکتر هەست بە ڕزگاری و کۆتاییهاتنی قۆناغی خەبات بۆ سەربەستی بکا.

بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی سەربەرزی دێموکرات پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو کوردێکی ئازادیخواز دەکەم.

بژی کورد، سەربەست و ئاوەدان بێ کوردستان

٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## "عەتا سەراوی" ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ حیزبی دێموکرات نارد




زۆر بەڕێز کاک مستەفای هیجری

سڵاوێکی گەرم

بەبۆنەی کۆبوونەوەی هەموو دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵات لەژێر چەتری ڕەسەنایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە یەکەم حیزبی سیاسیی کوردستان و دایکی هەموو حیزبەکان و خاوەنی شەرەفی ڕاگەیاندنی یەکەم کۆماری کوردستانە لە مەهاباد، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و سەرجەم هەڤاڵانی سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدانی سەربەرز دەکەم.

هیوادارم ئەم هەنگاوە زیاتر لە سەرکەوتن نزیکتان بکاتەوە.

جارێکی تر پیرۆز بێ

لەگەڵ ڕێزی زۆری دڵسۆزتان عەتا سەراوی

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**بنەماڵەی شەهید "مەلا ئەحمەد دەروێشی" پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە**




بەڕێزان ئەندامانی ڕێبەرایەتی و ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگە و ئەندامە خۆشەویستەکان، پڕبەدڵ پیرۆزبایی ئەو هەنگاوە پیرۆز و مەزنەتان لێ دەکەین کە جارێکی دیکە نیشانتان دا لە پێناو بەرژەوەندیی گەل و بەهێز مانەوەی ڕێکخستنی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەن ناکۆکی و گرفتە نێوخۆییەکان بە ئیرادەی بەرزی ڕێبەرایەتیی هەردوولا و تێگەیشتنی حەکیمانە و بەرپرسانەتان ناسۆری لێکدابڕان بە ئاشتەوایی و یەکگرتوویی دووبارەی ڕیزەکانی ڕێکخستنی حیزبە تێکۆشەرەکەمان سارێژ بکەنەوە.

لەو پێوەندییەدا ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید مەلا ئەحمەد دەروێشی وێڕای دڵخۆشیمان، لە جاران زیاتر لەسەر ڕێبازی پیرۆزی دێموکرات و وەفاداری بە ئامانجی شەهیدانی کوردستان ئەمەگدار دەمێنینەوە و درێژە بە خەبات دەدەین.

دیسان پیرۆزە لە هەموو نیشتمانپەروەرێکی تینووی ڕزگاری و ئازادیی کورد و کوردستان.

سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیمان.

٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## "کەماڵ شەرەف" یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی پیرۆز کرد




بەڕێز ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لەگەڵ ڕێز و سڵاوی بێ‌پایان

زۆر دڵخۆشم بە یەکگرتنەوەی هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەهیوای تێکۆشان و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوا و زەوتکراوی گەلی کورد و نیشتمانی داگیرکراو.

ئێوە بەم یەکگرتنەوەی خۆتان، هیوای گەل و وڵاتتان بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی و ڕزگاربوونی گەلی کورد لە ستەم و زۆرداریی ڕێژیمەکانی ستەمکار و داگیرکار زیاد کرد.

سەرکەوتوو بن

لەگەڵ ڕێزمان
براتان کەماڵ شەرەف

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**پەیامی پیرۆزبایی بنەماڵەی شەهید "نەحۆ" لە ناوچەی باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**




"ئێمە وەک بنەمالەی شەهیدی ناسراوی گەلەکەمان باپیر شکاک ناسراو بە شەهید نەحۆ پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبە تێکوشەرەکەمان لە خەڵکی کوردستان و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دەکەین و هیوادارین یەکگرتنەوەتان هێز و وزەی زیاتر بە خەباتی نەتەوایەتیی کورد ببەخشێت.

یەکیەتی و یەکگرتن هەوێنی سەرکەوتنە

بنەماڵەی شەهید نەحۆ لە باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵات

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**"مەلا محەممەد جوانڕۆیی" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ حیزبی دێموکرات نارد**




بۆ زۆر بەڕێزان هاوڕێیانی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی جەژنی ٧٧ ساڵەی ٢٥ی گەلاوێژ، جوانترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەم بۆ گشت ئۆرگانەکان، بنەماڵەی شەهیدانی هەمیشە زیندووی ڕێبازەکە دەکەم.

پیرۆزباییم بۆ سەرکەوتنتان لە بە ئەنجام گەیاندنی یەکگرتنەوەتان لە حیزبە تێکۆشەر و بەرپرسیارەکەتاندا پێکەوە لە حەز و خواستی هەموومانە وەک ئەرکێکی نەتەوەییشمان خۆشحاڵم کە بۆم ڕەخساوە بەشدار بم لەگەڵتاندا لەسەر خواستی خۆم و شادم بە دیدارتان و بەشدارییەکەم لە خزمەت هاوڕێیاندا.

پەیامەکەی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەم لە ١٦ی ٨ ی ٢٠٢٢، خواستەکانی گەیاندووە کە سەرکەوتنتان جەژن و شادییە بۆ ئەو بەشە و ئێمەش پیکەوە.

وەک خۆم خۆشحاڵم کە لەم جەژنە مێژووییەدا و سەرکەوتنتان لە یەکیەتییدایە، وەک بەجێهێنانی ئەرکی سیاسی و ویژدانی و خۆم و کە سەربازێکی بەرنامەکەی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی وەک حیزبەکەی خۆم و ڕێبازی سەرکردە(یووسف سەڵمان یووسف)، (فەهد) و هاوڕێیانی بۆ پەیامە ئەساسییەکانی حیزب، خۆشحاڵم کە دەرەنجامی ئەو کاروانە مێژووییەی هەمووتان بۆ کۆکردنەوەی پۆزەتیڤەکانی نێو بەدەنەی حیزبەکەتان بۆ ئەم جەژنە مێژووییەی یەکگرتنەوە زامنکردنتان،

زامنکەری یەکیەتی حیزبەکە بۆ بەرە و سەرکەوتنی خەباتەکەی لە بەجێگەیاندنی ئامانج و بەرنامەکەیدایە بۆ گەل و نیشتمانەکە.

زیندووڕاگرتنی ئەزموونەکانی خەبات بۆ ئامانجەکانی بەرنامەکە، لەو "٧٧" ساڵەدا، بەوەی "عەبدولڕەحمانی قاسملوو"ی شەهید و نەمرەوە، یان لەوەی لە سێدارەدانی هاوڕێ فەهدی دامەزرێنەری حیزبمان چەندان لە سەرکردەکانی دواتری لە دوای یەک لەلایەن ڕێژیمی بەعسی سەدامییەوە، ئەزموونەکانیان بۆمان پێویستی بە پتەویی تەشکیلاتەکانە.

سەرکەوتنتان ئاواتمە بۆ یەکخستنەوەی حیزبە تێکۆشەرەکانتان پێکەوە.

خۆشحاڵم کە لە خەباتی جەژنی سەرکەوتن گێڕانماندا بۆ پێکهێنانەوەی یەکیەتیی حیزبەکە و جاڕدانی هەواڵە مەزنەکەی یەکیەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاریگەری و دڵخۆشی بۆ جەماوەر و تێکۆشەرانی حیزب و شەهیدانیدا جێگەی خۆی بەدی بهێنێت.

ئەرکی گرینگتان لە پێشە بۆ کار لەسەرکردنیان بەرەو سەرکەوتن.

سەرکەوتن بۆ ڕێککەوتنەکانتان لە پێناو بەدیهێنانی دێموکراسی و دادپەروەری لە کوردستان و ئێراندا.

لەگەڵ ڕێزم مەلا محەممەد جوانڕۆیی

١٢ی ٨ی ٢٠٢٢

سوید

# بەشێک لە هەڤپەیڤینەکان

**هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:**



**مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حدکا**

**مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران میوانی بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆ بوو لە تۆڕی میدیایی ڕووداو، کە نوێنەر فاتیح پێشکێشی دەکات.**

**دەقی هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:**

**ڕووداو**: کەی کۆنگرە دەبەستن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ڕێککەوتووین دوای یەکگرتنەوەکەمان کە بەشێوەی فەرمی دوو ڕۆژ پێش ئێستا بوو (٢١ - ٨ - ٢٠٢٢)، ئەوپەڕی تاوەکو ساڵێک کۆنگرە دەبەستین.

**ڕووداو**: کاتی ئەوە هاتووە لە کۆنگرە ئامانج و دروشمی حیزب بگۆڕن؟

**مستەفا هیجری**: نا، گومان ناکەم دروشم و ئامانجەکانمان بگۆڕدرێن. چونکە تاوەکو ئێستا کێشەیەکمان لە پرسیارێکی ئەوتۆ لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانمان لە حیزبدا نییە.

**ڕووداو**: تاوەکو بەستنی کۆنگرە، کۆمیتەیەکی ١٢ کەسی کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن. بەڵام ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردایەتی هەردوولا کە زیاتر لە ٥٠ کەس دەبن، کاریان چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: ئەوانە بەشێکی هەرە زۆریان لە ئۆرگانەکانی حیزبیدا کاریان هەیە و بە کارەکانی خۆیان سەرقاڵن. ئێمە لەو نێوانەدا هەندێک گرووپمان دروستکردووە بۆ تێکەڵکردنەوەی ئۆرگانەکان، پێڕاگەیشتن بە نووسینەوەی ئاییننامەکان و شێوەی هەڵسوکەوتی تازە لەنێو ئۆرگانەکانی حیزبی. چونکە ئێستا ئێمە ماوەی ١٦ ساڵ ئەو دوو لایەنە بە جیاواز کارمان کردووە ئاییننامەی جیاوازمان هەبووە، ئێستا دەبێت هەموو ئەوانە ڕێکبخەینەوە. ئەوانەی کە دەشمێننەوە لەو گرووپانە کاردەکەن.

**ڕووداو**: هەموو ئەمان پێش کۆنگرە دەکرێت؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، هەمووی پێش کۆنگرە دەکرێت.

**ڕووداو**: کەواتە کە دەچنە کۆنگرەوە هەموو ئۆرگانەکانتان یەکخستوونەتەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، لە ماوەی ئەو یەک ساڵە ئەو ڕێبەرایەتیە کاتییەی پێکهێندراوە، دوو کاری سەرەکی هەیە. یەکەمیان ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکان، نووسینەوەی ئاییننامە و ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی کۆنگرە.

**ڕووداو**: پەیکەربەندی حیزب چۆن دەبێت؟ گفتوگۆ لەوبارەیەوە کراوە؟ دەگەڕێنەوە بۆ بنەمای کۆنگرەی ١٣ یان بۆ کۆنگرەی

١٦.. مەبەست لێرە دەسەڵاتەکانە، سکرتێری گشتی دەمێنێت یان دەبێت بە سەرۆک؟ هەروەها ئەو دەسەڵاتانە لەنێوان کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری گشتیدا چۆن دابەش دەکرێت؟

**مستەفا هیجری**: راستیەکەی ئێمە کارێکمان کردووە لە رێککەوتنەکانماندا کە ئەو خاڵە جێگیرانەی لەشێوەی بەڕێوەبردنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە و ئەوانەشی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبووە، ئەو گرووپانەی کە باسم لێوە کرد، دادەنیشین سەر لەنوێ ئەوان رێکدەخەنەوە. کۆمەڵێک لەو خاڵانە کە لە هەردوولادا هەیە، ئەوانە دەکەنە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی حیزب لەوە بەدوا بەپێی ئەو بەرنامانە و ئەو خاڵانە بەڕێوەبچێت.

**رووداو**: کەواتە هێشتا لەسەر بابەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی حیزب لەنێوان سکرتێر و کۆمیتەی ناوەندی گفتوگۆ ماوە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر، لەسەر هەموو ئەوانە رێککەوتن کراوە.

**رووداو**: رێککەوتنەکە چۆنە؟ دەسەڵاتەکە لای سکرتێر دەبێت، یان کۆمیتەی ناوەندیش دەسەڵاتی دەبێت بەسەر سکرتێر؟

**مستەفا هیجری**: نا، ئسوڵەن لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا سکرتێر یان کەسی یەکەم جا هەر ناوێکی هەبێت، لە واقیعدا بەڕێوەبەری بڕیارەکان کۆمیتەی ناوەندییە. بۆخۆشی ئەندامێکە لە ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی، سەرجەمیان پێکەوە لە دیاریکردنی بەرنامەکان، یاساکان، سیاسەتگوزارییەکان و کارە رێکخستنەکان پێکەوە تاوتوێی دەکەن و دەگەنە بڕیاری کۆتایی بە زۆرینە. ئەو بڕیارە هەموو دەبێت بەڕێوەی ببەن، کەسی یەکەم بەشێکە لەوان دەبێت بەڕێوەی بەرێت. جگە لەوە بەرپرسیارێتی هەیە لەوەی چاودێری بەسەر چۆنییەتی بەڕێوەچوونی باشی ئەو بڕیارانە بکات.

**رووداو**: پۆستەکە هەر بەناوی سکرتێری گشتی دەمێنێت؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ دەبێتە سکرتێری گشتی.

**رووداو**: بەڵام ئەو سکرتێرە گشتییە دەسەڵاتی رەهای نابێت..

**مستەفا هیجری**: نا، لە حیزبی دیموکراتدا هیچ کات ئەمە نەبووە.

**رووداو**: لەسەر کۆنگرە رێککەوتوون، پۆستەکانیش تا رادەیەک بە هاوسەنگی لەنێوان هەردوولادا دابەشدەکرێن. ئایا ئەمە

**بۆخۆی پێچەوانەی دیموکراسی و کۆنگرە نییە کە پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر بکەی و پۆستەکان دابەش بکەی؟**

**مستەفا هیجری**: لەلایەکەوە دەبێت بڵێم بەڵێ، چونکە پێچەوانەیە لەگەڵ دیموکراسی. بەڵام ئەگەر وردبینەوە هەرکام لە دوو حیزبە کە ئێستا یەکیان گرتووەتەوە، ئەو بەرنامەیەی کە دایانناوە و ئەو بڕیارانەی کە کۆنگرە داویەتی، بۆ خودی ئەو حیزبەی داوە.

ئێستا ئێمە دوو حیزبین، بۆ ئەوەی بتوانین یەکبگرینەوە دەبێت ڕێکبکەوین، ئەو ڕێککەوتنەی کە دەیکەین ڕەنگە بەشێکی پێچەوانەی ئەو بڕیارانە بێت کە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرە داومانە هەروەها بۆ لایەنەکەی دیکەش هەر وایە. بۆیە ئەو قۆناخەی کە ئێمە ئێستا کاری لەسەر دەکەین، لە واقیعدا قۆناخێکی راگوزەرە بۆ ئەوەی حیزب یەکبگرێتەوە کە یەکی گرتەوە، ئەو دەمە کۆنگرەی ئاسایی بەپێی بڕیارێک کە خودی کۆنگرە دەیدا.

**ڕووداو**: لە یەکخستنەوەی ئۆرگانەکاندا سەرەتا لە چییەوە دەستپێدەکەن؟ قۆناخەکان چۆن دابەشکراون؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ئێستا لەو قۆناخەداین کە ئۆرگانەکان تێکەڵ بکەینەوە، هەندێک ئۆرگان هەیە کارەکانیان ئەولەویەتی هەیە.. بۆ نموونە راگەیاندن یەکێک لەوانەیە کە دەبێت زۆر زوو ببێتەوە یەک، چونکە راگەیاندنی حیزب دەبێت یەک سیاسەتی هەبێت، ئەمەش هەر لە دوێنێوە دەستپێیکراوە. دوای ئەو ئۆرگانەکانی دیکە بەپێی ئەولەویەت کە پێشیانە یەک یەک ئەمانە ڕێکدەخرێنەوە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە راوەستن تا ئۆرگانێک تەواو دەبێت بچینە سەر ئۆرگانێکی دیکە، بەڵکو گرووپ دروست دەکەین لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن کراوە بۆ ئەوەی ئەو ئۆرگانانەی هاوتەریب پێکەوە ڕێکبخرێنەوە بۆ ئەوەی کاتمان زۆر نەگرن.

**ڕووداو**: ئەی فەرماندەیی پێشمەرگە؟

**مستەفا هیجری**: فەرماندەیی پێشمەرگەش وەکو ئۆرگانەکانی دیکەیە، کە یەکێکە لە ئۆرگانەکانی حیزب. ئەو ئاییننامەیەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیەتی لەگەڵ ئەوەی ئێمە تێکەڵ بەیەک دەکرێت و خاڵە بەهێزەکانی کە ئێستا پێویستن دەردەهێندرێن و دەبێتە ئاییننامەیەکی تازە.

**ڕووداو**: ڕێککەوتنیشتان هەیە لەسەر شێواز یان ناوەرۆکی کاری پێشمەرگایەتی ئێستا. بابەتی هەبوون لەسەر سنوور، یان چالاکیی سەربازی، ئەوەش یەکلاکراوەتەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی تاوەکو ئێستا ئێمە لە کاروباری پێشمەرگەدا کردوومانە، هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەدا نایەت. بەڵام ئەمە بەستراوەتەوە بە ئاڵوگۆڕی ناوچەکە و سیاسی ناوچەکە، بەوانەوە بەستراوەتەوە. کاروباری پێشمەرگایەتیش وەکو یەکێک لە ئۆرگانەکان شوێنکەوتەی دۆخی سیاسی حیزبە.

**ڕووداو**: لە ساڵانی ڕابردوودا بەو پێیەی دوو حیزبی جیاواز بوون، بە هەر ڕێکارێکی حیزبی و ڕێکخستن بێت کۆمەڵێک ئەندام و کەس هەبوونە دوورخراونەتەوە کە تێبینی لەسەر بووە و لە پەیڕەو لایداوە، هەندێک لەو ئەندامانەش چوونەتە نێو لایەنەکەی دیکە. چارەنووسی ئەو کەسانە چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: هەر ئەندامێک بە هەر هۆیەک بێت لەلایەکەوە چووبێتە لایەکەی دیکە و قبووڵکرابێت، ئێستا قبووڵکراوە وەکو ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەپێی بڕیارەکان و ئاییننامەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبێت کار و ڕەفتار بکات، ئەگەر سەرپێچی بکات ئەوکات بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**ڕووداو**: ڕاسان چی لێ بەسەر دێت؟

**مستەفا هیجری**: ڕاسان بەرنامەیەکی فرە ڕەهەندی حیزبییە کە لە واقیعدا پێشی یەکگرتنەوەش ئەو هاوڕێیانەی دیکەمان باوەڕیان پێی بوو. ڕاستیەکەی ئێمە کار و بەرنامەکانمان کە تەنیا یەک ڕەهەند یان دوو ڕەهەند قەتیس نەکردووەتەوە. بەپێی دۆخی سیاسیمان و جوگرافیمان لە هەر شێوەیەکی خەبات بۆمان بکرێت، درێژە بە خەباتەکەمان دەدەین. بەشێک لەو خەباتەش خەباتی پێشمەرگانەیە کە ئێمە هەردوولامان ئەو بەشەمان هەیە، پێش جیابوونەوەش هەمانبووە، لەکاتی جیابوونەوەش هەمانبووە، ئێستاش هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**ڕووداو**: دوای کۆنگرەش خەباتی چەکداری بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە، بەردەوام دەبێت؟ پێشمەرگە لەسەر سنوور دەمێنێتەوە لەسەر چیا؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، تا ئەو کاتەی کە ئێمە خەباتمان لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، پێشمەرگەش بەشێکە لە هێزی حیزب و دەمێنێتەوە و بەهێزتر دەکرێت.

**ڕووداو**: کەواتە هەردوولا هاوڕان لەسەر کاری پێشمەرگە لەسەر سنوور و چالاکی سەربازیی؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەنێوخۆی وڵاتدا چالاکی پێشمەرگەمان هەیە، واتا پێشمەرگە نانێرینەوە. بەڵام پێشمەرگەمان

ئامادەیە لە هەر گۆڕانکارییەک و کاتێک بتوانێت ئەرکی خۆی بەو جۆرەی کە حیزب پێی دەسپێرێت جێبەجێی بکات.

**ڕووداو**: لە چەند ساڵی ڕابردوو ڕەنگە هەندێک جیاوازی بۆچوون هەبووبێت، ئێوە پێشمەرگەی زیاترتان لە ناوەوەی سنوور هەبووبێت یان لە چیا. لەسەر ئەوە کۆکن کە بەو شێوەیە دەمێنێتەوە یان گۆڕانکاریی بەسەردادێت؟

**مستەفا هیجری**: ئەمە قسەی لەسەر دەکرێت، ئێمە کە هێشتا یەکمان نەگرتبووەوە جاری وا هەبوو زۆرتر لەو شێوەیە لە خەباتی پێشمەرگە کەڵکمان وەردەگرت جاری وا هەبوو کەمتر. بۆ نموونە ئەمساڵ پێشمەرگەمان نەناردووەتەوە نێوخۆی وڵات. بەڵام پەیوەستە بە دۆخەکەوە، لەوبارەوە پێموانییە هیچ کێشەیەک هەبێت.

**ڕووداو**: دوای یەکگرتنەوە پێتانوایە کە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەرتان زیاد دەکات؟

**مستەفا هیجری**: پێموایە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ شتێک نەماوە دژی ئێمە نەیکات، لەوە بەدواش هەر وادەبێت. ئێمەش ئامادەییمان هەیە بەپێی توانای خۆمان لە بەرامبەر پلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕابووەستین.

**ڕووداو**: بەردەوام هەبووە، بەڵام ئەو یەکگرتنەوەیە ڕەنگە گرووتینێکی تازەبێت بۆ ئێوە و جەماوەر و ئەندامەکانتان. حیسابی ئەوەتان کردووە هیچ نەبێت لە ڕووی ئەمنییەوە ئامادەکاری بکەن پێشبینی کۆمەڵێک هێرشی تازە بکەن بۆسەر خۆتان؟

**مستەفا هیجری**: پێشبینی هەموو ئەگەرێک لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکەین، چونکە لە ڕابردووشدا کۆماری ئیسلامی زۆر جاری وا هەبووە هەڕەشەی کردووە هەڕەشەکانیش خۆشی بە کردەیی کردووە. بۆیە ئێمە لەباری ئەمنی و پێشمەرگەوە ئەو ئامادەییەمان هەیە.

**ڕووداو**: لە هەرێمی کوردستانەوە گوشارتان لەسەرە لەبارەی پێشمەرگەکانتان لە شاخ، گوشارەکە ئەوەندە زۆرە کە پێشمەرگەکانتان لە شاخ بێننە خوارەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە وەکو داوایەک هاتووەتە ئاراوە لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەڵام ئێمە تاوەکو ئێستا پێشمەرگەمان هەر لە شاخە و پێشمەرگەمان نەهێناوەتە خوارەوە.

**ڕووداو**: هەرێمی کوردستان داوای لێکردوون بە تەواوەتی هەبوون و چالاکی پێشمەرگە لەسەر سنوور ڕابگرن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ داوایان کردووە، بەڵام پێشمەرگەکانمان هەر لە سنوور ماونەتەوە.

**ڕووداو**: داواکە لە ڕێگەی حیزبییەوە بووە یان حکومەتەوە بووە؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕێگەی حکومەتەوە بووە.

**ڕووداو**: هیچ هەوڵتانداوە بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستانیش لەبەرچاو بگرن؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان کاتێک لە باشوورین پێشمەرگەشمان لەسەر خاکی باشوورە لە سنوورەکان، بێگومان دۆخی سیاسی و جوگرافیایی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو دەگرین. زۆرجاریش گوتوومانە بە کردەوەش نیشانمانداوە کە ئێمە ئەم حکومەتە بە حکومەتی خۆمان دەزانین، لە پێشدا حکومەت بەشێکە لە کوردستان، بێجگە لەوە ئێمە بۆ خۆشمان لەو جوگرافیایەدا دەژین و کار و چالاکی دەکەین، بۆیە هەمیشە کارمان کردووە بەشێوەیەکی هاوسەنگ ڕەفتار بکەین کە نە لە چالاکی تێکۆشان بکەوین، نە دۆخێکی وا بێنینە کایەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران گوشاری زیاتر بخاتە سەر هەرێمی کوردستان. هەرچەند کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێی سیاسەت کە دژی کوردە لە هەر جێگایەک بێت، تەنانەت ئەگەر ئێمە لە سنووریش نەمێنین، تەنانەت لە خاکی عێراقیش نەمێنین کۆماری ئیسلامی گوشارەکانی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمناکاتەوە، بەڵکو هەمیشە پاساوی هەیە، بەڵام ئێمە نامانەوێت ئەو پاساوانە بدەین بە دەستیانەوە.

**ڕووداو**: واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێوە وەکو پاساو بەکاردەهێنێت؟

**مستەفا هیجری**: پێمواییێت ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی گوشار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنێت، لەسەر بوونی ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی بەشێکی زۆری پاساوە پێیان دەگرێت.

**ڕووداو**: گوشارەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئێوە لەسەر چالاکییە سەربازییەکانتان وایکردووە کە نەتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی جوڵە بکەن و جوڵە و هاتووچۆتان سنووردارییێت، ئەو شتانەی دەتانەوێت لەسەر سنوور بیکەن، نەتوانن بیکەن؟

**مستەفا هیجری**: تا ئێستا ئەوەمان نەبینیوە.

**ڕووداو**: ماوەی دوو ڕۆژە یەکگرتنەوەکەتان ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەوەی من دەیبینم لایەنەکانی باشووری کوردستان حیزبە سیاسییەکان یان بە شەرمنانەوە باسی دەکەن یان بە ساردییەوە پیرۆزبایی دەکەن و ئەو گەرموگوڕییە نابیندرێت. چ

پەیامێک لەوە دەخوێننەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەمە جیا لەوەی کە ڕەچاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن هیچی دیکەی تێدا نابینم، چونکە دەزانم خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵات وەکو بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکگرتنەوە و یەکڕیزی هێزەکانی کورد دڵخۆشن، بەڵام ئەو تێبینییەیان هەیە کوردی باشوور. هەرچەند زۆر لە کەسایەتی سیاسی ئەوانەی لە حیزبەکاندان بە تەلەفۆن و نامە پیرۆزباییان لێکردووین و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام نەبووەتە پیرۆزباییەکی فەرمی لەلایەن حیزبەکانەوە بەناوی حیزبەوە.

**ڕووداو**: لەنێو ئەو تەلەفۆنانە سەرکردایەتی گەورەی کوردستانی تێدایە؟

**مستەفا هیجری**: هی سەرکردایەتیشی تێدایە.

**ڕووداو**: هەست بە چی دەکەی کە حیزبەکانی باشووری کوردستان، بە دیاریکراوی پارتی و یەکێتی کە پەیوەندییەی دێرین و مێژوویێکی هاوبەشتان هەیە بە فەرمی پیرۆزباییان لێ نەکردوون؟

**مستەفا هیجری**: لەگەڵ ئەوەی هەست بە پێگەی سیاسی ئەوان دەکەم، ئەو گوشار و گرفتە سیاسییانەی هەیانە هەستی پێدەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەم پێ هەڵوێستێکی دروست نییە، چونکە پیرۆزبایی کردن لە سەرکەوتنێک کە کورد بە دەستی بهێنێت لەوە گەورەترە ئەوەندە ڕەچاوی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن.

**ڕووداو**: واتە ڕەچاوکردنەکە نابێت بایی ئەوەندەبێت کە پیرۆزباییەکتان لێ نەکەن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ.

**ڕووداو**: لەو ڕێککەوتنەی کە کردووتانە، دانوستان لەگەڵ حکومەتی ئێران لەکوێدایە؟ لە هیچ شوێنێکدا باسی ئەوەتان کردووە دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکەن؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر، ئێمە لەسەر دانوستان لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو ڕێککەوتنەدا باسمان لێوە نەکردووە، چونکە هەردوو لامان پێش یەکگرتنەوەش مێژوویێکی هاوبەشمان لە پەیوەندی لەگەڵ دانوستان لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کردووە.

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەمیشە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوە بووە کە کێشەکانی لەگەڵ تاران لە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگەوە چارەسەر بکات. بۆ ئەوەش هەنگاوی گەورەمان هاویشتووە، شەهیدی گەورەی وەکو دکتۆر قاسملۆمان داوە.

ڕووداو: لەو دۆخەی ئێستا دوای تیرۆرکردنی دوو سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە هیچ دۆخێکدا ئامادەن دانوستان لەگەڵ ئێران بکەن؟

مستەفا هیجری: ئەگەر بە بڕوایە بگەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕاستی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە داخوازییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکات، بەڵێ لەگەڵی دادەنیشین و وتووێژیشی لەگەڵ دەکەین.

ڕووداو: ناوەندی هاوکاری لە چوار لایەن پێکهاتبوو، بەڵام دوای یەکگرتنەوەی ئێوە، ئێستا بووە بە سێ لایەن. ئەمە چۆن ڕێکدەخەنەوە؟ ئەگەر بڕیارێک هەبێت کۆمەڵە زیاترن، ئەوان دوو ئەندامن بەڵام ئێوە بوون بە یەک. لەوێش بڕیار بە سەنگ نییە، بەڵکو بە ئەندامیەتییە.

مستەفا هیجری: ئێمە لە ناوەندی هاوکاری ڕێککەوتنەکانمان بە زۆرینەیە، لە هەر بڕیارێکدا ئەگەر یەک لایەن ڕازی نەبێت بڕیارەکە نادرێت.

ڕووداو: کۆمەڵە پیرۆزبایی لێکردن؟

مستەفا هیجری: بەڵێ.

ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ پژاک چۆنە؟

مستەفا هیجری: پەیوەندییەکی ئەوتۆمان نییە، چەند جارێک لەگەڵیان دانیشتووین، بەڵام بڵێی پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ و زۆرمان نییە.

ڕووداو: لە ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا دوو هێز هەن بە دیاریکراوی یان دوو بەرە هەن، موجاهیدینی خەلق هەم لەگەڵ پاشماوەکانی سەردەمی شا. هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ ئەواندا هەیە، هەست دەکەن لایەنێک نزیکترن لە لایەکی دیکە لە ئێوەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەگەڵ هەردوو لایەن تا ئێستا پەیوەندیمان هەبووە، پێمان باشە ئەو پەیوەندییە هەر درێژەی پێبدرێت. یەکێکیش لەو بڕیارانەی کە داومانە، لە ناوەندی هاوکاریش ئەو بڕیارە دراوە ئەوەیە کە ئێمە وتوێژ بکەین لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئەوانەی کە بەخۆیان دەڵێن، مەشروتخواز و موجاهیدین.

گۆڤەند مستەفا

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو – ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

---

## خالید عەزیزی: لە هەر شوێنێک هێرشمان بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆمان دەکەین




**(دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پرێسکۆنفرانسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا)**

**بەخێرهاتنی میدیاکاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەم.**

ڕۆژی ڕابردوو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لە مێژووی حیزبی دێموکرات و لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئیمزا کرا. ئەو ڕێککەوتن و بەڵگەنامەیە لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوو کە لەلایەن هەردووک لاوە ئیمزا کرا و لە دوێنێڕا لەمەو بەدوا هەمووی دێموکراتەکان بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کار دەکەن.

گرینگیی بەڵگەنامەکە لەوەدایە کە لە کاتێکدا ئیمزا کراوە کە لێکدابڕان و لێکدووری و نەبوونی یەکریزی بەداخەوە تا ڕادەیەکی زۆر باڵی بەسەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا کێشاوە. بۆیە گرینگە چونکی ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و

جیهانییەکاندا ڕۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر دێتە نێو باس و ئەوە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێراندا بکرێ و لەو پێوەندییەدا فاکتەری حیزبی دێموکرات وەک ئەکتەرێکی سەرەکیی شانۆی سیاسی گرینگیی خۆی هەیە و ئەو یەکگرتنەوەیە هێندەی دیکە ئەو پێگەیە بەرچاوتر دەکا.

ئەو ڕووداوە بۆیە گرینگە، چونکی پەیامێکی زۆر ڕوون و ڕاشکاوانە دەدا بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران، ئەو جێیەی کە حیزبی دێموکراتی لێ دروست کرا و، پێیان دەڵێ ئەو لێکدابڕان و ترازانە شوێنی لەسەر خەبات و تێکۆشانی ئێمە دانەنا و ئێمە پەیامی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک و دۆستانی حیزبی دێموکرات لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت لە باشووری کوردستانمان وەرگرت و هەوڵمان دا ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین و حیزبی دێموکرات یەک بگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو سەنەدە پەیامێکی باشە بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی کە وەک چۆن ئێمە دوو حیزبمان یەک خستەوە، دەتوانین هەماهەنگیمان هەبێت بۆ کاری هاوبەش و گەورەی دیکە.

ئێمە بەو بڕیارەی داومانە ئەرک و بەرپرسایەتیی دیکەشمان لەسەر خۆمان دروست کردوە کە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەو شوێنەی خەبات و تێکۆشان و جموجۆڵێکی بەربەرین دژی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدایە و ئەوان پێویستییان بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی دێموکراتەکان بوو؛ ئەوەش بۆ ئێمە ئەرک دروست دەکا کە لە داهاتوودا چۆن وەڵامدەری ئەو خەبات و تێکۆشانە بین.

ئێمە بۆ ئەوەی کە ئەو پرۆسەیە بەئاکام بگا، ڕێککەوتووین بەباشی بەرەوپیری کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بچین و ڕێبەرییەکی کاتی ئەم حیزبە هەتا کۆنگرە ئیدارە دەکا.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات وەک بەڕابردووترین حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامێکی باشیشە بۆ خەڵکی باشووری کوردستان، بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان کە بتوانن لەو بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزەی ئێستای ناوچەکەدا بە یەکگرتوویی سەنگ و پێگەی کورد بپارێزن.

ڕاستە پرۆژەی یەکگرتنەوەی ئێمە بڕێک زۆری کێشا، بەڵام دوو قازانجی هەبوو. قازانجێک ئەوە بوو عەقڵییەتی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ یەکتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەبێ لە پێشەوەی هەموو شتێک بێت. قازانجی دووهەم ئەوە بوو نەفسی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ یەکتر تەمرینی تەحەمولی یەکترە، بۆیە هەردووی ئەو فاکتۆرانە دەتوانێ بنەمایەکی باش بێت لە چەندوچۆنیی مودیرییەتێکی باشی ئێستای حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناو داهاتوودا.

لەتبوون کاریگەرییەکی ئەوتۆی سیاسیی لە پرسە کەلانەکانی ئێمە لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئێراندا، و لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیدا نەبوو؛ بۆیە لەو بوارانە ئەگەر ئێمە لێکیش جیاواز بووین بەڵام زۆر لێک نزدیک بووین. بۆیە بەخۆشییەوە کاتێک دەکەوینەوە سەریەک لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێست و پرسە سیاسییەکاندا کێشەیەکی ئەوتۆمان نابێ. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە نێوخۆی وڵاتەوە هەیە، لەو خەبات و تێکۆشانە بەربەرینەی لەوێ لەگۆڕێدا هەیە بەشدارین و بەشدار دەمێنینەوە؛ چونکی خەڵکەکەمان ئەو چاوەڕوانییەی لە حیزبەکەی خۆیان هەیە. حیزبی دێموکرات هەوراز و نشێوی زۆر بووە، ڕێبەرانی تیرۆر کراون، سەدان کادر و پێشمەرگەی تیرۆر کراون، مووشەکباران کراوە و ئەوە هەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون کە لە پشتی بوون و نەیانهێشتووە بکەوێ.

لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و باشووری کوردستاندا پێ لەسەر ئەو سیاسەتە دادەگرینەوە کە حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕێزدانان بۆ سەروەریی خاکی ئەم وڵاتە و قانوونەکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاوە کە کێشەی لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگای وتوویژ و دانوستانەوە چارەسەر بکرێ و لەلایەن حیزبی دێموکراتیشەوە هەرچی لە دەستمان هاتبێ کۆتاییمان نەکردوە و جارێکی دیکەش هیوادارین هەموو کێشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەر لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر بکرێ.

ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئێمە هەمیشە گوتومانە ناکرێ کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە پرسی ئەتۆمی و داهاتووی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە گرێ بدرێ. لەو پێوەندییەدا گوتومانە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ لە هاوکێشەکانی ئێراندا حیزبی دێموکرات و پرسی کورد بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە نادیدە بگرێ و ئەگەر حاشا لە پرسی نەتەوایەتی ئێمە و نەتەوەکانی دیکەش بکرێ، ئێران وەت ئەمنییەت و ئارامی بەخۆوە نابینێ و نابێتە وڵاتێکی جێی متمانە و سەقامگیر بە وڵاتان و هاوبەشە سیاسییەکانیشی.

ڕوو بە لایەنە ئێرانییەکان دەڵێین حیزبی دێموکرات هەمیشە ئامادەی ئەوە بووە کە لەگەڵیان دابنیشێ و دیالۆگی لەگەڵیان هەبێ، چونکی هەمووان پێویستیمان بە بەدیل و ئاڵتێرناتیوە لەدژی نیزامی کۆماری جمهووری ئیسلامی، چونکی هەمووان دەڵێین ئەو نیزامە دەبێ بڕوا، بەڵام بەو قەناعەتە نەگەیشتووین ئەدی کێ جێی بگرێتەوە؟ ئەوە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ کە لەمەوبەدواش دەبێ کاری بۆ بکات.

ڕوو بە بەشەکانی دیکەی کوردستان، یەکبوونەوەی دێموکراتەکان شەپۆلێکی بەرین لە پێخۆشبوون و پەیامی پیرۆزبایی لە

هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ ئێمە وەرێ خستووە. پەیامی ئێمەش ئەوەیە کە ئارەزوو دەکەین هەموو لایەنەکان ڕوحی وەحدەت و یەکڕیزی تێیاندا بەهێز بێ، چونکی ئێستا کورد پتر لە هەر سەردەمێک حەوجێی بەو یەکیەتی و یەکڕیزییە هەیە.

**نێستاش فەرموون ئەگەر پرسیارێکتان هەبێ وەڵامتان دەدەمەوە.**

**پرسیار**: بەڕێز کاک خالید یەکگرتنەوەتان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ کاردانەوەیەکی لێ کەوتۆتەوە؟ هەروەها ئێوە لە بەیاننامەی هاوبەشی یەکگرتنەوەدا باس لەوە دەکەن کە لێکترازان چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان نییە، بەڵکوو دەبێ بە یەکتر قبووڵکردن و گۆڕان لە سیستم و شێوازی کارکردن کێشەکان چارەسەر بکەن. چ میکانیزمێک بۆ ئەوە داندراوە؟

**وەڵام**: بەپێی ئەو خەبەر و وێنە و دیمەنانەی لە سۆسیالمێدیاش دەیبینن، خەڵک لە نێوخۆی وڵات خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە و ئەمەش سروشتییە، چونکی حیزبەکەی ئەوان یەکی گرتوتەوە، ئەو حیزبەی کە پێشەوا دروستی کرد، دوکتور قاسملوو لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد تێیدا تیرۆر کرا و دوکتور شەرەفکەندی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی یەکگرتووی ڕیزەکانی ئێرانی ئەویش تێیدا تێرۆر کرا. بە نیسبەت پرسیاری دووهەم، ئێمەی کورد وا ڕاهاتووین زۆر جار کە کێشە دەکەوێتە نێوانمان لەگەڵ یەکتری پێک نایەین و حەوڵ دەدەین ڕێگاچارەکان بۆ شوێنی دیکە بەرین. کێشەکان ئەوەن کە لە بەرانبەر یەکتری نەوی ناکێشین و یەکتر تەحەمول ناکەین. بەپێی ئەو ئەزموونانەی لە ڕابردوو بوومانە، ئێمە ئێستا وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەرمانە ئەو حیزبەی کە پێشەوا دروستی کردوە و خەڵکی کوردستانی ئێران بە ئەمانەت داویانە بە ئێمە، بە یەکڕیزی بیپارێزین و خەسارناسییەکی ورد بۆ هەڵە و چەوتییەکانی ڕابردوومان بکەین.

**پرسیار**: کاک خالید میکانیزمی کۆنگرەی هاوبەشتان چۆنە و بە چ میکانیزمێک بەشداریی کۆنگرە ئەکەن؟ هەروەها کۆنگرەی حیزب کەی دەبەسترێ؟

**وەڵام**: ئێمە ئێستا لە قۆناغی گواستنەوەداین. لە قۆناغی گواستنەوەدا ئیدارەیەکی هاوبەشمان هەیە و ڕێککەوتنی بەنووسراو و بەڵگەنامەی نێوخۆییمان هەیە. ئەو دەورانی گوزار بۆ ئەوەیە تەمرینی مودیرییەتی حیزبێکی هاوبەش بکەین و کۆنگرەی داهاتووشمان کە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەبێ، بەشی زۆری بەپێی ئەو ڕێککەوتننایە. ئەوە کە کەی

دەبەستریٚ، ناتوانم لێرە کاتەکەی دیاری بکەم، بەڵام لەڕووی ئوسوول و پرەنسیب و پرۆتۆکۆل لەسەر هەمووی ئەوانە ڕێککەوتووین.

**پرسیار**: باسی ئەوەتان کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرسی کوردی لە ئێران پشتگوێ خستوە. بەڵام ئاخۆ ئێوە هیچ هەوڵتان داوە کە پرسەکە زیاتر بەنێودەوڵەتی بکەن؟ پرسیاری دووهەم ئەوەیە خەباتی چەکداریی ئێوە پاش یەکگرتنەوە چیی بەسەر دێ؟

**وەڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەوراز و نشێوی زۆر بووە. خەباتی ئەسڵی ئێمە خەباتی خەڵکە، خەباتی جەماوەرییە، بە میلیۆن کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی نیزامی جمهووری ئیسلامی لەسەر خەتن و هەر ئەو خەڵکەش حیزبی دێموکراتیان دروست کردوە. حیزبی دێموکرات زۆر قۆناغی بڕیوە: کاتێک کە هێرش کراوەتە سەر ئێمە، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ناچار بە بەرگریی ڕەوا بووە و خەباتێکی چەکداریی هەبووە. ئێمە لە بەرنامەماندا نەبووە هەرگیز لە هەرێمی کوردستانڕا هێزی پێشمەرگە بنێرینەوە نێوخۆی وڵات و لەوێ دژی ڕێژیم عەمەلیاتی نیزامی بکەین. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکێکی تووڕەیە لەو نیزامە و بۆخۆیان لە هەموو شێوازێکی خەبات کەلک وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکرات حەقی مەشروعی خۆیەتی لە هەر شوێنێک هێرشی بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆی بکا.

**پرسیار**: لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەک پێشمەرگە کەوتنە دەست کۆماری ئیسلامیی ئێران. چارەنووسی ئەو پێشمەرگانە بە کوێ گەیشت؟ ئێوە کە بڕیارتان داوە کۆنگرە بگرن ناترسن کۆنگرەکەیان هەڕەشە و مەترسیی لەسەر بێ؟

**وەڵام**: لەسەر ئەو پێشمەرگانە ئێستا ناتوانم بچمە نێو ئەو باسە و ئەو لایەنانەی بابەتەکە لای ئەوانە باشتر دەتوانن لە داهاتوودا ڕوونکردنەوەیان هەبێ. بە نیسبەت کۆنگرەش هەر وەک گوتم دیسانەکانە ئەوە پێوەندی بە داهاتوو و ئەو دۆخە هەیە کە ڕێبەری حیزب لە قۆناغی گوزاردا بڕیاری لەسەر دەدا.

**پرسیار**: پێتان وایە چ گۆڕانکارییەک لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەهەمبەر ئێراندا ڕوو دەدا و ئایا ئێوە ئامادەکاریتان بۆ ئەوە کردوە؟ هەروەها زیاتر لە دووساڵە لەنێو لایەنە کوردییەکان قسە لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی هەیە. ئایا ئەو هەنگاوەی ئێوە ئەبێتە هەنگاوێک بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی؟

**وەڵام**: ئێمە ئێستا ناوەندێکمان هەیە بە ناوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و تەبیعەتەن یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان فاکتۆرێک دەبێ شوێن لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دادەنێ و دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو هاوکارییانە پەرە پێ بدەین. بە نیسبەت ئێران لە هاوکێشە جیهانییەکاندا، ئێمە لەو باوەڕەداین کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەرەقەتی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی بەردەمی نایە و ئەگەر بەرجام و ڕێککەوتنەکەش ببووژێتەوە، ئەو ڕێککەوتنە ناتوانێ وەڵامدەری ئەو کێشە و قەیرانگەلە بێ؛ چونکی بەر لە کێشەی ئەتومییش کۆماری ئیسلامی کێشەی لەگەڵ خەڵکی وڵات لەگەڵ دنیای دەرەوەش بووە و ئەو قەیران و کێشانە ئێستا زیاتر لەهەر کاتێک لەسەر یەک کەڵەکە بوون.

**پرسیار**: ئەگەر نەتانتوانی کۆنگرە بگرن، ئایا ترسی لێکدابڕانەوەی ئەم دوو حیزبە هەیە؟ ئایا لەسەر هەموو شتێک بڕیاری یەکلاکەرەوەتان داوە؟ هەروەها لایەنەکانی باشووری کوردستان ڕۆڵیان هەبووە لەو یەکگرتنەوەیەدا؟

**وەڵام**: ئێمە ئێستا ئەولەوییەتمان ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنانەی هەمانە جێبەجێیان بکەین وکولتووری پێکەوەبوون بنیات بنێین و ئەو کولتووری ڕێککەوتنە بکەینە بنەمایەک بۆ ئیدارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بێگومان لە حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتدا جیاوازیی بۆچوون لە ڕابردوودا هەبووە، ئێستاش هەیە و لە داهاتووشدا دەمێنی. بەڵام من پێم‌وایە ئەوە کە وتووێژەکان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە زۆریان خایاند، ئەمە ڕاهێنانێک بوو بۆ ئەوە کە ئێمە چۆن ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. بۆیە ئەمن گەشبینم و لە پاڵ ئەو گەشبینییەشدا ئەرکمان بۆخۆمان دیاری کردوە و ستراتیژی ئێمە ئەوەیە کە بە یەکگرتوویی بمێنینەوە لە داهاتووشدا. لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکە، لایەنەکانی باشوور کوردستان زۆربەی زۆریان دۆستی حیزبی دێموکراتن و ڕابردوویەکی خۆش و باشیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەیە. هەرچی بینیومانە هەمیشە قسەی خێریان کردوە، بۆیە جێی خۆیەتی لێرە سپاسیان بکەم.

**پرسیار**: ئەو یەکگرتنەوەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران دەبێ، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو چالاکییانەدا کە دژی کۆماری ئیسلامی دەکرێن. هەروەها بەرنامەی ئێوە بۆ دوای یەکگرتنەوە چییە؟

**وەڵام**: لەو سۆنگەیەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنترین و بەڕابردووترین حیزبی کوردستانی ئێران و تەنانەت یەک لە کۆنترین حیزبەکان لە ئاستی ئێراندایە؛ لە هەموو ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا پێوەندیی باشی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان چ لە سەردەمی نیزامی پاشایەتی و چ کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. بەتایبەت کە دوکتور قاسملوو وەک سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو پێوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو. ئەمن لاموایە

هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان لا گرینگ و بەبایەخە. ئەمەش ئەو چاوەڕوانییە لە ئێمە دروست دەکا کە حیزبی دێموکرات چۆن سەنگ و قورسایی خۆی لە نێوخۆی وڵات و پێوەندییەکانی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا و هاوپێوەندییەکانی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە پێناو بەرینکردنەوەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێنێ تا ئەو ئاستە کە پرسی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بباتە خانەیەکی تر. بێگومان یەکگرتنەوەی دێموکرات و ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە داهاتووشدا بۆ ئەو ئامانجە دەبێت کە چۆن بکرێ خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران پێوەندییەکی باش و تێگەیشتنی هاوبەشیان لەسەر بنەماکانی بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو هەبێ و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی چڕتر و هەمەلایەنەتر ببێتەوە.

**پرسیار**: **پێوەندی ئێوە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر چ بنەمایەک دەبێ؟**

**وەڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵ داوە مادام دروشمە ستراتیژییەکەی چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندایە، لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە سیاسییە شوێندانەرەکانی ئێران پێوەندیی هەبێ و تێبکۆشی لەمەڕ چۆنیەتیی ئێرانی داهاتوو تێگەیشتنی هاوبەشیان لەگەڵ دروست بکا. کلیلی سەرەکیی وەها پرۆژەیەک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ئەو داهاتووە لە باوەڕهەبوون بە دێموکراسی، ڕێککەوتن، دابەشکردنی دەسەڵات و دانان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران و بەڕەسمیناسینی مافی نەتەوایەتیی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەدا دەبینێ کە ئەوە دەبێ لە دارشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ڕەنگ بداتەوە. هەوڵەکانی ئێمە لەو پێناوەدا لە داهاتووشدا درێژەی دەبێ.

***

* ئەو پرێسکۆنفرانسە ڕۆژی دووشەممە ٣١ی گەلاوێژ بە بەشداریی کۆمەڵێک مێدیاکار و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان و پەیامنێری تەلەڤیزیۆنەکانی "ایران انترناشنال"، "رادیو فردا" و "صدای آمریکا" بەڕێوە چوو.

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## ناسر باباخانی: قۆناغی دوای یەکگرتنەوە، دەبێ کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی خەبات بێ لە ڕێگەی بە ڕۆژەڤ کردنی پرسی کورد لە وڵاتانی دەرەوە



ئاماژە: یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات پاش چاوەڕوانییەکی زۆر سەرنجی زیاتری لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆ کردۆتەوە. پرسی وەسەریەککەوتنەوەی دێموکرات، کاریگەریی ئەو ڕووداوە و قۆناغەکانی دوای یەکگرتنەوە و شوێنکاری لەسەر جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە گرینگترینی ئەو سەرنجانەن. "کوردستان" بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەو بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ ناسر باباخانی، مامۆستا زانکۆ و چاودێری سیاسی پێکهێناوە:

**دیمانە: ڕەحمان سەلیمی**

**ڕەحمان سەلیمی**: پێویستی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو، و ئەم یەکگرتنەوەیە چ دۆخێکی نوێی دیکە بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنێ؟

**ناسر باباخانی**: ئەگەر بە کورتی چاوێک بە مێژووی لێکدابڕانەکاندا بخشێنین، "خەڵک" وەک پێگە و پتانسییەلی سەرەکی ئەم حیزبە بەو لێکترازانانە نیگەران بوون، دیارە کە دەڵێم خەڵک مەبەستم لایەنگرانی حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەگەر لە

لێکدابڕانەکانی ڕابردوودا بە هۆی بوونی ڕێبەرە کاریزماکانی ئەم حیزبە، تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین خەڵک بە جۆرێک - هەر چەند پێی دڵخۆش نەبوون - قەناعەتیان پێهێنابوو، بەڵام لەم لێکدابڕانەی دواییدا واتە بوونی حیزبی دێموکرات بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵک پێی پێمل نەبوو. یانی پاش ١٦ ساڵ خەڵک چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە ئەو حیزبە سەرلەنوێ یەک بگرێتەوە و پێویستییەکەی لەوەدا بوو کە لە دۆخێکی هەستیاری وەک ئێستا کە ئێران لە بواری نێونەتەوەیی و ناوچەییدا تەریک کەوتووەتەوە و لە لایەکی دیکەوە خەڵک لەبەر گوشارە ئابوورییەکان بڕستیان لێبڕاوە، پێموایە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لایکەم دەتوانێ لە سەرەتادا لەباری سایکۆلۆژییەوە شوێندانەریی ئەرێنی هەبێ لەسەر کۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر ئەندامان، بەدەنە و کادر و پێشمەرگە و تەنانەت لە دەرەوەی وڵات. بۆیە من لە یەکەم ڕوانیندا پێویستی ئەو یەکگرتنەوەیە لەسەر سازکردنی کەشێکی ڕەوانی ئیجابی بەنیسبەت خەباتی حیزبی دێموکرات لەنێو خۆ و لە دەرەوەدا دەبینم و ئەم ئەم بوارە و ئەم کەشە ڕەوانییە دەرخسێنێ بەرەو دۆخێکی نوێ هەنگاو هەڵێنەوە، کە بە باوەڕی من سازکردنی گوتارێکی نوێیە لەسەر بنەمای پێداویستی و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لەسەر پتانسییەل و تواناکانی حیزبی دێموکراتی کورستان و دواجار هاوتەریب کردنی ئەم گوتارە لەگەڵ سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی کوردی!

**ڕەحمان سەلیمی**: یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ کاریگەرییەکی لەسەر یەکڕیزی و هاوخەباتی حیزبە و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دادەنێت؟ ئەمە دەکرێ چەند هەنگاو بۆ پێشەوە بێت؟ هەر لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ چ شوێندانەرییەکی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە دێموکرات و ناوەندگەراوە هەبێت؟

**ناسر باباخانی**: بەبێ گومان یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات وەک باسم کرد یەکەم کارتێکەری، شوێندانەرییەکی سایکۆلۆژییە لەسەر دەوری سێکۆچکەی خەبات! سێکوچکەی خەبات واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیاسپۆرا و حیزبی دێموکرات لە باشوور و سنوورەکان. ئەمە دەتوانێ کاریگەری ڕەوانی هەبێ بۆ ئەوەی کە گرۆتینێکی نوێ ببەخشێتەوە گیانی ئەم حیزبەوە. لە لایەکی تریشەوە دەتوانێ ببێتە کاتالیزۆرێک بۆ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کە لێک دابڕاون، بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە و دواجار لە بەرەیەکی کوردستانیدا خۆیان ببیننەوە. لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەبێ لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و هەروەها دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەو مانایەکە لەمەوبەدوا ئیتر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە چاوی دوو لەت سەیری تۆ ناکا، وەک حیزبێکی خاوەنمێژوو و شوێندانەر کە نوێنەرایەتی چەندین ملیۆن کورد دەکا سەیرت دەکا و ئەمە قورساییەکی تایبەتی پێدەبەخشێ و ئەمە زۆر کاریگەرە بۆ ئەوەی دواجار لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی نێو ئێران شوێندانەر بێ. لەلایەکی دیکەوە دەکرێ ئاماژە بە کارتێکەری ئەم یەکگرتنەوەیە لەسەر لایەنە کوردستانییەکانی دیکە بکەین. حاشا لەوە ناکرێ کە هەموو لایەنێکی سیاسی لە پارچەکانی دیکە بەتایبەت ئەو

حیزبانەی کە دەسەڵاتدارن، بۆخۆیان جۆرێ لە قووڵایی ستراتیژیک ڕەچاو دەکەن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام بە بوونی حیزبی دێموکراتی بەهێز و یەکگرتوو، ئەم قووڵاییە ستراتیژیکە کە لە بۆشایی ئەم حیزبە سازبووە، ئەو کاتی پڕ دەبێتەوە، حیزب دەبێتە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکەی خۆی کە لەوە پێش لە نەبوونی ئەودا لایەنەکانی دیکە قووڵایی ستراتیژیکیان بۆ ڕەچاو دەکرد. لە هەمان کاتیشدا شوێندانەرییەکەی لەسەر ئەدمینیستڕێیشێنەکانی دەرەوەی وڵات بۆ وێنە لەسەر دەوڵەتەکان، پارلمانەکان، حکوومەتەکان. زۆرجاران لە سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتم بیستووە کە سەردانی ئەو شوێنانەیان کردووە و وتوویانە کە ئێوە بۆ دوو لایەنن، ئێوە بۆ بەیەکەوە نایەن، بۆیە کە کۆی ئەوانە چاو لێ دەکەین دەتوانین بڵێین کە ئەم یەکڕیزییە لە سەرەتادا لەنێوان ئەو دوو باڵەدا ببێتە هۆی کۆبوونەوەوی لایەنەکانی دیکە لەگەڵ یەکتر و دواجار سازبوونی بەرەیەکی کوردستانی و شوێندانەریی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن و کۆماری ئیسلامی و ئەدمینیستڕێیشێنی وڵاتانی دەرەوە.

**ڕەحمان سەلیمی**: یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ شوێنێک لەسەر پێگە و ستاتوی حیزب دادەنێ و چەندە مەیدان بۆ خەباتی سیاسی و دیپلۆماسیی حیزب لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئاوەڵاتر دەکا؟

**ناسر باباخانی**: ئەم یەکڕیزییە وەک باسم لێوە کرد شوێندانەری دەبێ لە سەر لایەنەکانی دیکە، دەبێ ببێتە هۆکارێک بۆ سازکردنی گوتارێکی هاوبەش، مەبەست لە گوتاری هاوبەش ئەوەیە کە ئەو گوتارە دەبێ بڕواتە نێوخۆی وڵات، ئەو گوتارە دەبێ بتوانێ بە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە لە سەر بنەمای پتانسییەلەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بخەملێنـدرێ و ڕووبەڕووی دەسەڵات بکرێتەوە. بۆیە بەر لە هەموو شتێک قۆناغی دوای یەکگرتنەوە ئەوەیە کە بتوانین گوتارێک لە سەر ئەو دوو بنەما سەرەکییە واتە پێداویستی و پێویستییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پتانسییەل و توانایییەکانی حیزبی دێموکرات دابمەزرێنین. دیارە گوتاری بزوتنەوەی نەتەوەیی تایبەتمەندییەکانی خۆی لە دێرزەمانەوە هەبووە و هەیە، بەڵام ئەو گوتارە بە پێی ئەم دۆخەی کە ئێمە تێیدا دەژین دەبێ بخەملێندرێ واتە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی حیزبی دێموکرات و خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕەچاو بکرێ. کە تۆ توانیت ئەمە ساز بکەی قۆناغی دواتر ئەوەیە کە ئێمە چۆن خەباتی سیاسی بتوانین بگوازینەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان. دیارە ئەوەی کە ئێمە چەندە شوێندانەرین لە سەر هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ڕەنگە ئەوە بە باوەڕی من پرسیارێکی زۆر ورد نەبێ، بەڵام دەتوانین بە پشتبەستن بەو گوتارە مەیدانی خەباتەکەمان بەرفراوانتر بکەین. ڕێک ئەو کارەی شەهید دوکتور قاسملوو لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیادا کردی، لەسەردەمی کەمی میدیا سوننەتییەکان وەک تلویزیۆن و ڕادیۆدا کردی. ئەویش ئەوە بوو کە لەگەڵ ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان دەستی پێکرد بە وتووێژ بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دنیا بناسێنێ، بۆیە ئەوەش پێویستی بە وزەیەکی

یەکجار زۆر هەیە و دەبێ تەرکیزی سەرەکی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی تێپەڕبوون لەو هەست و سۆز و عاتیفەیە بۆ قۆناغی سازکردنی گوتار یا خەملاندنی گوتار و دواجار پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بێ.

**ڕەحمان سەلیمی**: ڕوانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمجارەیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگرتوو چۆن دەبێت؟

**ناسر باباخانی**: ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبی دێموکراتی ڕەنگە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەیە، ئەو بەنیسبەت هەر دووباڵی حیزبی دێموکرات دوژمنایەتی کردووە، بەنیسبەت لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان و بەردەوام وەک دوژمن سەیری کوردی کردووە و نەک تەنیا هەر حیزبی دێموکرات، بەڵکوو خەڵکی لەنێوخۆی کوردستانیشدا. چون ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە سوورسوور دەزانێ کە حیزبی دێموکرات خاوەنی پێگە و جێگەیەکی زۆر بەرچاوە لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات. نموونەی هەرەدوایی مووشەکبارانی قەڵای حیزبی دێموکرات بوو کە بوو بە هۆی شەهید بوونی چەندین کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە. بۆیە کۆماری ئیسلامی فەرقی پێ ناکا کە چ چەکی بە دژی هەڵبگری، چ لە ڕێگەی وتووێژەوە بکەویە دانوستان لەگەڵی، ئەوەی سەلماندووە کە لە هەموو دۆخێکدا لە هەموو کات و شوێنێکدا دوژمنی کوردە. بۆیە بە تایبەتی لە دوای ئەم یەکگرتنەوەیەش بۆی هەیە لە ڕێگای نەفووزی سیخوڕەکانییەوە، لە ڕێگای سایبێری، لە ڕێگای فیزیکی و لە ڕێگای هەڕەشەی چەکداری گوشارەکان زیاتر بخاتە سەر حیزبی دێموکرات و زیاتر لە جاران لەگەڵی بکەوێتە ململانییەوە. چونکە هەر ئێستا ئەو ژووری فکری هەیە و کاردانەوەکانی ئەو یەکگرتنەوەیە لە ئاستی دەرەوە و نێوخۆدا دەبینێ بۆیە بەباوەڕی من بەنیسبەت پێشوو بەردەوامتر دەبێ لە دژایەتی کردن لەهەمبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەتایبەت حیزبی دێموکرات.

**ڕەحمان سەلیمی**: یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکات؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە ئەم پرسیارە شایەتی غەزەلەکە بێ! ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە چ شتێکیان لە ئەستۆیە؟ بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوان بزانن کە ئەم حیزبە حیزبی سکرتێر و جێگر و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و پێشمەرگە و بەدەنە نییە، ئەم حیزبە حیزبی هەمووانە. حیزبی دێموکرات دەبی گەورەتر لە حیزبێک خۆ بنوێنێ، وەک ڕێبازێک خۆ بنوێنێ، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ڕاستە حیزبی دێموکرات پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام

ئەو توانایی‌یەی هەیە کە بتوانێ ببێتە چەترێک و هەمووان لە ژێر ئەم چەترەدا کۆکاتەوە، لە ڕاستێکی خۆبوێری سوننەتییەوە بگرە تا چەپێکی ڕادیکاڵ! بۆیە دەبێ سیاسەتی ئەم حیزبە بۆ ئەوەی کە بەر بە لێکترازانێکی تر بگرێ، دەبێ ئیزنی ئەوە بدرێ کە بیروڕای جیاواز تەنانەت دژواز لەم حیزبەدا بوونی هەبێ، خەڵک قسان بکا، دەنگ هەڵبڕێ، ڕەخنە بگرێ و بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە وتووێژ بکەن، حیزبێک کە بە سینگفراوانییەوە لەگەڵ ئەندامانی خۆی هەڵنەکا و تابشتی ڕەخنە نەهێنێ تووشی گرفتە لەم چەشنە دەبێ.

وەک باسم لێکرد دەبێ بەرنامەی سەرەکی ئەم حیزبە، سەرلەنوێ سازدانەوە و ساغکردنەوە و خەملاندنی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی بێ لە سەر بنەمای پتانسییەل و تواناییەکانی ئەم حیزبە و هەروەها پێداویستییەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات لە هەمو بوارێکەوە و دواجار دەبێ ئەم گوتارە شیفت بدرێ بۆ نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی ئەم سێکوچکەی خەباتە بتوانن هەموو کوچکەکان کاری خۆیان بکە. وەک ئەزموونی تاکەکەسیم پێموایە گرینگترین شت ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات دەبێ تەواوی تەرکیز و هێز و توانای خۆی وەگەڕ بخا بۆ دەرەوەی وڵات و لە دەرەوە ئەم خەباتە درێژە بدا، ڕێک ئەو کارەی کە شەهید دوکتور قاسملوو کردی واتە کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بۆ خەبات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکرات:**




**قادر وریا: پاراستنی یەکگرتوویی حیزب، دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە**

**سامان موکریانی: ئەرکەکانی پاش یەکگرتن، قورستر، گرینگتر و بەرفراوانترن**

**پرسیار ئەوەیە: پێویستی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو، و ئەم یەکگرتنەوەیە چ دۆخێکی نوێی دیکە بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنێ؟**

**یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ کاریگەرییەکی لەسەر یەکڕیزی و هاوخەباتی حیزبە و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دادەنێت؟ ئەمە دەکرێ چەند هەنگاو بۆ پێشەوە بێت؟ هەر لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ چ شوێنکارێکی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە دێموکرات و ناوەندگەراوە هەبێت؟ یەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ شوێنێک لەسەر پێگە و ستاتوی حیزب دادەنێ و چەندە مەیدان بۆ خەباتی سیاسی و دیپلۆماسیی حیزب لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئاوەڵتر دەکا؟**

**ڕوانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەمجارەیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگر و یەکگرتوو چۆن دەبێت؟ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە**

دروست دەکا؟ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکات"؟

ئەم مژارەمان وەک پرسیار بەرەوڕووی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی پێشوو و تێکۆشەری دێرینی حیزب و سامان موکریانی (ناوی خوازراو)، چالاکی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات کردوە.

## ئا: سروور

**قادر وریا: پاراستنی یەکگرتوویی حیزب، دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە**

**کوردستان**: یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکات؟

**قادر وریا**: یەکێک لە گرنگترین و هەستیارترین ئەرکەکانی ڕێبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و بە گشتی هەموو ئەو کەسانەی لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی یەکگرتوودا تێکۆشانیان هەیە، لە قۆناغی نوێدا ئەوەیە کە ئەم یەکێتی و یەکگرتووییە وەک گلێنەی چاو بپارێزن.

ئەزموونی ساڵان و قۆناغەکانی رابردوو پێمان دەڵێت ئەگەر حیزبێک چەند بەرەکی و ململانێی ناسالمی تێدا بێت، وزە و کات و توانای تاکەکانی بەرەو بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر دەچێت، ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکان لای ئەوان کەمڕەنگ دەبنەوە و پشتگوێ دەخرێن. بەڵام ئەگەر تەبایی و یەکگرتوویی و هاودڵی بە سەر حیزبدا زاڵ بێت، فکرەکان و تواناکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئەسڵییەکان تەرخان دەکرێن. لە ڕووی دەروونییشەوە، ڕێبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب هەست بە ئاسوودەیی ودڵنیایی و متمانە بەیەکتر دەکەن. ئەم بارە دەروونییە هەستی پشت پێکبەستن و بڕوابەخۆبوون لە تێکڕایاندا بە هێز و، بە تێکۆشان و خەبات دڵگەرمتریان دەکات. ڕیگریش دەبێت لە سەرکەوتنی زۆر لە پیلانەکانی نەیارانی ئەم حیزبە بە تایبەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرامبەر حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

هەموومان دەزانین و دەبینین کە حیزبی دیموکرات بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، چاوەڕوانی و هیوایەکی زۆری لە

دڵی هۆگرانی ئەم حیزبە و خەڵکی کوردستاندا بە گشتی پێک هێناوە. چاوەڕوانی و هیوایەک کە لێمان دەخوازێ لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشاندا، لە پێشوو دیارتر و چالاکتر بین و ڕۆڵێکی گەورەتر لە بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بگرینە ئەستۆ. ئەم چاوەڕوانی و هیواداریییەش لە جێی خۆیدایە، چونکە:

حیزبی دیموکرات، مێژوویەکی پڕ لە قوربانیدان و هەر لەو کاتەدا پڕ لە شانازیی هەیە. ئامانج و ستراتیژی و بەرنامەیەکی هەیە کە کە خەڵکی کوردستان بە هی خۆیانی دەزانن. ئەو ڕەمز و هێما و دەسکەوتانەی لە سەر دەست و لە داوێنی ئەم حیزبەوە هاتوونە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بوون بە ملکی گشتی و هەموان شانازیی پێوە دەکەن. کۆماری کوردستان، ئالای کوردستان، هێزی پێشمەرگە، سروودی نەتەوەیی،٨٠ ساڵ خەبات و کۆڵنەدان(بەو ٣ساڵەشەوە کە لە ژێر ناوی کۆمەڵەی ژێکافدا خەباتی کردووە)، گیانبەختکردنی هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی و لە سەرووی ئەوانەوە ناو و یادی ڕێبەرە شەهیدەکانی بە تایبەتی پێشەوا قازی محەمەد، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، ڕەگ و خۆشەویستیی حیزبی دیموکراتیان بە ناخی نەتەوەکەی و بە پانایی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا شۆڕ کردووەتەوە. حیزبی دیموکرات ناسراوی و ئیعتیبارێکی سیاسی و خەباتگێڕانەی گەورەی لە ئاستی ناوچە و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا هەیە. هێزێکی گەورەی مرۆیی هەیە کە سەدان کەسایەتی و خەباتکاری لێوەشاوە و لێهاتوو لە بواری جۆراوجۆر لە نێویاندان. ئەم خاڵ و تایبەتمەندییە ئەرێنیانە و ئەزموونێکی دووردرێژ و دەوڵەمەند کە لە مەیدانی خەباتی هەمە لایەنەدا کۆی کردووەتەوە، گەورەترین سەرمایە بۆ بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی ئەو حیزبەن. ئەگەر لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ناکۆکی و لەتبوون و لێکدابڕان بە خۆیەوە خەریکی کردبوو، ئێستا بە وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات و دەرسوەرگرتنی هەموو ئاستەکانی حیزب لە لێکدابران و وێکهەڵنەکردن، دەبێ چاوەڕوانی قۆناغێکی نوێی تێکۆشان و خەبات لە ژیانی ئەو حیزبەدا بین.

لە ڕوانگەی منەوە پاراستنی یەکگرتوویی حیزب، سەرچاوە و دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە. دەستەبەری پارێزرانی ئەم یەکگرتووییەش هەر وەک لە بەیاننامەی یەکگرتنەوە(بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)دا هاتووە، بریتییە لە: " ئەزموونوەرگرتن لە هەڵە و کەموکورییەکانی ڕابردوو، ڕێگەگرتن لە کۆمەڵێک دیاردەی نەرێنی و نەخوازراو، ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبووڵکردن و ڕاشکاوبێژیی ڕێبەری و ئەندامان لە نێوخۆی حیزبدا، گۆڕین و نوێکردنەوەی کولتوور و سیستەم و شێوازی حیزبایەتی و پێکەوە کارکردن، ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ شایستەسالاری، پێکهێنانی گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست یەکگرتوویی حیزب و پەسندکراوەکانی، پەروەردە و بارهێنانی ئەمرۆیی و ڕاهێنانی تاکەکان بە گیانی وێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری و جیاوازییەکان، خوڵقاندنی کەشوهەوایەک کە هەمووان حیزب بە هی خۆیان بزانن".

-----

### سامان موکریانی: ئەرکەکانی پاش یەکگرتن، قورستر، گرینگتر و بەرفراوانترن

**سامان موکریانی**: یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە سێ ئاستدا بۆ بەرەو پێشبردنی پرسی کورد پێویست بوو.

**یەکەم**، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئێستا کە هەموو جیهان سەرقاڵی کێشەی ناوکی و دەستێوەردانەکانی ناوچەیەیی ڕێژیمی ئێرانە، ئەو یەکگرتنەوەیە پێگەی

پرسی کورد وەک فاکتۆرێکی گرینگ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دێنێتە ئاراوە و بەهێزی دەکا. لە دیپلۆماسیدا دەبێ لە بیرمان بێ هەر جەریانێکی سیاسی بێتوو نەتوانێ خاوەن هێز بێ و کەریگەری لەسەر جەمسەربەندی بەرژەوەندییەکان هەبێ زۆر بە هێند وەرناگیرێ و ئاوڕی لێ نادەنەوە. حیزبی یەکگرتوو لە ئاستی کۆمەڵایەتی، لە ئاستی هێزەکانی نێوخۆیی ئێران و لەئاستی کاریگەری لە هاوکێشەکان و ئەگەرەکان خاوان هێزێکی زیاترە. لە نیزامی نێودەوڵەتی و مەیدانی دیپلۆماسیشدا زیاتر حیسابی بۆ دەکرێ.

**دووەم**، لە ئاستی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەالیەک کێشەکانی ئاڵۆزن و لێکگرێدراون و لە لایەکیتر کاریکتێرەکانی زۆر و جۆراجۆرن. لەو چوارچێوە ئاڵۆزەدا زلهێزەکان و هێزە ناوچەیەکان لە ڕوویی جەمسەربەندی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی خۆیان ئەگەر هێزە کوردییەکان لاواز و لێک بڵاو بن بەهاسانی وەپشت گوێیان دەخەن. بۆیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەی ستراتیژیی پرسی کورد بەهێزتر دەکات.

**سێهەم**، لە ئاستی نێوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتنەوە ڕێزەکانی کۆمەڵگە پتەوتر دەکا، ورەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بۆ داکۆکی و پشتیوانی لە پرسی کورد زیاتر دەکا و توانای ڕێژیم بۆ شکاندی ورەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵک و بردنەپێشی پرۆژەکانی نەرمی ڕێژیم دادەبەزێنێ.

بۆیە یەکگرتنەوە حیزبی دێموکرات وزەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئیستا و داهاتوی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات دەستەبەر دەکا. لەوانەش گرینگتر، بەهۆی ئەوە کە جەوهەری فکری و دوورەدیمەنی پرۆژەی سیاسی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو لەسەر بنج و بنەوانی پەرەی دێموکراسی و گەشەی دادپەروەری و دابەشکردنی هێزی سیاسی لە سەر بنەمای

دابینکردنی مافی سیاسی پێناسە کراوە، بۆیە یەکگرتنی حیزبی دێموکرات دەرفەتێکی زێڕینە بۆ هەموو ئەو هێزانەی بە شوێن ئێرانی دێموکراتیکدا دەگەڕێن.

بەڵام لەوبەرییش کۆماری ئیسلامی وەستاوە. کۆماری ئیسلامی ئێران یەکگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خەتەرەکی گەورە و کاریگەر بۆ سەرخۆیی لە سێ ئاستدا لێک دەداتەوە.

**یەکەم**، لە ئاستی نێوخۆی ئێران و کوردستان ئەو یەکگرتنەوە وەرەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵانی خەڵک لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرز دەکاتەوە.

**دووەم**، لە ئاستی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کوردی، یەکگرتنی حیزب دێموکرات بۆ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرتاسەری دەتوانێ "بەرەی بەرەنگاری" بەهێز بکا و گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی پتری لەدژی ڕێژیم لێ بکەوێتەوە.

**سێهەم**، لە دوو ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتییش ئەو یەکگرتنە بۆ کۆماری ئیسلامی بە پێشهاتێکی زیانبار شرۆڤە دەکرێ.

ئەم یەکگرتنە "هیوایی سیاسیی" کۆمەڵگە بە داهاتوی شۆڕش پتەوتر دەکا و توانای هێزە دەستکردەکانی ڕێژیم وەک ئیسلامی سیاسی - ئیخوانی لەڕوویی کۆمەڵایەتی کز و لاواز دەکات.

دواسەرنج پرسی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانە. ئەو ئەرکانە لە چەند ئاست و قۆناغدا خۆیان دەبیننەوە.

**یەکەم**، لە ئاستی ڕێبەریی، ڕێبەریی حیزبی پێوستە لە هەموو بارێک یەکگرتن و پرەنسیپەکانی یەکگرتن لە هەناوی هەموو ئۆرگانەکانی حیزب جێگر بکات. ڕێبەری حیزب، پێویستە یەکگرتن وەک بە شێک لە پرۆژەیی" شۆڕشی نوێ" بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیۆریزە بکات. لە ئاستی دیپلۆماسی کاری پێ بکات و متمانەی نێودەوڵەتی بۆ بزووتنەوەی دژی ئێرانی پێ زیاد بکا. لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی ئەو پرۆژە ستراتیژیکە وەک ژێرخانێک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم باس بکات. لەنێو هێزە کوردستانییەکاندا، دەبێ پرۆژەی یەکگرتنەوە بکاتە ژێرخانی بەرەیەکی پتەوەی کوردی کە لە هەموو بوارەکان وەڵامدەری پرسی کورد بێت.

**دووهەم**، ئەرکی کادرەکان و تێکۆشەرانی حیزبیش لە جاران زیاترە، کادیرانی حیزب کۆڵەکەکانی هێزی حێزب بە

ئەژمارديَن. پێویستە پرەنسیپەکانی یەکگرتنەوە لە هەموو ئۆرگان و جوومگەکانی حیزبدا پراکتیزە بکا.

**خاڵێکی دیکە ئەوەیە** کە پێویستە ئادمیسێن و ڕۆژنامەوان و مێدیاکارەکان پێویستی یەکگرتنەوە لە ڕوانگەی جۆراجۆر بخەوە بەرباس و بیکەنە ڕۆژەڤی فکری لە پێناو گەشەی خەباتی سیاسی، کۆمەڵاتی و دیپلۆماسی گەلی کورد. بۆیە ئەرکەکانی پاش یەکگرتن گرینگتر و بەرفراوانترن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## عومەر باڵەکی: کوردستان پێویستی بە"دێموکرات"ێکی بەهێز دەبێت، نیزامی ئێران لە کۆتاییەکانی تەمەنی نزیک دەبێتەوە!



**دیمانە: محەمەد چاوشین**

**"عومەر باڵەکی" ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕێگای کوردستان و سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند" یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی ئێراندا.**

**ڕێگای کوردستان**: هەردوو حزبی"دێموکرات" دوای ١٥ ساڵ لێکدابڕان یەکیان گرتەوە.چۆن بوو بیرتان لەوەکردەوە دوای ئەو هەمووساڵە ببنەوە یەک حزب؟

**عومەر باڵەکی**: کاتێک باسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مێژووی ئەو حیزبە دەکرێ بە حەق دەگوترێ کە درووست بوونی حیزبی دێموکرات پێویستییەکی مێژوویی بوو، ئەو یەکگرتنەوەش لەو قۆناغە هەستیارەی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی مێژوویی بوو. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە خۆشەویستی و جێگەوپێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی ١٥ساڵی ڕابردوودا قەت ئەو لەت بوون و لێک دابرانی ئەندامانی ئاشکرای حیزبی قەبووڵ نەکرد و هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەو لێک دابرانە بیروڕای گشتی خەلکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو ڕێگایەکی مومکین کەوتە خۆ بۆ ئەوەی پێش بە زیانەکانی دابڕان بگرێ و

لە هەمان کاتدا هەوڵی یەکبوونەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتیان دەدا. هەروەکی لە ڕاگەیێندراوەی ڕۆژی یەکگرتنەوەدا بە حەق و لە جێی خۆی داهاتووە"ئەگەرچی ڕۆڵەکانی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەسەر دوو حیزبی جیادا دابەش ببوون، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچ کات ددانی خێریان بەم لێک جیابوونەوەیەدا نەنا و بە ڕەسمییان نەناسی. هیچ کات لە ڕەخنەلێگرتن و سەرکۆنەی ڕۆڵە دێموکراتەکانی خۆیان سڵیان نەکردەوە. هیچ کاتیش لە گوشارهێنان بۆ سەر ڕێبەران و تێکۆشەرانی هەر دوو لای دێموکرات و وەبیرهێنانەوەی پێویستیی یەکگرتنەوە، ماندوو و ناهومێد نەبوون. ئەوان لەنێو زەبروزەنگ و هەڕەشەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە هەر بۆنە و دەرفەتێک بۆ دەربڕینی داوای یەکگرتن و پەیامی یەکگرتنەوەخوازیی خۆیان سوودیان وەرگرت و سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات، ئەمانەت و سەرمایەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەلای ڕێبەران و تیکۆشەرانی ئەو حیزبە و، قبووڵ ناکەن ئەم ئەمانەت و سەرمایە، لەمە زیاتر بە دووپارچەیی و لێکدابڕاوی بمێنێتەوە."

هۆکارێکی دیکە کە ئەو دوو حیزبە مەحکووم بە یەک بوونەوە بوون ئەوەیە کە هەر دوو لایەن خاوەنداریەتییان لە مێژووی پێش لێک دابران دەکرد، کە ئەوە خۆی لە دواڕۆژی کوردستانی ئازاد دا دەیتوانی سەرەتایەکی بە هێز بێ بۆ خوڵقاندنی کیشە و ململانێی نێوان ئەو دوو حیزبە، واتا بەجیا بیرکردنەوە لە پاراستنی دەسکەوتەکانی ئازادی، بەشێکی زۆری هێزوتوانای هەر دوو حیزب دەکەوتە خزمەتی ئەو بابەتە کە کام لا خاوەنی ئەو مێژوو پڕ لە سەروەرییەیە، بە خۆشییەوە لە حیزبی یەکگرتوو دا ئەو بابەتە چارەسەر بووە و ئێستا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەموومان بە یەکەوە خاوەنداریتی لە مێژووی پڕ لەشانازی حیزب دەکەن.

جگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، دەتوانین لێکدانەوەی درووست و بەجێی ڕێبەری هەر دوو لایەنی دێموکرات لە ڕەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران و ناوچەکە بە هۆکاریکی گرینگ دابنێین بۆ پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان. چونکە بە پێی وەزعییەتی نێوخۆی ئێران و هەڵویستی دنیای دەرەوە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی بازنەی گەمارۆکان لەسەر دەسەڵاتدارانی تاران ڕۆژ بە ڕۆژ بەرتەسکتر دەبێتەوە و نیزامی کۆماری ئیسلامی زیاتر و زیاتر بەرەو کۆتاییەکانی تەمەنی دەچێ، لە هەلومەرجی وادا ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە دێموکراتێکی بە هێز دەبێ کە ئەویش بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەستبەر بووە.

**ڕێگای کوردستان**: ئەو یەکگرتنەوەیە دەتوانێ چ ئاڵۆگۆڕێک بە سەر خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێنێت؟

**عومەر باڵەکی**: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە لە ماوەی ١٥سالی رابردوو دا وزە و هێزی خەباتکارانەی دێموکراتەکان بەسەر دوو حیزب دا دابەش ببوو، گومانی تێدا نییە ئەگەر حیزبی دێموکرات بە یەکگرتوویی مابایەوە و لە هەمووی ئەو مەیدانانەدا کە لەماوەی ئەو ١٥ساڵەدا کار و تێکۆشانیان تێدا بەرێوەچووە و هەل و دەرفەتێکی تێدا هاتبێتە پێشەوە، بە یەکپارچەیی بەشدار و ئامادە بووایە، دەرفەتەکانی باشتر دەقۆزتەوە، دەسکەوتی زۆر گەورەتری لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەدەست دەهێنا و بەردەنگەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە کوردستان، زیاتر بە دەنگ داخواز و پەیامەکانییەوە دەهاتن. لە لایەکی دیکەشەوە کورد بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ سەنگ و جێگە و پێگەی خۆی لە جوولانەوەی سەرانسەری گەلانی ئێران بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی وەدەست بخاتەوە و لە هەر ئالوگۆرێکی سیاسیی لە نێوخۆی ئێراندا ڕۆڵی تایبەت و دیاری هەبێ. بەواتایەکی دیکە، ئەو یەکگرتنەوە ڕۆڵی میحوەری وکاریگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە نێو خۆی ئێران و کوردستان زیاتر لە جاران بەدیار دەخات.

**ڕێگای کوردستان**: کەی کۆنگرە دەبەستن و بەچ میکانیزمێک ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێرن؟

**عومەر باڵەکی**: بە پێی رێککەوتننامەی نێوانمان هەر دوو حیزب ماوەی گرتنی کونگرە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزب بۆ ماوەی شەش مانگ هەتا ساڵێک بۆ بەستنی کونگرەی هاوبەش دیاری کراوە کە بۆ جێبەجێ کردنی میکانیزمەکانی دەستەی ئامادەکاری کونگرە دەست نیشان کراوە کە هەڵبژاردنی ئەندامانی کونگرە و پەسندکردنی بەرنامە و پەیرەوی نێوخۆی حیزب و چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە. بەڵام پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە هەتا بەستنی کونگرەی هاوبەش ، دەستەیەکی ١٢کەسی ( لەهەر حیزبە ٦کەس)لە ژێر ناوی"ناوەندی گشتی بەرێوەبەری" حیزب بەرێوە دەبەن کە بەرپرسیارێتی ئامادەکارییەکانی کۆنگرەشیان لەئەستۆیە..

**ڕێگای کوردستان**: هەردوولایەنی حزبەکە پێشبینی دەکەن کە ئەو یەکگرتنەوەیە درێژخایەن و هەتاهەتایی بێت؟ چونکە پێشتریش لێکدابڕان و یەکگرتنەوە ڕووی داوە و حزبی دێموکرات ئەزموونێکی تاڵی لەوبارەوە هەیە.

**عومەر باڵەکی**: ڕێبەری هەر دوو لایەنی دێموکرات لە ڕەوتی وتووێژەکان بۆ یەکگرتنەوە هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە ئەو یەکگرتنەوە درێژخایەن بیت هەر بۆیە پرۆسەی یەکگرتنەوە لە گەڵ ئەوەدا لەسەر ڕێبەری هەر دوولا گوشاری زۆری خەڵک و ئەندام و لایەنگرانیان لەسەر بوو، بەڵام لیژنەکانی دانوستانکار بە پشوودرێژی هەوڵیان داوە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی ژیانی سیاسیی و تەشکیلاتی و بەڕێوەبەری حیزبی یەکگرتوو ببینن بۆ ئەوەی لە دوارۆژی یەکگرتنەوەدا

تووشی گرفت و کیشەی تەشکیلاتی نەبن.

بە کورتی ئەزموونی تاڵی ڕابردوو بکەین بە چرای داهاتوومان. هەموو لایەکمان هیواخوازین ئەو یەکگرتنەوە بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستپێکی قۆناغێکی نوێی کار و تێکۆشانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

**ڕێگای کوردستان**: پرسیارێک لەدەرەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو حزبی دێموکرات... چ پێشبینییەک دەکەن بۆ گفتووگۆی ئەتۆمی ئێران و ڕۆژئاوا؟ ئایا ئەو وتووێژانە هیچی لێ شین دەبێتەوە؟

**عومەر باڵەکی**: لە پێشدا پێم باشە ئەوە وەبیر بێنمەوە کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر پێش کیشەی ئەتۆمی ئێران لە گەڵ دنیای ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا، لە ئارا دابووە و لەبەرامبەر شەڕ فرۆشییەکانی کۆماری ئیسلامی بە خەڵکی کوردستان ، بەربەرەکانی کردووە. بەو مانایە وتووێژەکانی ئەتۆمی ئێران و ڕۆژئاواییەکانی چ سەر بگرێ و یا سەر نەگرێ، خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان درێژەی دەبێت.

دوو لایەنی کیشەکە واتا ئێران لە لایەک و وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکا لە لایەکی دیکە هەر کام بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگەڕێن. کۆماری ئیسلامی ئێران وەدەست خستنی چەکی ئەتۆمی وەک ستراتیژی دیفاعی خۆی چاوی لێ دەکا. خوێندنەوەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئەگەر ببنە خاوەنی چەکی ئەتۆمی هیچ وڵاتێک ناتوانێ هێرشیان بۆ بکا و تەنانەت وەک وڵاتێکی ئەتۆمی دەتوانێ ڕۆڵی جۆرێک لە ژاندارمی ناوچەکە بگێڕێت. وڵاتانی ڕۆژئاواییش بە خوێندنەوەیەک کە لە سیستمی سیاسیی ئێران هەیانە ترسیان لە ئەتۆمی بوونی ئێران هەیە چونکە بە پێی ئایدیۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی ، شۆڕشی ئیسلامی هەناردەی وڵاتانی ئیسلامی بە گشتی و وڵاتانی ناوچە بە تایبەتی دەکات، ئەوەش ماناکەی ئەوەیە کە دەست لەکاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە وەردەدات و بە بوونی چەکی ئەتۆمی دەسەڵاتدارانی تاران متمانەی زیاتریان بە خۆیان دەبێ لە درێژەدانی ئەو سیاسەتە.

لە هەمان کاتدا ئەگەر ڕێگە بدەن ئێران ببێتە وڵاتێکی ئەتۆمی گریمانەی ئەوە هەیە کە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش بکەونە بیری وەدەست خستنی تکنۆلۆژیای درووست کردنی چەکی ئەتۆمی، ئەوکاتە ناوچەکە دەبێتە ناوچەیەکی ئەتۆمی و بەبوونی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ و ئەو هەموو کیشەوململانی ئایینی و نەتەوەیی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لەوەی کە


هەیە زیاتر تووشی شێواوی و ئالۆزی دەبێ کە ڕەنگە ئەوەیان لە درێژخایەن دا بە قازانجی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و تەنانەت خەلکی ناوچەکەش نەبێ.

**ڕێگای کوردستان**: ئایا لەسەر مێزی وڵاتانی بڕیاربەدەستی ڕۆژئاوا شتێک هەیە بەناوی ڕوخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران؟

**عومەر باڵەکی**: هەتا ئێرە ڕوخانی نیزامی کۆماری ئیسلامی نەبۆتە دەستووری کاری ئەو وڵاتانە، چونکە خوێندنەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەتائێستا ئەوە بووە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی "کۆنترۆڵ و جڵەوگیر" بکەن، چونکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە دوو ڕوانگەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی گرینگە، یەکەم سەرچاوی وزەیەکی (نەوتی خاو)ی زۆرە کە بە نرخێکی هەرزان دەستیان دەکەوێ، دووهەم ژێئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیە وا هەڵکەوتووە کە ئالقەی پێوەندی لە بواری سیاسیی و ئابووری نیوان دوو کشوری ئاسیا و ئەورووپا پێک دێنێ و لە حالی ئیستا دا خودی ناوچەکە بە دەست ئالۆزییەکی زۆرەوە دەناڵێنێت. لە ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی وا لێکدەدرێتەوە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بروخێ کیشەو ململانێکان لە ناوچەکە زیاتر دەبن و ناوچەکە بەرەو ئالۆزی زیاتر دەچێ. هەموو لایەک باش دەزانین ئەو ناوچەیە واتا ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کە ئێرانیش دەگرێتەوە بە درێژایی مێژوو چەقی ململانێی نەتەوە و دین و ئایینە جیاوازەکان بووە کە لەو ناوچەیە سەریان هەڵداوە و لە مێژووی هاوچەرخماندا ئەو ناکۆکی و ململانێیانە بەقازانجی دنیای ڕۆژئاوا تەواو بووە، بوونی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ تەشەنەسەندنی ئەو ململانێیەی نێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکە و راکێشانی زیاتری دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی کەنارەکانی کەنداوی فارس بۆ لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکای لێ کەوتۆتەوە. بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا مانەوەی کۆماری ئیسلامی زیاتر بە قازانجی دنیای ڕۆژئاوایە هەتا ڕووخانی!. بە تایبەتی ئەگەر بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. ئەوە بەو مانایەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئێستا ڕوخانی نیزامی کۆماری ئیسلامییان لە دەستوری کاردا نییە، بەڵام ڕەوتی ڕوداوەکان لە نێوخۆی ئێران پەیامی دیکەیان هەیە کە ئەویش نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە تەقینەوە و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەموو لایەک شاهیدی سەر هەڵدانی ئەو نارەزایەتیانەی خەڵکی ئێران لە دژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووین، کە ئەو نارەزایەتیانە ڕۆژبە رۆژ لە پەرەستاندن دان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکدا لە پاشەکشە دان، ئەگەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی ئێران هەر بەو ئاقارەدا بچێتە پێشەوە، دەرنگ یا زوو شاهیدی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبین.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان – ڕێکەوتی: ١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢**

**وتوویــژەدا لەگەڵ بەڕێــز کاک «تەیمور مســتەفایی» ئەندامــی ڕێبەریــی حیزبــی دێموکــرات ئــەم پرســە گرینگەمان خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.**



**وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی**

**پرسیار: یەکگرتنــەوەی ڕیزەکانــی حیزبــی دێموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**وەڵام: پرۆسـەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکـان لەدوای کـۆنگرەی ١٥وە دەسـتی پێکـرد و تـا پێـش کۆنگـرەی ١٦ی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەنگاوی زۆر باشـی بـڕی، لـە ڕۆژەکانـی نیزیک کۆنگرەی ١٦ دانووسـتانەکان ڕاوەسـتان، نامهــەوێ لێکدانەوەی خۆم لە سـەر ئەم ڕاوەسـتانە دەربـبڕم کە بە بـڕوای من دەتوانی هۆکاری جیاوازی هەبێ. لە ڕەوتی کارەکانی کۆنگرەی ١٦دا یەکگرتنـەوە باسێکی گەرمـی لەسـەر کـرا و کۆنگـرە ڕێبەرایەتـی نوێـی ڕاسـپارد کـە درێــژە بــە ڕەوتــی دانیشتنەکان بە مەبەستی یەکگرتنەوە بدرێت.**

**پــاش کۆنگــرە جارێکــی دیکــە وەفدەکانــی وتووێــژ دانووســتانەکانیان دەســت پــێ کــردەوە و ئەگەرچی چەنــد جارێــک هەرجــارەو بــە هۆیەکــەوە دابڕانــی تێکــەوت، بەڵام بەخۆشــییەوە لــەو جێگایــەدا کــە هــەر دوو لایەنمــان خوازیــاری ســەرکەوتنی پرۆســەکە بووین بەربەســتەکانمان تێپەڕانــدن و بەخۆشــییەوە پرۆسـەکە بـە ئاکامـی دڵخوازی هەر دوولامان گەیشت.**

لەگــەڵ ڕێژمــان بــۆ دڵســۆزی حیــزب و لایەنە کوردســتانییەکان، کەسایەتییە ناســراوەکان، بەشــێکی زۆر لە کــادر و پێشــمەرگە و ئەندامانــی حیــزب و بــە تێکــڕای دڵســۆزانی نەتەوەکەمــان کە بــۆ بەئاکامگەیاندنــی ئــەم پرۆســەیە بــەردەوام گوشــاریان لەســەر ڕێبــەری هــەر دوو لامــان بــووە بــۆ یەکگرتنــەوە هانیــان داویــن، جێــگای شــانازی و لێفێربوونــە ئــەم یەکگرتنەوەیــە بەبــێ ناوبژیوانــی هیــچ کــەس و لایەنێــک بەڕێوەچــووە و ئەوەی ئەو پرۆســەیە بە ئاکامی دڵخواز گەیاند هەست کردن بە بەرژەوەندی نەتەوەیی و تەنیا هەست بە بەرپرسایەتیکردنی ڕێبەری هەر دوو لای حیزبــی دێموکــرات بــوو. دەتوانــم بڵێم یەکگرتنەوە ڕووداوێکی گرینگی مێژووییە کــە بەهۆی خۆمانەوە خوڵقا و بێگومان لە داهاتووی خەباتەکەماندا کاریگەری ئەرێنی دادەنێت.

کــاری بــەردەوام و ســەبر و حەوســەلەی وەفدەکانی دانووستانکار، سەرەڕای ئەو هەمــوو هێرشــەی کە دەکرایە ســەریان جێــگای ڕێــز و پێــزانینە کە ســەرەڕای گوشاری زۆر لەسەریان توانیــان ئەرکــی مێژوویــی خۆیــان بە باشــترین شــێوە بە ئەنجام بگەیەنن، پڕ بەدڵ دەستخۆشــی و ماندوونەبوونیان لێدەکەم.

**پرسیار**: زەروورەتی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو؟

**وەڵام**: ئەگەرچــی پــاش لێکدابــڕان هــەر دوولامــان لە ئەرکە خەباتگێڕانەکانمــان کــە خەبــات لــە دژی نیزامــی تاریکپەرەســت و ســەرەڕۆی کۆمــاری ئیســامی و لــە پێناو مافــە ڕەواکانی گەلەکەمانە غافڵ نەبووین، بەڵام بەو حاڵــەش هێــزی ئێمە دابەشــی دوو بەش بــوو و تەنانــەت جارجاریش ئــەو وزەیە کە دەبــێ لەدژی دوژمن بەکــار ببردرێ لــە دژی یەکتــر بەکارمــان دەبــرد. ئەمە لە کاتێکــدا بــوو کە ڕێژیمــی قەیرانــاوی کۆمــاری ئیســلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتــر بەرەو لاوازتربــوونی هەرچــی زیــاتر دەڕۆیشــت و پێویســت بــوو هەردوولامــان هەمــوو هێــز و وزەی خۆمــان لــە دژی دوژمنــی مافزەوتکــەری نەتەوەکەمان بــەکار بردبا کە یەکگرتنەوەمان هێز و وزەیەکــی نوێ بــە خەباتی ڕۆژهەڵات دەبەخشێ.

لە پەیونــدی بە هاوپەیمانییەکانیشماندا لەگەڵ ئۆپوزیسیونی ئێران بەمەبەستی ڕووخانــی ڕێژیــم و هێنانــە ســەرکاری ڕێژیمێکــی دێموکراتــی ڕێکخــراوە فارسییەکان لەو دوو بوونەمــان کەڵکیــان وەردەگرت و مانۆڕیــان لەنێوانماندا دەدا، بەڵام یەکگرتنەوەمان هاوســەنگییەکە دەگــۆڕێ و بێگومــان لــە بەرژەوەنــدی چەســپاندنی مافەکانمانــدا دەبــێ لــەم هاوبەنــدی و هاوپەیمانییانەدا.

شــوێندانەری دەبــێ لەســەر پەیوەندییەکانمــان لەگــەڵ ڕێکخــراو و دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەت دەوڵەتانی کاریگــەر لــە

بڕیارسازی جیهانیدا و حیسابی زیاترمان لە سەر دەکەن. بەتایبەت لەم هەلومەرجەدا کە ئێران لە ئینزوا و تەحریمێکی نێونەتەوەییدایە و وتووێژەکانی بەرجامیش ڕۆژ بەرەو بونبەست دەڕوات و ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتانی بڕیارساز سیاسەتیان لە تەعامول لەگەڵ ئێران بەرەو سیاسەتی گۆڕان و ڕووخاندنی ڕێژیم بڕوات.

بێجگە لەوانەش ئێمە دوو لایەنی دیموکرات لە بیروبۆچووندا جیاوازییەکی ئەوتۆی فیکریمان نەبوو، سونبولەکانمان، شەهیدەکانمان، مێژوومان یەک بوو، هیچ پاساوێک بۆ ئێمە نەبوو کە بە ناوی دوو حیزبەوە کار بکەین. لە داهاتووی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا دوو حیزب بەیەک ناو کێشەساز بوو.

بێجگە لەوەش خەلکی ڕۆژهەلات کە سەرچاوەی هێز و وزە و ڕەواییە بۆمان هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەم لێکدابڕانەدا ئێمەیان بە دوو حیزب قەبووڵ نەبوو و بەردەوام داوای یەکگرتنەوەیان لێ دەکردین.

**پرسیار**: کاریگەری ئەو یەکگرتنەوەیە لەسەر خەلکی کوردستان چۆن دەبێ کاتێک کە ئەوان ماوەی سالانێکی زۆر داواکاری سەرەکیی بە ئەنجامگەیاندنی ئەو پرسە بوون؟

**وەلام**: ئێستا کە من ئەم پرسیارانە وەلام دەدەمەوە، ئەگەرچی بەخۆشییەوە پرۆسەی یەکگرتنەوە بە ئەنجام گەیشتووە و ڕێبەرایەتی دوو لایەن چەند کۆبوونەوەی هاوبەشمان پێک هێناوە و قۆناخەکانی تێکەلبوونەوەش دەستی پێ کردووە، بەلام هێشتا بەفەرمی یەکگرتنەوەکە ڕانەگەیەندراوە. خەلکی کوردستانی ڕۆژهەلات بە گێڕانی شیرینی و گرتنی کۆڕی ڕەشبەلەک و ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بۆ ڕێبەری هەردوولا، دانانی دەیان شێعر و سرود، نووسینی دروشم لەسەر دەرودیواری شارەکان و هەلکردنی ئالای حیزب و ئالای کوردستان خوشحالی خۆیان لەو یەکگرتنەوەیە ڕاگەیاندووە.

ئەم یەکگرتنەوەیە خەلک بەگشتی بەسەرکەوتنی خەباتەکەیان هیوادارتر و ئەنگیزەیان بۆ بەشداری لەو خەباتەدا بەهێزتر دەکات و هاتنیان بۆ ڕیزی خەبات گەرموگوڕتر و زیاتر دەکات ترسیان لە ڕێژیم زیاتر لە پێشوو دەشکێنێ.

**پرسیار**: ترسی ڕێژیمی ئێران لە یەکڕیزی حیزبی دیموکرات چییە و تا ئێستا چ کاردانەوەیەکی نیشان داوە؟

**وەڵام**: بێگومان ڕێژیم لەهەموو یەکگرتنێکی دژبەرانی دەترسی جا ئەگەر ئەو دژبەرە حیزبی دێموکرات بێ کە مێژوویەکی پرشنگداری لە خەبات لە دژی سەرەڕۆیی ئەم ڕێژیمەدا هەیە کە ئەوە ترسەکە دوو چەندان دەکات.

ڕێژیم لە تەواوی ماوەی دانووستانی وەفدەکاندا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەیهەویست هەر بۆچوونێکی جیاوازی دوو لایەن زەق بکاتەوە و درز بخاتە نێو ڕەوتی دانووستانەکانەوە. دەزگای سایبەری ڕێژیم لەم ساڵانەدا زۆر چالاکانە کەوتە کار و بە سازکردنی پەیجی جۆراوجۆر بەناوی جۆراوجۆر و جارجارەش پەیجەکانیان بەناوی کەسایەتییەکانی کوردستانەوە بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە زۆر چالاک بوو، بێگومان ڕێژیم لە ئێستا و لەداهاتووشدا دەست لە پیلانگێڕی دژی بزوتنەوەی کورد و لە سەرەوەی هەموویان حیزبی دێموکرات هەڵناگرێت کە ئەمە نیشانەی ترسی ئەو ڕێژیمە لە حیزب و لەو هێز و جەماوەرەیە کە لە پشتی حیزبی دێموکراتدایە.

**پرسیار**: یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر یەکڕیزی و تەبایی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟

**وەڵام**: ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانێ ئۆلگوویەک بێت بۆ هێزەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی، ئێمە بەم یەکگرتنەوەیە و خستنە سەر یەکی وزەکانمان بەشێوەیەکی شارستانییانە و بەبێ ناوبژیوان بە سەبر و لەسەرەخۆیی توانیمان یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان بکەینە ئەمری واقیع و بەم چەشنە گوڕوتینێکی نوێ بە خەبات بدەین و هەردوو لاشمان لەم پرۆسەیەدا براوە بووین.

ئەو هێزانەش کە زەمینەی یەکگرتنەوەیان هەیە پێویستە لە پێشەوە کار لە سەر خاڵە هاوبەشەکانیان بکەن و پاشان بەربەستەکانی سەر ڕێگاشیان بە گیانی هاوڕێیانە و برایانە چارەسەر بکەن. بۆ ئەوەی بەرێککەوتن بگەن پێویستە هەرکامەیان لە ئاستی هەندێک لە داخوازییەکانیاندا نەرمی بنوێنن. تاوێک درەنگکردن بۆ یەکگرتنەوە زیانهێنەر و قەرەبوونەکراوە بۆیە پێویستە پەلەی لێبکەن و بازێک بەسەر بەربەستەکاندا بدەن.

**پرسیار**: بەدەنەی حیزب و بەتایبەت ئەندامانی دێرینی حیزب لە پەیوەندی بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە؟

**وەڵام**: حیزب کە لە کۆمەڵێ ئەندام و لایەنگر پێک هاتووە و هەرکامەمان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و خاوەنی

فەرهەنگێکی جیاوازیـن، ئـەوەی لـە دەوری یـەک کـۆی کردووینەتـەوە بەرژەوەنـدی نەتەوەکەمانە، بەوچەشنە کە لـە کۆمەڵگایەکـی فرەچەشـن هـاتووین هەر بـەو پێیەش لێکدانـەوەی جیاوازمـان لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکاندا دەبێ، بۆیە پێویسـتە لۆژیـک و قەناعـەت پێهێنـان بکەینـە بـەردی بناغـەی تەعامولمـان لەگـەڵ یەکتـر و لـە دەمارگـرژی و بوغزاندنی یەکتر دوور بکەوینەوە.

ڕۆحـی لێبوردەییمـان بەرفراوانتر بکەین، کەموکوڕییەکانـی ڕابردوومان تەنیا بۆ دەرس لێوەرگرتـن بـۆ داهاتـوو لەبیـری خۆماندا بهێڵینەوە، بۆ ئەوەی ئەو کارانە لـە ڕابردوودا کردوومانە و لێکترازانمانی لێکەوتووەتـەوە دووپاتـی نەکەینـەوە و ئـەوەش هانی داوین و بـەرەو یەکگرتنی بردوویـن کـە قەبووڵکردنـی یەکترە بەو جـۆرەی کـە هەیـن بەهێزتـر بکەیـن. ئەرکی هەمووماـنە ڕۆحـی هـاوڕێیەتی لـە نێـو حیزبەکەمانـدا بەهێـز بکەیـن، خۆشەویستی و لێبوردەیی بکەینە بەردی بناغەی پەیوەندییەکانمان. ئەرکی کادر و پێشـمەرگە دێرینـەکان و بەتەعبیـری ئێوە بەتەمەنەکانە کە بـۆ ئەو یەکڕەنگی و هاوڕێیەتییـە ڕێنوین و ڕێپیشـاندەر بن.

**پرسیار**: دوای یەکگرتنـەوە ئەرکـی حیـزب سەبارەت بە گەشەی زیاتری خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

**وەڵام**: دەزانـــن دەســـەڵاتدارانی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران لـــە مـــاوەی ٤٣ ســـاڵ دەســـەڵاتدارەتییاندا بەهـــۆی سیاسەتەکانییانەوە وڵاتـی ئێرانیـان لەگەڵ قەیرانـی جۆراوجـۆر ڕووبەڕوو کـردووەتەوە، لەو قەیرانـانەدا قەیرانـی بێکـاری، قەیرانـی ئـاو، قەیرانـی ژینگـە، قەیرانـی بـانکی و لەگـەڵ ئەمانەشـدا بەهـۆی هەوڵـدان بـۆ پیتاندنـی ئۆرانیـوم بەمەبەسـتی دروسـتکردنی چەکـی ناوکـی، ئێـران لەگەڵ ئینزوایەکـی نێونەتەوەیی بەرەوڕوو بووەتـەوە و کەوتووەتە بەر گەمارۆیەکی تاقەتپڕوکێن، ئەمـەش شوێندانەری لە بـەرەو هەژاربیردنـی کۆمەڵـگای ئێـران دانـاوە. لەلایەکـی دیکـەوە ئازادییـە دیموکراتییـەکان لەگـەڵ سیسـتمی کۆماری ئیسلامی نـامۆیە و ڕێژیم هەر دەنگێکـی ئازادیخوازانـە و مافخوازانـە سـەرکوت دەکات. کـۆی ئـەم قەیـران و مـاف پێـــشێلکردنە خەڵکی ئێرانی بەزاڵـە هێنـاوە بۆیە لەماوەی چەندسـاڵی ڕابردوودا خەڵک بەبێ ترس لە سەرکوت ڕژانـە سـەر شـەقامەکان و دروشـمی «مەرگ بـۆ دیکتـاتور» و «خـامنەیی قاتلـە ولایتـش باتلـە» یـان سـەردا و ئەمەش هەلومەرجێکە کە ئۆپوزیسیونی ئێـران دەبـێ خـۆی بـۆ ئـامادە و کاری تێدا بکات.

یەکگرتنـەوەی حیزبەکەمـان لـەم هەلومەرجـەدا کـە هـەر کات ئەگـەری ئاڵوگـۆڕی لـێ دەکـرێ، ئەو ئەرکەمـان دەخاتـە سەرشـان کـە لـە هـەرکام لـە شـێوەکانی خەبـاتی مەدەنـی، خەبـاتی پێشـمەرگانە، خەبـاتی سیاسـی و دیپلۆماسـی، خەبـاتی تەشکیلاتی و ڕاگەیانـدن و پەروەردەیـی و.....هتـد کەڵک وەربگرین و بەرنامەی چڕوپڕمان بۆی هەبێ.

دیـاره ئەولەویەتـدان بــە هەڵبژاردنــی هــەرکام لــە شـێوەکانی خەبــات دەبــێ گونجــاو بــێ لەگــەڵ زەرفییەتەکانــی حیزبەکەمان. بۆ بەڕێوەبردنی هەرکام لە شێوەکانی خەبات کـە بێگومان لەگەڵ ئەولەویەتـدان بـە شـێوەیەک لــە خەبـات دەبـێ لـە هەمـوو شـێوەکانی دیکـەی خەبات کەڵک وەربگرین.

دەبـێ پـەروەردە و ڕاهێنـانی حیـزب بـۆ کەڵکوەرگرتـن لـە ئامرازەکانی سـەردەم بەرنـامەی هەبێت و لەو بـارانەوە چالاک بێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٢٩ – ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## چەند پرسیار و وەڵامێک لە سەر پرسی یەکگرتنەوە لە بەڕێز و تێکۆشەر هاورێ کاک برایم لاجانی



**یەکگرتنەوە: لاپەڕەی زێڕینی کارنامەی کاری حیزبی و تەشکیلاتیمانە لەو دەساڵەی دووایی دا!**

**لوقمان باختە**

**لوقمان باختە**: چۆن یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات هەڵدەسەنگێنی؟

**برایم لاجانی**: یەکگرتنەوەی حیزب و ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب، بەسەرکەوتنێکی گەورەی کاری تەشکیلاتی و حیزبیمان دادەنرێ .یەکگرتنەوە نیشانی دا کە حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەی لەسەریەتی، سەرەڕای ئەو هەموو زەبرە قورسانەی وێی کەوتوون، سەرەڕای ئەو هەموو کەندوکۆسپانەی لەسەر ڕێگای کار و تێکۆشانی دان، هێشتاش توانا و زەرفیەتی ئەوەی تێدایە بە ڕیگای ڕاستی خۆیدا بڕواتەپێش، توانای ئەوەی تێدایە بەسەر گیروگرفتەکانی نێوخۆی دا زاڵ بێ و ڕۆژ بەڕۆژ لەباری سیاسی و فکریەوە دەوڵەمەنتر بێ و بە پوختەیی زۆرتر بگات. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕات لە بنەڕەتدا حیزبێکی گەلی و جەماوەریەو هێز و تواناکنی خۆی لە میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان وەردەگرێ.

**لوقمان باختە**: دەکرێ ئەو مەسەلەیە پتر ڕوون کەیەوە؟

**برایم لاجانی**: یەکگرتنەوە وەڵام دانەوەیە بە بانگەوازی زەمان. وەڵام دانەوەیە بەو پاڵەپەستۆ و فشارەی لەلایەن بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و بەدەنەو جەماوەری حیزب لە پێوەندیی دەگەڵ پڕشوبڵاوی ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەدا خرابووە سەر ڕێبەرایەتیی حیزب و جوڵانەوەی میللەتەکەمان.

ئاخر ئێمە لە هەلومەرجێکدا دەژین کە دونیای دیجیتاڵ و ڕاگەیەنە گشتی و کۆمەڵایەتیەکان هەموو جیهان و کوردستان و خەڵکیان لێک گرێ داوە. ئەوەش هێزوتوانایەکی لە ڕادەبەدەری بەخەڵک و میللەت و بەدەنەی حیزب و ئەندامانی حیزب بەخشیوە. ئیدی سەردەمی ئەوە بەسەرچووە لە تاریکخانەی شانەی حیزبی و هەستەی حیزبی و تەشکیلاتدا مەسەلە حیزبی و سیاسیەکان تاوتوێ بکەی و بڕیاریان لەسەر بدەی. حیزب و ڕێبەرایەتیەکەی ناتوانن گرنگی و بایەخ بە بیروبۆچوونی بەدەنەی حیزب نەدەن و لەبەرانبەر بیروڕای گشتیدا بێ تەفاوت بن. سیاسەت و حیزب و ڕەوتێک کە هەست بە فشاری بیروڕای گشتی لەسەر خۆی نەکا، دەبێتە ڕەوتێکی بێ ڕەبت و جیا لە کۆمەڵانی خەڵک. ئەودەمیش دەبێتە فیرقەیەکی مەزهەبی یا ڕەوتێکی سکتاریستی دوورە پەرێز.

**لوقمان باختە**: مەبەستتان ئەوەیە کە حیزبی ئێمەش وەک بەشێک لە خەڵکی کوردستان لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان و ئاڵووگۆڕەکاندایە؟

**برایم لاجانی**: بەڵێ ڕاست مەبەستم ئەوەیە. نەوەی نوێی کوردستان و حیزبی ئێمەش، وەک هەموو خەڵکی دونیا، لەبەر ڕووناکایی دەسکەوتە زانستی و پێشکەتنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکاندا، لێکدانەوەی تازە بۆ وەزعی خۆیان و خەباتی میللەتی خۆیان دەکەن ، لە بەر ڕووناکایی ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و زانستیەکاندا لێکدانەوە بۆ مەسەلەو بابەتە جۆراوجۆرەکان دەکەن، ڕادەمێنن و چاو بە شتەکاندا دەخشێننەوە و سەرلەنوێ خۆیان و دەورووبەریان هەڵدەسەنگێنن.

جەوهەری مۆدێرنیتە هەر ئەوەیە. یانی توانای ئەوەت هەبێ لە خۆت و لە موقەدەساتی خۆت وەدوورکەوی و لە دورەوەڕا تەماشای خۆت و پیرۆزیەکانت بکەی. یانی ئازایەتی ئەوەت تێدا پەیدا بێت پرسیار بکەی، ڕەخنە بگری و بتەکانی خۆت بشکێنی.

لە ژیانی شەخسی و میللی و حیزبیمان دا جاری وایە دەگەینە جێگایەک کە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی کردوومانە، ئەوەی بڕوامان پێی بووە، ئەوەی بە دروستمان زانیوە، هەڵەبووە، ناراست بووە، یا درووست نەبووە. ئەوە پێی دەگوترێ نوختە

گۆڕان. لە کۆنتێکستی حیزب و خەباتی ئێمەدا، ئەو یەکگرتنەوەیە لە ژیانی حیزبی و تەشکیلاتی و سیاسی ئێمەدا بەو نوختە گۆڕانە دادەنرێ. ئەوە نیشانەی ئەوەیە فەزای سیاسی و حیزبایەتی و کاری ڕووناکبیریی لە کوردستانی ئێران دا بەرەوە سالمسازی دەڕوات. خەریکە فێردەبین عەقڵ و مەنتق دێنینە نێوکاری سیاسی و حیزبایەتی. بە واتایەکی دیکە فێردەبین خێری گشتی کە ئامانجی کاری سیاسیە دەخەینە پێش تێبینیە شەخسی و حیزبییەکان. یانی حەقیقەت و خێری گشتی بخەینە پێش و سەرووی تێبینیەکانی دیکە. ئەوە ئەو قۆناخەیە کە فێر دەبین سیاسەت و حیزبایەتی لە ئیحساسات و هەست و سۆز و ڕق و کینە پاک کەینەوە.

**لوقمان باختە**: باست لە نوختە گۆڕان کرد، ئەوە چەند ساڵە ئەو مەسەلەیە لە گۆڕێ دایە. بۆ ڕاست لەو هەلومەرجەدا ئەو گۆرانکاریە ڕوودەدا؟

**برایم لاجانی**: دیکارت کە بانگی لەخەوڕابوونی ئورروپای دا دەڵێ بیردەکەمەوە بۆیە هەم. ئەو ڕەوتە ئاکامی بیرکردنەوەیەکی دووردرێژە. ئاکامی بیرکردنەوەی رێبەری و بەدەنەی حیزبە. ئاکامی خۆهەڵسەنگاندنەوەی ڕێبەری و حیزبە بەگشتی. بۆ یە ئەو یەکگرتنەوەیە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی و تەشکیلاتیمانە و هەمووومان شانازی ئەوەمان هەیە تێیدا بەشدار بووینە. هەمووومان بەشمان پێی وەیەتی. بە تایبەت لەبەر ئەوەی لە نێو تەشکیلاتی خۆمان و لەنێو مقەڕەکانی خۆمان و لەنێو کۆڕوکۆبوونەوەکانی خۆماندا ئەو کارەمان دەست پێکرد و بە سەرەنجاممان گەیاند. بۆ یە دەبێ هەزار ئافەرین بەخۆمان و بە رێبەرییمان بڵێین.

ئاخر وەک باسم کرد لە کاری حیزبی و سیاسیدا دەبێ هەمیشە چاومان لە وێنە گشتیەکەبێت. نابێ چاو لە وێنە گشتیەکە وەرگێڕین .ڕاستە دەبێ بایەخ بە وردەکاریەکانیش بدەین، بەڵام دەبێ فێربین شتە بچکۆلەکان و وردەکاریەکانیش هەر لە چوارچێوەی وێنە گەورەکەدا ببینین و هەڵسەنگێنین. ئەو کارە حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمان بەهێز دەکات، هەر بۆیە کارێکی درووستە. بەڵام دەبێ لە دەستەوتێکی تەشکیلاتیەوە بیکەینە سەرکەوتنیکی سیاسیش.

دەکرێ و ڕەوایە ڕەخنە لە حیزب و رێبەریی خۆمان بگرین، بەڵام قەت نابێت وێنە گەورەکە ونکەین. واتە دەبێ هەمیشە ئامانجە بنەڕەتیەکانی میللەتەکەمانمان لەبەر چاوبێ و بەدوای وەدیهێنانی ئەوانەوە بین. ئەگەر خۆمان بەرانبەر خۆمان نەوەستین و ئینێرژیەکانمان بە فیرۆ نەدەین، زوو دەتوانین لە ڕەوتی خەباتدا کەمووکوڕیەکانمان چارەسەر بکەین. ئەوەندە بەسە تەماشای میللەتەکەمان بکەین و بزانین ئەوان لە چ هەلومەجێکدا خەبات دەبەنە پێش. ئەگەر ئیلهام لەوان واتە لە میللەتەکەمان وەرگرین، بەسەر کەمووکوڕیەکانی خۆشماندا زاڵ بین.

پێم وایە پرسیت بۆ ڕاست لەو هەلومەرجەدا ئەو ئاڵوگۆڕە روودەدا؟

نوختە گۆڕان قەت لە پڕ ڕوونادات. نوختە گۆڕان ئاکامی گەلێک ئاڵوگۆڕی بچووک و گەورەیە کە بەرەبەرە لەسەر یەک یەک کەڵەکە دەبن و لە نوختەیەکدا دەبنە ئاڵووگۆڕ. ویرۆس ئاوایە بەرە بەرە زاوزی دەکات و لە کەسێکەوە بۆ کەسانی دیکە دەڕواو پاشان بڵاو دەبێتەوە و لەپڕ دەبێتە ئەپێ دیمی و دەست دەکات بە تەنینەوە.

ئەوەش هەروایە لەو چەندساڵەی دواییدا ئاڵوگۆڕێکی گەورەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەو لە کوردسیاندا روویانداوە. ئەو ئاڵووگۆڕانە کاریگەری خۆشیان لەسەر حیزب و تەشکیلاتەکەی هەبووە. شوێنەواریان لەسەر سیاسەتی کوردی و حیزبی کوردیش هەبووە. هەموو تێگەیوین کە سیاسەت و حیزبایەتیش لە کوردستان پێویستی بە خوێندنەوەی تازە و میتۆدی تازە و بیرکردنەوەی تازە هەیە.

**لوقمان باختە**: سەبارەت بە میکانیزمەکانی یەکگرتنەوە قسەت چیە؟

**برایم لاجانی**: بزووتنەوەی کورد بەگشتی و حیزبی ئێمە کە ماتۆری ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکی گەلی و میللی و دێموکڕاتیکە، بزووتنەوەیەکی جەماوەریە. بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری چەند دەنگی و پلۆڕال و فرە ڕەنگە. ئاخر هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان لەو بزووتنەوەیەدا بەشدارن و بزووتنەوەی هەمووشیانە. حیزبی دێموکرات شتێک نیە جیا مەخرەجی هەرەگەورەی هاوبەشی ئەو هێزو توانایانەی لە نێو بزووتنەوەکەدان. حیزبی دێموکراتی هەمیشە وەک چەترێکی هاوبەش بووە، هەموو مێژووی حیزبی دێموکرات حکایەت لەو راستیەدەکات. هەموو ئەو دەنگانە، هەموو ئەو بیروبۆچوونانە، هەموو ئەو فەرهەنگ و وردەفەرهەنگانەی لە نێو کورد و بزووتنەوەدا هەن لە حیزبی دێموکراتیشدا جێگایان دەبێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "فۆڕمۆڵ"ی ئەو ڕاستیە تەشکیلاتیە یە. لە حیزبی ئێمەدا دەبێ هەمیشە ڕێگای جیابیری و موخالەفەت و ڕەخنەو پرسیار هەبێت .لە حیزبی دێموکراتدا هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خزمەت بکەن و لەو رێگایەدا مایە لەخۆیان و سەر و ماڵ و گیرفانیان دادەنێن جێگایان دەبێتەوە.

**لوقمان باختە**: ڕۆڵی ڕێبەریی لەو یەکگرتنەوەدا چۆن هەلدەسەنگێنن؟

**برایم لاجانی**: وەک باسمان کرد حیزبی دێموکڕات حیزبێکی جەماوەریە. حیزبێکیش کە ناسنامەیەکی جەماوەری هەیە، هەمیشە هەر جەماوەری دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە نیشانەی پوختەبوونی حیزب بەگشتیە، نیشانەی پوختەبوونی

ڕێبەریی حیزبیشە. بە جۆرێک کە ئەو ڕێبەریە ئێستا بۆخۆی بۆتە ئالاهەڵگری ئەو سالمسازیە لە حیزبی ئێمەدا. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە ئاکامی بە سەرنجام گەیشتینی دیالۆگی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵی نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبە، دەبێ بزانین کە ڕێبەریمان خۆیان ڕاهێنەری و ماموستای ئەو وەرزشە دەستەجەمعیەمان بوونە.

ئەوە ئاکامی ئەو پرسیارانەیە کە لە حیزب و تەشکیلات و لە نێوخەڵکدا لەگۆڕێدابوون. حیزبی دێموکرات بۆ وای لێهات، چۆن دەتوانین لەو بنبەستە دەرچین، چۆن دەکرێ حیزبەکەمان بەهێز کەینەوە، چۆن دەتوانین کاراو کاریگەر بین؟ چبکەین؟ چمان لەدەست دێ؟ چ لە توانای خۆمان دایە. دەبێ بگوترێ کە ئەوە هەر پرسیاری خەڵک و بەدەنە نەبوون، پرسیار و خەمی ڕێبەری حیزبیش بوون .بۆیە ئەو یەکگرتنەوەیە نیشانەی وەهۆشهاتنەوەی دەستەجەمعی و تەشکیتلاتیمانە، وەهۆشهاتنەوەی ڕێبەری و بەدەنەیە پێکەوە.

**لوقمان باختە**: چ دەرسێک دەبێ لەو ڕووداوانە فێربین؟

**برایم لاجانی**: ئەو جیابوونەوەیە سیاچالەیەک بوو کە هەموو ئینێرژی ئێمەی هەڵەلووشیە نێوخۆی. چاردەساڵ هەموو تواناکانی ئێمەی سەرفی ململانێ و بەربەرەکانی دەگەڵ یەکتری کرد. بەڵام لەهەمان کاتدا دەگەڵ نهیلیزمی خۆشمان ئاشنای کردین. بەو مانایەی کە هەموومان سەرمان وەبەردی ڕەقی ئاکامی کار و کردوەکانی خۆمان و شێوە بیرکردنەوەی خۆمان کەوت. ئەوەش هانی داین لە خەوی قوڵی خۆ بەحەقزانی ڕاپەڕین و دەستبکەین بە وەرزشێکی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی بۆ خۆتەکاندن و هەستانەوە و چوونە پێش. فێربووین کە جێگای هۆ و هۆکار واتە عیللەت و مەعلوول و جێگای فاکتۆرەکان و ڕووداوەکان تێکەڵ نەکەین.

ئەودەرسەی کە دەبێ فێری بین ئەوەیە کە لە حیزبێکی دێموکرات و جەماوەری گەورەی وەک حیزبی دێموکراتدا کە خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی ئیلیتی حیزبی هیچ کات ناتوانێ دەست بەسەر دامەزراوە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی حیزب دا بگرێ.دەستووری حیزب و قانوونی ئەساسی حیزب پێویستە وەبەرچاوبگیرێ و بۆ هەمووان وەک یەک بێت.

حیزبی دێموکرات کاکڵ یا هەستەیەکی سەختی هەیە کە هەمیشە و لەهەر هەلومەرجێکدا ئەو هەستە ئەسڵیە حیزب لە بەرانبەر کارەسات و قەیرانەکان دا دەپارێزێ. ئەو هەستە ئەسڵیە هێندە بە هێز و ڕەسەنە جاری وایە ئیلیتی حیزبیش دەباتە پێش و شانازی و سەربڵندییان بە نسیب دەکات. ئەوە کە بەدەنە و ڕێبەری حیزب لەحاڵی خۆپالاوتنی سیاسی و فەرهەنگی دان، لە باری سیاسی و ئەخلاقیەوە خۆیان هەڵدەسەنگێننەوە، نیشانەی ئەوەیە هەمووومان هێمن گوتەنی بەرەو

بەرزی واتە ئێکسیلینس و تەعالی دەڕۆین. خەریکین لە زەرورەتێک کە هاتنەدەری حیزبە لەو وەزعەی تێیدایە، فەزیلەت درووست دەکەین. فەزیلەتێک کە لەلایەن هەموومانەوە بە شتێکی پێویست دادەنرێ و هەستی پێدەکرێ.

هەموو تێگەیووین کە سودێک لە جێگۆڕکێی ئیلیتی حیزبی و تەشکیلاتیدا نیە. دەبێ ئاڵوگۆڕ لە مەتن و زەمینەو میتۆدەکانی کاری سیاسی و حیزبیمان دا پێک بێت. ئەگەر بتوانین ئەو دەرسە چاک فێربین خزمەتێکی زۆرمان بە حیزب و تەشکیلاتی حیزب کردوە. ئەو یەک گرتنەوە لاپەڕەی زێڕینی کاری حیزبی و تەشکیلاتی ئەو چەند ساڵانەی دواییمانە.

**لوقمان باختە:** بەدەنەی حیزب بەگشتی و تێکۆشەرانی قەدیمی حیزب لەو پێوەندیەدا چ ئەرکێکیان لەسەر شانە؟

**برایم لاجانی:** جاری وایە وەزعێک دێتە پێش کە هەموو هەست دەکەین ئاڵوگۆڕ هەم پێویستەو هەم ئیمکانیشی هەیە. جا لە وەختی ئاوادا هەموومان وەک مەئموریەت تەماشای ژیانی خۆمان دەکەین. واتە ژیانی خۆمان بۆ بردنەپێشی ئەو پەیام و ریسالەتە تەرخان دەکەین کە پێمان وایە کەوتۆتە سەرشانمان. ئەوە ڕاست ئەو وەزعەیە کە بۆ ئێمە تێکۆشەرانی حیزب هاتۆتەپێش، دەبێ هەرکاممان تێکۆشین قازانج و بەرژەوەندیەکانی حیزب و میللەتەکەمان بەرینە پێش، لەو رێگایەوەیە بۆخۆشمان بە گەورەیی و سەروەری و سەرفرازی دەگەین. واتە قازانجی گشتی و خێری گشتی بخەینە ریزی پێشەوەی هەموو تێبینیەکانی دیکە. ئاڵمان و چین و ژاپۆن لەو بوارەدا دەتوانن سەرمەشقی ئێمە بن. ئاڵمانیەکان لە چاو خشاندنەوە بە خۆیان و رابردووی خۆیان و بەهاو نرخ و بایەخەکانیاندا ئازا و نەترسن. چین چاویان بە ئاینی ئۆرتۆدۆکسی خۆیان دا گێرایەوە، واتە مارکسیسم و مائۆئیسزمیان وەلانان و دەرگای دونیایان بەرووی خۆیان دا بۆ پێشکەوتن کردەوە.

ئێمەش تێکۆشەرانی حیزب لەسەرمانە بە ڕابردووی خۆمان و مێژوومان و بزووتنەوەکەماندا بچینەوە و سەرلەنوێ خۆمان هەڵسەنگێنینەوە. دەبێ ئامادەیی و ئازایەتی ئەوەمان تێدا بێت قاوغە کۆنەکان بشکێنین ، ئاسۆ دوورەکان ببینین و جۆرێکی دیکە تەماشای دوونیا بکەین.

تواناو زەرفیەتی حیزبی ئێمە زۆر لەوەش زیاتر و گەورەتریشە. با هەلومەرجێک درووست کەین لەو توان و هیزەی هەمانە بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرین. تێکۆشەرانی حیزب بەگشتی و بەتایبەتی پێشمەرگە قەدیمیەکان، ئەرکی سەرشانیانە ببنە ماتۆڕی بردنەپێشی ئەو پرۆژە حیزبی و تەشکیلاتیە کە ئێستا کەوتۆتە دەستووری کاری حیزبی و تەشکیلاتیمان. دەبێ ببنە کۆئەندامی هەرس واتە جیهازی هەزمی ئەو یەکگرتنەوەیە، ورد وردی بکەن و بە شادەمارەکانی حیزبدا بیگەیەننە سەرجەم بەشە جۆراوجۆرەکانی لەشی حیزب.واتە ئینتێرنالیسێرەی بکەن. ڤێتەڕان لە حیزبی مەدا، پێشکسوەت لە حیزبی

مەدا ئێستا ئەرکی ئەوەیە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو یەکگرتنەوەیە بکاتە مەئموریەتی ژیانی خۆی. لە باری حیزبی و ئەخلاقیەوە ئەوە ریسالەتی ئێمەیە. با تێکۆشین ئەو ڕۆڵەی خۆمان بە بەباشی بەرێوەبەرین. ئەوە مەیدانی سەرهەڵدان و گەشەی بێمایەییش لە تەشکیلاتدا واتە mediocrity کەم دەکاتەوە.

ئایندەی خەباتی ئێمە و حیزب و بزووتنەوەی ئێمە زۆر ڕوونە، ئەو یەکگرتنەوە سەرەتای چوونەدەری ئێمەیە لەو توونێڵەی تێیکەوتبووین. ئەو قسانەم لە ئارەزووپەرەوەریەوە واتە good wishing ەوە سەرچاوە ناگرن، لە خۆشبینیشەوە واتە لە ئۆپیمیزمیشەوە کە مەرجی بنەڕەتی کاری سیاسی و حیزبیە سەرچاوە ناگرێ. بەڵکوو لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرن کە بە ملیۆن کەس گوێ لە پەیام و قسەی حیزبی ئێمە دەگرن، بچووکترین دەرفەت بێتە پێش نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێرانیشدا بە هاودەنگی دەگەڵ هێزە کوردستانیەکانی دیکە، هێزی هەرە کاریگەر و پارامیتری هەرەجدین لەسەر وەزعی سیاسی ئێران و ناوچەکە.

مەیدانێکی گەورە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی بزووتنەوە بکەن هاتۆتە پێشێ، ئەو یەکگرتنەوە مەیدانەکە لەوەش گەورەتر دەکات، بۆ زۆربەمان مەیدان هەر لە ئێستاوە گەورەتر بووە. ئەوە ئێمەین دەبێ بە بگەیەنینە ئاستی ئەو مەیدانە تا بتوانین یاری تێدا بکەین. با خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو بەرپرسایەتیەی ئەو یەکگرتنەوە دەیخاتە سەرشانمان، چوونکە ئەو ئەکگرتنەوە ناتوانێ هەموو گیروگرفتەکانمان چارەسەر کات، بەڵام دەتوانێ دەرفەتی زیاتر بۆ دیتنی کەمووکەڕیەکانمان و بەڕەسمییەتناسینی کێشەکانمان پێکدێنێ. ئەوەش بە پوختەیی و بلوغی زیاتری سیاسی دەگەیەنێ.

**لوقمان باختە**: زۆر سپاس بۆ وەڵامەکانت و بەشداریت کاک برایم لاجانی بەرێز و خۆشەویست

سەرچاوە: ناوەندیی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات – ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

# بەشێک لە وتار و بیروبۆچوون

## بایەخی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات




د. ئاسۆ حەسەن زادە

پاش چەندین دەور لە وتوویژ و تێپەڕکردنی هەوراز و نشێوی زۆر، سەرەنجام پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاکام گەیشت و ڕۆژی ٢١ی ئووتی ٢٠٢٢ی زایینی ڕاگەیاندرا. لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕێککەوتن کە بە ڕوحی لێکگەیشتن و هاوسەنگی داڕێژراون، لەمەودوا هەردوو حیزب لە چوارچێوەی حیزبێکی یەکگرتوودا بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تا بەستنی کۆنگرە لەلایەن ڕێبەرییەکی هاوبەشەوە بەڕێوە دەبرێ، خەباتی خۆیان بەدژی کۆماری ئیسلامی و بۆ وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان درێژە پێ دەدەن.

ئەم یەکگرتنەوەیە کۆتایی بە درزێکی ڕێکخراوەیی دێنێ کە نزیک بە شازدە ساڵ لەمەوبەر واتە لە سەرماوەزی ١٣٨٥دا ڕووی دابوو. دابڕانێک کە لەگەڵ ئەوە کە گرینگترین دابڕانی مێژووی ئەو حیزبە بوو، زۆرتر بەرهەمی قەیرانێکی تەشکیلاتی و بەڕێوەبەری بوو تا جیاوازیی سیاسی و ستراتیژی. لە ماوەی زیاتر لە دەهە و نیوێک خەباتی بەجیای ئەم دوو حیزبەدا، سەرەڕای گرتنەبەری کۆمەڵێک کارکردی ڕێکخراوەیی و خەباتگێڕیی جیاواز لە هێندێک بڕگەدا، هەردوولا وەک میراتگری مێژووی حیزبی دێموکرات و بەپشتبەستن بە هەمان سامانی ڕەمزی (بەتایبەتی کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی شەهیدی ئەو حیزبە قازی محەممەد، عەبدولڕەحمان قاسملوو و سادق شەرەفکەندی) و بە پێڕەوی لە هەمان ستراتژی (چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا) درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا.

ڕەوتی ئاسایی‌بوونەوەی پێوەندییەکانی دوولایەن و وتووێژەکانی یەکگرتنەوە لە مەودایەکی نە زۆر دوور پاش جیابوونەوەکە دەستی پێ کردبوو و لە ساڵانی دواییدا دێموکراتەکان پێکەوە هەم لە کۆمەڵێک کۆڕوکۆمەڵی دەرەکی (بۆ نموونە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست و هێندێک هاوپەیمانیی ئێرانی)دا بەشدار بوون، هەم لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا هەماهەنگییان لەگەڵ یەکتر دەکرد. دیاردەی دوو دێموکراتی ئەوەندە درێژەی کێشا کە لە بیروڕای گشتی و لە دیکۆری کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان و ئێراندا بەتەواوی جێ کەوتبوو. بەڵام هەرگیز نە خەڵکی کوردستان بە "دوو دێموکراتی" ڕازی بوون و نە ڕێبەرانی دوو لایەنیش لە زەروورەتی وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات غافڵ بوون.

جێگە و پێگەی مێژوویی حیزبی دێموکرات لە بزوتنەوەی کورد و خۆشەویستیی ئەو حیزبە لەلای خەڵک بە ڕادەیەکە کە لەگەڵ بەئەنجامگەیشتنی وتووێژەکانی یەکگرتنەوەی دێموکرات، شەپۆلێکی بێ‌وێنە لە پێشوازیی سەرتاسەری کوردستانی داگرت. هەر ئێستا کە تەنیا ماوەیەکی کەم لە ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوە تێدەپەڕێ، دڵخۆشیی خەڵکی کوردستان و پێ‌ناخۆشبوونی کۆماری ئیسلامی بە چەشنێکە کە حاڵەتێکی تەواو نائاسایی لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زاڵە.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرینگترین ڕووداوی سیاسیی پێوەندیدار بە کوردستانی ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودایە. بایەخی ئەم ڕووداوە تەنیا لەوەدا نییە کە بەمجۆرە کۆتایی بە کۆمەڵێک گیروگرفتی نێو تیئاتری خەباتی کوردەکانی ئێران دێ کە هیچ پێوەندییەکیان بە پرسی خەباتی ئەو گەلەوە نەبوو و بگرە زیانیشیان پێ دەگەیاند، بەڵکوو لەڕووی زێهنیی و کردارییەوە یەکگرتنەوەی دێموکرات شوێنەواری ئەرێنی لەسەر سنووربەندی و کارتێکەرییەکانی لەمەودوای نێو ڕەوتی گۆڕانخواز لە کوردستان و ئێران دادەنێ. بە یەکبوونەوەی هەموو ئەو

هێز و پۆتانسیەلە کۆن و تازەیەی خەبات کە لەنێو و بەدەوری حیزبی دێموکراتدا کۆ ببۆوە، ڕۆڵی تەوەریی حیزبی دێموکرات لە بزوتنەوەی کورد لە ئێراندا جارێکی دیکە بەرجەستەتر دەبێتەوە و دەتوانێ کۆی کایەی سیاسیی کورد لە ئێراندا بخاتە ژێر تیشکی خۆی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییە ڕەسەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی "کۆمەڵە"کان زۆر باشە، هەروەها ئەوە کە هەردوو لایەنی پێشووی حیزبی دێموکرات وێڕای هەبوونی هێزی پێشمەرگە، لەنێو خەڵکدا خۆشەویستن و ڕوانینێکی پۆزەتیڤ و کارایان بۆ خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و چالاکانی مەدەنی هەیە، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ بەفەرمی یا لە کردەوەدا ببێتە هۆی دروستبوونی ئادرەسێکی تازەی سیاسی بە کۆمەڵێک سازوکاری خەباتگێڕیی بەبڕشت و هەمەلاگیرەوە. ئەمەش یارمەتی بە وەدەرکەوتنی زیاتر و باشتری توانستی خەبات و دنیابینیی سیاسیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە سێ ڕەهەنددا دەکا: ڕوو بە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە هێندێک لە هێزەکانیان هەوڵ دەدەن دەست لە کاروباری کوردستانی ئێران وەربدەن؛ ڕوو بە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران کە هێشتا هەڵگری ڕوانینێکی یەکدەست و دڵخواز بۆ ویستەکانی خەڵکی کوردستان نییە، و ڕوو بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە بەهۆی پەرش و بڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هێشتا هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی و تەنانەت خەڵکی ئێران لە لێکدانەوەکانی پێوەندیدار بە مامەڵە لەگەڵ ڕێژیم و ڕوانین بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە وەبەرچاو ناگرێ.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ئەگەرچی بە پلەی یەکەم بۆ گواستنەوەی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ قۆناغێکی باشتر ئەنجام دراوە، بۆ ئۆپۆزیسیۆنی نالێکی ئێرانیش هەڵگری پەیامی یەکیەتی و پێکەوە کارکردنە. ئەو یەکگرتنەوەیە لەبەر ئەوە کە دەتوانێ دروستبوونی جەمسەرێکی سیاسیی تەبا و پایەدار بۆ کوردەکان لە ئێرانیدا لێ بکەوێتەوە، بۆ کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران (چ دەسەڵات و چ ئۆپۆزیسیۆن) دەتوانێ سەرچاوەی ئالەنگاری بێ، بەتایبەتی لە بەستێنی نەتەوەکان و ویستە شوناس تەوەرەکاندا کە گرینگترین فاکتەری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ئێرانی ئایندەدایە.

گرینگترین ئالەنگارییش نابێ لە کورتماوە و لە تۆکمە بوونەوەی هێزی خەباتگێڕانەی کورد لە ئێراندا ببینرێ، بەڵکوو پێویستە لە درێژماوە و لە بەستێنی سیاسی و گوتاریدا بۆی بگەڕێن. بەشێوەیەکی تایبەتی، حەفتا و حەوت ساڵ پاش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هەموو ئەو تێچووەوە کە کوردەکانی ئێران لەپێناو ئازادی و دێموکراسیدا داویانە و سەرەڕای ئاقارە بەگشتی نەرمئاژۆ و ئاشتیخوازەکانی هێزە سیاسییەکانیان، سەرنجەدانی کۆمەڵگای سیاسیی ئێران بە جەوهەری ئەسڵیی مەسەلەی کورد خەریکە نەک هەر نەوەکانی لەمەودوا بەڵکوو بەشێک لە بژاردە سیاسی و مەدەنییەکانی هەنووکەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەو ئەنجامگیرییە دەگەیەنێ کە ئەگەر بڕیار بێ ڕوانین و مامەڵەی دەسەڵات

و کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران بۆ پرسی کورد هەر ئەوە بێ کە تا ئێستا بووە، ڕەنگە ئەو نەوە و بژاردانە چیدیکە خۆیان بە ئەسڵی تەواوەتیی ئەرزیی ئێران نەبەستنەوە و بەکردەوە بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە پێشکەوتووترین شکڵیدا خەبات بکەن.

بەوپێیە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و مایەکانی دەسەڵاتی داهاتوو لە ئێراندا دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستییە بن کە ئەگەر بەڕاستی لە خەمی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ئێرانی دوارۆژدان، پارتنێر و موخاتبێکی بەهێزتر و مەعقوولتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان وەدەست ناکەوێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدرێژایی زیاتر لە حەوت دەیە و نیوی ڕابردوو لەگەڵ ئەوە کە لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی یەک لەدوای یەکی ئێرانەوە هەمیشە ئامانجی توندوتیژترین جۆرەکانی هێرش و سەرکوت بووە، بەڕابردووترین هێزی سیاسیی ئێرانە کە هێشتا لە مەیدانی سەرەکیی خەباتدا ماوە؛ پێگەیەکی خەڵکیی بەربڵاو و دیاری هەیە؛ و لە ئاستی دەرەوەشدا لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زیاتر خاوەنی پرستیژ و پێوەندییە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو حیزبە سەرەڕای نفووز و توانایەک کە هەیەتی و سەرەڕای ئەو ستەمەش کە لە خۆی و خەڵکەکەی کراوە، هێشتا لەسەر سیاسەت و ئاقارە مەعقوول و دێموکراتیکەکانی خۆی سوورە.

ئاشکرایە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ خودی ئەو حیزبەش بەدوور لە ئالەنگاری نییە. ڕێبەرانی لەمەودوای ئەم حیزبە جیا لەوە کە دەبێ پاراستنی هەرچی باشتری دەسکەوتی یەکگرتنەوە لە قووڵکردنەوەی هەرچی زیاتریدا ببینن، پێویستە بەسوودترین سەنتێز لە زەرفییەتسازییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی پێشووی دوو حیزب بخەنە ڕوو و جێبەجێی بکەن و زیاتریش سەرنج بدەنە بەشداریی هێزی لاو و ژنان و ڕەنگدانەوەی فرەچەشنییە نەریتی و تازە وەدەرکەوتووەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی حیزبدا. بە بارێکی دیکەدا، بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئاستەنگانە کە مانەوەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستانی عیراق و نەخشی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا دروستیان دەکا، پێویستە پێکهاتە و کارکردی ئۆرگانیزمی حیزب وەها نۆژەن و کارا بکرێتەوە کە خەباتی ئەو حیزبە و سەرجەم کوردەکانی ئێران لە هەموو بەستێنەکاندا لە جاران هەماهەنگتر، بەمەیدانیتر و شوێندانەرتر بچێتە پێش.

ئەولاتر لە هەموو ئەمانە، ئەگەرچی یەکگرتنەوەی سەرلەنوێی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، بەڵام هەنگاوی گەورەتر یەکگرتنی زیاتری جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران و دەستڕاگەیشتن بە هاوپەیمانیی وەها لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندایە کە هاوکات هەردوو ئیمپراتیڤ (مهم)ی دێموکراسی و مافی نەتەوەکان لەبەرچاو بگرێ.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات نیشاندەری پێگەیشتوویی و بەرپرسیارێتیی ڕێبەران و ئەندامانی ئەو بنەماڵە گەورە سیاسییە و مزگێنیدەری سەرفەسڵێکی هیوابەخش لە خەباتی گۆڕانخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێرانە. هەموو ئەو کەس و لایەنانەی خوازیاری وەها قۆناغێک بوون دەبێ بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و بەوە کە هێزێکی ئەوەندە مەتین و خاوەن ڕابردوو بەهێز بێتەوە دڵخۆش بن.

بلێز پاسکاڵ دەڵێ: "هەر فرەییەک یەکبوونی لێ نەکەوێتەوە، ئاکامەکەی بێسەرەوبەرەییە. هەر یەکبوونێکیش پشت بە فرەیی نەبەستێ، ئاکامەکەی سەرەڕۆییە". با ئەم وتەیە نەخشەڕێگای لەمەودوای دێموکراتەکان و ئازادیخوازان لە کوردستان و ئێران بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## یەکگرتنەوەی دێموکرات و پرسی ژنان




**ئاسۆ مینبەری**

لە پاش ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوییەوە کە دابڕان کەوتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و ئەم دوو حیزبە بە دوو ناوی جیاوازەوە درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دا، تاکوو ئەمڕۆ کە بە خۆشحاڵییەوە پاش نزیک بە ١٦ ساڵ دابڕان، ڕیزکانی حیزبی دێموکرات وەسەریەک کەوتوونەتەوە و ئێستا لەژێر ناوێک و لە قەبارەی حیزبێکدا درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدەن، پرسی ژنان هەمیشە یەکێک لە پرسە گرینگەکان بووە کە لەلایەن هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکراتەوە بایەخی تایبەتیی پێ دراوە.

حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی مۆدێرن و خاوەن پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە بەرانبەر بە پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و هەروەها چین و توێژەکانی پێکهێنەری ئەم جوغرافیایە خۆی بە بەرپرسیار زانیوە، ئەم بابەتەش لە ڕاستیدا سەرچاوەگرتوو لەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی هەڵقولاو لە هەناوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ویست و داخوازییەکانی ئەوانە.

ناکرێ حیزبێک سەرچاوەگرتوو لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و جەماوەری ئەو کۆمەڵگەیە بێت، بەڵام ویست و داخوازی و پێویستییەکانی لەلا گرینگ نەبێ، هەر ئەم ڕاستییەشە کە حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر لەم سۆنگەیەوە، حیزبی دێموکرات بە درێژایی ٧٧ ساڵ خەباتی بێوچانی خۆی لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش توێژی ژنان، لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێغی نەکردوە. هەر لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تاکوو ئەمڕۆ کە حیزبی دێموکرات لە تێکۆشانی نەتەوەیی خۆی بەردەوامە، ژنان توانیویانە باشترین ڕۆڵ و گرینگترین ئەرکیان لەئەستۆ بێ، زۆر جار بینیومانە کە نەتەنیا شان بە شانی پیاوان، بەڵکوو زۆر بەهێزتر و بوێرانەتر لەوان ئەرکی پێشەنگایەتیی خەباتیان لەئەستۆ بووە، قوربانییان داوە، ئازاری دووری و غەریبی و بێکەسییان چێشتوە، بەڵام گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکەیان، بووەتە هەوێنی گرینگی بەردەوامییان لەم ڕێبازەدا.

ئێستا کە ٧٧ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ و ڕیزەکانی حیزبیش یەکیان گرتۆتەوە و بەرنامەی داهاتووی ئەم حیزبەش لەسەر بنەمای بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیددیتر لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، نابێ لەبیرمان بچێ کە ژنان چۆن دەتوانن لە سەرکەوتنی پرۆسەی خەبات دژ بە داگیرکەردا ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەر بگێڕن.

گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵگەی کوردستان و هەروەها پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بەم توێژە ڕەنگە لە هەندێ بوارەوە جێگای ڕەخنە و سەرنجی ورد بن، بەڵام بێگومان خاڵە بەهێزەکانیش ئەوەندە هەن کە بتوانرێ گەشبینانە لە ڕاستای هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ بەرەوپێشبردن و پێشخستنی پرسەکانی ژنان چاوی لێ بکرێ.

ژنان لە چوارچێوەی ئەم قەبارە سیاسییەدا جیا لەوەی کە دەرفەتیان پێ دراوە تاکوو خۆیان ببیننەوە، بە بەردەوامی هان دراون کە ئەرک وەئەستۆ بگرن، پشتگیری کراون تاکوو هەنگاوی ئەرێنی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان وەکوو ژنان و ئامانجی گەورەتر واتە دوورەدیمەنی ڕزگاریی نەتەوەکەیان هەڵبگرن و بتوانن بە کردەوە هەست بە گرینگی هەبوونی خۆیان بکەن، کە ئەم ڕاستییە لە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ئاستی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و بەگشتی لە ئۆرگانیزاسیۆنی حیزبدا بەڕوونی بەدی دەکرێت. ئەم هەبوون و تێکۆشانە ڕێک خاڵی بەرانبەری پێناسەی کۆماری ئیسلامی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان و بەشداریی ژنانە کە بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە، هەوڵی داوە تووشی لاوازیی بکات و بە سەرکوتی هێزی ژنان، کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرێکی نالەبار ببا.

لە ڕاستیدا پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئەگەرچی هەواڵێکی زۆر ناخۆش بۆ کۆماری ئیسلامییە و بەگشتی بووە هۆی

ناهومێدبوونی ڕێژیم لە گەیشتن بە ئامانجەکانی، بێگومان بە پێچەوانەوە بەتایبەت بۆ توێژی ژنان جێگای هیوایە.

یەکگرتنەوە، دەرفەتێکی نوێیە بۆ ئەو ژنانەی کە لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا، قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵیوە و تێدەکۆشن تاکوو سەرەڕای دابینکردنی مافەکانی خۆیان وەکوو ژن، لە چارەنووس و داهاتووی سیاسیی نیشتمانەکەشیاندا کاریگەرییان هەبێ.

ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتەکەدان و بێگومان کەڵکوەرگرتن لە هێز و توانایی و لێهاتووییەکانیان لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا ئەتوانێ زۆر گرینگ بێ.

بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ئەو دوورەدیمەنەی کە بۆ بونیاتنانەوەی ئەم نیشتمانە لەم حیزبەدا پێناسەی بۆ کراوە، پێویستی بە هەموو هێز و پۆتانسییێل و توانای خەڵکی کوردستان هەیە، لەم نێوەشدا ژنان ئەرکی قورسیان لە سەر شانە، چونکە بەپێچەوانەی هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان هاوکات چەندین ئەرکی دیکەیان لەسەر شانە کە دەبێ هاوتەریب خەبات بۆ جێبەجێکردنیان بکەن؛ بۆیە پێویستە ژنان و بەتایبەت ئەوانەی کە لە ڕیزەکانی شۆڕشدان، زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی و پێشەنگایەتی بکەن و یەکگرتنەوەی ڕێزەکانی حیزب بکەنە دەرفەتێکی نوێ بۆ هەستانەوەیەکی دووبارە بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## وانەکانی دابڕان و یەکگرتنەوە




**مەنسوور مروەتی**

**پاش نزیک دوو ساڵ وتوویژ و هەوڵدان بۆ ڕێککەوتن، ڕۆژی ٣٠ گەلاوێژی ئەوساڵ دوو لایەنی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمێکدا لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان یەکگرتنەوەی خۆیان ڕاگەیاند. لانیکەم لەم دوو دەیەی ڕابردوودا جیا لە ٢١ی خەرمانانی ٩٧ ڕۆژی مانگرتنە سەرتاسەرییەکەی خەڵکی کوردستان لە کاردانەوە بە مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات، هیچ ڕۆژ و بۆنەیەکی دیکە هێندەی ٣٠ی گەلاوێژ گرینگ، سەرنجڕاکێش و مایەی خۆشحاڵی و هیواداریی خەڵک نەبووە.**

**لە ڕاستیدا لە دوای لێکترازانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٥ی سەرماوەزی هەشتا و پێنجەوە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ئەندام و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزب چاوەڕێی ئەم ڕۆژە مێژووییە بوون و دوای شازدە ساڵ دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی حەقی خۆیان بوو کە هێندە بەو هەواڵە دڵخۆش بن و شایی لە دڵیاندا بگەڕێ.**

**بێگومان مێژووی سیاسیی گەلان لەم جۆرە ڕووداوانەی زۆر بە خۆیەوە بینیوە و مێژووی بزووتنەوەی کوردیش لەوەبەدەر نییە،**

بەڵام خاڵی جێی سەرنج لەم لێکترازانەی دێموکراتەکان ئەوە بوو کە خەڵک بە شێوەیەکی گشتی دانیان بەم لێکجیابوونەویە نەنا و لەوەش ئەولاتر هیچکات بە بەراورد لە گەڵ لێکترازانی نێو حیزبەکانی دیکە لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان، بە قەد دێموکراتەکان داوای یەکگرتنەوە لە هیچ کام لەوان نەکرا. خەڵک لە هەر کوێی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانیش کە تووشی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی هەردوولای دێموکراتەکان بووبن، پێش هەموو شتێک لە یەکگرتنەوەی دێموکراتیان پرسیوە. ئەم بابەتە هەم جێگای دڵخۆشی و هەم نیشانەی سەنگ و پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان و لەوەش گرینگتر نیشانەی باری قورسی بەرپرسایەتیی حیزبی دێموکرات لەو ڕەسالەتە مێژووییەیە کە کەوتووتە سەرشانی. کەواتە چۆن دەیتوانی و چۆن دەتوانێ ڕەسالەتە مێژووییەکەی بە باشی بگەیەنێتە ئەنجام ئەگەر یەکگرتوو نەبا و ئەگەر یەکگرتووانە بەرەو داهاتوو هەنگاو نەنێ؟!

ئەگەرچی ئەو لێکدابڕانە زۆری خایاند و زۆرێک لە دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی دڵنیگەران و تەنانەت بێهیوا کرد بەڵام باسکردن لە یەکگرتنەوە و وەسەریەککەوتنەوەی دێموکراتەکان هیچکات لە کۆڕ و کۆبوونەوەی دێموکراتەکاندا غایب نەبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو شانزە ساڵە وەکوو دوو حیزب لە چالاکیی خۆیان بەردەوام بوون، بەڵام بەردەوام بیریشیان لەوە دەکردەوە کە چی بکەن جارێکی تر ئەم دوو لایەنە یەک بخەنەوە و بیکەنەوە بە یەک حیزب. خاڵی جێی سەرنج لەم بەشەدا ئەوە بوو کە سەرەڕای دڵسۆزی نواندنی دۆستان و هۆگرانی حیزب لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، دوو لایەنی دێموکرات خۆیان قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵی و هەر بۆخۆیان و لەنێو ماڵی خۆیاندا دانیشتن و بە قسە و گفتوگۆ ڕێک کەوتن و بە سەر کێشەکاندا سەرکەوتن.

یەکگرتوویی، یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەبوون لەو دەستەواژە جوان و پێویستانەی نێو کۆڕی خەباتی گەلانن کە بەداخەوە زۆر جار بە هۆی وێکهەڵنەکردن و پەرتەوازەیی، پێچەوانەکەی نیشان دراوە. مێژووی سیاسیی کوردیش لەو دەردە بێبەری نەبووە و هەر ئەو پەرتەوازەیی و نایەکگرتووییە دەرفەتی زۆر باشی لە کیس بزووتنەوەی کورد داوە و ئەنجامی زیانباری بۆ گەل لێ کەوتووتەوە. وای لێ هاتووە کە ئەم دەستەواژانە لە ئێستادا بوونەتە دەستەواژەیەکی سواو و بێنێوەرۆک، بەڵام دێموکراتەکان بە هەموو لایەکیان پیشان دا کە ئەگەر ئیرادە و باوەڕ هەبێ، زۆر بەئاسانی دەتوانن ئەم هیوایەی گەل وەدی بێنن و لە جیاتی هەڵوەرینی فرمێسک، بزەی شادی بخەنە سەر لێوی گەل.

لەم یەکگرتنەوەیەدا بابەتێک کە زۆر جێگای سەرنج بوو و حەقە تیشکی زیاتری بخرێتە سەر، ئەوە بوو کە دەریخست دانیشتن و دیالۆگ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان بەبێ گوشاری کەس و لایەنی دەرەکی، وانەیەکە کە لە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکاندا بۆ لێفێربوون دەبێ. چونکە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا و

بەتایبەتی لە دنیا ئەمڕۆدا ئەوەیە کە کەس خەمی بەرژەوەندییەکانی هیچ گەلێک ناخوا، ئەگەر ئەو گەلە خۆی مشوورێک لە خۆی و دەرد و ئازارەکانی خۆی نەخوا و واز لە پەرتەوازەیی و نایەکگرتوویی نەهێنێ.

کە چاو لە مێژووی دوورودرێژی حیزبی دێموکرات دەکەی لەگەڵ ئەوەی لە زۆر قۆناغدا کار و کردەوە و سیاسەت و هەڵوێستە دروستەکانی ئەم حیزبە خاڵی وەرچەرخانی نێو بزووتنەوەی کوردستان بووە، بەڵام بەداخەوە ئەم حیزبە گەورە و گرانەش لەو سەرئێشە نێوخۆییانە بێبەری نەبووە و لە گەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری کادر و پێشمەرگەی ئەم حیزبە و بەتایبەتی سەرکردایەتییەکەی چەند ساڵێکی کەم نەبێ لە سەر خاکی خۆیان نەژیاون؛ بەڵام بەوحاڵەش پاش چەندین دەیە هێشتا هەر بەنفوزترین و خۆشەویستترین حیزبی کوردستانە. ئەم خۆشەویستی و نفووز و ئیعتبارەی حیزبی دێموکراتیش لەخۆڕا نییە، ئاخر کادر و پێشمەرگە و ڕێبەریی ئەم حیزبە چ لە کاتی پێکەوە بوون و چ لە کاتی لێکترازانیشدا هێندەیان زەحمەت و کوێرەوەری بۆ خەڵکی خۆیان چەشتوە کە خەڵکیش ناتوانن بەئاسانی لە دڵی خۆیان جیا بکەنەوە. خۆ ئەگەر وا نەبا ئەو هەموو ساڵە خەڵک وازیان لە داوای یەکگرتنەوە دەهێنا و ڕووشیان لە دێموکراتەکان وەردەسووڕاند، بەڵام خۆشەویستی ئەم حیزبە لە دڵی خەڵکدا وای کرد کە دڵسۆزانی دێموکرات کۆڵیان نەدا تا ٣٠ی گەلاوێژیان بە چاوی خۆیان نەدی.

ئێستا کە ئەو ئاواتەی خەڵکی کوردستان و دێموکراتەکان هاتووتە دی،

پێش هەموو کەس خودی دێموکراتەکانن کە دەرکیان بەو ڕاستییانەی سەرەوە کردووە و باش دەزانن کە هەنگاوی گەورەیان بەرەو داهاتوو و بەئەنجام گەیاندنی ڕەسالەتی مێژوویی حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد ئەوەیە کە لە کێشە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو دەرس وەربگرن.

بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لەسەر دێموکراتەکان ئەرکە شان بدەنە بەر ئەو بەرپرسایەتییەی کە لە یەکەم خاڵی ڕێککەوتنەکەیاندا باسیان کردوە.

"بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بە هۆی لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ تووشی زەرەری گەورە بوون. بۆیە هاوکات لە گەڵ پێداگری لە سەر ئەوەی کە هەر دوولا، لە زیان پێگەیشتن و تێکچوونی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕابردوودا، خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب لە داهاتوودا ئەرک و

بەرپرساریەتی هاوبەشی هەمووانە و پێویستە لە ئەزموونە ناخۆش و زیانبارەکانی ڕابردوو دەرس وەربگرن و پێش بە دووپاتبوونەوەیان بگرن".

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

## نەخۆشی ئەگەر نەتکوژێ، بەهێزترت دەکا!




**برایم لاجانی**

یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب بە سەرکەوتنێکی گەورەی کاری تەشکیلاتی و حیزبی دادەنرێ. ئەو یەکگرتنەوەیە بە هەموو لایەکی نیشانی دا سەرەڕای هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەکان، کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا و زەبرە قورسەکان، هێشتا حیزبەکەمان توانا و مایەی ئەوەی تێدایە بە ڕێگای ڕاستی خۆیدا بڕواتە پێش، توانای ئەوەی تێدایە بەسەر گیروگرفتە نێوخۆییەکاندا زاڵ بێ و ڕۆژ بەرۆژ لەباری سیاسی و فکرییەوە دەوڵەمەنتر و پوختەتر بێ.

ئەو یەکگرتنەوەیە وەڵامدانەوەیە بە بانگەوازی زەمان، بە پێداویستییەکانی ئەو هەلومەرجەی کە بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێیدا تێدەپەڕێ. وەڵامدانەوەیە بەو پاڵەپەستۆ و فشارەی لەلایەن بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و جەماوەری حیزب، لە پێوەندیی دەگەڵ پەرشوبڵاوی ریزەکانی حیزب و بزووتنەوەدا خرابووە سەر حیزب بەگشتی و ڕێبەریی حیزب بەتایبەتی. ئیدی سەردەمی ئەوە بەسەرچووە تەنیا لە تاریکخانەی شانە و هەستەی حیزبی و تەشکیلاتیدا مەسەلە حیزبی و سیاسییەکان تاوتوێ بکرێن و بڕیاریان لەسەر بدرێ. حیزب و ڕێبەرایەتیەکەی ناتوانن گرنگی و بایەخ بە بیروبۆچوونی بەدەنەی حیزب نەدەن و لە بەرانبەر فشاری بیروڕای گشتیدا بێ تەفاوەت بن.

سیاسەتێک، حیزبێک و ڕەوتێک کە هەست بە فشاری بیروڕای گشتی لەسەر خۆی نەکا، دەبێتە ڕەوتێکی بێ ڕەبت و جیا لە کۆمەڵانی خەڵک.

یەکگرتنەوە ئاکامی بیرکردنەوەیەکی دوور و درێژە. ئاکامی بیرکردنەوەی ڕێبەری و بەدەنەی حیزبە و ئاکامی خۆهەڵسەنگاندنەوەی ڕێبەری و حیزبە بەگشتی؛ بۆیە ئەو یەکگرتنەوەیە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی و تەشکیلاتیمانە و یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان، بزووتنەوەکەشمان بەهێزتر دەکا. هەربۆیە کارێکی دروستە، بەڵام دەبێ لە دەسکەوتێکی تەشکیلاتییەوە بیکەینە سەرکەوتنێکی سیاسی و میللی و نەتەوەییش.

دەکرێ و ڕەوایە ڕەخنە لە حیزب و ڕێبەریی خۆمان بگرین، بەڵام قەت نابێ وێنە گەورەکە ون کەین. واتە دەبێ هەمیشە ئامانجە بنەڕەتییەکانی میللەتەکەمان لەبەرچاو بێ و بەدوای وەدیهێنانی ئەوانەوە بین. ئەگەر خۆمان بەرانبەر خۆمان نەوەستین و وزەکانمان بەفیڕۆ نەدەین، زوو دەتوانین لە ڕەوتی خەباتدا کەموکوڕییەکانمان چارەسەر بکەین. ئەوەندە بەسە تەماشای میللەتەکەمان بکەین و بزانین ئەوان لە چ هەلومەرجێکدا خەبات دەبەنە پێش. ئەگەر ئیلهام لەوان واتە لە میللەتەکەمان وەرگرین، بەسەر کەموکوڕییەکانی خۆشماندا زاڵ بین. ئەوە ئەو دەرسەیە کە یەکگرتنەوە فێری کردین.

لەو چەند ساڵەی دواییدا گەلێک ئاڵوگۆڕی گەورەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە و لە کوردستاندا ڕوویان داوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەریی خۆیان لەسەر حیزب و تەشکیلاتەکەی هەبووە، شوێنەواریان لەسەر سیاسەتی کوردی و حیزبی کوردیش هەبووە. ئێستا ئەگەر لەخۆمانی نەگۆڕین هەموو تێگەیوین کە سیاسەت و حیزبایەتیش لە کوردستان پێویستی بە سەرلەنوێ خوێندنەوە و، میتۆد و بیرکردنەوەی نوێ هەیە. حیزبی دیموکرات حیزبێکی جەماوەرییە. حیزبێکیش کە ناسنامەیەکی جەماوەریی هەیە، هەمیشە هەر جەماوەری دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە نیشانەی پوختەبوونی حیزب بەگشتییە، نیشانەی پوختەبوونی ڕێبەریی حیزبیشە. بە جۆرێک کە ئەو ڕێبەرییەی ئێستا بۆخۆی بۆتە ئاڵاهەڵگری ئەو سالمسازییە لە حیزبی ئێمەدا. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە ئاکامی بە سەرنجام گەیشتنی دیالۆگی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵی نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبە، دەبێ بزانین کە ڕێبەریمان بۆخۆی ڕاهێنەر و مامۆستای ئەو وەرزشە دەستەجەمعییەمان بووە.

هەموو تێگەیوین کە سودێک لە جێگۆڕکێی ئیلیتی حیزبی و تەشکیلاتیدا نییە. دەبێ ئاڵوگۆڕ لە مەتن و زەمینە و میتۆدەکانی کاری سیاسی و حیزبیماندا پێک بێت. ئەگەر بتوانین ئەو دەرسە چاک فێربین، خزمەتێکی زۆرمان بە حیزب و تەشکیلاتی حیزب کردوە. ئەو یەکگرتنەوەیە لاپەڕەی زێڕینی کاری حیزبی و تەشکیلاتی ئەو چەند ساڵانەی دواییمانە.

ئایندەی خەباتی ئێمە و حیزب و بزووتنەوەی ئێمە زۆر ڕوونە، ئەو یەکگرتنەوە سەرەتای چوونەدەری ئێمەیە لەو توونێڵەی تێی کەوتبووین. ئەو قسانەم لە ئارەزووپەروەرییەوە سەرچاوە ناگرن، لە خۆشبینیشەوە نایەن کە مەرجی بنەڕەتی کاری سیاسی و حیزبیین. بەڵکوو لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن کە بە میلیۆن کەس گوێ لە پەیام و قسەی حیزبی ئێمە دەگرن، بچووکترین دەرفەت بێتە پێش نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێرانیشدا بە هاودەنگی دەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی دیکە، هێزی هەرە کاریگەر و پارامیتری هەرەجدین لەسەر وەزعی سیاسی ئێران و ناوچەکە. مەیدانێکی گەورە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی بزووتنەوە بکەن هاتۆتە پێشێ، ئەو یەکگرتنەوەیە مەیدانەکە لەوەش گەورەتر دەکا، بۆ زۆربەمان مەیدان هەر لە ئێستاوە گەورەتر بووە. ئەوە ئێمەین دەبێ بگەینە ئاستی ئەو مەیدانە تا بتوانین یاریی تێدا بکەین. با خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو بەرپرسایەتییەی ئەو یەکگرتنەوە دەیخاتە سەرشانمان.

**دواقسە:**

ئەو یەکگرتنەوە ناتوانێ هەموو گیروگرفتەکانمان چارەسەر بکا، بەڵام دەتوانێ دەرفەتی زیاتر بۆ دیتنی کەموکوڕییەکانمان و بەڕەسمییەتناسینی کێشەکانمان پێک بێنێ. ئەوەش تووشی چەلێنجی تازە و نوێمان دەکا و شانسی زیاتر بۆ گەشە و پوختەبوون و هەڵدان و گەورەبوونی زۆرتری حیزبەکەمان پێک دێنێ. ئامانجی تەکامول گەشە و ئاڵوگۆڕ و هەڵدانی زۆرترە. حیزبی ئێمە لە ڕەوتی ژیان و خەباتی خۆیدا هەروا هاتوە و گەورەتر و بەهێزتر بووە. لە داهاتووشدا هەر وا دەبێ. نەخۆشییەک ئەگەر نەتکوژێ بەهێزترت دەکا. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ئەزموونە سەختەدا ئێستا لە هەمیشە بەهێزتر هاتۆتەدەر و بەهێزتریش لە مەیدانی خەباتدا دەڕواتە پێش. با هەرکاممان تێبکۆشین بە مایەدانان لە خۆمان و تواناکانمان کۆمەگ بە چوونەپێشی حیزبەکەمان بکەین و لەو ڕێگایەوە خۆشمان بەرەو بەرزی و گەورەیی هەڵکشێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## لە یەکگرتنەوە گرینگتر




ئەلبورز ڕۆنین‌تەن

زۆر جار ئەوانەی کە لەسەر حیزبی دێموکرات دەنووسن بۆ نیشاندانی کاریگەریی ئەو حیزبە لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە چەمکی داینەمۆی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات کەڵک وەردەگرن. ئەو چەمکە زیادتر لەوەی کە بە مەبەستی بانگەشەکردن بێت بۆ ئەو حیزبە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتانەی کە لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە و هەروەها ڕۆڵی ئەو حیزبە لە قوناغی جیاوازدا، لە هەڵگیرساندن و ئاراستەکردنی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات هەن. لە هەمووی ئەو قوناغانە هەرکات حیزب بەهێز بووبێت شۆڕشی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەشەی بە خۆیەوە دیتوە. ئەو ڕاستییە بە قوربانییەکی زۆری ئەو ڕێکخراوە لە پێناو دابینکردنی مافی نەتەوەیی بەدی هاتووە.

لەو مێژووە پڕ لە سەروەرییەدا کە بێ کەموکووڕیش نەبووە یەک بابەت هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو حیزبە کە گۆرانکاریی زۆری بە سەردا نایێ، پێگەی ئەو حیزبە لەنێو گەلی کورددایە. هەر ئەو بابەتەش وایکردوە کە هەر جووڵەیەکی ئەو حیزبە شوێندانەری ڕاستەوخۆی لە گۆڕەپانی خەباتدا هەبێت. هەربۆیەش بە داینەمۆی شۆڕش وەسف دەکرێت. لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە بڕیارێکی دروست و پێویست و لە شوێنی خۆی حیزب بڕیاری یەکبوونەوەی خۆی دا، دیتمان

ڕەنگدانەوەیەکی زۆر ئەرێنیی لە ڕۆژهەڵات و دونیای سیاسەت و میدیا هەیبوو، بە دیتنی شەپۆلی خۆشحاڵیی خەڵک بە گشتی و دڵسۆزان و لایەنگرانی ئەو حیزبە بەتایبەتی ئەو ڕاستییە جارێکی دیکە سەلمێنرا کە پێگەی حیزب لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری لە ئاستێکی بەرزە. ئەو پێگەیە وا دەکات کە وەک هەمیشە بە داینەمۆی شۆڕش و شوێندانەری ئەرێنی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی بناسرێت، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەو نووسینەیە گواستنەوەی ئەو ڕەنگدانەوەیە ئەرێنییەی ئەو بڕیارە درووستەی حیزب نییە، چونکە زۆ باسی لە سەرکراوە، هەموو کوردێکیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەستی پێ کردوە؛ بەڵکوو پێویستە باس لە قوناغی دوای ئەو بڕیارە بکرێت. چونکە ئەو شەپۆلە گەورەیە لە خۆشحاڵی و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک لە هەمان کاتدا بەرپرسیارەتییەکی قورس دەخاتە سەر شانی ئەو حیزبە، ئەو بەرپرسیارەتییە و پێداویستییەکانی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵات و خەبات کە یەکبوونەوەی دێموکراتی ئافراندووە کە یەکجار زۆر گرینگە، دەخوازێ گەلێک هەنگاوی گرینگی دیکە بهاوێژرێت بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییە سەرکەوتنی زیاتر بە دەست بێنێ کە سەرکەوتن لەو بوارەدا شوێندانەری ڕاستەوخۆی لە بزاڤە ڕەواکەی گەلەکەمان دادەنێت.

گرینگتر لە یەکگرتنەوە پاراستنی ئەو یەکگرتنەوەیە لە داهاتوودایە. دوژمنانی نەتەوەی کورد هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەوەی کورد لاواز بێت، هەوڵی دابەشکردنی کوردستان و کوردیان داوە، تەنانەت هەندێک جاریش کورد بۆ خۆی پەرەی بەو دابەشبوونە داوە، تەنانەت نەیتوانیوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکیشدا ئەو یەکڕیزییە بپارزێ، لە ئاکامدا بزووتنەوەی کورد لاواز بووە، بە پێچەوانەوە هەر یەکبوونێکی کورد لە ئاستی جیاوازدا، بەهێزیی شۆڕشی لێ دەکەوێتەوە، کە واتە پێویستە ئەو یەکبوونە وەک گلێنەی چاومان بپارێزین. بەڵام ئەمە چۆن وەدی دێت؟ بێگومان بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕابردوو دەتوانین ئەو هەنگاوانە بگرینە بەر کە ئەو یەکبوونە بەهێز بکات.

لە قوناغی دوای یەکبوونەوەمان گرینگتر، بەهێزکردنی بوارە جیاوازەکانی خەبات لە ئاستی جیاواز بە کەڵکوەرگرتن لە پرۆژە و بیرو هزری زانستی و سەردەمیانەیە کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکرات بە هۆی ئەو پێگە جەماوەرییە و پوتانسیەلە گەورەیەی هێزی مرۆیی داهێنەر کە هەیەتی، دوژمن بەتەواوی لێی دەترسێ و هەروەها بە شەڕی نەرم دەیهەوێ ئەو پوتانسیەلە لە حیزب دوور بکەوێتەوە. هەر بۆیە ئەو پوتانسیەلە دەتوانێ هەموو بوار و ئاستەکانی شۆڕش بەهێز و بەهێزتر بکات.

لە یەکگرتنەوە گرینگتر گواستنەوەی ئەو یەکگرتنە بۆ ئاستی هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکانە لە ڕۆژهەڵات چونکە حیزبی دێموکرات هیچ کات بە هێزی گەورەی خۆی لە خۆبایی نەبووە، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی داوە کە یەکڕیزی لایەنەکانی ڕۆژهەڵات پەرە پێ بدات، لە دوای هەنگاوی یەکبوونەوە ئەو بابەتە پێویستە زیاتر لە جاران بە هەبوونی پرۆژەی دیاری

کراو لە ئاستی جیاواز بۆ دۆسیەی کورد لە داهاتووی ئێراندا ڕەچاو بکرێت.

داینەمۆبوونی شۆڕش وا دەخوازێ کە حیزب ئەو هەنگاوانە بە جیدییەتی زیاترەوە هەڵبگرێ و لە قوناغی نوێدا بەرەو هەنگاوی گرینگتر لە یەکبوونەوەشمان کە هەنگاوێکی لە ڕادەبەدەر گرینگە هەڵبگرێت. دکتور قاسملووی نەمر کە ڕۆڵێکی گرینگی لە بووژاندنەوەی ئەو ڕێکخراوەیە هەبووە، مانەوەی بەردەوامی ئەو حیزبە لە گۆڕەپانی خەباتدا بۆ سێ فاکتەری هەبوونی سیاسەتی دروست، پێگە و پشتیوانی جەماوەری و هەروەها قارەمانێتی پێشمەرگە دەگەڕێنێتەوە. ئەمڕۆ بە ڕوونی ئەو سێ ئەسڵە لە بڕیارەکانی حیزب لە یەکبوونەوە و بەرەو بەهێزکردنی شۆڕش بە ڕوونی دەبیندرێ، هەربۆیەش کاتی هەڵگرتنی هەنگاوی گرینگتر لە یەکبوونەوە هاتووە.

بێگومان بە هەوڵ پشتیوانی هەموو لایەک هەنگاوی گرینگتر لە حیزبی دێموکرات دەوشێتەوە و ئەوە هەم ئەرکە و هەم کارێکی کردەنی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## یەکگرتن و پێشکەوتن




**پێژمان شەریعەتی**

له ڕوانگه و زانسته جۆرواجۆرەکاندا به تایبەت کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری و ... به بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە کراوە که کۆمەڵگەکان بەپێی پێوەرە نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهان پەیویستیان به یەکگرتوویی هەیە، له ڕاستیدا ئەمە ستایلێکی ژیانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی له جیهانی مودێرنە.

یەکگرتوویی هێز، ئەندیشە و ڕێباز دروست دەکا و تاکەکان له خزمەت به هەموو کۆمەڵگە ڕەوتی باشتر دەگێڕن، ئەمە له حاڵێکدایە که یەکگرتوویی لەوانەیە بۆ ئامانجێکی ڕۆخێنەریش ڕوو بدات، وەکوو گرووپێکی تێرۆریستی، مافیایی و دیکتاتوری، بەڵام به گشتی یەکگرتوویی زۆرتر له ڕوانگەی پوزتیڤ هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ و بۆ ئامانجێکی ڕەوا وڵامدەرە.

له کولتووری ئێمەی کورددا بەتایبەتی لەو کاتەوە که کوردستان داگیر کراوە، کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبەران و بیرمەندانی

کوردستان بە بەردەوامی باسیان لەوە کردوە کە خاڵی سەرەکیی سەرکەوتنی کورد یەکگرتووییە، یان بە شێوازێکی دیکە خەڵک باس لەوە دەکەن کە "یەکگرتوو نین بۆیە سەر ناکەوین" ، ئەم قسەیە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە و ڕەنگە لە ڕوانگەیەکی سادە و ساکار چاوی لێ بکرێت، بەڵام ئەمە بەشێکە لە ڕاستیی دەروونیی کۆمەڵگەی کوردەواری و لە ڕوانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، زۆر هۆکار هەن کە دەبنە هۆی ئەم دۆشداماوییە و دووپاتکردنەوەی وای کردوە لە زەینی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگیر بێت.

بەشێکی سەرەکی بۆ ئەم شێوازە لە ڕوانین بە نیسبەت کورد و داهاتوو، دەگەڕێتەوە سەر سیاسەت و پیلانەکانی داگیرکەر، کە دەیهەوێ بە بەردەوامی بە شکستدان و دروستکردنی دووبەرەکی و لەتکردنی کۆمەڵگەی کوردستان بەسەر زاراوە، ئایین و خەتی فکری و سیاسی، ئیرادەی گشتی و هێزی نیشتمانی لە کۆمەڵگەی کوردەواری بستێنێت. لەم نێوانەدا بەشێک لەم پروپاگاندا و پیلانانە بەدژی حزبە کوردستانییەکان بکار دەبردرێ و لە لایەکیش بەشێکی زۆرینەی کۆمەڵگە وەکوو تاکێکی نیشتمانپەروەر ئەو چاوەڕوانییەیان هەیە بە نیسبەت حیزبە کوردستانیەکان، کە هەم وەکوو جەریانی سیاسی یەکگرتوو بن، هەم هەوڵ بدەن کە کۆمەڵگە یەکگرتوو بکەن.

حیزبێک وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێشەنگە لە ڕەوتی خەباتی دێموکراتیک لە کوردستانی ئێران، کە 77 ساڵ بەسەر تەمەنی ئەم حیزبەدا تێپەڕ دەبێت و لە درێژەی خەباتی خۆیدا زۆر شانازی و دەسکەوتی بووە بۆ نەتەوەکەی و هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، چاوەڕوانییەکان بە نیسبەت ئەم حیزبە زۆرترە و بەرپرسایەتیی نیشتمانیی قورسی لە ئەستۆدایە، کە بە خۆشییەوە دیسانەوە سەلماندی کە باوەڕی بنچینەیی بە دێمۆکراسی و کاری ڕێکخراوەیی هەیە و بەرژەوەندیی نیشتمانی لەسەروو هەموو باس و بابەتێکە بۆ حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
لێرەدا یەکگرتوویی دێموکرات، جیا لەو هەستی بە بەرپرسیارەتییانە، دەسکەوتی زۆری بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت بە تایبەتی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات.

حیزبی یەکگرتووی دێموکرات بەسەر خستنی هێز و تواناکان، ڕێگر دەبێ لە پەرتەوازەیی هێز و دابڕانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.


لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تێپەڕاندنی کۆمەڵگەیەکی مکانیکی کە پێوەرەکان تەنیا عەشیرە، ئایین، بنەماڵە و ...ن، بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئورگانیک کە بەرژەوەندی گشتی، ئەرک و تواناکانە، کاریگەری حیزبی دێموکرات چ لە ساختاری حیزبی چ لە ساختاری کۆمەڵایەتی بەرچاو دەبێت.

واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەنتگرەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری دەتوانێ ببێتە هێزێکی شوێندانەر و بەشداریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کومەڵگادا بباتە ئاستێک کە هەتا ئیستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموون نەکراوە. بە تایبەتی کە هێڵەسوورەکانی نیشتمانی و دێموکراسی و بەرژەوەندی گشتی بوونە پێوەری سەرەکی، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە تایبەتی باشووری ڕۆژهەڵات خۆیان باشتر تێدا دەبیننەوە و لە بەرامبەردا حیزبی دێموکرات دەبێتە خاون هێزێکی بە توانـاتر کە هیچ داگیرکەرێک نەتوانێت لە بەرانبەر ئازادیخوازی و مافی نەتەوایەتی ڕێگر بێت. ئەمەش پێویستیی بە خوێندنەوەیەکی وردتر و ڕوانینیکی هەمەلایەنە هەیە تاکوو ڕەوتێکی سیاسی بتوانێت دیسکورس و پلانەکانی گشتگیر بکاتەوە، کە بە دڵنیاییەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جەریانەکانی سیاسی بزوتنەوەی کوردی، حیزبی دێموکرات لە سەرەوەی هەموویاندایە، بەو واتایە کە توانای ئەنتگرە کردن و بە جەماوەری کردنی گوفتمان لە حیزبی دێموکرات زۆرترە. کاتێک کە تاک و کۆمەڵ هەست بەوە بکەن کە بەشێکن لە هەر جەریانێک و داهاتوویان گرێ دراوە بە بەرژەوەندی گشتی و لەم نێوانەدا مەیدانێک هەیە کە ئەو هەلە دەرەخسێنێ، بە دڵنیاییەوە بە ئامانج نزیکتر دەبێتەوە و سەرکەوتنی مسۆگەر دەبێت.

بۆیە حیزبی یەکگرتووی دێموکرات ئەو خوێندنەوە و ڕوانینەی بەباشی هەست کردووە و بە کردەوە مەیدانی خەباتی کوردایەتی بەربڵاوتر دەکاتەوە و لە گوزار بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئورگانێکی مودێرن کە بەرژەوەندیی وڵات لە سەرەوەی هەموو شتێکدایە بەردەوام دەبێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

## گەلاوێژێک کە حوکمی نەورۆزێکی هەبوو



**ئاسۆ مینا**

ڕێبەریی بزووتنەوەیەک کە چەندین ملیۆن مرۆڤ چاویان لەسەریەتی، ئەگەر لە مێتۆد و ڕێگای ڕەسەنی خۆی لا بدا و لە جیاتی دژایەتیی دوژمن، وزە و هێزی خۆی لە باڵباڵێنە و شەڕی دەسەڵات بدا، خەسار و زیانە مەعنەوییەکانی بەسەر تاک بە تاکی کۆمەڵگادا دەشکێتەوە و ئەوەی هیوا بێ بۆ خەڵکی ناهێڵێتەوە و ئەگەر گەلێکیش بێهیوا کرا، لە هەموو بارێکەوە درز و کەلێنی تێدەکەوێ.

لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو شازدە ساڵەدا، نیگەرانییەکی گەورەی لە مێشکی تاک بە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دروست کردبوو، بە شێوەیەک کە هەر کات بیر لە دابڕان و لێکترازانی ئەو حیزبە دەکرایەوە، مێشکەکان ئازاریان دەدیت و خراپتر لەوەش ئەوە بوو کە هەر جارەی هەوڵ بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی ئەو حیزبە دەدرا، لەگەڵ شکست و بەئەنجامنەگەیشتنی ئەو پرسە بەرەوڕوو دەبوو و بە ڕێژەی ئەو نیگەرانییە لەنێو مێشکی تاکەکانی کورددا زیاتر دەبوو. ژمارەیەکی زۆر کەس، بە نیگەرانی لەو لێکترازانە وازیان لە خەبات هێنا. ئەو دابڕانە دوای ئەوەی کە ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی ئەو حیزبەی لێک هەڵبڕی، ئەو گرفتەی گواستەوە بۆ نێو خەڵک. لەو ساڵانەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئازاری دووبەرەکییەوە دەیناڵاند، لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنێک کە باسی ئەو پرسە دەکرا، کێشە و ناکۆکی لێ دەکەوتەوە. زۆر جار برا لەگەڵ برا یەکتریان

نەدەدواند و زۆر جار لەسەر ئەو پرسە ڕووداوی زۆر ناخۆش ڕووی داوە. ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە ئەوەیە کە تەنیا خۆمان زەرەرمان کرد و ئەوەی قازانجی کرد و بزەی کەوتە سەر لێوی ناموبارەکی، هەر دوژمن و نەیاری کورد بوو.

پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان لە ماوەی ئەو شازدە ساڵەدا دڵەخورپەیەکی گەورە بوو کە لە لای هەر تاکێکی کورد هەبوو و خەڵک لەبەر پێویستیی ئەو پرسە قەت نەیتوانی وازی لێ بێنێ و یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی خەڵک لەو شازدە ساڵەدا بوو. خەڵک کاری بەوە نەبوو کە لە حیزبی دیموکراتدا کێ لەسەر حەقە و کێ ناحەق. تەنانەت حەزی بەوەش نەدەکرد کە ڕوونکردنەوەی بۆ بدرێ، چونکە ڕوونکردنەوەکان لەو ساڵانەدا تەنیا مەبەستی شکاندنی یەکتری تێدا بوو. خەڵک ئەو حیزبەی بە هەمووانەوە دەویست نەک بەشێک بە تاقی تەنیا.

سەرەڕای زاڵبوونی بێهیوایی بەڵام خەڵک هەر هیوادار بوون، چونکە حیزبی دیموکرات لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا زۆر قۆناخی ناخۆشی تێپەڕ کردووە و خەڵک بەو مێژوویە ئاشنایە و دەزانن کە دوای هەر کەوتنێک هەڵدەستێتەوە و دوای هەر بێهیواییەک، هیوای گەڕاندووەتەوە بۆ خەڵک.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین دابڕان و لێکترازان، گرێکوێرەیەک بوو کە خەڵکی تووشی بێهیوایی کردبوو و هێز و وزە و برەوی حیزبی دیموکراتی هێنابووە خوارەوە. ئەو کەموکوڕییانە لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی حیزبدا چاک هەستیان پێ دەکرا و هەر چەند دوو لایەنی دیموکرات لەو ساڵانەدا بەجیا لە چالاکیی خۆیان لە هەموو بارێکەوە بەردەوام بوون، بەڵام یەکگرتوویی وەکوو کۆکەرەوەی تواناکان و ڕەواندنەوەی بێهیوایی و سارێژی هەموو برینەکان داوایەکی لەجێی خۆیدا بوو و ئەو پێویستییە قەناعەتی بە هەموو لایەک هێنا کە دەبێ ئەو پرسە بگاتە ئامانج.

لە کۆتاییدا حیزبی دیموکرات، بە هەست بە بەرپرسایەتی و ئەرکداری بەرامبەر داوای گەلێک کە لە سەرەتادا بە قازانجی خودی حیزب بوو، هەستا بە یەکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆی و جێگە و پێگەی ڕاستەقینە و لەدەستچووی خۆی وەدەست هێناوە و جارێکی دیکە درز و کەلێنەکانی نێو خەڵکی پڕ کردەوە و شادییەکی وای بە خەڵک بەخشی کە دەتواندرێ بۆ مێژوو وەکوو هەنگاوێکی مێژوویی پرشنگدار باسی بکرێ.

حیزبی دیموکرات بە وەرگرتنی سیگناڵەکان لە نێوخۆی حیزب، لە خەڵکی کوردستان و لە دەرەوە یەکگرتنەوەی بە ئاکام گەیاند. کاری باش هەتا زوو بکرێ باشترە و یەکگرتنەوەی حیزب وەکوو هەنگاوێکی مێژوویی و لە بەرژەوەندیی خەڵک ڕەنگە ئەگەر زووتر کرابا چاکتر بوو بەڵام ئێستاش درەنگ نەبووە و دەتواندرێ بگوترێ لە ئێستاشدا لە جێگای خۆیدا

بوو.

لە ڕاستیدا ئەو یەکگرتنەوەیە جگە لە ڕەواندنەوەی بێهیوایی لەلای خەڵکی کوردستان و هیوادارکردنەوەیان بە خەباتێکی گشتگیر بەرەو ڕزگاری، مەتەڵ و لاتاو و گفتی ژەهراوی دوژمنی غەدداری پووچەڵ کردەوە. خامنەیی لە یەکێک لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیدا باسی ئەوە دەکا و دەڵێ کە "ئەوانە دەیانەویست کوردستان تەجزیە بکەن، خۆیان تەجزیە بوون" یا بە درێژایی ئەو ساڵانە زۆربەی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە لاتاوی ئەوەیان داویشت کە حیزبی دێموکرات نەماوە و لە بیری خەڵک چووەتەوە، بەڵام دەسپێکردنەوەی خەباتی حیزب لە ساڵی ٩٥ و ڕاسانی خۆرهەڵات و چوونەوە ناو خەڵک و لە هەمووان گرینگتر یەکگرتنەوەی ئەو حیزبە لە ئێستادا، هەموو قسە نامۆ و شووم و لاتاو و گفتە ژەهراوییەکانی ڕێژیمی کردەوە هیچ و دوژمنی دەم لە پووش کرد.

لەوەبەدوا حیزبی دێموکرات، لە هەموو بارێکەوە ئەرکێکی گرانتر و گەورەتر و قورستری دەکەوێتە سەر شان. پێویست دەکا لە باری دەروون حیزبییەوە بە سیستمێکی نوێ خۆی بەرێوە ببات و ختوورەی دابڕان و شکست نەهێڵێت و هەموو هەوڵی خۆی بۆ کار لەسەر تواناییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بخاتە گەڕ. تا دەتوانێ کار لەسەر بەرێکخستنکردنی زیاتری چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بکات و لە دەرەوەش برەوی دیپلۆماسیی خۆی زیاتر بکات و دەنگی خەڵکی کوردستانی ئێران بێ لە دەرەوە و پشتیوانیی دنیای دەرەوە بۆ لای مافە ڕەواکانی گەلی کورد ڕابکێشێ.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## تێکەڵبوونەوەی دێموکراتەکان و چەند وتەیەک

**لوقمان زەهرایی**

به دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی وەسەریەککەوتنەوەی حیزبەکانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وحیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ١٦ ساڵ لێکدابڕان له لایەن بەشی ڕاگەیاندنی هەردووک حیزبەوە ،شەپۆلێک له خۆشی وشادی و هەروەها بیروڕای جیاواز له مەڕ ئەو بابەتە چ بە ئەرێنی وچ بە نەرێنی له سەر تۆره کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبۆتەوە. منیش بەش بە حالی خۆم وێرای پیرۆزبایی له سەرکردایەتی و ئەندامان ولاینگران وهۆگرانی ئەو حیزبە بە تەمەنی ٧٧ ساڵیەوە، حەز دەکەم لەو پەیوەندییەدا ڕاوبۆچوونی خۆم له چەند خاڵ دا باس بکەم.

**یەکەم: کاریگەرییەدەرونی ونەفسییەکانی ئەو لێکدابڕانە**

**ئەو پرسیارەی لای زۆر کەسان دروست کردبوو کە هۆکاری ئەو لێکترازانە بۆچی وله پێناوچیدا بوو؟**

ئەگەر خەساری ١٦ ساڵ لێکترازن کە دەرەنجامەکەی دووبەرەکی ودژایەتی و ڕقابەتی ناسالم و هەوڵدان بۆ یەکتر پەراوێزخستن وتەنانەت له هیندێک حالەتدا تا ئاستی دوژمنایەتی یەکترکردن چووبوو پێش له گۆشەنیگای دەرونناسانەوە هەڵسەنگێنین، دەبینین کە ئەو لێکدابڕانە کاریگەری زۆر قوولی دەرونی ونەفسی له سەر تاک تاکی ئەندامانی هەر دووک

حیزب، بنەماڵەکانیان وبنەماڵەی شەهیدەکانی هەردووک حیزب دانابوو، بە جۆرێک کە هەردووک لا خۆیان بێبەری دەزانی لە هەڵەوکەم وکۆرییەکان ولایەنی بەرامبەرییان بە تاوانباری ئەو کارەساتە دەزانی کە بە سەر حیزب داهاتبوو. جۆرێک لە ڕق وکینە ولە یەکتر بێزاربوون دروست ببوو کە شەڕە جنێو و سووکایەتی وناوزڕاندنی یەکتر وتەنانەت تۆمەت لێدان لە ڕێبەرانی هەر دووک حیزب لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دا بە بەربڵاوی بەرچاو دەکەوت و بەداخەوە ئەو لێکدابڕانە ١٦ ساڵی ڕەبەقی خایاند وئاسەواری زۆر خراپی لە دوای خۆی جێهێشت.

### دووهەم. بواری تەشکیلاتی و ڕێکخستن

**پرسیارێک کە لێرەدا دێتە پێش ئەوەیە کە حیزب بۆچی کۆنگرە دەگرێ؟** ئایا کۆنگرە هەر بۆ ئەوەیە کە ئەرکێکی ئەساسنامەیی جێ بە جێ کرابێ وحیزب بە پێی ئەو زەمەنەی کە بۆ گرتنی کۆنگرەکانی لە ئەساسنامە دا نووسیویێتی ئەرکدارە کە لە کات وساتی خۆیدا کۆنگرە ببەستێ و بە خەڵکی نیشان بدا کە چەندە پابەندی ئەساسنامەکەی خۆیەتی و چەندە باوەری بە دێموکراسی هەیە؟

لە حیزبی دێموکرات دا بە ساڵانە دوو شت زۆر زەق کراوەتەوە وزۆریش پێداگری لە سەر کراوە، دێموکراسی ودێموکرات بوونی حیزب، چونکە ناوەکەی حیزبی دێموکراتە، کەواتە ئەو حیزبە ڕێزی تەواو لە مافەکانی ئەندامانی خۆی دەگرێ و گرتنی کۆنگرەش ئەو ڕێزگرتنە تەکمیل دەکا.

حیزبێک کە لە ناو ڕێکخستنی خۆی تووشی گیروگرفت دەبێ وتەنانەت زۆرینەی ئەندامانی کە بەدەنەی حیزب پێکدێنن لە بڕیارە گرینگ وچارەنووس سازەکانی حیزب پشت گوێ دەخرێن وڕاوبۆچوونیان بە پێێ پێویست لەبەر چاو ناگیرێ ناتوانێ باسی دێموکراسی ودێموکرات بوون بکا، چونکە دێموکراسی تەنیا هەر دەنگدان نیە وەکوو ئەرکێک کە بۆ تاکی حیزبی ویان تاکی ناو کۆمەڵگا دیاری کراوە، بەڵکوو پاراستن وڕێزگرتنی مافەکانی ئەو تاکە چ لە ناو حیزب وچ لە ناو کۆمەڵگا دا زامنی سەرەکی چەسپان و جێگیربوونی دێموکراسی لە ناو کۆمەڵگادایە.

خۆی حیزب کە دەخوازێ لە ڕێگای سیاسەوە بە دەسەڵات بگا دەبێ لە ناو خۆیدا تەمرینی ئەو دێموکراسییە بکا کە هەم ئەندام ئەرکدار دەکا بە ئەرکەکانی وهەمیش مافەکانی دەپارێزێ. کەوابوو لێرەدا کێشەکە لە قەوارەی ساختاری تەشکیلاتی وڕێکخستنی حیزبدا ولە شێوازی تێگەیشتن لە دێموکراسی دایە وتا ئەو ساختارە وئەو دابەشکردنی دەسەڵاتە لە ناو حیزب دا چارەسەر نەکرێ، گرتنی کۆنگرە چارەسەری کێشە دەرون حیزبیەکان ناکا وهەمووکات مەترسی لێکدابڕان و لێک

جیابوونەوە لە حیزبدا لە گۆڕێ دادەبێ. دەبێ ئەندامانی حیزب بەشدارییان پێ بکرێ لە دابەشکردنی دەسەڵات ولە بڕیارە چارەنووس سازەکانی کە چارەنووسی حیزب دیاری دەکا.

**بۆیە وەکوو پێشنیار**، ڕام وایە کە دەبێ ئەو قەوارە وساختارەی کە بەساڵانە کاری پێکراوە وکۆن بووە ونەک هەر وڵامدەر نەبووە، بەڵکوو کێشەخولقێن بووە وحیزبی تووشی قەیران کردووە، نوێژەن بکرێتەوە و خوێنێکی تازە وەبەر دەمارەکانی حیزب بگەڕێتەوە. دەبێ هەم ساختاری ڕێکخستن وتەشکیلات وهەمیش جۆری دابەشکردنی دەسەڵات لە ناو حیزب دا بە پێی بنەما دێموکراتیکەکان دابڕێژرێتەوە ونەخش ورۆلی زۆر زیاتر بە ژنان بدرێ لە بەڕێوەبەری حیزبدا.

من چەند ساڵ لەمەوبەر لە باسی یەکگرتنەوەی حیزب و قەوارەی تەشکیلاتی حیزب بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، باسی ئەنجومەنێکی حیزبیم کردبوو کە لە دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی کارایی و کاریگەری خۆی هەبێ و پێکهاتەیەک بێ لە ڕێکخراوەکانی لاوان، ژنان، خوێندکاران، کۆمیتەکانی حیزب لە شارەکانی باشوری کوردستان و کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت نوێنەری تەشکیلاتی نەهێنی ناوخۆی حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەرک وکاری ئەو ئەنجومەنە چاوەدێری بە سەر کاروباری ڕێبەری حیزب دادەبێ ودەسەڵاتی تەواوی دەبێ بۆ ئەوەی ڕێگر بێ لە پێشێلکردنی مافەکانی ئەندامانی حیزب وچەسپاندنی یاسایەکی دێموکراتیک لەناو حیزبدا وکەس لە سەرەوەی یاسا نەتوانێ حیزب وەکوو ملک ومالی خۆی سەیربکا و بەکاری بێنێ.

### پێشنیاری دووهەم، چۆنیەتی هەڵبژاردنی ڕێبەری حیزب

بنەمای سەرەکی ودووبەرەکی کە یەخەی حیزب گرتووە چۆنیەتی هەڵبژاردن ودیاریکردنی ئەندامانی حیزب بووە بۆ ڕێبەری بە تایبەت شەخسی یەکەمی حیزب وجێگرەکانی وئەوانەی لە ناو بازنەی کۆمیتەی ناوەندیدا بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێردرێن.

باشترین ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی یەکەم شەخسی حیزب ئەوەیە کە بێتە ڕقابەتی وسەرۆکی حیزب ویەکەم شەخس بەرنامە وپرۆژەی هەبێ. یانی لە نێوان چەند کەسان دا کە لە خۆیان ڕادەبینن ببن بە سەرۆکی حیزب وحیزبەکە بۆ ماوەی ٤ ساڵ یان بلێێن دوو دەورە سەرۆکایەتی بکەن دەنگ بە لێهاتوویی وبە بەرنامە وپرۆژەکانیان بدرێ. نەک ئەوەیکە وەللا فلان کەس زۆر پیاوی چاکە و زۆر نەجیب وشەریفە. دەورەی زەمەنی بۆ یەکەم کەسی حیزب کە جوانترە بکوترێ سەرۆکی حیزب

نەک سکرتێری حیزب دوو دەورەی ٤ ساڵە بێ وئیتر دوای دوو دەورە ئەو کەسە بۆی نەبێ ببێتەوە بە سەرۆکی حیزب.

ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەری حیزبیش دەکرێ بە پێی کۆی ئەندامانی حیزب دیاری بکرێ نەک بە پێی نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرە. واتە، وای دابنێین، ئەگەر حیزب ٥٠٠٠ ئەندامی فەرمی وچالاکی هەبوو، دەکرێ بۆ هەر ١٠٠ ئەندام یەک کەس بۆ ئەندامی ڕێبەری حیزب هەڵبژێردرێ و لە کۆی ٥٠٠٠ ئەندام، ڕێبەری حیزب دەبێتە ٥٠ کەس. بەو جۆرە ڕێبەری حیزب نوێنەری هەموو حیزب دەکا.

ئەنجومەنی حیزبیش کە بە جیاهەڵدەبژێدرێ، دەکرێ لە نوێنەرانی کۆمیتەکانی حیزب لە تەشکیلاتی نەهێنی ناوخۆ، کۆمیتەکانی حیزب لە باشور ودەرەوەی کوردستان واتە ئورووپا، ئامریکا، کانادا، ئوستралیا وڕێکخراوەکانی لاوان،ژنان، خوێندکاران، زیندانیانی سیاسی وپێشمەرگە دێرینەکان پێکبێ و ئەرک و وەزیفەیان چاوەدێری کاروباری ڕێبەری حیزب بێ لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## تاقە یەک خاڵی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لەبەرچاو بگرەو بەس!




**برایم جەهانگیری**

ئەگەر لێکترازانی حیز بی دێمۆکڕات یەکجار کارێکی نابەجێ و ناکوردانەو نانیشتمانی بوو، کە بوو، یەکگرتنەوە خاڵی وەرچەرخانێکی یەکجار گرینگ و دڵسۆزانە، نیشتمانپەروەرانە بوو کە لە مێژوو دا وەک خاڵی زێڕین تۆمار وباسی دەکرێ، ڕەنگە ئەو پرسیارە قوت بکرێتەوە بۆ و بە م هۆکار ئەو یەکگرتنەوەیە خاڵی زێڕینە؟

تۆ هەر بیهێنە بەرچاوی خۆت لە ئەگەری هەر ئاڵۆگۆڕێک دا لە ئێران دوو حیزبی دێمۆکڕات بەو وەزعەی کە هەیان بوو گەڕابانەوە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانە چ کارەساتێک دەقەوما، خۆ هەموومان دەزانین لە کاتی وادا دەرفەتی یەک دانیشتنیان نەدەبوو، بیریان لەیەکگرتن نەدەکردەوە، بەڵکوو هەرکامەو تەنیا بیریان بۆلای زیاتر بەدەسەڵات گەیشتنی خۆیان و قۆرغ کردنی هەرچی ناوچەو گوند و شارە دەکردەوە، ئەو شتێک نییە کەس بتوانێ حاشای لێ بکا، دەی ئاکامی ئەو رقەبەرایەتیە بە کوێ دەگەیشت؟ دیارە بە شەڕ و خوێنڕشتنی یەکتر! ئێمە نموونەمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دیوە بە دڵنیاییەوە هەمان سناریۆی خوێناوی لای ئێمەش دووپات دەبۆوە .دەساڵ زیاتر بوو من باسی ئەو خاڵەم دەکرد و لێی نیگەران بووم.

جا بزانە بە یەکگرتنەوەی دوو دێمۆکرات کوردی ڕۆژهەڵات چ کارەساتێکی لە کۆڵ بۆتەوە، بۆیە ئەگەر لایەک تەنانەت حیزبەکەشی فیدای یەکگرتنەوە کردبێ چ دەگا بە ئورگانێک هیشتا کەمە، بۆیە ئەگەر تۆ حیزبی نا بەڵکوو کوردێکی دڵسۆزی خاک و خەڵکی کوردستانی دەبێ هەموو هەوڵ و تێکۆشانت ئەوە بێ هەرچی خێراتر هەموو کۆسپە بچووکەکان لابرێن و هەموو تەشکیلاتەکان یەکبگرنەوە و ڕێکبخرێنەوە، لەو نێوەدا کێ زیاتر واز لە پلەو پۆست بێنێ، کێ زیاتر بۆ ئەوی دیکە دابشکێنێ زیاتر دێمۆکڕات و کوردتریشە. خەمی نیشتمان و خەمی ئاوات وئارەزووی شەهیدان و دایکی شەهیدانی زیاتر لەبەرە.

قوربانی هێممەتتان بم کاری گەورەتان کرد، خەمی گەورەی ڕۆهەلاتی کوردستانتان ڕەواندەوە، دڵی میلۆنەها کوردی نیشتمانپەروەرتان لە هەرچوار پارچەی کوردستان شاد و دوژمن و ناحەزانی دۆزی ڕەوای گەلەکەمانتان نائومێد کرد.
ئەوجار بەردەام بن لە یەکگرتنەوەی زیاتر، لە نێوان هێز و لایەنە کوردستانیەکان، بەرەو یەکگرتنەوەی زیاتر و بەرەو پێک هێنانی بەرەیەکی کوردستانی هەنگاوەکانتان خێراتر کەن. ئێستا دێمۆکرات کە بەهێزتر لە جارانە دەبێ زیاتر هەوڵی بەرەی کورستانی بدا، دەبێ لە خۆی و لە ئیمتیازە فۆرمیەکان خۆش بێ تا بەرەیەکی کوردستانی لە دایک بێ ئەو دەم هێزی ڕۆژهەڵات خۆ دەردەخا و دەکرێ ببێتە نوختە ئومێدی سەرتاپای خەڵکی کوردستان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## یادداشتەکانی دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دیمۆکڕات



بهزاد خوشحالی

شانزه ساڵ دوای لەتبوونی حیزبی دیمۆکڕات و هەنووکە یەکگرتنەوە، جیهان خێراتر لە هەر زەمەنێک، بەرەو سازمانە تۆڕ تەوەرەکان هەنگاوی هەڵگرتووەو چیدیکە ناتوانرێت بە مۆدێلی پێشووتر یاری بکرێت، بە مۆدێلی پێشووتر پرسەکان چارەسەر بکرێت و بە مۆدێلی پێشووتر، ئامانجەکان بپێکێندرێت.

لەم نێوانەدا، داهێنان و بەرپرسایەتی، دەتوانن دوو گرینگتر فاکتەر بن بۆ بەرەوپێشچوون.

داهێنان وەک زێدە کردنی بەکارهێنانی سەرچاوە باڵاکانی زانیاری و زانست، سەرمایەی مرۆڤی و بە زۆرینە کردنی تۆڕەکانی پێوەندی هەمەلایەنەو خێرایی پێویست و دواتر هەماهەنگی وپێکهێنانی تۆڕی بەرفراوان کە هاوکات هەڵگریکارلێککردن، کارامەیی و کارتێکەرییە.

کۆی ئەم خاڵانەی کە ئاماژی پێکرا لەگەڵ "ڕیسکی سازمانی"، دەتوانن پازێڵی نوێبوونەوە، بەرۆژبوونەوەو گەشەی دەمەزراوەیی و سەقامگرتوو بۆ حیزبی دیمۆکڕات تەواو بکەن.

هەروەها بەرپرسایەتی ڕێکخراوەیی کە هاوکات بریتییە لە بەرپرسایەتی دوو لایەنەی پێشمەرگە- حیزب لە یەکەم قۆناغ و دواتر بەرپرسایەتی حیزب - گەل، پێویستە ببێت بە تۆڕێکی یەکپارچە لە سەر ئەساسی ئەرک، بەها، متمانەو دواتر فەرهەنگ.

پەیکەربەندی ڕێکخراوەیی نوێی حیزبی دیمۆکرات لە قۆناغی نوێدا، پێویستی بەم خاڵانە هەیە کە باسی لێکراو واتا نوێکان، لەم بەستێنەدا، دەخولقێندرێن و بەهاو ئامانج و کردە تێیدا شین دەبێت.

حیزبی دیمۆکرات نابێت ئەوە لە بیر بکات کە وەک حیزبی دایک، هەڵگری بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگایەو لە داهێنان و بەرپرسیایەتیدا پێویستە هەمیشە ئەم خاڵە گرینگە لە بەر چاو بگرێت کە نابێت بکەوێتە نێو یاری ڕکابەری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەدا.

ئاشکرایە کە پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکڕاتیش لەم خوێندنەوەدا، سەرەتا پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکڕاتەو دواتر بە هۆکاری بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی، ئەرکی تەواوی ئەو، پێشمەرگایەتی هەموو کوردستانە....

---

## ڕۆچنەیەک بەرەو دەروونناسی تێکەڵبوونەوە

ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە یەکدەگرنەوە، پێویستە بە مێکانیزمگەلی دەروونناسانە، تێگەیشتن لە دۆخی نوی، هاودڵی و هاوئاهەنگی، و یەکبوونەوەی دەروونیشیان تێدا درووست ببێتەوە.

زۆر ئاساییە کە کۆمەڵێک لە ئەندامان و کادرەکان و ڕێبەری ڕێکخراوەگەلێک کە تێکەڵ دەبنەوە، ئەم ڕووداوە، بێ متمانەیی بە نیسبەت داهاتوویان بۆ درووست بکات، تووشی ترس و دڵەڕاوکی بن یان هەر پلانێک وەک هەڕەشە بۆ سەر خۆیان، لێکبدەنەوە. تەنانەت لە کورت ماوەدا بڕێک کاردانەوەی ڕەفتاریش پەیدا دەبێ کە لە دەروونناسی تێکەڵبوونی ڕێکخراوەییدا، تەواو نۆرماڵەو دوای لێکدانەوە ڕێگا چارەی بۆ دەبینرێتەوە.

## یەکپارچەسازی لە سووڕی ژیانی ڕێکخراوەیی

دوای تێکەڵبوونەوەی دوو ڕێکخراوە کە یەک ناو هەڵدەبژێرن و دوابەدوای تێکەڵبوونەوەی ئۆرگانەکان، لانیکەم چوار

گرووپ، پێناسە دەکرێن:

- خۆ بە براوەزانەکان
- خۆ بە دۆڕاوزانەکان
- خۆ گونجاو کردووەکان
- خۆ بەقوربانیزانەکان

ئاشکرایە کە هەریەک لەم گرووپانە، هەڵسووکەوتی تایبەت بە خۆیان دەبێت و جۆری چالاکی و کردەوەو کاردانەوەو وڵامدانەوەیان بە پرسەکان، جیاواز ئەوێت.

لێرەدا پێویستە بەرپرسانی هەر ئۆرگانێک تا ئاستی ڕێبەریی، ئەو توانایە لە خۆیاندا شک ببەن کە لەگەڵ هەر گرووپێک، ڕەفتاری شیاو بکەن بۆ ئەوەی دواجار، ئەو قەناعەتە دەروونی بکەن کە لە ئەنجامدا هەموو براوەن، خۆ بە براوەزانەکان، هەست بە ناوچاو سپیبوون نەکەن، خۆ بە دۆڕاوزانەکان، کەم هێواو بێ متمانە نەبن، خۆ گونجاوکردووەکان، بەرەو کەلکاوەژۆ کردن نەڕۆن و خۆبەقوربانیزانەکان، دانەبڕێن.

دانیشتنی بەردەوامی ئەندامان و کادران لەگەڵ یەکتر، ڕێگەدان بە دەربڕینی ئەوەی لە دڵدایە، ڕاوێژی بەردەوام، سێمیناری دەروونناسی، و چالاککردنەوەو

---

### 'من'ی حیزبی و 'تۆ'ی ناحیزبی

"ئەویدی" وەک کۆمەڵێک داینامیک و پرۆسە و پێکهاتە پێناسە دەکرێت کە دەبنە هۆی دروستبوونی "ناسنامەی گرووپ" و کۆمەڵێکی گەورە لە خەڵک، لە پەراوێزدا دادەنێن.

ئەویدی هەمیشە بوونی هەیەو ناتوانین حاشای لێبکەین. لە بنەڕەتدا ئەویدی، یەکێک لە فاکتەرەکانی پێکهێنەری شوناس و تەنانەت گەشەیشە بەڵام بۆ نموونە لە نێو گرووپێکی نەتەوەییدا، ئەویدیسازی لە فۆڕمی شارو گوندو ناوچەو زاراوەو ڕوانینی ئایدیۆلۆژیک و سیاسی، سەرەتا کۆمەڵگا بەرەو بەرانبەرکێ دەبات، دواتر جەمسەربەندی درووست دەکات، ئەبێتە

هۆکاری پێکدادانی مێنتالی ڕووخێنەرو سەرەنجام، پەرتەوازەیی و دوورکەوتنەوە لە ئامانجی سەرەکی لێ پەیدا ئەوێت کە ئەم حاڵەتە بۆ نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، یەکجار گران تەواو ئەبێت.

خاڵێکی تایبەت بۆ ئاماژە کردن کە مەبەستی ئەم یادداشتەیە، "خودی حیزبی" و "ئەویدی ناخود حیزبییە" کە لە غیابی دەوڵەت لە کوردستان، دەتوانێت ببێت بە سەرچاوەی زۆر خەساری گەورەو کۆمەڵگا تا ئاستی لێکدابڕان، ببات. زۆر جار دەبینرێت کە لە خودیسازی حیزبیدا، هەموو فاکتەرەکانی پێکهێنەری شوناس وەک زاراوەو ئایینزاو تەنانەت جوگرافیاش، وەک کاتالیزۆر، کەڵکیان لێوەردەگیرێت و بەکاردەهێنرێن بۆ قەڵەوکردنی شوناسی حیزبی کە هەنووکە بووگە بە شوناسی سەرەکی و تەنانەت وەپێش شوناسی نەتەوەییش دەکەوێت.

پێشتر ئاماژەم کردووە بە حیزبی دیمۆکڕات وەک حیزبی دایک کە هەموو هزرو ڕوانین و تێڕوانین و ڕەفتارو هەنگاوەکانی دەتوانێ کاریگەری قووڵ لە سەر کوردستان دابنێت بۆیە زۆر پێویستە سیاسەتی سەرەکی حیزب و هەڵسووکەوتی ئەندامان، دوورەپەرێزی خودی حیزبی و ئەویدیسازی ناحیزبی بێت.

حیزبی دیمۆکڕات، سەرەتا حیزبی نەتەوەی کورد بووەو پێویستە تا دوامەنزڵیش، چەتری هەموو کوردستان بمێنێتەوە.

---

## بڕێک ڕاشکاوانەتر

لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵی زۆر دراوە، یەک لایەن وەک نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان زەق بکرێتەوەو وەک تاقانە حیزبی نەتەوەیی، پیشان بدرێت. تەنانەت وایلێهاتبوو کە هەرکەس، بیرۆکەی ناسیۆنالیستی هەیە، پێویستە لە فیلتەری یەک لایەنەوە گوزەرابێت یان وا دەرخواردی گەل دەدرا کە هەڵگرانی ئەو هزرە لە ژێر سێبەری ئەو لایەنەن و بە بێ ڕێگەپێدانی ئەوان، بزووتنەوەی شوناس تەوەر، ناسووڕێت. ئەم بیرو بڕوایە تا ئاراستەیەک چووە پێش کە دەتوانین بێژین جۆرێک "ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی"، سەریهەڵدابوو و لە دەرەوی ئەودا، نە شەرعییەتێک بوو نە ئێعتبارێک و نە خوێندنەوەو نە قبووڵ کردنێک.

هەروەها هەوڵێکی سیستەمیک درا بۆ دزەکردنە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی ئەوەی ناوەنداریيەتی بیرۆکەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتەوە بگوێزرێتەوە دەرەوەی ئەم بازنە.

هەوڵی گرینگی تر هاوکات، خستنە پەراوێزی هێزە ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵات و وابەستە کردنیان بوو تا ئەو ڕادەی کە وەک "سازمانی ڕۆژهەڵاتی" لایەنەکانی باشوور، پێناسەو نمایشت بکرێن.

بێگومان یەکگرتنەوەکان کە هیوادارم کۆمەڵەیش بەرەو ئەو ئاراستەیە ببات دەتوانێ کاریگەری گەورەی بێت لە سەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەو هەنگاوانەو لە خێراییان کەم بکاتەوە بەڵام ئەگەری فیتنەنانەوەی دیکە بە شێوازی دیکە، دوور نییە.

بەڕای من، دیاسپۆڕای ڕۆژهەڵات، توانستی گەورەی هەیە بۆ پاڵپشتی حیزب و پێشمەرگەو تا ئێستایش نە ئەو توانستە کەوتووەتە گەڕو نە ئەو هێزە گەورە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی باشوورە، کارامەیی و کارتێکەری خۆی خستووەتە بواری جێبەجێکردن.

خاڵی کۆتایی ئەوەی کە ئەگەر نارزایی و پێرۆزبایی نەگوتنی لایەنەکانی باشوور بە بۆنەی یەکگرتنەوەی هێزێکی ڕۆژهەڵات، بە پاساوی ڕچاوکردنی حاکمییەتی ئێرانی، چاوپۆشی لێبکەین، نابێت و ناکرێت خۆ ئیشالا کۆماری ئیسلامی ئێران فەلاقەی نەدەکردن.

---

**حیزبی دێمۆکڕات ئێستا توانای ئەوەی هەیە هەم لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم لە چوارچێوەی ئێران، هاوکات، بەرەیەکی کوردستانی و هێڵی سێهەمی ئۆپۆزیسیۆن، ڕێبەرایەتی بکات.**

بێگومان بەرەیەکی کوردستانی هەمیشە خواستی سەرەکی گەل لە ڕۆژهەڵات بووەو وەک پێویستییەک، حاشای لێناکرێ. ئەمە بەو واتایە نییە کە هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، لە یەک بەرەدا کۆ ببنەوەو تەنیا ڕۆخسارێکی هێمایین درووست بێ یان زۆرو بۆر بێت بەڵکوو ئامانجێکی هاوبەش و ستراتیژی هاوبەشە کە وەک پێوەر، دەتوانێ گارانتی بەردەوامی و چالاکی بێت. هەروەها لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، دەکرێت بە هاوکاری نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هەم فرەنەتەوەییوون، شەرعییەت و ڕەسمییەتی سیاسی پێبدرێت، هەم ناسنامەی نەتەوەکان، ببێتە پێوەری بەشداری و هەم بە شکاندنی قاڵبە نەریتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، هێڵی سێهەمی ئۆپۆزیسیۆن وەک "ناوەندی هاوکاری نەتەوەکان" فۆرم بگرێت.

گومانی تێدا نییە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دیمۆکڕات، هەژمۆنی کوردستان هەم لە نێوان نەتەوەکانی دیکە قورستر دەکات و هەم توانای موزایەدە کردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی پرش و بڵاوی ئێران، فراوانتر دەکات.

**دوو تێبینی:**

- لە هەموو دیالۆگ و دانووستاندا، لایەنەکان هەوڵ ئەدەن سەرەتا کۆمەڵێک خاڵی جێگای موناقەشە، بکەن بە تەوەری دیالۆگ و مشتومڕ بۆ ئەوەی زۆرترین دەسکەوتیان بێت.

هەم پاشگری ئێران و هەم خواستی فێدراڵی، دەتوانن ئەو خاڵە گرینگانە بن کە یاریان پێبکرێت. ئەمە لایەنی تەکنیکی و سیاسی باسەکەیەو جودا لە ناوەرۆکی مەعریفی و کۆمەڵایەتییە کە هەنووکە نەسڵی نوێی حیزبی دیموکرات، نە پابەندی ئێرانیبوونن و نە فێدراڵیسم دەتوانێ، خواستی سەروەریخوازی نەتەوەیی ئەوان، تێر بکات. جیلی نوێی حیزبی دیمۆکرات، ئێمرۆ هەمان نەوەی نوێن کە قاسملوو ئاماژەی دابوو ئەوانەی دوای من، لەوانەیە خواستێکی دیکەیان بێت و من تەنیا نوێنەری سەردەمی خۆمم.

---

- گەنجان هێزێکی داهێنەر و سەرچاوەیەکی دینامیکی نوێخوازییەکانن و هەمیشە توانیویانە گۆڕانکاری گرنگ لە سیستەمی سیاسی و داینامیکی دابەشکردنی دەسەڵاتدا دروست بکەن.

هەروەها ژنان لە سیستەمی سیاسی و بزووتنەوە سیاسییەکاندا ڕۆڵێکی گەورە دەبینن و گرنگییەکەی لە جیهانی سیاسی ئەمڕۆدا بە باشی ناسراوە.
تەرکیزکردن لەسەر ژنان و گەنجان لە ڕووی بەشداریکردن لە دارشتنی سیاسەت و سەرکردایەتیکردن، لە ئەولەویەتە نوێکانە.
بەشداریکردن و سەرکردایەتیکردنی مانادارانەی ژنان و گەنجان پێویستی بەوەیە کە وزەو بەهرە و تواناکانیان بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێت بە دروستکردنی ژینگەیەکی کارا و پلاندانانی دروست.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئالنگاری سەرەکی بۆ ژنان و گەنجان لە هێزەکانی کوردستاندا دەرفەتی سنووردارە بۆ بەشداریکردنی کاریگەر لە پرۆسەی بڕیاردان و سەرکردایەتیدا.

لێرەدا سەرکردایەتی بە واتای "سەرکردایەتی کاریگەر"ی (Effective Leadership) ژنان و گەنجان دێت، نەک بەرپرسیارێتی لاوەکی و ناگرینگ کە تەنیا بۆ پاراستنی ڕواڵەتیی بوونیان هەیە.

پێویستە ژنان و گەنجان دەنگی حیزبەکانی کوردستان و لە هەمان کاتدا دەنگی نەوە و ڕەگەزی خۆیان بن. پڕۆسەو ڕەوتی گۆڕانکاری بە تایبەتی لەلایەن گەنجانەوە دروست دەبێت و پەلسی بەشداری سیاسی، لە ناخی ئەوان لێدەدات. بە تایبەتیتر دیجیتاڵبوونی خێرای جیهان بۆشایی نێوان نەوەکان و بۆشایی مەیلەکان و کەلێنی تێڕوانین و بۆشایی جیهانبینی و کەلێنی ڕەفتارەکانی نێوان نەوەکانی زۆر قووڵتر کردووەتەوە.

پێویستە سەرکردایەتی نەوەکانی پێشوو بگۆڕدرێت بە نەوەی نوێی گەنجان و ژنان و خوێنی تازە بهێنرێتە جەستەی ڕێبەریی کارای حیزبە کوردستانییەکان و بەستێنێک بێت بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ دونیای ئەمڕۆ و داخوازییەکانی نەوەی ئێستای گەنجان و ژنان.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

# یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

کەریم ئەڵلاوەیسی

یەکگـرتنەوەی دێموکراتەکـان! یەکگـرتنەوەی دوو حیزبـی بە توانـا حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان و حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران، هەنگاوێکی مێژوویی و زۆر دەگمەنە و جێگەی فەخر و شـانازییە. بـۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکـان گرینـگ و زۆر پڕ بایەخە:

١- یەکگــرتنەوە و دەردە کــورد: لە ســەد ســاڵی ڕابــردوو کــورد لە دەردە کــورد زۆر ئــازاری کێشــاوە. بەو واتــایە، هەمووکات  گوتراوە کورد لەگەڵ یەکتر ناحـاوێنەوە و یەکتـر قەبـووڵ نـاکەن. یەکگرتنەوە بە  پێچەوانەی ئەم دابە نـاخۆش ونالەبارەیە  کە هەمووکات کـاریگەری زۆر خراپـی هەبـووە،  کـاریگەری  زۆر ئەرێنـی دەبـێ بە بەرنـامەی تـۆکمە و هەنگـاوی باش وجیدی خۆی بۆ ئامادە و تەیار بکرێ

٢-  یەکگرتنەوە خواستی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، خەبـاتی حیزبەکانیش بۆ سەرخستنی ئامـانجی لە مێـژینەی نەتەوەی کـوردی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە. ئومێـد و هیـوای ئەوان بە بـزوتنەوی کـورد زۆر زیـاتر بـووە، ئەوە زۆر گرینگە. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بە  پشتیوانی قـایمی کۆمەڵانی خەڵـک زۆر بەهێزتر وتوانایی زیاتر دەبێ.

٣- یەکگرتنەوە و ئێعتباری دێموکراتی یەکگرتوو، کاتێک باوەڕ و متمانە بە بەرێوەبەری جوڵانەوەی کورد زیاتر بێ یانی هەموو شتێک و خاوەنی زۆر بەها و شتی باش. لە ئاستی نێوخۆیی، لە ئاستی چوارپارچەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییش دا خۆشەویستی زیاتر و سەرکەوتنی زۆر بەدەست دێ.

٤- یەکگرتنەوە بڕینی بەهانە لە ناوەندکانی نێونەتەوەیی و بەرپرسانی سیاسیی وڵاتان کە هەمیشە دەیانگوت بۆ دێموکراتەکان بەیەکەوە داواکانیان ناهێننە بەر باس.

٥- یەکگرتنەوە و مەترەح بوونی زۆر زیاتر بە کارتی بە هێزتر لە نێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و هەروەها زۆر لایەنی دۆست و نەیار. کۆماری سێدارە، زۆر پێی ناخۆشە و دەزانێ دێموکراتی یەکگرتوو و یەکگرتنەوەکەی کاریگەری لە سەر لایەنەکانی دیکەش دەبێ و دەزانێ دەبێ هێز زۆر لەدەست بدا و نرخی زۆر بدا بۆ ڕاوەستان وبەربەرەکانی لە بەرامبەر کورد دا!

٦- یەکگرتنەوە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتێکی بەهێزی ئێکجار گەورە و بەهێزە. هێزی مرۆیی و لەشکری بە هێزی لە کادرەکان و پێشمەرگەکان، هەروەها سەرمایەیەکی گەورە و بەهێزن کە زۆربەیان ئەزموونی ٤٠ ساڵەیان هەیە و لە زۆر تاقیکردنەوە دا دەرچوون. ئەوان بە خۆشەویستییەکی زۆر زیاترەوە ئامادەن بۆ کاری سیاسی، دیپلۆماسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگایەتی.

٧- یەکگرتنەوە، بزتنەوەی نەتەوەیی و مافخوازی دەباتە فازێکی دیکەوە، ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە و گیان لەسەر دەست بوون بۆ دەیان و سەدان فیداکاری، ئەم جار بروانە ئەم خەڵکە چوون فیدارکارنەتر دێنە مەیدان، هەڵبەت بە کەڵک وەرگرتنی باش لە ئەو هەموو پوتانسێلە.

٨- یەکگرتنەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک لە دیاسپۆرا و ناوخۆ بەخۆشیەکی زۆرەوە هەرلە ڕۆژانی یەکەم و نیزیک بوونەوە و واژۆکردنی پەیمانی برایەتی و یەکگرتوویی دیتمان کاتێک لە نۆرویژ بۆ جێژنی یەکگرتنەوە زۆر کەس هاتبوون کە ژۆمارەکی پێشتر تورە لە لەتبوونی دیموکراتەکان بوون، بەڵام ئەمجار ئامادە بۆ خزمەتی زۆر بە کورد و کوردستان لە ڕێگای دێموکراتی یەکگرتوو واتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٩- یەکگرتنەوە، یانی ڕێزگرتن لە داوای بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، بەداخێکی زۆرگرانەوە داوای ژمارەیەک لە شەهیدان و کۆچکردوەکانی وەک کاک جەلیل گادانی و ئەحمەد سیمبانەکان هەتا مابوون

وەدی نەهات بەڵام بە خۆشیەکی زۆرەوە ئاواتی لەمێژینەی ئەوان هاتەدی.

١٠- یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە گەڵ هەموو خۆشیەکان و ئومێددان بەخەڵک چاوەڕوانی زۆر بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زیاد دەکا کە ڕێبەری بەهێزتری نوێ بە بەرنامەی باشتر و مودێڕنتر لە هەموو هێز و پۆتانسێلەکانی دیموکرات و بەگشتی کورد کەڵک وەرگرن ، بەم جۆرە خەڵک دواتر نائومێدی نابینن و خۆشەویستی و ئۆگرییان زۆر زیاتر دەبێ و ڕێگای سەرکەوتنی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئاسانتر دەبێ و ئەم جارە کورد دەبێتە خاوەن دەستکەوتی زۆر مەزنتر.

٦ سپتامبری ٢٠٢٢ نورویژ

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

# تێکەڵبوونەوەی دێموکراتەکان و خەسارناسییەک

**کەماڵ گرویسی**

پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی ژێ کاف، وەک یەکەم ڕێکخراوی نوێباوی کوردی نوختەگۆڕانێک بوو لە بواری سیاسەت و بە ڕێکخراو کردنی خەبات بۆ ئازادی و سەربەستی نەتەوەی کورد.

کاتێک باسی خەبات بۆ نەتەوەیە، واتای ئەوەیە حیزبێک کە خۆی بە بەرپرسیار و ڕێبەری ئەو خەباتە دەزانێ، دەبێ مەودای روانینی بەرین و دوورئەنگێو بێ. کۆمەڵی کوردەوارییش وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکە لە چین و توێژی جۆراوجۆر پێکهاتووە و ئەو چین و توێژانە بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام لە قۆناغی خەباتی رزگاریی نەتەوەییدا بەرژەوەندی چین و توێژ دەکەوێتە پلەی دووهەم.

ڕێبەران و بەرپرسانی حیزبێکی نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکرات دەبێ بەسرنجدان بەو جیاوازییانە باری قورسی بەرپرسایەتی و ئیدارەی ئەو حیزبە بخەنە سەرشانی خۆیان و بیندرێژ و دووربین بن.

کاتێک پێشەوا و هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتیان دامەزراند بە دروستی ئەم خاڵەیان لەبەر چاو بوو کە دەبێ حیزبی هەموو

نەتەوەی کورد بن و خۆیان لە قەرەی ئیدۆلۆژییە چینایەتی و جیهانییەکان نەدەن و کاری هەرە لەپێشیان خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد لە ژێردەستی و بێ کیانیدا بێ. بۆ ئەو مەبەستەش هێز و پشتیوانی هەموو میللەتی کورد و چین و توێژەکانی پێویستە،

حیزب لە هەلومەرجییکی وادا زیاتر وەک بەرەیەک دەبێ خۆ بنوێنێ و هەڵسووکەوت بکا. نابێ حەولی پاکتاو و لە مەیدان دەرکردنی کەسانێک بدرێ کە لە قۆناغێکدا یان لە سەر ڕوانینیان بۆ کێشەیەک، چوونکە وەک ئەوان بیر ناکەنەوە پیلانیان لە دژ بگێڕن و پلانی وەلانانیان دارێژن. دیارە ئەم ڕوانینە تەنیا مەبەست ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بە خەبات بۆ ڕزگاریی هەر هەیە و ڕیزی خەباتیان چۆل نەکردووە، دەنا ئەو کەسانەی بە مەبەست خزاونە ناو ڕیزەکانی حیزب و کار بۆ خۆبەدەستەوەدان و تەسلیم بوونەوە دەکەن ناگرێتەوە.

ئەزموونی چەند جار جیابوونەوە بە تایبەتی لە کۆنگرەکانی ٨ و ١٣ دا نیشانی داوە کە جیاییەکان ڕیشەیان لە پێکەوە هەڵنەکردن و شێوەی بەڕێوەبەری و مودیرییەتی حیزبدا بووە نەک ڕوانینی جیاوازی سیاسی لە ڕەوتی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی.

ئەندام بوون لە حیزبێکی خەباتکاردا ئەویش لە وڵاتێکدا کە هەموو جموجۆڵێکی سیاسی تاوانە، کارێکە کە بیری قووڵی دەوێ و کاتێک کەسێک دەبێتە ئەندامی ئەو حیزبە ئیدی هەموو پردەکانی پشت سەری خۆی دەڕووخێنێ و کاتێک لە حیزبیشدا لەگەڵی نەحاوێنەوە ڕێگا چارەی ئەو کەسە چی دەبێ، ئەو تازە ناتوانێ بگەڕێتەوە سەر ژیانێکی ئاسایی و درێژە بە کار و کاسبی بدا. یان دەبێ خۆی تەحویل بداتەوە کە ئەوەش کاری هەموو کەس نییە یان دەبێ ئاوارەی هەندەران بێ کە ئەوەش کاری هەرکەسێک نییە. کەواتە لە کاتێکی وەها دا حیزب دەبێ دلفراوانتر بێ و بە خوێندنەوەی هەموو لایەنەکانی باش و خەراپ بڕیار لەسەر ئەو کەسە بدا. لە وڵاتانی دێموکرات وازهێنان لە حیزب یان وەلا نان لە حیزب کارەسات نییە و کابرا زۆر بە سانایی دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆڕی بە تایبەت ئێران و... دوور خستنەوەی خەڵک لە حیزب، ئەویش تەنیا بەهۆی سەلیقەی جیاواز، کارەساتە هەم بۆ حیزب و هەم بۆ کەسەکە.

یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەت، مودیرییەتی دژەکانە(مودیرییەتی تەزادەکان) ئەو کۆڵەکەیە لە حیزبی دێموکراتدا دەبێ بەهێز بێ، حیزبی دێموکرات وەک ئیئتلاف وایە دەبێ بەرژەوەندی هەمووان بە پێی هەلومەرج لەبەر چاو بگیرێ. تەنیا ڕێگای گەشەو پەرە ئەستاندنی حیزبیش هەر ڕەچاو کردنی ئەو ئەسڵەیە. دەنا سازکردنی حیزبی یەکدەست و

وەک یەک، زیاتر لە خەون دەچێ تا راستی.

وێڕای پیرۆزبایی لە تێکەڵبوونەوەی حیزبە دێموکراتەکان بە یەکتر، هیوادارم جێژنی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵانی داهاتوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان بگرین و رۆژێکیش بێ ئەو " ئێران"ە حیزەی لە حیزبەکەمان بکەینەوە و بگەڕێینەوە سەر کۆلکەی خۆمان.

٢٠ ئاگۆستی ٢٠٢٢

-----

## وردە شەپۆلەکانی دوای تێکەڵ بوونەوەی حیزبی دێموکرات




لێکترازان و لەت بوون لە حیزبی دێموکرات دا دیاردەیەکی نوێ نییە و ریشەی لە لانیکەم حەوت دەیەی تەمەنی ئەو حیزبەدایە. بوونی ناکۆکی و کێشەش لە حیزبێکی نەتەوەیی و خەباتکاردا شتێکی نامۆ و سەیر نییە. بەڵام ئەوەی گرینگە چۆنییەتی ئاوڕدانەوە لەو کێشە و ناکۆکییانەدایە، کە بەداخەوە لە حیزبدا کەمتر سرنج و گوێی دەدرێتێ. بە بڕوای من پێشگرتن لەو کەسانەی بە هەر هۆیەک دژ بە تێکەڵبوونەوەی حیزب لەم دواییانەدا شت دەنووسن و روانگەی خۆیان دەردەبڕن کارێکی باش نییە. ئەگەر ئەو کەسانە قسەیەکیان بۆ گوتن هەیە باشترە حیزب سمینارێکی ناوخۆییان بۆ پێک بێنێ و لەوێدا ئەو کەسانە قسەی خۆیان بکەن و هۆکاری دژایەتی خۆیان بە ئاشکرا دەرببڕن. ئەم شێوازە بۆ پێشگرتن لە

کێشەی دواتر و پەنگخواردنەوەی ڤین و بوغز لە تەشکیلات دا کارێکی باشە و هاوکات بەرچاو روونییەکە بۆ ڕێبەریی حیزب کە ترپەی لەشی حیزبی گوێ لێ بێ. ڕێبەری حیزب دەبێ وەک دوکتور وابێ، دەردەکان وەدۆزێ و دەرمانیان بۆ ببینێتەوە. وسکوت کردن و بێدەنگ کردنی ئەندامانی تەشکیلات سەرەتا دەبێ تەنیا بە شێوەی "قەناعەت" پێهێنان و ڕەزایەت بێ، دواتر ئەگەر هەست کرا و روون بۆوە کە مەبەست لەو رەخنانە تەنیا چاندنی تۆوی دڕدۆنگی و دوبەرەکایەتییە ئەوە ڕێبەریی حیزب دەکرێ شێوەیەکی دیکەی گونجاو بۆ ئەو کەسانە لەبەر چاو بگرێ. بوونی ئەمنییەتی تەشکیلاتی و ئەرخەیان بوون لەوەیکە حیزب بە چاوێک دەڕوانێتە هەموو ئەندامان دەستەبەری یەکڕیزی و تەبایی حیزبە و زامنی لێکنەترازانی دیکەیە. لێکترازان هەر ئەوە نییە ئینشعاب روو بدا، دەکرێ تەکینەوە و دانیشتنی تاکەکانی نێو حیزبیش بێ، لە مەیدانی خەبات دا هێز و توانای یەک یەکی ئەندامان دەبێ بە هێند وەربگیرێت و هەموویان بۆ حیزب پێویستن. ئامێزی حیزب دەبێ هەمووان لەخۆ بگرێ. تۆزێک شارەزایی لە کۆمەڵناسی خۆمانە دەریدەخات کە وتووێژی راستەوخۆی کەسەکان پێکەوە دەتوانێ بەر بە زۆر رووداوی نەخوازراو بگرێ، ئەوەی رەنگە بۆ من و تۆ بایخی نەبێ، دەکرێ لە لای لایەنی بەرامبەرت گرینگ بێ و ئەگەر دەرفەتی دەربڕینی پێنەدرێ گریمانەی ئەوە هەیە ببێتە گرێیەکی دەروونی و شتی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە. هەروەها ئەمنییەتی تەشکیلاتی ئەو کەسانەش دوای دەربڕینی روانگەکانیان دەبێ پارێزراو بێ و پینە و مۆری ناپەسندیان لێنەدرێ. کۆمەڵگاکەمان گۆڕاوە و ئەندامانی حیزبیش هەڵقولاوی ئەو کۆمەڵگایەن، دەبێ بە چاوێکی دیکە بڕوانینە خۆمان و کۆمەڵگا و ئەندامانی حیزب.

بژی تەبایی و یەکگرتوویی حیزبی دێموکرات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## وەڵامیک بۆ لیکدابڕان و یەکگرتن

**شۆڕش ئەسەدزادە**

لەدوای دروست بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕیبەری پیشەوای ئەمرو ڕۆشنبیرانی ئەو کات خاڵیکی گۆڕان بوو لەمیژووی ئەم حیزبەدا. فەلسەفەی دروستبوونی حیزبیکی دیموکرات لەئیرانیکی تەواو نوقم بوو لەتاریکی و نەبوونی هیچ چەشنە ئازادییەک و لەفەزای حکومەتیکی تەواو دیکتاتۆری نیشانەی ئەوپەڕی زانایی پیشەواو ڕوناکبیران و خەڵکی ئەوکاتە، کە پیشەوایەک بتوانێ لەناو هەموو چین و تویژەکانی کوردستان بە ئاغاوات و بازاڕی و فەرهەنگیان و گوندنشینەکان و موسڵمان و جولەکەو زۆر دین و مەزهەبی دیکەدا (دین و دیموکرات) لیک گرێ بدات، لەڕاستیدا لەکاتیکی ئاوادا کەزۆرینەی خەڵک موسڵمان بوون هونەریکی گەورەیان کردووە ٧٧ ساڵ پیش ئیستا ڕیگایان بۆ ژنان ئاوەڵا کردووە یەکیتی ژنانی کوردستان دامەزرینن، بەزمانی دایک بخوینن لەقوتابخانەکان، ئەمانە هەموو لەهەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەردەمی خۆیدا گەڵاڵە کردوەو کۆماری کوردستانیش هەر لەسەر ئەو بەرنامەو پیڕەوو سیاسەتە دامەزرابوو. دیارە ئەوکات ناوی ئیران نەلکابوو بە پاشکۆی حیزبەوە چونکە کوردستانی بیریان کردۆتەوەو باوەڕیشیان پیی هەبووەو کرداریشیان پیکردووە. پاشان ناوی ئیران لکاوە بەناوی حیزبەوە بەهۆی هەلومەرج و پیویستی و زەروریەت. لەوکاتەوە سەران و ڕیبەرانی حیزب و خەڵکی کوردستان وەکوو دوو ڕووی سکەیەک پیکەوە تەواوکەری ئەم سیاسەت و بەرنامەیەی حیزب بوون و قۆناغ بە قۆناغ بە ئاشکراو بەنهینی ئەم مەشعەلەی ئاگری شۆڕشیان دەست بەدەست گەیاندۆتە جیگای خۆی. لەتەمەنی ئەم حیزبەدا زۆر هەورازو نشیو ڕویداوە کەنامەوێ زۆر بچمە ناو قوڵایی تەمەنی حیزب و ڕوداوەکان، هەتا

کۆنگرەی چوار لە کوردستانێکی ئازاد هەندێک لەڕێبەرانی حیزب کەهێشتا گوشاری حیزبی تودەیان لەسەربوو لەحیزب جودابونەوەو حیزبیان بەجێهێشت، بەڵام پاش ماوەیەک زۆرێک لەو کادرانەیان گەڕانەوە ناو حیزبی خۆیان و درێژەیان بە کاری خۆیان دان یان بەشێوەیەک لەوان دوورکەوتنەوەو دانیشتن. بەڵام حیزب ڕێگای خۆی درێژەداو وەکوو حیزبێکی بەرپرس ڕیزەکانی خۆی پتەوتر کردو ڕێگای پێشەوایان درێژە پێدا. هەتا کۆنگرەی ٨ی حیزب کە لیستی فیکس بوو بەهۆی دوولەت بوونی حیزب و دروست بوونی حیزبێک بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ. یەکەمجار بوو لەحیزبدا لیستەی فیکس بێتە گۆڕێ و زۆرێک پێیان وابوو ئەمە بازدانە بەسەر بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب و پێشێلکردنی حەقی هەڵبژاردن و دیموکراتیە. بەنەزەری من لەوانەیە هێنانە گۆڕی لیستەی فیکس مەبەستیان شتێکی تر بووبێ نەک پێشێلکردنی دیموکراسی ناوخۆی حیزب بەڵام شێوەی دەربڕینەکە بەو شێوەیە هەڵەیەکی گەورەبوو، دەیانتوانی بەشێوەیەکی تر مەبەستەکەیان گەیانباو چەند کەسێک بوون ڕازیان بکەن و هیچ کێشەیەکی ئاوا گەورەش ڕووینەدەدا کە حیزب ببێتە دوولەت. دوای نزیک بە دە ساڵ جودایی نە حیزبی دایک قازانجێکی ئەتۆی کرد، نە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێریش وەک گروپی ٧ نەفەری کۆنگرەی چوار هەڵەیەکی سیاسیان کرد. بەڵکوو زۆر شۆڕشگێڕانەتر لەجاران درێژەیان بە خەباتی سیاسی و چەکداری و تەشکیلاتی خۆیان داو زۆریش چوبونە پێشێ لەهەموو بارێکەوە. یەکێک لەکارە باشەکان و درەوشاوەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ئەوەبوو سەرسەختانە لەبەرامبەر شەڕی خۆکوژی وەستانەوە ئەو شەڕەیان نەکرد. بەڵکوو هەمان سیاسەت و بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبیان بەڕێوە دەبرد کە لەپێشدا دەیانکرد. هیچ جیاوازیەک نەبوو لەنێوان هەردوو حیزب سەبارەت بە بەرنامەو پرۆگرامی حیزب. هەرچەندە لەو نێوانەدا هەندێک لەکادرو پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی لەشەڕی قێزەونی ناوخۆیدا شەهید بون بەڵام بەرژەوەندی گشتی لەسەروی هەموو شتێکەوە بوو. سەرئەنجام ئەم دوو حیزبە لەژێر گوشاری خەڵکی دڵسۆزی کوردستان و دۆستان و بنەماڵەی شەهیدان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەوری باڵای هەبوو لەدەست پێشخەری و یەکگرتنەوەی هەردوو حیزب. لێرەدا ئێمە هەردوو حیزب گەلێک ئەزمون و هەڵسەنگاندن و خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەکانی دابڕان و دابەشکردنی هێزو تواناکانی حیزب بوونە وانەکانی مێژوو. بەڵام دیسان لەکۆنگرەی ١٣ی حیزب هەمان هەڵەی سیاسەتی یەکتر قەبوڵ نەکردن و گرژی و نەحاوانەوە پێکەوە زاڵ و زاڵتر بوو بەسەر بەرژەوەندیەکانی گشتی حیزب، بۆجارێکی تر تامی تاڵی دابڕان کرا بەگەروماندا. دیسان حیزب کرا بە دوو لەت، ماوەی ١٦ ساڵ یەکتریمان بوغزاند، هەوڵی سڕینەوەی یەکترمان دا. خۆ ئەگەر لەناوچەیەکی ڕزگارکراوی خۆماندا بوینایە ئەگەری شەڕو یەکتر کوشتنیش زۆر بوو. لە ماوەی ئەم ١٦ ساڵەدا هیچ ئەزموونێکمان لە ڕابردوو وەرنەگرت بەڵکوو خراپتریشمان کرد. من لە کۆبونەوەکانی تەشکیلاتیدا سەرم سووڕدەما کە لەلایەن بەرپرسانەوە گوێم لێدەبوو زۆر سوک و ئاسان دەیانکووت ئەم دابڕانانە هیچیان بەهۆیەکی فکری یان سیاسی یان فکری جیاواز نەبووە هەتا هۆکاری سەلیقەش نەبووە، بەڵکوو هۆکار تەنیا نەحاوانەوەی چەند کەسێک بوون پێکەوە!!! ئەوکات و ئێستاش بۆم گرنگە چۆن ئەو کەسانەی کە مێشکی ئەم حیزبەن و بڕیار بەدەست بوون لەهەموو بارێکەوە چۆن توانیویانە لەبەر نەحاوانەوەی چەند کەس پێکەوە حیزبێک لەبەریەک

هەڵوەشێنن؟ نەدەبوو ئەوەندە گیانفیدایی لەخۆیان نیشان بدەن لەکۆنگرەیەک تا کۆنگرەیەکی تر ددان بەخۆیاندا بگرن؟ ئێستا من و دەیانی وەک من گەیشتوینەتە ئەوباوەڕەی کەهیچ کەس لاری لە سیاسەتەکانی حیزب نیە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکوو حیزب ورد ورد ڕێگای خۆی دەبڕێ، ئەوە ئێمەین بە ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەوە هۆکاری لەتوپەت کردنی ئەم حیزبەین کەخاوەنی هەزاران شەهیدو زیندانی و ماڵوێرانیە لەلایەکی ترەوە گەورەیی نواندنی کادرو پێشمەرگەو بەشێکی زۆر لەڕێبەران و دڵسۆزانی حیزب لەناوخۆ پێداگریان لەسەر یەکخستنەوەی ماڵی گەورەی دیموکرات و یەکریزی و یەکگرتوویی گەورەترین زامنی سەرکەووتنە بەسەر دوژمناندا. هەوڵ و تێکۆشانی بەرپرسانی دڵسۆزی حیزب لەهەردوولا جێگای ڕێزو پێزانینە. من و سەدانی وەک من ئەو حیزبەمان دەوێ کە لە تەمەنێکی زۆر کەمدا هاتین بووین بە ئاڵا هەڵگری خەبات و هەتا لەتواناماندا بوو بەرامبەر بەدوژمن شەڕ و بەرگریمان کرد و بەدەیان هاوڕێ و هاوسەنگەرمان شەهیدبوون لەسەنگەرێکدا پێکەوە. ئێمە حیزبێکی دیموکراتی بەهێزی یەکگرتوی پتەوی بەمانای ڕێبازی پێشەوامان دەوێ، حیزبی دیموکرات پێویستی بە دابڕان و جودا بونەوە نیە جارێکی تر، بەڵکوو حیزب هەمیشە بێ وچان و بەردەوام پێویستی بە خۆ نوێ کردنەوە هەیە. حیزبی دیموکرات پێویستە ئەمڕۆ پێ بەپێی گەنج و لاوەکانی خوێندەواری ئەم نەسلە بچێتە پێش و خۆی بگونجێنێ. ئێستا بەخۆشیەوە حیزب کەسانێکی هەن لەدایکبووی دوای شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێرانن بەڵام ئێستا لە ڕێبەری حیزبدان.

لەکۆتاییدا دەمەوێ بڵێم دابڕان و لێک هەڵبەزینەوە هیچ خێرێکی بۆ شۆڕش و خەڵک تێدا نیە ئەوەندەی هەتا ئێستا لەمێژووی حیزب دا ڕوویداوە بەسمانە ئەگەر بتوانین سوود و زەرەرەکانی هەڵسەنگێنین ئێمە باهەوڵ بدەین شۆڕشێکی بێ کێشەو سالم تەحویلی نەوەکانی داهاتوو بدەین. هێز لە یەکێتیدایە، باهەموومان هەوڵ بدەین ئەم هێزو یەکگرتویە بپارێزین و لاپەڕەیەکی نوێ لەخەبات هەڵدەینەوە، ئێمە توانیمان بەسەر پیلانەکانی دوژمناندا سەرکەووین کەهەمیشە خەونی لاوازیمان پێوە دەبینێ، ئافەرین بۆ ئێوە کەتوانیتان هەموو بەرنامەکانی دوژمن پوچەڵ بکەن.

بژی یەکریزی و یەکێتی پتەوی حیزبەکەمان.

٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب




**شەمزین ئەحمەدنەژاد**

**یەکەم**: یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب سەروی هەموو ویست و داوایەکی هەموو دڵسۆزانی یەکگرتنەوە بووە و هەیە.

**دووهەم**: قەرار نییە هەر کەسێک لەسەر یەکێک لەو خاڵانەی لەسەر یەکگرتنەوە دانوستان و سازشی لەسەر کراوە، تێبینییەکی هێنایە زمان یان ڕەخنەیەکی گرت ئەوە دژی یەکگرتنەوە بێت.

**سێهەم**: مەرج نییە ئەوەی زۆر بە ئاوو تاوەوە بەرگری لە یەکگرتنەوە دەکات و کردویەتی" ڕەنگە خۆم لەو نمونەیە بم" زیاتر لەو کەسەی ڕەخنەی لە یەک یان لە چەند برگە بڕیارێکی یەکگرتنەوە هەیە، دەروەست بێت بەم پرۆژەیە و کار بۆ سەرکەوتنی بکات.

**چوارەم**: ئەو بەشە لە کولتور و مەنتیقە سەقەتەی حیزبایەتی کە لە باشور هەیە و باشور پێوەی گیرۆدە بووە، مەیکەنە پێوودانگی پێوانی ژیانی سیاسی و ئاکاری سیاسی تاکی سیاسی لە ڕۆژهەڵات. یانی کەسێک ڕەخنەی لە بەشێک لە بابەتێک هەبوو یەکسەر پێوەندی مەدەنەوە بە ئەویتر یان دوژمن و دژبەر. دێموکڕات بن دێموکرات!

**پێنجەم**: دو حیزب بە دوو شەبەکەی بەربڵاوی هێما و میدیا و نیزامی پێوەندییەوە بوونەوە بە یەک حیزب. زۆر ئاساییە پاش لەرزەکانی ئەو بڕیارە مێژوویە، بەشێکی کەمیشی بێت دەگەڵ بڕیارە کۆتاییەکە پێکناکۆک بن یان تێبینی و گلەییان هەبێت.

**شەشەم**: ئەوەی سایکۆلۆژی مرۆڤ تۆسکاڵێ بناسێت و هەندێکیش شارەزایی لە کاریگەری هێما و نەمادەکان لەسەر کەسایەتی مرۆڤەکان بێت دەبێ ئەوە بزانێت مناڵێک قاشولکە شکاوێکی بێکەڵکی لەدەستی دەربێنن مان دەگرێ، تورە دەبێ و داوای دەکاتەوە. لە هەردولای حیزب هەن کەسانێک بە شێوازی ڕێککەوتنەکان لەسەر دابەشکردنەوەی ماڵپەڕ، میدیا، ناو، لۆگۆ و زۆر شتی تریش تووڕەن و ئەمە بە ئاسایی دەبێ ببیندرێت.

**حەوتەم**: دەگەڵ بە ئاسایی بینینی خاڵی شەشەم، پێویستە خەتە گشتیەکە کە ڕێبەری حیزب لەسەری ڕێککەوتوون و حیزبیان لەسەر بنەمای ئەو ساغ کردەوە، ورد بکەینەوە، تەفسیری بکەین و نیشانی بدەین بۆ دەبێ بەرگری لێبکەین نەک ئەوەی لە دەستپێکی کۆتایی دوو بەرەکیدا، بەشێوازی جیاواز بکەوینە خزمەتی گوتاری دوبەرەکی.

**هەشتەم**: ئێمە لە قۆناغێکی گوزرداین و ئەم قۆناغە پێویستی و مەلزوماتی خۆی هەیە. گومانم لەوەدا نییە تۆمەت بەشینەوە و دڵساردکردنەوە و قەڵسەلێگێڕان بەشێک بن لە پێویستییەکانی ئەم قۆناغی گوزارە. بەردی بناغەی پێویستیەکانی ئەم قۆناغە ئیزۆلەکردنی ناکۆکی و ئیختلافات لە ئاستی خوارێی حیزبدایە، لەبەر ئەوەی لەئاستی سەرێدا هەموو شت یەکلابووەتەوە و ئەم کارەش بە لۆژیک و ڕوحێکی کراوەی دێموکراتیک دەکرێت. لە کوێش پێویستی بە لۆژیکی هێز هەبوو و هێزی لۆژیک وڵامی نەدایەوە، ئەوە نابێ حیزب نەرمی بنوێنێ و پێویستە کارتە زەردو سورەکان کە مانگێک پێشتریش لە پۆستێکدا باسم کردبوو، حازر بن و چاوەکانی ناسینی شەڕی نەرمی دوژمن لە حیزبدا لە هەموو دەم کراوەتر بن.

**نۆیەم و خاڵی کۆتایی**: کێ دەتوانێ پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی پێش ٣٠ی گەلاوێژ ئەوە با ئازا بێ و خۆی تاقی بکاتەوە! حیزب یەکیگرتەوە و ڕۆژهەڵات لەو خەمە ڕسکا و ڕەوڕەوەی ئەو ڕوداوە پیرۆزە هەر بەرەوپێش دەچێت! گەڕانەوە بۆ دواوەمان نییە. بەڵام هەموو لەدایک بوونێک ژانی خۆی هەیە و ئەو پاش لەرزانە ژانی لەدایک بوونەوە و یەکگرتنەوەمانن.

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**وێنەکەم لەسەر دیواری مامی گەورەم ڕێزدار سەلاح شەشە هەڵگرتووە.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**

## یەکگرتنەوەی دیمۆکرات و چەند تێبینییەک




**کامران شۆرەبی**

**ئەمویست وەپێش براگەورە و مامۆستاکانم بکەوم و زوو بێمە سەر ئەو باسە، بۆیە لێگەڕام ئەو کەسانەی کە هەمیشە وەک مامۆستا و براگەورەیی خۆم چاوم لێکردون ڕاو و بۆچوونە بە نرخەکانیان بڵێن، منیش شتێکیان لێ فێر ببم و ئەوجار بە پێی لێکدانەوەی خۆم نەزەرات و ڕەخنەکانی خۆم لەو بارەوە دەرببڕم بەو هیوایەی کە لەدواڕۆژ دا بتوانێ کاریگەری ئەرێنی لە سەر بەرەو پێش چوونی بەرنامە و پرۆگرامی حیزب هەبێت..**

**شتێک هەیە کە پێمخۆشە ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە، کەم کەس هەیە لە حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو دا بە قەدرایی من ئازار و برینی لێک دابڕانەکانی حیزبی دیمۆکراتی چێژتبێت بە هەموو جۆرە تاڵ و ناڕەواکانییەوە بەڵام هیچ کۆسپێک نەیتوانی حیزبی دیموکراتم لە پێش چاوی بخا و لە ناخم دا دەربێنێت، بۆیە حەقی خۆمە کە ئەو یەکگرتنەوەم لە هەموو کەس پێخۆشتر بێت و لە هەموو کەسیش زیاتر چاوەڕوانیم لە حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو هەبێت بۆ باشتر بوون لە داهاتوو دا.**

**لەو چەند خاڵە دا نەزەری خۆم دێنمە گۆڕێ.**

**یەکەم**: لە ڕوانگەی منەوە لە ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی دیموکرات دا و لە لێدوانی سەرکردایەتییەکانی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات دا بۆشاییەکی گەورە دیار بوو، ئەویش خۆ دزینەوە لە داوای لێبوردن کردن لە خەڵکی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی دۆستان و لایەنگرانی حیزب بوو. ئەوە ئەرکی ئەخلاقی و سیاسی حیزب بوو کە بە هۆی ئەو خەسارە گەورەیەی کە لە پێناو شەڕی کورسی دا لە جوڵانەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دا و هەزاران بنەماڵەی شەهید و سەدان کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزب و دڵسۆزانی حیزبی لێک کردن و دڵساردی کردنەوە بە نیسبەت حیزب و جوڵانەوەو زۆر کەسیشیان لە حیزب تۆراند، بەو پەڕی بوێرییەوە داوای لێبوردن بکات.

حیزبێکی ئازادیخواز و سەردەمیانە بە ٧٧ ساڵ تەمەنەوە کە بیهەوێ شان لە شانی حیزبە گەورەکانی جیهان بدات یا خۆ لە جیهانی دیموکراسی ئەمڕۆ دا ببینێتەوە دەبێت ئەو بوێرێی هەبێت کە داوای لێبوردن بکات کاتێک هەڵەیەکی گەورە دەکات، حیزبێک کە خۆی بە بەشێک لە نوێنەری خەڵکی کوردستان دەزانێت و خۆی پێ پێشڕەوە، دەبێت لە گواستنەوەی ڕەوشت و فەرهەنگی جوان پێشقەدەم بێت و خەڵک و نەسلی تازە پێگەیشتوو ئاکاری جوانی لێ فێر بن یەک لەو ئاکارانە داوای لێبوردن کردنە لە بەرامبەر ئەو هەڵانەی کە دەیکا. ئێمە دەبینین دەیان ساڵە کۆماری ئیسلامی غەدر لە خەڵک دەکات، هەزاران هەڵە دەکات بەڵام قەت نەماندی داوای لێبوردنێک بکات، کەسیش چاوەڕوانی لێی نییە، چون ڕێژیمێکی داسەپاو و دیکتاتۆرە بەڵام حیزبێکی سیاسی و سەردەمیانە دەبێت ئەوەندەی ڕێز بۆ خەڵکەکەی هەبێت کە لە کاتی هەڵە و کەم و کوڕی زەق دا داوای لێبوردنیان لێ بکات، من بەش بە حاڵی خۆم داوای لێبوردن لە هەموو ئۆگران و لایەنگران و بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان و زیندانییە سیاسیەکان دەکەم بە هۆی دابڕانێک کە لەو حیزبە کەوت بێشک من بێ تاوان نەبوم لەو لێکترازانە دا.

**دووهەم**: هیچ یەکگرتنەوەیەک سەرکەوتوو نابێت گەر بێتوو هەموو ئەندامانی حیزب لە پێشدا ناخی خۆیان نیسبەت بە یەکتر پاک نەکەنەوە و بە چاوێکی سەنگین و هاوڕێیانە نەڕوانە یەکتر و ڕابردووی یەکتر، ئەوە کلیلی سەرکەوتنی پرۆسەی دوایی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتە لە ئێستادا و لە دوارۆژیش دا، بۆیە جێگای خۆیەتی هەر کاممان لەم بارەوە هەنگاو بنێین و هەر چی شتی ناخۆش هەبووە کە ئەو چەند ساڵە دەرحەق بە یەک گوتومانە یا کردومانە لە یاد بکەین.

**سێهەم**: حیزب پێویستی بە هەیئەتێکی دڵسۆز و کارامە هەیە کە خەسارناسی ئەو لێکدابڕانانە بکات و هەموو زەرەرو زیانەکانی ئەم دابڕانانە بکاتە ڕاپۆرتێک و وەک سەنەد لە ئارشیڤی حیزب دا تۆماری بکات و لە هەمان کات دا لە فێرگەکانی حیزب وەک یەکێک لە کلاسەکانی دەرس بەو کەسانە بگوترێتەوە کە دێنە پێشمەرگایەتی بۆ ئەوەی نەسلی

دوارۆژ ئەو هەڵەیە نەکەن کە ئێمە کردمان.

**چوارەم**: لە ژیانی ٧٧ ساڵەی حیزبی دیموکرات دا هەمیشە حیزب لە کاتی بە هێز بوون دابووە کە توشی حەرەکەتی غەڵەت بووە چون غرور بەری چاوی گرتووەو دیدێکی دەقیقی لە دۆست و دوژمن نەبووە، ئەو جۆرەی پێویستە قەدری ئەو کەسانەی نەگرتووە کە ڕۆژانێک لەو حیزبە دابڕاون، بە چاوی کەم چاوی لەو پێشمەرگانە کردووە کە دانیشتوون و وازیان لە حیزب هێناوە، بە داخەوە زۆر جار بێ سفەت بووە بە نیسبەت کادر و پێشمەرگە کۆنەکان و زۆر کەم و کوڕی تریش کە لە کاتی بە هێز بوون دا حیزب ئەنجامی داوە بۆیە دەبێت حیزب بە چاوێکی دڵسۆزانەوە بڕوانێتە هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆژێک خزمەتیان پێ کردوە، بە دیدێکی پۆزتیفەوە بڕوانێتە ڕەخنەگرەکانی ناوخۆیی و دەرەوەی حیزب، ئەگەر حیزبی دیموکرات لەو پەڕی بە هێزی یشدابێت نابێت نە دوژمن نە دۆست بە کەم بگرێت.

**پێنجەم**: سیستمی پیاو سالاری بە ڕوخسار و ساختاری حیزبەوە زۆر بە جوانی دەردەکەوێت بۆیە پێویستە هەنگاوی ئەرێنی هەڵبێندرێتەوە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە لە دوارۆژ دا.

**شەشەم**: دیپلۆماسی حیزب لە دەرەوە لاوازی و بێ کارامەیی پێوە دیارە، حیزب پێویستی بە دۆستی زیاتر هەیە لە ناو هەموو پارلمانتار و سناتۆر و سیاسەتوانانی وڵاتان کە بە داخەوە ئێستا بە ئەندازەی پێویست نێتی، بۆیە پێویستە تیمی دیپلۆماسی حیزب بە هێزتر بکرێت و لە ئەگەری پێویست دا لە کەسانی خۆش نێو و شارەزای غەیری حیزبیش کەڵک وەربگرێت.

---

بە هیوای سەرکەوتنی گەورەلە ژێر سێبەری بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

زۆر شتی دیکەش هەیە کە باقی ئازیزان بە وردی باسیان کردووە

دەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەک.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## ئەم هەل و دەسکەوتە بەو هەڵە کوشندەیە مەفەوتێنن



**رامبۆد لۆتفی پووری**

بەدڵنیاییەوە یەکگرتن و یەکریزی لە نێو هەر بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورددا بێتە ئاراوە بابەتێکی پێویست و بایەخدارە و دەتوانێ باندۆری پۆزەتیڤی لە سەر رەوتی خەبات و تێکۆشانی سیاسی هەبێت. بەڵام لەوە گرینگتر چۆنیەتیی دارِشتنی بنەماکانی ئەو یەکگرتنە و ئاراستەی داهاتوویەتی.

بێگومان جیدی بوونەوەی هەواڵی یەکگرتنی هەر دوولایەنی حیزبی دیمۆکرات لە ماوەی رابردوودا تیشکێکی هیوا و دڵخۆشی خستە دڵی هەموو دڵسۆزانی بزاڤی نەتەوایەتی و مافخوازانەی کوردەوە. سەرباری ئەم راستییە نابێ لەبیر بکرێ کە یەکگرتن بە تاقی تەنیا و وەک خۆی ئامانج نیە، واتە مەرجی پێویستە بۆ سەرکەوتن و پێشڤەچوون بەڵام بەس(کافی) نیە.

یەکگرتنەوەی دیمۆکراتەکان وزەیەکی بە هێز و نوێ بەرهەم دێنێت کە ئەگەر بەدروستی و زانایییەوە کاناڵیزە و ئاراستە بکرێت دەتوانێ دینامیزمی خەبات کارا و کاریگەرتر بکات، بە پێچەوانەش ئەگەر تەنیا وەک بابەتێکی ئابستراکت سەیر بکرێ و رەهەند و دەرئەنجامە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا لەبەرچاونەگیرێت واتە هیچ پلانێک بۆ بەکارهێنانی یەکگرتوویی لە خزمەت پێشخستن و ئاکتیڤ کردنەوەی دۆزی کورد لە ئارادا نەبێ و بۆ وەگەڕ

خستنی ئەو وزە بەرهەم هاتووە گۆڕانکاریی پێویست و گونجاو نەبێتە ئاراوە دەتوانێ ئاکامی نادڵخواز و نەباشی لێبکەوێتەوە . ئەمە ئەو مەترسییەیە کە وای لە چاوەدێرانی دڵسۆزی کورد کردوە بە نیگەرانییەوە سەیری پرۆسەکە بکەن.

ئەمرۆ دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی کوردی ئەمریکا لە گەڵ مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتی حدکام بینی کە نیگەرانییەکەی قووڵتر کردەوە، ناوبراو لە بەشێک لە قسەکانیدا ئێژێ کە هەر دوو لایەن ڕێککەوتوون کە نەک تەنیا لە قۆناغی یەکساڵەی تێپەڕین لە یەکگرتنەوە بۆ کۆنگرەی هاوبەش جەنابیان بەرپرسی یەکەمی حیزب بێت بەڵکوو لە ئێستاوە ڕێککەوتن کراوە کە لە کۆنگرەشدا هەر ئەو بکرێتە سکرتێری گشتی!! بێگومان ئەمە دەسپێکێکی زۆر خراپ و مەترسیدارە بۆ داهاتوویەک کە دەکرێ گەش بێت و جۆرێکە لە ناشتنی هیوا و ئاواتی خەڵکی دڵسۆز و چاوەڕوانی کورد. ئەمە پێشێل کردنی هەموو ئەو پرەنسیپە دیموکراتیکانەیە کە د.قاسملوو ئەندازیاری چەسپاندنیان بوو لە حیزبی دیموکراتدا. لە سەر ڕێککەوتن لە قۆناغی تێپەڕبوون تا کۆنگرە کەس قسەی نیە و زۆریش ئاساییە بەڵام چۆن دەکرێ بەرلە گیرانی کۆنگرە بابەت و پەسندکراوەکان بڕیاریان لە سەر بدرێ و دەرەتانی گۆڕانکارییان تێدا نەهێڵرێتەوە، ئەدی دەور و ئیرادەی ئەندامانی کۆنگرە چی لێدێت و کێ و چۆن لە باتی ئەوان بڕیار دەدات؟ لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا کارەساتی وا رووی نەداوە کە ئاوا راشکاوانە و بە فەرمی ئەندامانی حیزب و بە تایبەت کۆنگرە بکرێنە مۆرەی یاری کردن و چەند کەسێک بە خواستی خۆیان بیانجوولێنن. ئەدی د.قاسملوو نەیوت ئینسان نابێ بکرێتە مۆرە، مەگەر نەیوت مرۆڤ دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بوون بێتە دەر و ببێتە ئەکتەرێکی خاوەن ئیرادە و بڕیار؟ چۆنە کە ئێستا وا بەم زەقی و ناحەزییە دەیانکەن بە مۆرە لە یاری و ململانێی دەسەڵاتی کەس یا کەسانێکدا، هەموو ئیرادەیەکیان لێ دەستێننەوە و تەنیا وەک مەکینەیەکی بێ گیان و بێ ئیرادە دەیانبەنە بە ناو کۆنگرەیەک کە چەپڵە بۆ بڕیار و ڕێکەوتنە نادیموکراتیکەکانتان لێدەن؟ ئەمە بێڕێزی نیە بە هەست و شعوری ئەو ئەندامانە؟ بۆ دەبێ بە سکرتێر بوونی کەسێک هێندە گرینگ بێ کە قۆچی دیموکراسی و میراتی ڕێبەرانی شەهیدی لە بەر پێدا قوربانی بکرێ؟ بۆ ڕێگا نادەن ئێستا کە بڕیاری پیرۆزی یەکگرتنەوە دراوە، ئەندامانی کۆنگرە خۆیان سەرکردایەتیی داهاتووی حیزبەکەیان هەڵبژێرن؟ چۆن و بە پێی کام پرەنسیپی دیموکراتیک ڕێگا بە خۆتان دەدەن بێڕێزییەکی وا بکەن و متمانە بە شعور و تێگەیشتنی ئەندامەکان نەکەن و وەک سەرپەرشت( قیم) لە باتی ئەوان بڕیار بدەن، خۆ ئەوان نە منداڵن و نە بێعەقڵ؟ کێ ئێژێ و بە پێی کام پێوەر ئێوە لەوان زیاتر خەمخۆرن و باشتر لە مەسڵەحەتی حیزب تێدەگەن؟

ئەم دەسپێکە سەقەتە نەک هەر مزگێنی پێشڤەچوونی پێ نیە بەڵکوو نیشانەیەکی مەترسیدارە لە دوور کەوتنەوەی حیزبی دیموکرات لە ڕێبازی دیموکراسی و گەڕای دووبەرەییەکی خراپتر لە رابردووی تێدایە. کوا چارەسەری دووبەرەکی، سڕینەوەی دیموکراسی و ڕێککەوتنێکی نادیموکراتیکی ئەوتۆیە؟

ئەگەر پێتان وایە لە دوای یەکگرتنەوە بۆ سارێژ کردنی زامەکانی دابڕان حیزب پێویستی بە کات و رێکخستنی وردتر و زیاتر هەیە، ئەوا قۆناخی تێپەڕبوون بۆ کۆنگرە درێژتر بکەنەوە نەک کۆنگرەیەکی بێناوەرۆکی کارتۆنی و نادیمۆکراتیک بەڕێوە بەرن و ببنە بناغەدانەری نەریتێکی نارەوا. ئەگەر یەکەم کۆنگرەی دوای یەکگرتنەوە بەم نەفەسی فیفتی فیفتی و ساخت و پاختەو لەبەرچاونەگرتنی ئیرادە و شعوری بەکۆمەڵی ئەندامانەوە بەڕێ بکرێ ئەستەمە بۆ کۆنگرەکانیتریش نەبێتە نەریت و بە بیانووی جۆراوجۆر و لە بیچمی جیاوازدا دووپات نەبێتەوە.

خەڵکی کوردستان خوازیاری یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانیەتی لە پێناو ئاکتیڤ بوونەوە و پێشخستن و سەرخستنی دۆزی کورددا، بۆیە هوشیار بن و لە پێناو بەرژەوەندیی تاکەکەسێکدا مەهێڵن مەتەرێزی راستەقینەتان کە خەڵکە لێتان بێهیوا ببێ و ئەم هەلە زێڕینە لە بارمەبەن. بەراستی بۆ دەبێ بەسکرتێر بوونی کەسێک بەو نرخە بکرێتە یەکێک لە مەرجەکانی یەکگرتنەوە؟

تکایە وانەکانی د.قاسملووتان لە بیر نەچێ کە هیچ کەسێک شایانی ئەوە نیە لە پێناویدا پرەنسیپە دیمۆکراتیکەکان پێشێل بکرێن. بۆ رێبەرێکی وەک د.قاسملوو کەئێستاشی لە گەڵدا بێ لە نێو کورددا بێوێنەیە کاری وا نەکرا ئیتر چ پێویستە و کوا رەوایە بۆ کەسانێک کە بە دەیان و سەدانی لەوان لێهاتووتر و زاناتر لە ریزەکانی حیزبدا هەیە باجێکی لەو چەشنە بدرێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## ئەو رۆژەی کە دەمێک بوو چاوەڕوانی بووین و ئاواتمان بۆ دەخواست.




**سەید عەلی هاشمی و عوسمان نۆباری**

ئەمرۆکە ئیدی نیشتیمان وچانێک دەدا و وردە وردە ئارام دەگرێ تا هیلاکی لەشی شەکەت و ماندووی ئەو چەند ساڵەی پڕ لە ئێش و ئازارەی دەرچێت ، ئەمرۆکە جارێکی دیکە خەڵکی داغدار و چاوەڕێی رۆژهەڵاتی کوردستان داسەکانیان دمەزەرد دەکەنەوە بۆ وەرزێکی نوێ دیکە لە ژیان و خەبات، ئەمرۆکە ئیدی دایکی شەهیدان هیچ دڵە خوورپەیەکیان نامێنێ و بەرگی خەفەت فڕێدەدەن و بەرگێکی تازە دەپۆشنەوە، ئەمرۆکە رۆڵە خەمخۆرەکان لە رۆژهەڵات و هەندەران و کۆیە سەرمەست و بێ پەڕوا پڕ بە گەروویان سروودی ئەی رەقیب دەڵێنەوە و دەڵێن : ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، نایشکێنێ دانەی تۆپی زەمان.

ئێستاکە حیزبەکەمان خەریکە دەکەوێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی، پێویستە هەموومان یەک دەنگ و یەک هەڵوێست ئامادەبین بۆ هەموو پێشهاتەکان، بەڵێ پێویستە جارێکی دیکە وەک جاران، شاهۆ، نەکەرۆز، ئاگری، قەندیل، تەرەغە، وەنەوشە، کێلەشین دەست لە ملانی یەکتر بنەوە و بە گوڕ و تینێکی تازە نەفەسەوە بەرەنگاری داگیرکەران بینەوە، ئەو جار هەر هەموومان پێکەوە لە سەنگەرێک دا پشت بە پشتی یەکەوە، بۆ ئەوەی هیچ دوژمنێک نەتوانێ زەفەرمان پێبەرێ، زەرووریيە لە باشوورەوە لە کۆییەوە بگرە تا ناوخۆی رۆژهەڵات و هەتا هەندەران خەممان بکەینە یەک ، دەنگمان بکەینە

یەک ، هێزمان بکەینەوە یەک بۆ ئەوە وەک جاران ببینەوە بە هێزێکی بە هێز، پێویستە وەک دار بەرۆکان تێکوڵە کۆنەکان فڕێدەین و سەر لە نۆێ چرۆی نوێ دەرکەین، پێویستە هەموومان لە دڵەوە دووبەرەکی وەلانێن و لاپەڕەیەکی نوێ لە نیازپاکی و برایەتی نیسبەت بە یەکتر هەڵدینەوە.

ئێستا وەختی ئەوەیە کە خەڵکەکەمان لەو نیگەرانیە و دڵەڕاوکێیەی کە چەندین ساڵە بەرۆکی گرتوون بڕەوەێنینەوە و ڕەزگاریان کەین، وەختی ئەوەیە بوێرانە و ڕاستگۆیانە پێ لە ڕاستیەکان بنێن و حەکیمانە بە دوای چارەسەریەکاندا بگەڕێن و سارێژی برینەکان بکەین، نامان هەوێ لێرەوە و لە وڵاتانی ئیسکاندیناوێوە خوانەخواستە نەسیحەتی کەس بکەین، بەڵام ئێستا کە ئیدی دونیا دەزانێ کە خوودی بەرپرسانی ڕێژیمیش چۆن یەک بە دوای یەک دا ڕاستیەکان دەڵێن و چۆن باسی شیرازەی لە بەریەک هەڵوەشانی ڕێژیمەی خۆیان دەکەن، بۆیە لە هەل و مەرجی ئێستا تەنیا ئاڵترناتیو و بە دیلێک کە داواکاری هەموو لایەکە یەک دەنگی و یەکریزی حیزبەکانمانە، بە خۆشیەوە ئێستا خەڵکەکەمان ئەمرۆکە لە ڕۆژهەڵات لە باری کاری کلتووری، ڕۆشەنبیری، خوێندنی زمانی کوردی و هەواڵنێریەوە زۆر ژیرانە کار دیکە دەکەن و هەر بۆ خۆشیان زۆر لێهاتوانە و شارەزایانە بڵاوی دەکەنەوە، بە کورتی ئێستا لە ڕۆژهەڵات کوردایەتی بۆتە بەشێکی تۆخ لە ناسنامەی ئەو گەلە بەشخوراوە، هەر بۆیە ئەو یەکریزیەی حیزبەکان بە بێشک دەتوانێ هاندەرێکی زۆر بە هێز بێت بۆ ئەوانیش.

بێشک هەر کەسێک مێژووی حیزبی دێمۆکراتی خوێندبێتەوە چاک دەزانێ کە ئەو حیزبە بە چ مەرگەساتێک گەیشتۆتە ئێرە، ئەو حیزبە کە گەورەترین هیوای دوارۆژ و بە نرخترین سەرمایەی ئەو خەڵکە ستەمدیە، ئەگەر سەرکردایەتێکی یەکگرتوو و خەمخۆری هەبێ بە دڵنیایەوە و بە بێ پێداهەڵگووتن لە ماوەیەکی زۆر کەم دا دەبێتەوە حیزبە تاقانەکەی جارانی دێمۆکرات، بۆیە خوشک و برای دێمۆکراتم ئەو جار ئەگەر لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریت کرد، ڕاچلەکە و تۆزقاڵێک ڕاوەستە و فکرێک بکەوە، ئاورێک بدەوە لەو مێژوە خوێناوییە و ئەو هەموە شەهیدە کە چۆن بە سەخاوەتەوە گیانیان بۆ ئەو و خاکە پیرۆزە بەخشی، چاوێک لەو پازدە ساڵە بەفیڕۆچوونە بکەوە و جارێک بۆ هەمیشە دوور کەوە لەو دووبەرەکییە و مل ملانە حیزبیە کە چۆن چەندین ساڵە بۆتە خۆرکە و دەستبەردارمان نابێ، وەختی ئەوە هاتوە ئەو جار هەر کاممان بۆ خۆمان بڕیاری خۆمان بدەین، وەک دەبینین بێجگە لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان، دەنا لە هەموو دونیا دا ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات هەیە و تا ئێستاش هیچ وڵاتێک لەو ئاڵ و گۆڕانە دا زەرەری نەکردوە، خۆشەویستان لە هەل و مەرجی ئێستا دا حیزبەکەمان مەسیوولیەتی گرینگی دەکەوێتە سەر شانی، هەربۆیە حیزبی دێمۆکرات پێویستی بە ڕێبەراتێکی ژیر و سەردەم هەیە، خوشک و برایانی ئازیز باوەڕکەن بە خۆشێەوە ئێستاش لە ناو حیزبدا کۆمەڵە خەڵکێکی لێهاتوو و خاوەن ئەزموون و خوێندەواری زۆرمان هەیە کە بتوانن زۆر سەرکەوتوانە ئەو حیزبە ئیدارە و ڕێبەری بکەن.

درۆ ناکەین لەو ماوەیە دا کە لە تەشکیلاتی حیزب دبڕابووین، ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانمان تێپەڕ کرد و هەر ڕۆژێکمان بە سالێک تێپەڕ کرد، بەڵام بەو حاڵەش ئەسڵەن پەشیمان نین لەو بڕیارەی کە داومانە و شانازی دەکەین کە لە ماوەیە دا لە تەشکیلاتی هیچیان دانەبووین و هیچیانمان بۆ ئەوی دیکە مەحکووم نەکرد، لە بەر ئەوەی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پێمان وابوو هیچیان هەقدار نین، ئەکسەری بەدەنەی حیزب و تەواوی خەڵکی ڕۆژهەڵات دژی دابڕان بوون و هیچکەس دوو دێمۆکڕاتی بە جیا قەبووڵ نیە و نایهەوێ، ڕەنگە جێ خۆی بێ لێرەدا گەلەیەک لەو هاوڕێیانە بکەین لەو ماوەیە دا لە کوێی باسی یەکگرتنەوە کرابێ، ئەوان بۆ دژایەتی یەکگرتنەوە لەوێ حازر بوون، زۆر جاران بە پەیام و کۆمێنت بۆیان دەنووسین ئەرێ ئەوە ئێوە قسە بۆ کێ دەکەن، ئەرێ ئەوە ئێوە ماندوو نەبوون؟ بەڵام هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پێمان وابوو دوو دێمۆکڕات بۆ هەموو ئەندامانی دێمۆکڕات و خەڵکی ڕۆژهەڵات شتێکی نارەواو و نامۆیە و بۆ کەس قابیلی قەبووڵ نیە، بە دڵنیایەوە ئێمە ڕقمان لە کەس نەبوە و نیە و ئەوەی کوتوومانە تەنیا لە بەر ئەو خەسارە گەورە و ئێش و ئازاری حیزبەکەمان بوە، دەنا ئێوە هەمووی ئازیزی ئێمەن، ئەگەر لەو بارەوەش کەسانێک لە ئێمە دڵگران بوون داوای لێبووردنیان لێدەکەین، جێی خۆیەتی سپاسێکی گەرم بنێرین بۆ ئەو بەرپرسانەی دەرەوەی وڵات کە جاروبار ئیجازەیان دەداین قسەی خۆمان لە سەر یەکگرتنەوە بکەین، هەر لەو کاتەشدا گەلەیەکی دۆستانە ئاڕاستەی هێندێک بەرپرس بکەین کە زۆر شتیان لە دەست دەهات، بەڵام بە داخەوە هەر بێدەنگیان هەڵبژارد و ئێستاش کە ئێستایە نە بە خراپ و نە بە چاک لە سەر ئەو پرسە گرینگ و چارەنووس سازە هیچیان نەکووت، پرسیار ئەوەیەتۆ بڵێ ئەو بەرێزانە بۆ دابڕانیش هەر وابوون ؟ سپاسی ئەو دەنگە دلێرانە لە دوو دێموکڕاتەکە دەکەین کە زۆر کۆمەگی ئێمەیان کرد و نەیانهێشت ئەو پرسە فەرامۆش بکرێ.

## هەڵوێست:

ئێستا کە بە خۆشێوە ئاواتی هەمووماں هاتۆتە دی و حیزبەکەمان بۆتەوە بە یەک، هەقی خۆمانە ژن و پیاو و ورد و درشت شاگەشکە و دڵخۆش بین بەو سەرکەوتنە گەورەیە، هەر بۆیە ئێستا ئیدی هیچ پاساوێک نیە بۆ ئێمە کە هەروا بێلایەن دانیشین، هەر بۆیە هەر لە ئێستاوە بەو پەڕی شانازییەوە ڕادەگەیەنین کە دەچینەوە ناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکڕات، حیزبی شەهیدان و هەر لە ئێستا وە ئامادەین هەر وەک کوڕەکەی جاران وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەت حیزبەکەمان دابین، هەر بەو بۆنەشەوە داوا لە هەموو هاوڕێیان دەکەین کە لەو ماوەیە دا دڵیان ڕەنجاوە و نەخشی بێلایەنیان هەڵبژاردۆە بێنەوە ناو تەشکیلاتی حیزب و هەمووماں بە هێزەوە حیزبەکەمان بگێڕینەوە دۆخی جارانی خۆی، هەموو ئەو ئازیزانەی ئەو ماوەیە لە حیزب زیز بوون بە دڵنیایەوە هیچکامیان نە بەزیون و نەماندوو بوون، بەڵکوو سادقانە یەکریزی و یەک پارچەیی ئەو حیزبەیان دەویست، هەروەها داواش لە حیزب دەکەین وەک بابێکی دڵسۆز وەدووی ئەو کوڕ و کچانە بکەوێ و دڵنەواییان داتەوە و بیانهێنێتەوە ماڵەکەی گەورەکەی خۆی ، لە بیرتان نەچێ ئەو حیزبە

حیزبی هەموومانە و پێویستی بە هەموومانە و بە هەموومانەوە جوانە، لە کۆتایی دا خۆزگە لە خۆزگە دونیایە توانیبامان ئەگەر بۆ ئاخرین جاریش بێ ئیحساسی دڵی خۆمان بە بێ دوو دڵی بە هەموو لایەک بڵێین کە ئەو شازدە ساڵە ئەو کارەساتە چی بوو بە سەر ئەو خەڵکەیان داهێنا و کێ بەرپرسیارە لەو هەموو نەهامەتیە.

بەو بۆنە پیرۆز و مێژووییەوە لە پێشدا پیرۆزبایی لە خۆمان و ئینجا گشت کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکەمان دەکەین،

سڵاو لە قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی حیزب و گەل.

بۆ پێشەوە بەرەو دێمۆکراتێکی یەکگرتوو.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێز و حورمەت:

عوسمان نۆباری و سەید عەلی هاشمی.

١٦ی گەلاوێژی ١٤٠١ - ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارنگ

## * ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وەڵات




- ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ لە شاری "ئالبۆرگ" لە وڵاتی دانمارک ...
- بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ و جێژنی یەکگرتنەوە لە وڵاتی سویس...
- بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕێوڕەسمێک لە دوورگەی "شیلەند" لە دانمارک ...
- ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە وڵاتی سوئید ...
- بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٥ گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە وڵاتی ئاڵمان
- ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات لە ئوسترالیا ...
- ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی بلژیک ...
- ڕێوڕەسمێکی گەورە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژاوای کانادا ...

## ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ لە شاری "ئالبۆرگ" لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی، بەرانبەر بە ٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٢ی کوردی، ڕێوڕەسمێکی گەورە بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب و هەروەها یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات بە بەشدارییی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی هەر دوو لای حیزبی دیمۆکرات لە شاری ئالبۆرگ بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان "جەمشید خوسرەوی" بەرپرسی گشتیی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و "عیسا مەحموودی" بەرپرسی تەشکیلاتی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانمارک بە نوێنەرایەتیی هەر دوو کومیتەکە چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد و ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب و هەروەها یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان لە خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی، سەرجەم ئەندامان و دۆستان و دڵسۆزانی حیزب و ئامادەبووانی ئەو ڕێوڕەسمە پیرۆزبایی کرد.

پاشان پەیامی هاوبەشی کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن "فاخر مەولوودی" بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دانمارک پێشکەش کرا.

دواتر شێعرێک لەژێر ناوی "یەکبوون"، لەلایەن "ئیبراهیم ڕەسووڵزادە" پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەدا پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دیموکرات لەلایەن "پەیوەند خەلیلی" خوێندرایەوە.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان خوێندرایەوە.

پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لەلایەن "دڵشاد عەلی"، پەیامی پیرۆزبایی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن "ئەبووبەکر ئیسماعیلی"، پەیامی پیرۆزبایی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەلایەن خاتوو "ئیلهام کاکی"، پەیامی پیرۆزبایی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان . باکوور لەلایەن "کاووس عەزیزی"، پەیامی پیرۆزبایی حیزبی شیوعیی کوردستان لەلایەن "سەلام سدیقی"، پەیامی پیرۆزبایی زیندانیانی سیاسی لە دانمارک لەلایەن "عەلی خانی" و پەیامی پیرۆزبایی سازمانی دیموکراتیکی یارسان لە دانمارک لەلایەن "هووشەنگ خوسرەوی" خوێندرانەوە.

برگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بە دەنگی هونەرمەند "سەنگەر کەماڵ" و بە جۆش و خرۆشەوە ڕێوڕەسمەکە تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ و جێژنی یەکگرتنەوە لە وڵاتی سویس**



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ بەرامبەر بە ٢٩ی گەلاوێژ، لە وڵاتی سویس ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردستانیانی نیشتەجێی وڵاتی سویس و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە کە لەلایەن کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێک خرابوو بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب: و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

سەرەتا لەلایەن هەر دوو بەڕێوبەری بەرنامە "ڕاسان نەجمی و تەوار ئابرووزەنی" بەخێرهاتنی بەشدارانی ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیە کرا، پاشان لەلایەن "خەسرەو ئەحمەدی" کەمئەندامی ناو سەنگەر و "مەنیج عەزیزی" خوشکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بە نوێنەرایەتی لە کەمئەندامانی حیزب و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان مۆمی ٧٧مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزب هەڵ کرا.

پاشان بەرنامەکانی تایبەت بە ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ و ڕێوڕەسمی تایبەت بە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب بە فەرمی و

لەلایەن "ئەحمەد شێربەگی" سیمای دیاری ڕۆژهەڵات و بێژەری بەتواناى ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەستی پێ کرد.

"ئەحمەد شێربەگی" لە سەرەتای وتەکانی وێرای پیرۆزبایی لە ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حیزب لەمەڕ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب وتی: "ئەمڕۆ زۆر خۆشحاڵم کە دوای ماوەیەکی زۆر خۆم لە کۆڕی ئێوەی تێکۆشەردا دەبینمەوە، بۆیە سەرەتا پێم خۆشە لە خزمەت ئێوە بەشداربووانی ئەو ڕێوڕەسمە و هەموو ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات سپاسی بێپایانی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام هەوڵیان داوە و ماندوونەبوون بۆ وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات.

"شێربەگی" لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: "دەبێت هەمووومان برینەکان سارێژ بکەین و ئەم یەکگرتنەوەیە دەبێت وەک بوومەلەرزەیەک هەموو پێگەکانی ئەو ڕێژیمە لە بواری خەباتی دیپلۆماسی و سیاسی و خەباتی بە کردەوە بلەرزێنێت و ئەم یەکگرتنەوە بکەین بە یەکگرتنەوەیەکی بەرینتر بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات تا هەموو وزەکان بخەینە خزمەت ئەو بزاڤەوە".

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی هاوبەشی کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن "زاهێر قادر حاجی" پێشکەش کرا.

"زاهێر قادر حاجی" لە سەرەتای پەیامەکەدا وتی: "ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویی و زۆر تایبەتە، چۆنکە دوای ماوەیەکی زۆر دابڕانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، ئێستا ئێمە وەکوو بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکرات لە دەوری یەکتر کۆبوویینەتەوە و بە هاوبەشی ڕێز لە ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەگرین و پێمانوایە کە بە یەکەوە دەتوانین بەهێز بین و خەبات و تێکۆشانمان لە یەک سەنگەردا دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە پێ بدەین".

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا باسی لەوە کرد کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرحەق و ڕەوایە و حیزبەکەمان خاوەن ئەزموونێکی زۆرە، خاوەنی بڕیار و مێژوویەکی پڕ هەوراز و نشێوە و لە هەمان کاتدا پڕ لە سەروەرییە. لە لایەکی دیکەشەوە پشتیوانیی بێوێنە و پان و بەرینی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات و هەروەها یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دیموکرات ئەوەمان پێ دەڵێت کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەباتەکەمان دەبێ بەربڵاوتر و جیدیتر بێت بۆ هەنگاونان بەرەو ئازادی و ڕزگاریی یەکجاریی نەتەوەکەمان.

قادر حاجی لە بەشی کۆتایی پەیامەکەیدا وتی: "لەگەڵ ئەوەیکە ٧٧ـەمین ساڵی تەمەن و یەکگرتنەوەی ناو ڕیزەکانی

حیزبی دێموکرات جەژن دەگرین و شانازی بە رابردووی مێژووی خەباتەکەمانەوە دەکەین، لە هەمان کاتدا پێویستە بۆ کاراکردن و بەهێزکردنی خەبات، خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان دەستنیشان بکەین و هەوڵ بۆ بەهێزترکردنی تێکۆشانی حیزبەکەمان بدەین.

لە بەشیکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتیەکانی ژنان و لاوان لەلایەن "ڕزگار ڕەشیدی" بە زمانی کرمانجی پێشکەش کرا.

بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ پێشکەشکردنی پەیامی هێز و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان کە بەو بۆنەیەوە پێشکەشیان کرد.

ئەو حیزب و لایەنانەی کە پەیامیان بۆ ئەو بۆنەیە ناردبوو بریتی بوون لە:

یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

پارتی دێموکراتی کوردستان

حیزبی شیوعیی کوردستان

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

سازمانی خەباتی کوردستان

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک "پەیەدە"

پارتی یەکیتیی دێموکراتی کورد لە سووریە "یەکیەتی"

کۆما جیڤاکێن دێموکراتا کوردستان "کە جە د کە"

پارتی سوسیالیستی کوردستان "پە سە ک"

ناوەندی کۆمکار لقی سویس

تەڤگەری دێموکراتیکی کوردستان "تەڤگەر"

ئەنستیتۆی کورد لە سویس

کۆنفیدراسیونی ڕەوەندی کوردستانی لقی سویسرا

ناوەندی زاگرۆس بۆ مافەکانی مرۆڤ

ڕۆژنامەنووس "هیوا ناسێح"

ڕۆژنامەنووس و نووسەر "ئایدین دێره"

شارەداری پێشووی شاری باتمانی باکووری کوردستان "نیجدەت ئاتالای"

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا هونەرمەند "کاوە ئورومیە" بە دەنگە پڕ لە حەماسەکەی چەند سروودێکی پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمە کرد.

دواتر پارچە هۆنراوەیەکی پڕ لە هەست و سۆزی نیشتمانی کە تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ بوو لەلایەن "عەلی سۆڕەچۆمی" ئامادە کرابوو پێشکەش کرا.

بەشی کۆتایی بەرنامەکە تەرخان کرا بۆ ئاهەنگی شادی و گۆڤەندی بەشدارانی ئەو ڕیوڕەسمە کە تا درنگانێکی شەو لە کەش و هەوایەکی پڕ لە خۆشیدا درێژەی کێشا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕێوڕەسمێک لە دوورگەی "شیلەند" لە دانمارک بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ لە دوورگەی "شیلەند" لە دانمارک بەبۆنەی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و جێژنی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لەلایەن کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەناوی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە شاری "ڕۆسکیلدە" لە دوورگەی شیلەندی وڵاتی دانمارک پێکهات کە سەدان کەس لە ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حیزبی دێموکرات، نوێنەری هێز و لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان، کەسایەتی، فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان و دیاکورد و ڕەوندی کورد تێیدا بەشدار بوون.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامەیە خاتوو "شاناز کاکە ئازەر"، "ئەحمەد ڕەحمانی" بە نوێنەرایەتی دەستەی ئامادەکاری جێژن و هەروەها بە نوێنەرایەتیی کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخێرهاتنی بەشدارانی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و چەن ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

لە بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا هەر یەک لە بەڕێزان کاک "ناسر پیرانی" و دوکتور "سەعید سووڵتانپوور" بە نوێنەرایەتیی کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم وڵاتە بەخێرهاتنی بەشدارانیان کرد و خۆشحاڵیی خۆیان وەک حیزبی دێموکرات دەربڕی.

هەر یەک لە بەڕێزان کاک "ناسر پیرانی" و دوکتور "سەعید سووڵتانپوور" ئاماژەیەکی کورتیان بە یادی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات کرد لە هەمان کاتیشدا زەروورەتی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتیان هێنایە بەرباس و ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەو یەکگرتنەوەیە چەندە کاریگەری ئەرێنیی هەیە چ لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، گەل و نیشتمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و لە هەر چوارپارچەی کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی هاوبەشی کومیتەکانی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٧ەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لەلایەن کاک "حوسێن مەحموودی" بەرپرسی کومیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە نوێنەرایەتیی هەر دوو کۆمیتەوە پێشکەش کرا. لە پەیامەکەدا وێڕای ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ئەو ڕۆژە مەزنە، یەکگرتنەوەی دوو باڵی دێموکرات بە هەنگاوێکی گرینگ و مێژوویی وەسف کرابوو و هاوکات باس لەوەش کرابوو کە بەهۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەژێر زوڵم و زۆری ڕێژیمێکی خۆسەپێن و داخراو و تۆتالیتێردایە، ئەرک و مەسئوولییەتەکانی هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە زیاترە و ئەو خەباتە پێویستی بە هەوڵی بێوچانی هەموو لایەک هەیە.

پەیامەکە هەروەها باس لە تەوەری سەرەکیی گوتار و کرداری حیزبی دێموکرات وەکوو ناسنامەی نەتەوەیی و کیانی کوردی لە شکڵی کۆماری بەشێوەی دێموکراتیک، ئاڵای کوردستان، هێزی پێشمەرگە و سپای میلیی کوردستان، شۆڕشی ٤٦ـ٤٧ـی هەتاوی و خەباتی چەکدارانەی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران وەکوو قۆناخێکی زێڕین باسی لێ کرا.

پاشان هۆنراوەیەک لەژێر ناوی "بانگەوازێ بە تامی موژدە و بۆنی مزگێنی" لە نووسینی "عارف عەزیزی" لەلایەن "ئەحمەد ڕەحمانی" پێشکەش کرا.

"بەرەو لووتکە" ناوی هۆنراوەیەکی "ڕەسووڵ سوڵتانی" بوو کە لەلایەن خاتوو "شاناز کاکە ئازەر" پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

لە برگەیەکی دیکەدا "بێستوون محەممەدزادە" و "ڕەشید قازی" بە ڕیز هۆنراوە و پەخشانێکیان بەو بۆنەوە خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا

پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان لێژنەی ناوچەی دانمارک،
پەیامی ناوەندی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە دانمارک،
پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،
پەیامی پارتی سۆسیالیستی کوردستان PSK دەستەی نوێنەرایەتی مەجلیسی دەرەوەی وڵات،
پەیامی پارتی ئازادی کوردستان PAK - دانمارک،
پەیامی پارتی ماف و ئازادییەکان/ هاک- پار.
پەیامی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە،
پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات.
پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان- کومیتەی دانمارک،
پەیامی دیاکورد، فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە دانمارک،
پارتی دێموکراتی کوردستان- باکوور،
ڕەوەندی کورد لە دانمارک،
حیزبی شیووعیی کوردستان- ڕێکخراوی دانمارک.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی ڕێکخراوە حیزبییەکان خوێندرانەوە لەوانە:

یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران،
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران،
یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران،
ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات،

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان،
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان.

برگەی دووەمی جێژنی پڕ لە شکۆی ٢٥ـی گەلاوێژ تایبەت بوو بە شایی و دیلان و گۆڤەندی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات کە لەم بەشەدا هونەرمەندان "ئارمان ڕەزایی"، "پەیمان میلان" "عەتا عەزیزی" و "عەلی سابیر" جۆش و خرۆشێکی تایبەتیان بە جێژنەکە بەخشی. جێژنەکە تا درەنگانی شەو بە شادی و خۆشحاڵیی بەشداربووان درێژەی کێشا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە وڵاتی سوئید ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو**



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی بەرامبەر بە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب و ئۆگرانی ئازادی لە وڵاتی سوئید بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەو حیزبە لە شاری وێستروّسی ئەو وڵاتە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل دەستی پێ کرد.

لە سەرەتادا خاتوو "ئاوارە جەلالی" بە پێشکەشکردنی پارچە شێعرێک بە ناوی "ئەمن حیزبی دێموکراتم" ڕێوڕەسمەکەی کردەوە و پاشان بە نێوی دەستەی کارگێڕیی ڕێوڕەسمەکە، بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد.

دواتر بەڕێز کاک "بابا عەلی مێهرپەروەر" ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا لێکدانەوەیەکی خەسارناسانەی لەسەر دابڕان و لێکترازانەکان کرد و خۆشحاڵیی خۆی سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوە دەربڕی.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا "سەعید بەیگزادە" چەن وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

ناوبراو باسی لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیە کرد و وتی کە دوای ماندووبوون و وتوویژی زۆر و دیتنەوەی میکانیزم و گەڕان بەدوای چارەسەری گونجاو، لە کۆتاییدا ئەو پرۆسەیەیان بە ئاکام گەیاند و کۆتایی بە دوو حیزبی هات.

مۆژدەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەی خۆشحاڵ کرد و فرمێسکی خۆشحاڵی، بە چاوی هەموو ئەویندارانی ئازادی و یەکڕیزیی ماڵی کورددا هاتە خوار.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان کاک "بابا عەلی" بۆ جارێکی دیکە هاتەوە سەر تریبوون و پەیمان و بەڵێنی نوێ کردەوە کە جارێکی دیکە چالاکانە لەم مەیداندا بەشدار دەبێت.

پاشان پەیامی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی سوئید لە لایەن "نەبەز عەلی دووست خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی هاوبەشی کومیتەی دیموکراتەکان کە هەڵگری پەیامی یەکڕیزی و هاوکاریی ڕیزەکانی حیزب بوو لە لایەن "ئەبووبەکر ڕەحمانی" بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی سوئید خوێندرایەوە.

دواتر تێکۆشەری دێرینی ڕێگای کوردایەتی، بەڕێز مامۆستا مەلا "محەممەد جوانڕۆیی" پەیامی حیزبی شیووعیی کوردستانی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.
یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دیموکرات بەو بۆنەوە پەیامی پیرۆزباییان هەبوو کە لە لەیەن خاتوو "لەتیفە جەباری" پێشکەش کرا.

"ناوەندی یەکیەتیی کوردان" بەو بۆنەوە پەیامێکیان ئامادە کردبوو کە لەلایەن هاوڕێ "کۆوەیسی" بەرپرسی ناوەندی یەکیەتیی کوردانەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا بە نوێنەرایەتیی پارتی گەل (فۆڵک پارتییەت) بەڕێز فرێدریک مالم پارلەمانتار و بەرپرسی پێشووی "کوردیش نێت ڤۆرک "لە پارلەمانی سوئید بەشداریی ڕێوڕەسمەکەی کرد و لەو پەیوەندییەدا چەن وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە وتەکانیدا باسی لە فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات کرد و پاشان ئاماژەی بە ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەد و تێرۆری شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و شەهیدانی دیکەی کوردستان و خەباتی ڕەوای کوردان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کرد. ناوبراو هەروەها وتی کە ڕاستە دوو دێموکرات شازدە ساڵ وەک دوو حیزب خەباتیان کرد بەڵام ئیرادەی دوو لایەنە وای کرد کە یەک بگرنەوە و بە گەرمی پیرۆزبایی ئەو جێژنەی لە بەشداربووان کرد.

دواتر بەڕێز "ئاندێرش ئۆست بێری" نوێنەری پارتی سۆسیال دێموکراتی سوئید پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی لە بەشداربووان کرد و ئاواتی سەرکەوتنی جووڵانەوەی بەرحەقی گەلی کوردی کرد.

لە کۆتاییدا پەیامی کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی بەو بۆنەوە خوێندرایەوە کە لەبەر کەمیی کات تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان کرا کە بریتی بوون لە:

ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات،
کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان،
پارتی ئازادیی کوردستان،
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،
کۆنفێدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستان،
ناوەندی سوئیدیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان،
لێژنەی ناوچەی سوئیدیی پارتی دێموکراتی کوردستان،
کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان / سوئید،
ئەنجومەنی فەرهەنگیی یارسان "عەلی ئەسغەر خوسرەوی"،
پارتی سۆسیالیستی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٥ گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە وڵاتی ئاڵمان



ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ بەرانبەر بە ٤ی خەرمانان، بە بەشدارییەکی سەدان کەسی لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی ئاڵمان، جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە، بە خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە ئاڵمان و ساتێک بێدەنگی بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد.

لە برگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە کە تەرخان کرابوو بۆ پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوەکان، لەلایەن هاوڕێیانی پێشکەشکاری ئەم ڕێورەسمە بەشکۆیە، خوشکە چۆپی مروەتی و کاک عیسا زورانی، داوا لە کاک "خالید حەسەن پوور" کرا کە بە نوێنەرایەتی لە دەستەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وتارەکەیان پێشکەش بکەن.

هاوڕێ کاک خالید حەسەنپوور، سەبارەت بە شکۆی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، ئاماژەی بە ویستی کۆمەڵانی

خەڵک و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و لەمەڕ یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات و بە خوێندنەوەی هەنووکەیی و دۆزی ڕەوای ئازادیخوازی پانتایی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ڕۆژهەڵات و ئێران، ئاماژەی بە پرۆسەی فرەڕەهەندی خەبات کرد.

بەڕێز حەسەنپوور، کاریگەری یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی لەمەڕ خەباتی دیپلۆماسی، بە خاڵێکی وەرچەرخان زانی و کەریگەریی ئەو یەکگرتنەوەشی بە ئادرسێکی بەهێز سەبارەت بە کۆکردنەوە و تەعامول لەتەک ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان زانی.

دواتر بەڕێز کاک ڕەشید ڕەحمانی پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەش کرد.

لەدرێژەی خوێندنەوەی پەیامەکان، کاک شەهریار نەقشبەندی پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی ئورووپای پێشکەش کرد. بەڕێزیان پاش بەخێرهاتنی میوانەکان بە دوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی بە کورتی پەرژایە سەر زەروورەت و پێویستییەکانی یەکگرتنەوە و بە خاڵێکی ئەرێنیی ناو ڕیزەکانی نێو ماڵی کورد و حیزبی دێموکراتی زانی و پیرۆزبایی ئەو یەکگرتنەی ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب کرد.

لە بەشێکی دیکە لە ڕێورەسمەکەدا پەیامی بنەماڵەی شەهیدان لەلایەن خوشکە شەرارە سادقی خێزانی شەهید حەیدەر قوربانییەوە پێشکەش کرا کە لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازیی لێ کرا.

پاشان پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خاتوو سومەیە خزریەوە پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەدا بەڕێز کەیوان کۆنەخانی سروودی ٢٥ی گەلاوێژی پێشکەش کرد.

دواتر خاتو لەنیا ڕەسووڵی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی لاوانی دێموکرات پەیامی یەکیەتیەکانی لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی پێشکەش کرد.

پارچە پەخشانێک لەلایەن ئەیووب موڕادی ئەندامی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

پاشان بە چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان سپاس و پێزانینی حیزب و دەستی بەڕێوەبەریی ڕێورەسمەکە ئاراستەی ئەو حیزب و

ڕێکخراوانەی کە پەیامی پیرۆزبایان پێشکەش کردبوو کرابوو.

لە برگێکی دیکەدا پەیامی ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن بەڕێز .عەزیز ڕەسوڵی زیندانیی سیاسی کوردەوە پێشکەش کرا.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا پارچە پەخشانێک لەلایەن بەڕێز کاک کەماڵ حەسەنپوورەوە خوێندرابیەوە و پاشان پەیامی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی دێموکرات، پێشکەش بە دەستەی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ و تێکەڵبوونەوەی حیزبی دێموکرات کرا.

جێی ئاماژەیە، نوێنەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە وڵاتی ئاڵمان کە بەشدار ببوون و پیرۆزباییان ناردبوو لە لایەن بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەوە پێشوازیان لێ کرا کە بریتین لە:

پارتی دێموکراتی کوردستان،سووری
ناوەندا ڕەڤەندا کوردستانی
یەکییەتی نووسەرا کوردستانا، سووریە
فێدراسیۆنی کۆمەڵەی کوردستانا نەڤنەتەوەیی، رووسیەی پێشوو
پارتی پێشەوەری کورد، سووریە
کۆنفیدراسیۆنا ڕەڤەندا کوردستان
پارتی یەکییەتی سووریە
پارتی دێموکراتی کوردستان، فرانکفۆرت
ناوەندی لێکۆڵینەوەی کورد
پارتی دێموکراتی کوردستان، باکوور
پارتی سوسیالیستی کوردستان، باکوور

کۆتایی ڕێورەسمەکە بە گۆرانی و شایی و هەڵپەڕکێی گشتی و بە بەشداربوونی هونەرمەندانی بەهەست، بەڕێزان ڕافە سەروت،

خەبات مودەڕسی، محەممەد تاهۆ، سەنگەر کەماڵ و بەڕێزان

حەسەن چاوشین و ئاوارە مودەڕسی لە بەشی مووزیک کۆتایی پێ هات.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٦ی ئێوارە دەستی پێکرا و کاتژمێر ١٢ی شەو کۆتایی پێ هات.

کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – ئاڵمان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٨ی خەرمانانی ٢٧٢٢

### ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات لە ئوسترالیا بەڕێوە چوو



شەوی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزب، ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە شاری "ئادلایدی" ئوسترالیا بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی ئەو شارە و ئەندامانی حیزب بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان لەلایەن سێ منداڵەوە مۆمی یادی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات داگیرسا.
دواتر شاعیری بە توانا "چەکۆ باران" بە پارچە هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕی بەرنامەکەی دەست پێ کرد.

لە درێژەدا "مەسعوود سەمەدی" ئەندامی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە ئوسترالیا وێڕای پیرۆزبایی ٢٥ی گەلاوێژ چەند وتەیەکی سەبارەت بە دەور و نەخشی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئێستا کرد و ئاماژەی بە یەکگرتنەوەی

حیزب کرد و هیوای خواست کە ئەو یەکگرتنەوەیە بتوانێ لە بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلی کورد دەورێکی گرینگ بگێڕێت.

دواتر پەیامی ناوەندی ڕەوندی کوردی لە باشووری ئوسترالیا بەو بۆنەیەوە لەلایان "فەخرەدین گەرمیانی" خوێندرایەوە.

هەروەها "سەلاح پورئەسەد" ئەندامی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە ئوسترالیا پەیامی حیزبی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد و لەو پەیامەدا باسی زەرەر و زیانەکانی دابڕان و قازانجەکانی یەکگرتنەوەی کرد و داوای لە گەنجە خوێندەوارەکان کرد کە بێنە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە تا بەم شێوەیە بتوانین زیاتر کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بە گوێی کاربەدەستانی ئوسترالیا بگەیەنین.

پاشان پەیامی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی لەلایان "لالۆ سیانی" پێشکەش کرا.
ڕێوڕەسمەکە بە شایی و خۆشیی بەشداربووان کۆتایی پێ هات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی بلژیک بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی ئەندامان، لایەنگران و نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسیی کوردستانی و ئێرانییەکان، جێژنی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری "گێنت"ی وڵاتی بلژیک بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی و دوژمنبەزێنی "ئەی ڕەقیب" و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

لە بڕگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا سەرەتا پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لەلایەن "ئەحمەد عەبدۆیی" پێشکەش کرا.

دواتر "دارا ناتق" بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بلژیک بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد.

پاشان نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسیی کوردستانی و ئێرانییەکان پەیامی خۆیان بەو بۆنەوە پێشکەش کرد و پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبیان کرد.

لە کۆتایی بڕگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا "کاوە ئاهەنگەری" وێڕای پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات گرینگیی ئەو یەکگرتنەوە و کاریگەریی ئەو پرسەی لەسەر بەرەوپێشچوونی خەبات لەسەر ئاستی کوردستان و ئێرانی بۆ ئامادەبووان خستە بەر باس.

لە ڕێوڕەسمەکەدا نوێنەری کۆمەڵێک حیزب و لایەنی سیاسی بەشدار بوون و پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

- پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە
- لێژنەی ناوچەی بلژیکای پارتی دێموکراتی کوردستان
- کۆمیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی بلژیک
- شورای ئەحزابی چەپی ئێران
- کۆماریخوازانی سێکۆلار دێموکراتیک
- حیزبی سەوزەکانی ئێران

ڕێوڕەسمەکەدا بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران کۆتایی پێ هات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## ڕێوڕەسمێکی گەورە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژاوای کانادا بەڕێوە چوو



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٤ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی بەرامبەر بە ١٣ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێکی گەورە و بەشکۆی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژاوای کانادا بەڕێوە برد.

ڕێوڕەسمەکە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و ڕەوەندی کوردی دانیشتووی هەرێمی "بریتیش کۆلۆمبیا"ی کانادا پێک هاتبوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

دواتر "کیوومەرس بەیگی" وێڕای پیرۆزبایی ئەو بۆنە پیرۆزە، بەخێرهاتنی سەرجەم میوانانی ڕێوڕەسمەکەی کرد.

پاشان بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژاوای کانادا، پەیامی کۆمیتە لەلایەن "سەعدی عەبدی" خوێندرایەوە.

لە پەیامەکەدا وێڕای پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزب وەکوو هەنگاویکی مێژوویی و دەسپێکی قۆناغێکی مێژوویی لە خەبات، باس لە ڕەوایینەدان بە دابڕان و جیابوونەوە لەلایەن خەڵکی کوردستان و داوای خەڵک لەو ساڵانە بۆ یەکگرتوویی و فشارەکان تا بە ئەنجامگەیشتنی ئەو پرسە کرابوو.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا "ئەنوەر کەریمی" باسێکی گرینگی لەسەر یەکگرتنەوە و ئاکامەکانی و هەروەها ئەرکی ئەندامانی حیزب لەوبارەوە کرد.

ناوبراو لە قسەکانیدا باسی لە ڕیشەداربوونی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵگای کوردستان و کارتێکەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی گۆڕانکارییەکانی ئەو حیزبەی لەسەر خەڵکی کورد کرد. هەروەها باسی لەوەش کرد کە داوا و پێداگرییەکانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆتاییدا پرسی یەکگرتنەوەی گەیاندە ئامانج.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ناوبراو باسی لە ئەرکی ئەندامانی حیزب و ڕوحی پێکەوە کارکردن و سەخاوەتمەندانە کارکردن کردبوو.

دواتر "ئیسماعیل ئیبراهیمی" ڕاگەیەندراوی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی بە زمانی ئینگلیسی پێشکەش کرد.

لە ڕێوڕەسمەکەدا "حامید بەهرامی" لەلایەن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و شاندێکی ڕێکخراوی " بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بەلووچستان" بە سەرۆکایەتی دوکتور "نائیلا قەدری بەلووچ" وێڕای بەشداری لە ڕێوڕەسمەکە پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش بە ئامادەبوون کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەدا ناوی ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کوردستانی و ئێرانییانە خوێندرایەوە کە بەم بۆنەوە پەیامی پیرۆزباییان ئاراستەی کۆمیتەی حیزب کردبوو.

بە شی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ شایی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان و هەر یەک لە هونەرمەندان موحسێن

پـاڵانی و محەمـمەد حوسـێن کەرکـووکی بە کـوتنی گـۆرانی ڕێوڕەسـمەکەیان ڕازانـدەوە و ڕێوڕەسـمەکە بە خۆشـی و شـادی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

---




## * پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزب

---

- پێشمەرگەکانی شار لە مەهاباد بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب چالاکییان بەڕێوە برد
- چالاکییە تەبلیغییەکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزکانی حیزبی دێموکرات هەروا درێژەی هەیە
- خۆشی و شادیی دەربڕینی خەڵکی ناوچەی بۆکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزب
- سەردان و پیرۆزبایی حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- سەردان و پیرۆزبایی حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی لە ناوچەکانی ورمێ و دەورووبەری بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات

- پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی "باراندێز"ی ورمێ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات
- تەوارەکانی نیبەری دێموکرات پەروەر لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەیان کرد
- بەردەوامیی چالاکییە تەبلیغییەکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات
- ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی شنۆزەنگ یەکگرتنەوەیان پیرۆز کرد
- پەیامی پیرۆزبایی لاوانی ناوچەی مەنگوڕایەتی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات
- یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات خوێنێکی تازەی بە دەمارەکانی ڕۆڵەکانی گەل بەخشیوە
- پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری نۆدشە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات
- پەیامی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی "تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەورووبەری ورمێ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات
- ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "ڕوار" پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- شاعیران و قەڵەمبەدەستان و نووسەران لە سەردەشت یەکگرتنەوەیان پیرۆز کرد
- کۆمەڵێک لە گەنجانی سەردەشت یەکگرتنەوەیان پیرۆز کرد
- بنەماڵەی شەهید "مەلا ئەحمەد دەروێشی" پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- پەیامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە مەهاباد بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەو حیزبە
- لاوانی گوندی "کانی ڕەش" لە ناوچەی بۆکان پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- پێشمەرگەکانی شار لە مەهاباد پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە پێشمەرگەکانی شاری بانە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات
- پەیامی ئەندامانی حیزب لە "سەلاسی باوەجانی" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات
- دەربڕینی شادی و خۆشحاڵیی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکرات
- پەیامی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئەمیرئابادی شنۆ بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات
- ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "مێراو"ی سنە پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- ئەندامانی حیزب لە بانە لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانیان کرد
- ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری "سەردەشت" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- پەیامی پیرۆزبایی مامۆستایانی شاری سەقز بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی مامۆستایانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە

- پەیامی پیرۆزبایی خەڵکی ناوچەی ورمێ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە کامێران وجوانڕۆ
- شایی و هەڵپەڕکێی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی ئاڵیکەندی بۆکان بە بۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتەوە
- پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکرات و چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی حیزب لە شاری سنە
- ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- ئەندامانی نهێنی لە "شوێشە" و "کەلاتەرزان" پەیامی پیرۆزبایی یەکگرتنی دێموکراتەکانیان بڵاو کردەوە
- پەیامی پیرۆزبایی ئەویندارانی ڕێبازی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزب لە ناوچەی هەوشار
- بەردەوامیی شەپۆلی پیرۆزبایی حیزب و لایەن و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی کوردستانی و ئێرانیی بۆ حیزبی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە نیبەری دێموکراتپەروەرە
- پەیامی پیرۆزبایی لە سنە و ناوچەی لەیلاخ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی خەڵکی گوندی تیلەکۆ بەبۆنەی یەکگرتنەوی دوو لایەنی دێموکرات
- لاوانی گوندەکانی "نێ" و "نسڵ" لە ناوچەی مەریوان پەیامی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- گەورەترین و بەربڵاوترین چالاکیی تەبلیغی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە شاری سنە
- پەیامی پیرۆزبایی تەشکیلاتی نهێنی بانە و مەریوان بەبۆنەی جەژنی یەکریزی حیزبی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و وڵاتانی دیکە لە حیزبی دێموکرات
- دەربڕینی شادی و خۆشحاڵیی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکرات
- بەردەوامیی شەپۆلی پەیامی پیرۆزبایی، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە حیزبی دێموکرات
- پەیامی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئەوێهەنگ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب
- پەیامی ئەندامانی حیزب لە ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان و ئاڵەشینی بۆکان بەبۆنەی یەکگرتنەوە
- کۆمەڵێکی بەرچاو لە مامۆستایانی شاری بۆکان پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- ئەندامانی حیزب لە گوندی "گەلێن" سەر بە ژاوەرۆی سنە پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- بنەماڵەی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە
- پەیامی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە سەقز بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی بنەماڵەکانی سەربەرزی شەهیدان لە شاری شنۆ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات

- پەیامی پێشمەرگە سپی پۆشەکانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە کامێران
- پەیامی پیرۆزبایی ماموستایانی ئاپینیی شارەکانی شنۆ، پیرانشار و نەغەدە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی کۆمەڵێک لە ماۆستایانی فوتابخانەکانی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات
- پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات
- پەیامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە مەریوان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەو حیزبە
- ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی جێژن گرت
- هەواڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، ڕەنگدانەوەی تایبەتی لە میدیاکان هەبوو
- پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە چین و توێژەکانی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات
- کوردستانییان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و ئێران پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەکەن

---

### پێشمەرگەکانی شار لە مەهاباد بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب چالاکییان بەڕێوە برد




شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی ١٠ لەسەر ١١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی پێشمەرگەکانی شار لە ناوچەی مەهاباد لە گوندی "قەرەقشلاق" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، چالاکییان بەڕێوە برد.

لە چالاکییەکەدا ئەوان بە چەک و ڕەختی پێشمەرگانەوە بەناو خەڵکی گوندی "قەرەقشلاق"دا جەولەیان لێداوە و جێژنی یەکریزی و یەکگرتنەوەیان لە خەڵک پیرۆزبایی کردووە.

ئەو هەڵمەت و چالاکییە ئاشکرایەی پێشمەرگەکانی شار لەنێو خەڵکدا وێڕای بوێریی ڕۆڵەکانی گەل و پیرۆزبایی لە خەڵک، زەبرێکی دیکەی لە جەستەی دوژمنی غەددار داوە و بووەتە مایەی دڵخۆشی خەڵکی گوند و ناوچەکە.

ڕێکەوتی: ١٢ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

## چالاکییە تەبلیغییەکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزکانی حیزبی دێموکرات هەروا درێژەی هەیە




ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ورمێ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، بە هەڵواسین و بڵاوکردنەوەی ئارمی حیزبی دێموکرات چالاکییان تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو چالاکییە شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممە، ڕێکەوتی ٧ لەسەر ٨ی خەرمانان، لە گەڕەکەکانی شەهرەکی شەهریار و جادەی ئەنهەر و گەڕەکەکانی دیکە بەڕێوە چووە.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی شنۆ و نەغەدە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزب دێموکرات سەردانی گۆڕی

شەهیدانیان کردووە وێڕای پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردووەتەوە.

ڕێکەوتی: ١٠ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

## خۆشی و شادیی دەربڕینی خەڵکی ناوچەی بۆکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزب




تێکۆشەرانی ناوچەی "پیرمحەممەد"ی سەر بە شاری بۆکان، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات لەسەر لووتکەی کێوی "میرقاز"ی ئەو ناوچەیە، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، خۆشی و شادیی خۆیان دەربڕی.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی دووشەممە ٧ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، ئەندامان و دڵسۆزانی ڕێبازی پیرۆزی حیزبی دێموکرات، لە ناوچەی "پیرمحەممەد"ی سەربە شاری بۆکان، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئاگرکردنەوە لەسەر لووتکەی کێوی "میرقاز" و هەڵکردنی لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خۆشی و شادیی خۆیان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزب دەربڕی و سوورن لەسەر ئەوەی کە درێژەدەری ڕێبازی حیزبی پێشەوا قازی محەممەد بن.

لاوان و تێکۆشەرانی ناوچەی پیرمحەممەد لەسەر لووتکەی کێوی "میرقاز" کە لە ئاواییەکانی قوڵغەتەپە، کانییەڕەش، باخچە و سەرباخچەوە بە جوانی دیارە، بە مەشخەڵانی ئاگر و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی حیزبی

دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان پیرۆز کرد و ڕایانگەیاند هیچ بەربەستێک نامانوەستێنێ و بەردەوامین لە داواکارییەکانمان بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای خۆمان و لە جاران سووتر بە گژ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی داگیرکەردا دەچینەوە.

ڕێکەوتی: ٨ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**سەردان و پیرۆزبایی حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

ڕۆژی سێ شەممە ٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە حیزب، کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کرد کە بە مەبەستی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان سەردانی حیزبیان کرد.

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "حەسەن شەرەفی"، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب پێشوازییان لە هێز و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کرد و لەم پێشوازییەدا سەرجەم میوانان پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان پێشکەش بە شاندی حیزب کرد.

پاشان شاندی حیزب وێڕای سپاس لەسەرجەم وەفدەکان، هیوای یەکڕیزی ویەکگوتاری بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی

کوردستانیی بە ئاوات خواست.

**ئەو هێز و لایەنانەی سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانییان کرد بریتیین لە:**

**قائیمقامی قەزای کۆیە بەڕێز حاکم تارق**

**سەرۆکایەتی دادگای کۆیە(حاکم هیمداد و حاکم جاسم(**

**بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە**

**بەڕێوەبەری بنکەی کەلوپەلی خۆراکی کۆیە**

**سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی کۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی کۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی کۆیە**

## سەردان و پیرۆزبایی حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی یەکشەممە ٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە حیزب، کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کرد کە بە مەبەستی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان سەردانی حیزبیان کرد.

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "حەسەن شەرەفی"، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب پێشوازییان لە هێز و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کرد و لەم پێشوازییەدا سەرجەم میوانان پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان پێشکەش بە شاندی حیزب کرد.

پاشان شاندی حیزب وێڕای سپاس لەسەرجەم وەفدەکان، هیوای یەکریزی ویەکگوتاری بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیی بە ئاوات خواست.

ئەو هێز و لایەنانەی سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانییان کرد بریتیین لە:

- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان - مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە
- پارتی دێموکراتی کوردستان - لیژنەی ناوچەی کۆیە
- بزووتنەوەی گۆڕان - مەکۆی کۆیە
- حیزبی شیوعیی کوردستان - کۆمیتەی کۆیە
- یەکگرتووی ئیسلامیی کۆوردستان - لقی کۆیە
- کۆمیتەی ١ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان لە کۆیە
- بەڕێز لاهور شێخ جەنگی و شاندی یاوەری
- یەکیەتیی زانایانی کوردستان - لقی کۆیە
- سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر
- بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی کۆیە
- ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی کۆیە
- ڕێکخراوی چەتر

ڕێکەوتی: ٧ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی لە ناوچەکانی ورمێ و دەورووبەری بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات




سڵاو و ڕێز

ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی لە ناوچەکانی ورمێ ودەورووبەری ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێبەریی حیزب، هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزب وئەندامان ولایەنگرانی حیزب پیرۆز دەکەین.

هەروەها ڕادەگەیەنین ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی خۆمان بە درێژەدەری ڕێبازی سەرکۆماری کوردستان پێشوا قازی و قوتابییانی دەزانین، هەر ئەرکێک بکەوێتە سەر شانمان بە دڵ و گیان ئامادەین لەو ڕێبازە کە ڕێبازی ڕاست و دروستی ڕزگاریی گەلی کوردە ئەنجامی بدەین.

سڵاو لە قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی

سڵاو لە ڕۆحی شەهیدانی کوردستان

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرکەوێ کوردستان

ژمارەیەک لە مامۆستا وپێشنوێژی ئایینی ناوچەکانی ورمێ

ڕێکەوتی: ٧ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی "باراندیز"ی ورمێ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**




ئێمە وەکوو ئەندامانی حیزبی دێموکرات پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی تەواوی خەڵکی کوردستان بەتایبەت زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

هیواخوازین ئەو یەکگرتووییە ببێتە پاڵنەرێک بۆ هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی باش و بەرچاو بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ڕێکەوتی: ٧ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

## تەوارەکانی نییەری دێموکرات پەروەر لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەیان کرد




**یەکگرتووییمان زامنی سەرکەوتنمانە**

ئێمە تەوارەکانی نییەری سەربەرز بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات پیرۆزبایی لە هەموو ئازادیخوازان و ئەندامان و لایەنگران، کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات دەکەین و هیوامان ئەوەیە کە حیزبە خۆشەویستەکەمان زیاتر لە ڕابردوو، هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵێنێتەوە.

بەڵێن دەدەین تاکوو لەم ڕێبازە پیرۆزەدا بە گیان و دڵ درێژەدەری ڕێگای پڕسەروەریی شەهیدە سوورخەڵاتەکانی گەل بین و لە هیچ تێکۆشانێک بۆ سەرکەوتنی حیزب و گەل درێغ نەکەین.

تەوارەکانی نییەر
٤ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی

ڕێکەوتی: ٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**بەردەوامیی چالاکییە تەبلیغییەکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات**




**ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات، لە سەقز و بانە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانیان پیرۆز نرخاند.**

**ئەندامانی تیکۆشەری حیزبی دێموکرات لە گوندی "یازیبڵاخی" لە سەقز لە چالاکییەکی تەبلیغیدا پارچەیە نووسراوەیەکی گەورەیان لە دیواری موخابەراتی ئەو گوندە هەڵواسیوە و پێگەی بەرز و شوێندانەریی حیزبی دێموکراتیان لە ڕاستای وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد نیشان داوە.**

**هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی بانە لە کێوی "بڵۆ" بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهید دوکتور "قاسملوو" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان پیرۆزبایی کرد.**

**ڕێکەوتی: ٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

**ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "شنۆزەنگ" سەر بە ناوچەی لاجانی شاری پیرانشار، یەکگرتنەوەیان پیرۆز کرد**




ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی مەتەرێزی شەرەف و بەرخودان، وێڕای سڵاوێکی گەرم و قارەمانانە، شۆڕشگێڕانە و یەکگرتوویانە.

خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین کە لە هەلومەجێکی هەستیاردا و لە حاڵەتێکدا کە کۆماری ئیسلامی بەرەو داڕمان ڕۆیشتووە لە هەمان کاتدا کە بمانهەوێ واقعبین بین ئەگەر هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێران و ناوچە و کوردستاندایە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بڕیارێکی نەتەوەییتان دا کە لە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویدا یەکگرتنەوەی نێوماڵی حیزبی دێموکراتتان ڕاگەیاند، خەڵکی ڕۆژهەڵاتتان بەو هەواڵە مێژووییە خۆشحاڵ و شادمان کرد و لە هەمان کاتیشدا بە یەکگرتن و یەکگرتویی دوژمنانتان تێکشکاند و خەونی ناحەزان و دوژمنان و نەیارانتان کردە بڵقی سەرئاو.

پڕبەدڵ یەکریزی و یەکگرتوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی دەکەین لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی و خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات و پێشمەرگە و ئەندامە چاونەترسەکانی نێوشار.

لە کۆتاییدا پەیمان نوێ دەکەینەوە دەگەڵ ڕێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدان کە تا دوایین هەناسەی ژینمان درێژەدەری

ڕێچکە و ڕێبازی شەهیدان بین و جارێکی دیکە ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین بۆ هەر ئەرک و مەئموورییەتێکی حیزبی بەرامبەر بە تاریکپەرستانی کۆماری پەت و سێدارە و با دوژمن و داگیرکەر باش بزانێ بە یەکگرتوویيمان سەرکەوتن بەدەست دێنین چون دروشمی هەر یەکگرتنێک سەرکەوتن بەسەر دوژمنان و داگیرکەرانە.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئاوایی شنۆزەنگ - ناوچەی لاجان - پیرانشار

٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی

---

### پەیامی پیرۆزبایی لاوانی ناوچەی مەنگوڕایەتی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات




وەسەریەککەوتنەوەی دێموکرات خوێنێکی تازە دەگێڕێ لە شادەمارەکانی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و وەرەیکی تازە دەبەخشێتە سەنگەری لەگیراننەهاتووی دێموکرات.

ئێمە لاوانی دێموکرات لە ناوچەی مەنگوڕایەتی لە سپیسەنگی موکریانەوە کە هەمیشە قەڵای دێموکرات بووە، ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی مێژوویی دەزانین لە خەباتی گەلەکەماندا بۆ چەسپاندنی مافە زەوتکراوەکانمان لەلایەن ڕێژیمە تۆتالیتێر و ئۆلگارشییەکەی کۆماری پەت وسێدارەوە.

هەربۆیە دەڵێین پیرۆزە ڕۆژی یەکگرتن و هیوادارین ئەو ڕۆژە ببێتە بەردی بناغە و پشتگوێدانی تەواوی لێکدابڕانەکانی ڕابردوو.

لاوانی دێموکراتپەروەری ناوچەی مەنگوڕایەتی

مەهاباد

ڕێکەوتی: ٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

## یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات خوێنێکی تازەی بە دەمارەکانی ڕۆڵەکانی گەل بەخشیوە




ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، گرووتینێکی دیکەیان بە خۆیان گرتووە و بە بەڕێوەبردنی چالاکی بە شێوازی جۆراجۆر دڵگەرمی و خۆشحاڵیی خۆیان لەمەڕ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پێشان دەدەن.

پێشمەرگەکانی شار لە ئاوایی "ڕەحیم خان" سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان وێڕای پیرۆزباییکردنی یەکگرتنەوەی دوو باڵی دێموکرات، سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کردووە و پەیمانی وەفادارییان نوێ کردووەتەوە کە هەتا دواهەناسەی ژین وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان بن.

هەر بەو بۆنەوە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاوایی "سەرچنار" سەر بە ناوچەی چۆمی مەجیدخان، ڕێکەوتی ٣ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی بو پەیمان نوێکردنەوە و یەکرێزیی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات سەردانی گڵکوی شەهیدانی حیزبی دێموکراتیان لە گۆڕستانی کلکەی سوجیان کردووە و وێڕای پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، بەهێزتر لە جاران ئامادەیی خۆیان بۆ هەر ئەرکێکی حیزبی دەربڕیوە.

لە مەهاباد، پێشمەرگەکانی شار لە ناوچەی مەحاڵ لە گوندەکانی "حاجی عەلی کەند و سەهۆلان" بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ بڕیاری مێژوویی یەکگرتنەوە و نوێکردنەوەی حیزبی دێموکرات، خۆیان بە پاڵپشتی تەواوی پرۆسەی یەکگرتنەوە زانیوە و ئامادەیی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی هەر ئەرکێکی تەشکیلاتی لە نێوخۆدا دەردەبڕیوە و هەروەها بە سەردانی گڵکۆی شەهیدان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

هەروەها بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە بانە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و یووبیلی حیزبی دێموکرات و هەڵواسینی پارچە نووسراوە یەکگرتنەوەی حیزبیان پیرۆز نرخاندووە و هەروەها بە گرتنی ڕێوڕەسم سەلماندیانەوە کە دێموکراتی یەکگرتوو لە دڵی هەموو خەڵکدایە.

پێشمەرگەکانی شار لە سەقز لە دوو تیمی جیاوازدا بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی ئارمی حیزب، ئاڵای کوردستان، تراکت و پووستێر و نوقڵ و شیرینی چالاکی تەبلیغییان بە ڕۆژی ڕووناک بەڕێوە برد و ڕایانگەیاند کە تا دوادڵۆپی خوێن وەفادار بە ڕێبازی دێموکراتین.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا کراوە بریتین لە: پارکی شار، پارکی کەوسەر، پارکی لالە، شەقام و گەڕەکەکانی بەردبڕان، حەمالاوای خوارەوە، حەمالاوای سەرەوە، ساحلی، شاناز، بەرانبەر مۆڵگەی کەلانتەری ١٣، شەقام و گەڕەکەکانی ساڵحاوا، کەریم ئاوا، شەهرەکی جەهاد، حەمالاوا، ئوستاد شیرازی، ڕوودەکی، حافز و کوشتارگای قەدیم.
هەر بەو بۆنەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی ڕوار سەر بە ناوچەی سەولاوا بە کێشانەوەی ئاڵای کوردستان و هەڵکردنی لۆگۆی حیزبی دێموکرات شکۆی حیزبی دێموکراتیان نیشان داوە.

لە شاری کامێران، بنەماڵە شەهیدەکانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و تەشکیلاتی نهێنی لەو شارە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان لە هەموو کادر و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان پیرۆزبایی کرد و لەگەڵ ڕیبازی شەهیدان پەیمانی وفادارییان نوێ کردەوە.

لە شاری ڕاونسەر ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی حیزب و گەل کرد.

هەروەها لە پیرانشار لە سەیرانگای پردانان، تێکۆشەرانی دێموکرات بە کێشانەوەی ئاڵایەکی کوردستان دڵی خەڵکیان شاد کرد و خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتیان نیشان داوە.

ڕێکەوتی: ٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری نۆدشە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**




ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
وێڕای سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە

ئێمە وەک ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە خۆشەویستە لە شاری"نۆدشە"ی سەر بە هەورامان، پڕبەدڵ یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکان و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی دەڵێین و هیواداریین بە یەکگرتنەوەی حیزبی

دێموکرات، گڕ و تینێکی تازە لەپێناو خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ بکات.

بێگۆمان یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات هیوا و وزەیەکی نوێ لەنێو خەڵکی مافخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک دەهێنێ و ورە و وزەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات چەند بەرابەر دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا بەڵێن و وەفا بۆ خەبات لە پێناوی خوێنی شەهیدان و ئامانجە بەرزەکانی حیزبە خۆشەویستەکەمان دووپات دەکەینەوە و بە دڵ و بە گیان ئامادەیی خۆمان بۆ هەرچەشنە ئەرکێکی حیزبی دەردەبڕین.

سڵاولە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی

سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەندامان و لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

شاری نۆدشە

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی

ڕێکەوتی: ٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**پەیامی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی "تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەورووبەری ورمێ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**




ڕێبەری و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، پیشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کردستانی ئێران، میللەتی بەشەرەفی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کردستان ئەو یەکگرتنەوەتان لێ پیرۆز بێت.

ئێمە زۆر بەختەوەرین بە یەکڕیزیی حیزبی دێموکرات و دەستخوشی و پیروزبایی پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەین کە بۆ یەکگرتنەوەی نێو ماڵی کورد شەو و ڕۆژ لە خەباتدا بوون، بەتایبەت دەستخۆشی لە پێشمەرگە و بەڕێوەبەریی دوو لایەنی دێموکرات دەکەین کە لە بەرانبەری نەیارانی کورد و ئەو گوشارە ناچەییانەی کە بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لەسەر ڕێگا بوون جانانە ڕاوەستان و ئەو پروژەیەیان هەتا سەرکەوتنی ڕێبەری کرد.
بە دڵسۆزی و ئەرکناسیی ئێوە، بۆ گەلی کورد دەرکەوت کە درێژەدەری ڕاستەقینەی ڕێگا و ڕێبازی شەهیدانی نەمر "قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی"ن.

ئەم جەژنەتان لێ پیزۆز بێت و بەردەوام بن.
ئەندام ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کردستانی ئێران
لە ناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەورووبەری ورمێ

ڕێکەوتی: ٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "ڕوار" پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە**




**ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**وێڕای سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە**

**ئێمە وەک ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە خۆشەویستەکەمان، حیزبی دێموکرات لە گوندی "ڕوار"ی سەر بە ناوچەی هەورامان، پڕبەدڵ یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکان و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی دەڵێین وهیواداریین بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، گوڕ و تینێکی نوێ لەپێناو خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ بکات.**

**بێگۆمان یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، هیوا و وزەیەکی نوێ لەنێو خەڵکی مافخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک دەهێنێ و ورە و وزەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات دووقات و چەند قات بەرز دەکاتەوە.**

**لە کوتاییدا بەڵێن و وەفا بۆ خەبات لەپێناو خوێنی شەهیدان و ئامانجە بەرزەکانی حیزبە خۆشەویستەکەمان دووپات دەکەینەوە و بە دڵ و گیان ئامادەیی خۆمان بۆ هەر چەشنە ئەرکێکی حیزبی دەردەبڕین.**

**سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی

سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەندامان و لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی "ڕوار"ی ناوچەی هەورامان

ڕێکەوتی: ٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**شاعیران و قەڵەمبەدەستان و نووسەران لە سەردەشت یەکگرتنەوەیان پیرۆز کرد**




شاعیران و قەڵەمبەدەستان و نووسەران لە شاری "سەردەشت" بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٧ـەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە.

بە ناوی بەرزەناوی بێهاوتا و پاشای هەموو پاشایان و خولقێنەری هەموو جیهان و جیهانییان و هەموو مەخلوق و مەخلووقاتی زەوی، بەگشتی مرۆڤایەتی و ئازادیی مرۆڤایەتی بەتایبەتی بە نوێنەرایەتی لەلایەن شاعیران و قەڵەمبەدەستان و نووسەرانی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ناتوانم وەک هیچ ڕووی نەدابێ و لە گوێچکەی گادا خەوتبم لە هیچ نەدوێم و دڵخۆشی خۆم و هەموو هاوکارانی ناوبراوم بەگوێی ڕۆڵە بەئەمەگەکانی نیشتمان لە باشوور و هەروەها گەلە چەوساوە و بندەستەکەی ژێرچەپۆکی کۆماری سێدارە نەگەیێنم و بێدەنگ دانیشم ئەو دڵخۆشیە پڕ لە هیوایە نەدرکێنم.

بەڵێ منیش وەکوو یەکێک لەو دڵسۆز و نیشتیمانپەروەرانەم کە دڵی دێوانەم چاوەڕوانی ڕۆژێکی ئاوای دەکرد و بەخۆشییەوە ئاواتەکەم هاتە دی و نەمتوانی مات دابنیشم و هەستی دڵە پڕ لە خۆشییەکەم نەکەمە دیاری بۆ هەموو هاوزێدەکانم لەودیو و ئەودیوی وڵاتە لەت کراوەکەم.

وێڕای سڵاو

سڵاو لە شار و لە شاخ

هەواڵێکی سەرنجڕاکێش لەوپەڕی ساردوسڕی و بێهیواییدا دڵە خەمبارەکەی ڕاچەڵەکاندم و وەبیری هێنامەوە کە ئەوە یادگارەکەی کۆمارە ساوا و دەستکردەکەی پێشەوا قازی و مەکتەبەکەی دوکتور قاسملوو و هەروەها بە ناز پەروەردەکراوەکەی باوەشی گەرمی دوکتور سادقی شەرەفکەندی لە مانگی پیرۆزی لەدایکبوونیدا جێژنی یەکبوون و یەکڕیزی و هاتنەوە سەر یەک سفرەی بنەماڵە و یەک بیر و بڕوای ئازادییە و هەموو دوژمنانی نیشتیمان شینی نەمان دەگێڕن و ئەوان شینی شادی و برایەتی جارانیان.

هەر وەک لە هۆنراوەیەکدا کە ڕەوانەی لای نوێنەرە دڵسۆزەکانی نیشتمانم کرد باس کراوە کە ئەو جێژوان و چڵپەی ماچە لەوێ بێت و من بەشداری نەبم کەوایە تاکێک نیم لەو گەلە و خۆشم بە دڵسۆزی نەزانم.

کەوایە بەڕێزان ئەندامان و کادر و پێشمەرگە و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات بەگشتی و خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان، دایک و باوکی بەڕێزی شەهیدان و زینداناییانی سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگی، هەر هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ، جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات و جێژنی سەرکەوتنی ئاواتی شازدەساڵەی یەکگرتنەوەتان لێ پیرۆز بێت.

هەروەها با دڵنیاتان بکەمەوە هیچ شاعیرێک و هیچ نووسەرێک ناتوانێ لە ڕۆژێکی ئاوا پیرۆزدا دڵی پڕ لە ژان و نووکی پێنووسەکەی هانی نەدات لاچاوی سپی و جوانی دەزگیرانی هەمیشەیی خۆی لێنووس، ماچ نەکات و ئەو چێشتە پڕ لە چێژە تام نەکات و هەستی دەروونەکەی بۆ نەڵێتەوە.

با دڵنیاتان بکەمەوە نیشتیمان دەتوانێ بە دوو لایەن بەتایبەتی بڵێ پێشمەرگە، ئەو دوو لایەنەش تاکی پێشمەرگە و شاعیرانی قەڵەم بەدەستن کە پێنووسەکەی زۆر لە چەک بەگوڕتر جەرگی دژمنانی گەل لەت دەکات.

لەو مانگەدا شەو نەبوو فرمێسکی خۆشیم لاچاوی لێنووسم تەڕ نەکات هۆنراوەییێکم چەند جار پێ نەنووسێتەوە.
ئەوە دڵی سووتاوی شاعیران و نووسەرانە بۆتە شەبەقی شەو و هاندەری هەموو ئاشقان و ئەویندارانی نیشتیمان.
هەڵبەت با بزانن هیچ منەتی نییە و ئەرکێکی دینی و نیشتیمانپەروەرانە و هەروەها هاووڵاتییانەیە.
دووبارە پیرۆزبایی من و هەموو هاوڕێکانم لە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و دانە بە دانەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم.

براتان

دڵسۆزی هەمیشەیی نیشتیمان لە سەردەشت

ڕێکەوتی: ٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

## کۆمەڵێک لە گەنجانی سەردەشت یەکگرتنەوەیان پیرۆز کرد




سڵاو و ڕێز بۆ هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئێمەش وەک چالاکوانان و لایەنگرانی حیزب لە شاری سەردەشتی سەربەرز پەیامی پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوە دەکەین.

هیواداریـن کە ئەو یەکگـرتنەوەیە ببێـتە مـایەی خێـر و خۆشـی و سـەربەرزیی نەتەوەی کـورد لە هەمـوو جیهـانـدا و بتـوانین ئێمەش خاوەن هێز و دەسەڵاتی خۆمان بین و ڕۆژێکیش بێت هەموو دوژمنانی ئەو خاک و نیشتمانە وەدەر بکەین.

کۆمەڵێک لە گەنجانی سەردەشت

ڕێکەوتی: ٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

**بنەماڵەی شەهید "مەلا ئەحمەد دەرویشی" پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە**




بەڕێـزان ئەنـدامانی ڕێبەرایەتـی و ناوەنـدی سیاسـیی حیزبـی دێمـوکرات و کـادر و پێشـمەرگە و ئەنـدامە خۆشەویسـتەکان، پڕبەدڵ پیرۆزبایی ئەو هەنگاوە پیرۆز و مەزنەتان لێ دەکەین کە جارێکی دیکە نیشـانتان دا لەپێنـاو بەرژەوەنـدیی گەل و بەهێز مانەوەی ڕێکخستنی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئـامادەن نـاکۆکی و گرفتە نێوخۆییەکـان بە ئیـرادەی بەرزی ڕێبەرایەتیـی هەردوولا و تێگەیشـتنی حەکیمـانە و بەرپرسـانەتان ناسـۆری لێکـدابڕان بە ئاشـتەوایی و یەکگرتـوویی دووبـارەی ڕیزەکانی ڕێکخستنی حیزبە تێکۆشەرەکەمان سارێژ بکەنەوە.

لەو پێوەندییەدا ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید مەلا ئەحمەد دەرویشی وێڕای دڵخۆشیمان، لە جاران زیاتر لەسەر ڕێبـازی

**پیرۆزی دێموکرات و وەفاداری بە ئامانجی شەهیدانی کوردستان ئەمەگدار دەمێنینەوە و درێژە بە خەبات دەدەین.**
**دیسان پیرۆزە لە هەموو نیشتمانپەروەرێکی تینووی ڕزگاری و ئازادیی کورد و کوردستان.**

**سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیمان.**

**ڕێکەوتی: ٥ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

---

## پەیامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە مەهاباد بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەو حیزبە




**سڵاوێکی گەرم**

**بە پێی ئەزموونی ١٦ ساڵەی کار و چالاکییەکانی هەر دوو باڵی دێموکرات، بوێریی بڕیاردان بۆ یەکگرتنەوە، هەر لە کادر و ئەندامانی خاوەن ئیرادەی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو حیزبە دەوەشێتەوە.**

**ئێمە ناڵێین هەردوو باڵی دێموکرات یەکیان گرتەوە بەڵکوو بڕوامان وایە لەم هەلومەرجەدا هەر دوو لایەنی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە خەسارەکانی ڕابردوودا ڕۆچوونەوە و لە بڕیارێکی بوێرانەدا وێڕای پێکەوەگرێدانی سەلیقە جیاوازەکان، خۆیان نۆژەن کردەوە.**

ئێمە وەک ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد؛ وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ ئەو بڕیارە مێژووییەی یەکگرتنەوە و نوێکردنەوەی حیزبی دێموکرات، خۆمان بە پاڵپشتی تەواوی پرۆسەی یەکگرتنەوە دەزانین و ئامادەیی خۆمان بۆ جێبەجێکردنی هەر ئەرکێکی تەشکیلاتی لە نێوخۆدا دەردەبڕین.

بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم بنەماڵەی پێشمەرگە و زیندانییانی سیاسی و بنەماڵەی شەهیدان دەکەین.
سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بڕووخێ کۆماری داگیرکەری ئیسلامی

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی

---

## لاوانی گوندی "کانی ڕەش" لە ناوچەی بۆکان پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە




بە نێوی ئازادی
"یەکڕیزی و یەکگرتوویی ڕەمزی سەرکەوتنمانە"

چەندین ساڵ بوو لێکترازانی حیزبی خۆشەویستمان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببووە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی

خەڵکی کوردستان و هەموو ڕۆژێک ئاواتمان دەخواست کە ئەو یەک ڕێباز و دوو فکرە ببنەوە یەک و یەک بگرنەوە.

بە خۆشییەوە لە مانگی پیرۆزی گەلاوێژی ئەمساڵدا، هەواڵی یەکگرتنەوە وەکوو مۆمێک لەنێو دڵی تاریکی و شەوەزەنگی نیشتماندا داگیرسا و ڕووناکیی خستە نێو ماڵی کورد و هیوای بووژانەوە سەری هەڵدا.

ئێمەش وەکوو لاوانی گوندی "کانی ڕەش"ی سەر بە شاری بۆکان واتە گوندی شەهیدان "ئەبوو کانی ڕەشی" و "ساڵە شەریفی" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو باڵی دێموکرات و فڕین بەرەو کەشکەلانی ئاسمانی نیشتمان، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی پێشمەرگەکانی حیزب، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی و سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکەین.

هیوادارین ئەو یەکگرتنەوەیە ببێتە هەوێنی ئاشتی و بەهێزبوون بەرەو خەباتێکی چڕوپڕ لەنێو قووڵایی خاکی کوردستان. دڵنیاین ئەو هەنگاوە، هەنگاوێکی پیرۆزە بەرەو لووتکەی سەرکەوتن. لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرین بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هەموو ڕۆڵە ئازا و خۆنەویستەکانی گەل.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

## پێشمەرگەکانی شار لە مەهاباد پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە




دوو هەڵۆی ئاسمانی شینی ڕۆژهەڵات
دوو چرای ڕوون و گەشاوەی خۆرهەڵات
یەکگرتنتان مزگێنییە بۆ وڵات
یەکگرتنتان موژدەیەکە بۆ نەجات
تەرمی خوێنینی شەهیدانی خەبات
دایکی دڵخوێنی شەهیدانی وڵات
چاوەڕێی سەرکەوتن و یەکگرتنن
چاوەڕێی ڕزگاریی و ماف وەرگرتنن

ئێمە پێشمەرگەکانی نێوشاری مەهاباد بەبۆنەی ئەم جێژنە گەورەیە کە بە ڕاستی خەڵکی ڕۆژهەڵات تامەزرۆی ئەم هەواڵە دڵخۆشکەرە بوون، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بنەماڵەی زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

هیوادارین ئەم یەکگرتوویی و یەکریزییەی نێو ماڵی کورد و دێموکرات، ببێتە هەوێنی بەهێزی و بەتوانایی کە بەگژ داگیرکەرانی کوردستان و چڵکاوخۆران و جاشەکاندا بچینەوە. هەروەها ئامادەیی خۆمان بۆ بەڕێوەبردنی هەر جۆرە چالاکییەک نیشان دەدەین.

ڕێکەوتی: ٤ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە پێشمەرگەکانی شاری بانە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات




ئێمە وەکوو بەشێک لە پێشمەرگەکانی شاری بانەی ئاربابا، شانە تەشکیلاتییەکانی "بابۆس، نێرگزی۲۱، کانیسوور، نەمەشیر، بڵەسەن و ئاربابا" وێڕای پیرۆزبایی جەژنی دامەزراندنی ۷۷ ساڵەی حیزبەکەمان، ئاواتەخوازین هەرچی زووتر ئەم ڕێژیمە تۆتالیتێرە چاڵ بکرێ و هەموو گەلانی ئێران بە دامەزراندنی سیستمێکی لامەرکەزی و فێدراڵ بە ئاوات و ئامانجەکانیان بگەن.

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
سڵاو لە تەواوی شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەتایبەت شەهیدانی نیشتمان "قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی."

بەڵێن دەدەین تا دوایین ساتەکانی ژینمان درێژە بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری و پیرۆزی ڕێبەرانی شەهیدمان بدەین.
مەرگ و نەمان بۆ کۆماری سێدارەی ئاخوندی

ڕێکەوتی: ٤ی خەرمانانی ۲۷۲۲

## پەیامی ئەندامانی حیزب لە "سەلاسی باوەجانی" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات




ئێمە وەکوو تێکۆشەران و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەلاسی باوەجانی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، پیرۆزبایی لە کادر و پێشمەرگە و خەڵکی بە شەرەفی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و بەم بۆنەوە خۆیان پشت ئەستوور بە حیزب دەزانن و دڵخۆشن کە جارێکی دیکە ماڵی دێموکرات گەورەتر بووە.

بە پێویستی دەزانین کە لەم پەیامەدا بیخەینە بەرباس کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستوپێوەندییەکانی، هەر وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی بۆ دڵساردکردنەوەی خەڵک و بەتایبەت بۆ دڵساردکردنەوەی لاوانی ئەم ناوچەیە لەهەمبەر حیزب، بەردەوام لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دژی حیزب، پڕوپاگەندەی دەکرد. ئەم یەکگرتنەوەیە تیری کۆتایی لە بیر و هزری ڕێژیم دا و هیوایەکی گەورەی بە ئێمە و هەموو خەڵکی کوردستان بەخشی.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

تێکۆشەران و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە سەلاسی باوەجانی

٢ خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی

ڕێکەوتی: ٣ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## دەربڕینی شادی و خۆشحاڵیی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکرات



بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزکانی نێومالّی گەورەی دێموکرات ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەندین شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات بە هەڵکردنی ئالای کوردستان و یووبیلی حیزبی دێموکرات و بلاوکردنەوەی شیرینی و تەقەی خۆشی خۆشحالّیی خۆیان دەربڕیوە.

لە دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات سەرەڕای بارودۆخی توندی ئەمنییەتی و نیزامی لەنێو شاری سەقز، پێشمەرگەکانی نێوشاری سەقز دوو ئالای کوردستانیان لە "مەنبەعی ئاوی حاجیاوا و سەر تە پەکانی دایە مەلێعا" لە شەهرەکی "گولان" هەڵ کرد و شادییان خستە نێو دڵی خەڵکەوە.

هەروەها پێشمەرگەکانی نێوشاری سەقز لەگەڵ هەڵکردنی ئالاکان پەیامیان ئاراستەی حیزب و خەڵک کرد.

لاوان و ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران لە گوندی "گردوان" لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بە هەڵکردنی ئالای کوردستان و ئارمی حیزب، وەکوو هەموو خەمخۆرانی پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دڵگەرمی وخوشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە دڵنیاییان داوە کە ئەم یەکڕیزییە لە وەرگرتنی مافی زەوتکراوی گەلی کورد نزیکمان دەکاتەوە.

ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە پیرانشار لە گوندی "گەزەگەسک" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی نێومالی گەورەی دێموکرات چالاکییەکی بەربڵاوی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و خۆشەویستی و گەورەیی حیزبی دێموکراتیان نیشان داوە، هەروەها لەنێو شاری پیرانشار دڵسۆزانی حیزب بە تەقەی خۆشی ئەو بۆنەیان جێژن گرت.

لە بانە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان بە نمایشدانی ئاڵای کوردستان، ئارمی حیزب، جامانە و گوڵ و شیرینی، یەکگرتنەوەی ڕیزکانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆزبایی کردووە و هاوکات شێرەکچەکانی دێموکرات لە گوندی "کانیسوور"ی بانە بە ڕازاندەوەی دیوارەکان بە ئاڵای کوردستان ئەو بۆنەیان پیرۆز نرخاندووە.

هەروەها لە سەیداوای بۆکان و لە شاری سەردەشت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماڵی خۆیان یەکگرتنەوەی دوو باڵی دیموکرتیان جێژن گرتووە.

ڕێکەوتی: ٣ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

## پەیامی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئەمیرئابادی شنۆ بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات




سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

ئێمــە وەکــوو ئەنــدامان و لایەنگرانــی گەڕەکــی ئەمیرئابــادی شــنۆی قارەمــان بەبــۆنەی یەکگــرتنەوەی دوو بــاڵی گەورەی دێموکرات (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان) پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات دەکەین و لێرەوە خۆشحاڵیی خۆمان بە گوێلێبوونی ئەو هەواڵە دەردەبڕین و هیواداریین بە زووترین کات شاهیدی گوێبیستبوونی هەواڵی دڵخۆشکەرتر بین و ئێمەش دیسان بەو بۆنەیەوە جوانترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەیی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و هەموو زیندانییانی سیاسی و هەموو کەمئەندامانی ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملووی نەمر و هەروەها کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بەوەج و لێهاتووی ئەو حیزبە بەشکۆیە دەکەین.

لێرەوە ئێمە وەکوو خەڵکی خەباتکاری ئەمیرئاباد لە شاری شنۆ پەیمان دەدەین کە هەتا سەر وەفادار بین بە ڕێبازی شەهیدان و ڕێبەرانی سەرکردەی شەهید قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و بەڵێن دەدەین هەتا ئەو ڕۆژەی هەموو ئاوات و ئامانجەکانی حیزب و گەل وەدی دێت لەژێر سێبەری ئەو ئالایەی کە دەگەشێتەوە خەبات بکەین و هیواداریین ئەو جێژنەی یەکگرتنەوە ببێتە هەوێنی شادی و خۆشیی خەڵکی بەشەرەفی ڕۆژهەڵات و بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و هەروەها ببێتە کۆتایی نەهامەتی و نەدامەتی نێو ماڵی کوردان.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ، گەڕەکی ئەمیرئاباد

٢ خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی

ڕێکەوتی: ٣ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "مێراو"ی سنە پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە




بە خۆشحاڵییەوە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتمان پێ گەیشت، بەو بۆنەیەوە بە ناوی هاوڕێ و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "مێراو" بە گەرمی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەتان لێ دەکەین و ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی مێژوویی گرینگ دەزانین کە ویستی هەموو لایەکمان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێگەیەکی مێژوویی و گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بۆیە هیواداریین ئەم هەنگاوە دەسپێکی قۆناخێکی نوێ بێ لە بەرەوپێشبردنی خەبات و تێکۆشان و بەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکانی گەلەکەمان بۆ ڕزگاریی گەلی کوردستان.

ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێک پێویستمان بە یەکیەتی و یەکڕیزیی کوردستانی هەیە.

هەر لەو پەیوەندییەدا سوێند دەخۆین و بەڵێن دەدەین کە هەموو هەوڵی خۆمان لەپێناو ئەو هەنگاوە مێژووییەدا بخەینە گەڕ. جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم هەنگاوە مێژووییە لە هەموو لایەک دەکەین.

ڕێکەوتی: ٣ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## ئەندامانی حیزب لە بانە لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانیان کرد




ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهیدان لە بانە، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات پەیامی پیرۆباییان ناردووە و جێژنیان گرتووە.

سڵاو ڕێز

سڵاوێکی گەرم بە گەورەیی چیاکانی کوردستان

ئێمە وەک بنەماڵەی شەهیدان و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لە شاری بانە، پیرۆزبایی جێژنی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بەتایبەت لە بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی، کادر و پێشمەرگە و سەرجەم خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەین.

ئێمە وەک پێشمەرگەکانی شار پەیمان نوێ دەکەینەوە لە هەر بارودۆخێکی سیاسی کە دوژمنێکی وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشە نەتەوەی کوردی لە دایرەی ئەمنی داناوە، ئامادەین لەپێناو نەتەوەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گیانمان فیدا بکەین.

ڕێکەوتی: ٣ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری "سەردەشت" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە**




ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری "سەردەشت" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم گەلی کورد و کادر و پێشمەرگە و شەهیدانی سەربەرز و زیندانییانی سیاسی و ئەندامانی نێوخۆی وڵات دەکەین.

هیوادارین ئەم یەکگرتنە کە مزگێنییەکەی لە ڕۆژی ٣٠ گەلاوێژدا بە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات درا و دۆستی شاد کرد و دوژمنی ڕەنجاند ببێتە هەوێنی گەیشتن بە گشت ئامانجە پیرۆزەکانمان و تەبایی و یەگگرتوویی بۆ هەموو گەلی کورد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەشت
٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی

ڕێکەوتی: ٣ی خەرمانانی ٢٧٢٢

**پەیامی پیرۆزبایی مامۆستایانی و چالاکانی مەدەنیی شاری سەقز بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات**




**سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکان و سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ئێمە کۆمەڵێک لە مامۆستایانی شاری سەقز لەم ڕێگاوە بە بۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی لە سەرجەم گەلی کورد ئەکەین و هیوادارین تێکۆشانەکانی حیزبەکەمان بەهێزتر بێت و ئاواتەکانی گەلی کورد زۆر بە زوویی بێتە دی.**

**بە هیوای سەرکەوتنی بیری دێموکراسی**
**کۆمەڵێک لە مامۆستایانی چالاکی شاری سەقز**

**٣٠ - ٥ - ٢٧٢٢ی کوردی**

**پەیامی پیرۆزبایی مامۆستایانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە**




**ئێمە مامۆستایانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە بە بۆنەی یەکبوونەوەی هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری و سەرجەم ئەندامانی حیزب دەکەین.**

**یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کاتە هەستیارەدا هیوا و ئومێد و گڕو تینێکی دیکەیە بۆ خەبات دژ بە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر خراپی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بن.**

**هیوادارین ئەم یەکگرتووییە ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموومان بە هاوکاری و پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لانیکەم لە کوردستان کۆتایی پێ بێنین و کوردستان لەژێردەست داگیرکەران ڕزگار بکەین. دووبارە ئێمە مامۆستایانی کوردستان، پیرۆزبایی ئەم جەژنە مەزنە لە هەموو خەڵکی کوردستان، پێشمەرگەکانی حیزب، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کەم ئەندامان، ڕێبەرایەتی حیزب و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین**

**بژی حیزبی دێموکرات،نیشاندەری ڕێی خەبات**
**سنە، ٣٠ی گەلاوێژ، ڕۆژی یەکگرتوویی**

**مامۆستایانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٢ - ٨ - ٢٠٢٢**

---

## پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی "ورمێ" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات




**ئەندامان و لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی "ورمێ"وە بەبۆنەی یەکڕیزی و یەکگرتوویی بنەماڵە گەورەی دێموکرات چالاکیی بەربڵاوی تەبلیغییان بەڕێوە برد.**

**بەپێی هەواڵی گەیشتوو بەناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە ناوچەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕی شاری ورمێ بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و هەروەها یەکگرتنەوە و یەکبوونی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات چالاکیی بەربڵاوی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی، هەستی خۆشی لەرادەبەدەری خۆیان بۆ یەکڕیزی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات دەربڕی. لەلایەن ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وێڕای سپاس و دەسخۆشی لە ئەندامان ولایەنگرانی حیزب لە نێوخۆ، هیوای ساغی و سڵامەتی و بەردەوامبوون لە ئەرکە نەتەوەییەکانیان بۆ دەخوازین.**

**٢٢ - ٨ - ٢٠٢٢**

## پەیامی پیرۆزبایی لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە کامێران وجوانڕۆ



بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە،

یەکگرتنەوەی بنەماڵە گەورەکەی حیزبی دێموکرات ئاواتی هەمووومان بوو کە هاتەدی

پیرۆزبایی خۆمان لە هەموو خەڵکی کوردستان بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبە خۆشەویستەکەمان دەکەین و خۆمان بەگوڕتر و بەتینتر لە جاران ئامادە دەکەین و هەنگاوەکانمان قایمتر لە جاران هەڵدەگرین بۆ ئەرکە حیزبیەکانمان.

کۆمەڵێک لە لاوانی چرۆسانە و کاوانە لە بێڵەواری کامێران

هەر وەها ئۆگرانی ئازادیی و یەکڕیزی لە شاری جوانڕۆ و عەشیرەتی تاوەگۆزی لە پەیامێکدا دەڵێن: پیرۆزبایی خۆمان لە ئەندامان و دڵسۆزانی نیشتمان و بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، دایکی شەهیدان و هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵات دەکەین و ئاواتەخوازین کە ئاواتە گەوەرەکەمان کە ئازادی و سەرکەوتنی کوردستانە بێتە دی.

٢٢ - ٨ - ٢٠٢٢

## شایی و هەڵپەڕکێی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی ئاڵیکەندی بۆکان بە بۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتەوە



ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی ئاڵیکەندی بۆکان، بەبۆنەی یەکرێزی ویەکگرتنەوەی ڕیزەکانی دێموکراتەوە بە شایی و هەڵپەڕکێی ئەو ڕۆژەیان پیرۆز کرد.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران گەیشتووە، ئەندامان ولایەنگرانی حیزب لە گوندی "ئاڵیکەندی" سەر بەشاری بۆکان، شەوی یەکشەممە ۳۰ی گەلاوێژ پاش ڕاگەیاندن و واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی یەکگرتنەوە ویەکبوونی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەڵپەڕکێی و شایی پێشوازییان لە هەڵوێستی بوێرانەی حیزبی دێموکرات کردووە و سەرەڕای هەموو هەڕەشەکانی ڕێژیم ئەو ڕۆژەیان پیرۆز کرد و پەیامێکی گرینگیان بە دوژمن دا کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاڵپشتی ڕۆڵە بوێرەکانی خۆیەتی.

ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێرای سپاس وپێزانین بۆ خەڵکی بە ئەمەگی ناوچەی ئاڵیکەندی بۆکان، هیوای ساغی و سڵامەتییان بۆ بە ئاوات دەخوازێ و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە گەورەیە لە هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکا.

٢٢ - ٨ - ٢٠٢٢

## پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکرات و چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی حیزب لە شاری سنە




ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سنە بە بۆنەی ۷۷هەمین ساڵڕۆژی دامەزارنی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغیی بەربڵاویان بەرێوە برد.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتووە، ئەندامان ولایەنگرانی دڵسۆزی حیزب لە شاری سنە بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب وهەروەها یەکریزی ویەکبوونی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمی تایبەت بەو بۆنەگەلە، چالاکیی تەبلیغیی بەربڵاویان بەڕێوە بردووە. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان لێکراوە بریتین لە: گەڕەکی سپووراوا، چوارباخ، پشت بازاڕ فەخرەدینی و دووشان. ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سپاس و ماندوو نەبوونی لە ئەندامان ودڵسۆزانی ئەو حیزبە لەنێوخۆی وڵات هیوای بەردەوامیی و سەرکەوتنی زیاتر لە ئەرک و کارە نیشتمانییەکانیاندا بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

۲۲ - ۸ - ۲۰۲۲

### ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە




ئەندامانی چالاک و هەڵسووڕی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پەیامێکی پیرۆزباییان ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە.

پیرۆز بێت یەکگرتنەوە، ڕەمزی سەرکەوتن

یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، بنەماڵەی شەهیدان، ئەندامان ولایەنگران، پێشمەرگەکانی شار و شاخ و سەرجەم خەڵکی بەشەرەفی کوردستان پیرۆزبایی دەکەین.

دەسخۆشی بە حیزبی دێموکرات دەڵێین کە بەو شێوەیە بنەماڵەی شەهیدانی دڵخۆش کرد. ئێمە لە نزیکەوە شاهیدی دڵخۆشی لەڕادەبەدەری خەڵکی کوردستانین بەتایبەت بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرز بە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب هیوا و وزەی نوێیان هاتووەتەوە بەر و خەڵک گشتی بەو یەکگرتنەوەیە خۆشحاڵە و دوژمنتان ڕیسوا و بێهیوا کرد.

هیوادارین ئەوەی لێکی نزیک کردنەوە، هەرئەوە ببێتە هەوێنی یەکریزی بۆ زووتر گەیشتن بە ئامانجی ڕێبەرانی شەهید قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و هەموو شەهیدان. دووپاتیشی دەکەینەوە کە ئێمە بۆ هەر ئەرکێک کە حیزبی دێموکرات پێمان بسپێری بەدڵ و گیان ئامادەین. بە هیوای سەرکەوتنی گەل و تێکەوەپێچانی کۆشکی زۆرداری.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە "مەهاباد"

٢٣ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**ئەندامانی نهێنی لە "شوێشە" و :کەڵاتەرزان" پەیامی پیرۆزبایی یەکگرتنی دێموکراتەکانیان بڵاو کردەوە**




**شاعێر وتەنی: مەل بە باڵێک نافڕێ**
**هەر یەکگرتووی دەوایە بۆ دەردی هەڵقرچاوی کورد**

**هاوڕێیان و تێکۆشەرانی نێو سەنگەری ئازادی، بەداخەوە لەم ١٦ ساڵ دابڕانە و دوولەتبوونە خەسارێکی گەورە و زەبرێکی قورس لە پەیکەری حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوت کە بوو بە هۆی شادیی دڵی داگیرکەرانی نیشتمان و دڵساردیی ئەویندارانی ڕێگای ئازادی نیشتمان و گەلەبەشخۆراوەکەمان، بەڵام بە خۆشییەوە لە دوای چەندین دانیشتن و وتوویژی دوو لایەنی حیزب و تێپەڕاندنی چەندین قۆناغی هەستیار گەیشتنە دوایین قۆناغ کە ئەویش سەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیمۆکرات بوو. بە ڕاستی بە ئەم یەکخستنەوە دڵی داگیرکەری نیشتمان واتە کۆماری مەرگ و سێدارەی ئیسلامیتان خەفەتبار کرد و دڵی هەر کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپارێزتان خۆشحاڵ کرد و ڕۆحی شەهیدانمان شاد بوون.**

**بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنە و یەکگرتنەوی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات پیرۆزبایی دەکەین لە بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات،**

ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، بەندکراوانی سیاسی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی.

بەهیوای گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری گەلەکەمان

جارێکی تر سڵاو دەنێرین بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی سەرکردە "قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی" وەک ئەندامانی شاری "شوێشە" و ناوچەی "کەڵاتەرزان" لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و حێزبی دێموکرات پەیمان نوێ دەکەینەوە تا سەرکەوتن ئەسرەوین.

ئەندامانی نهێنی لە شاری "شوێشە" و ناوچەی "کەڵاتەرزان"ی سەر بە شاری سنە

٢٣ - ٨ - ٢٠٢٢

---

## پەیامی پیرۆزبایی ئەویندارانی ڕێبازی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزب لە ناوچەی هەوشار



دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ئاواییەکانی ناوچەی هەوشار بە بۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش بە حیزب کرد و پەیمانی بەردەوامییان لە پشتیوانیی حیزب و خەباتە ڕەواکەی

دووپات کردەوە.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی دووشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، لە ئاواییەکانی؛ گۆزەبلاخ، سەفاخانە، قۆزڵوو، مەمەر، ساینجووت، کاریز، حەسەنلوو و سووروساتی حەماسەخوڵقێنی پێشمەرگە، شۆڕشگێڕانی ڕێبازی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و بەڵێنیان دا کە لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە تا سەرکەوتن و کاتی ئازادی بەردەوام بن لە خەبات بە دژی داگیرکەرانی نیشتمان.

لاوانی شۆڕشگێری ناوچەی هەوشار و شاری سایەنقڵا، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، لە پەیامەکەیاندا وێڕای پیرۆزبایی و دەربڕینی خۆشیی خۆیان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزب، هیوایان خواست کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شێلگیرانەتر لە جاران لە هەمبەر مافە ڕەواکانی گەلەی کورد بەگژ دوژمنان و داگیرکەراندا بچنەوە و بەڵێنیشیان دووپات کردەوەتە کە وەکوو ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانی حیزب و گەڵ تا سەرکەوتن ڕێبواری ئەو ریگە پیرۆزە دەبن.

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

---

## بەردەوامیی شەپۆلی پیرۆزبایی حیزب و لایەن و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی کوردستانی و ئێرانیی بۆ حیزبی دێموکرات

کۆمەڵێکی بەرچاو لە حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی بە بۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتەوە پەیامی پیرۆزبایی خۆیانیان ئاراستەی حیزبی دێموکرات کرد.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەم قۆناغە هەستیارەدا و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی لەسەر خەبات و بزاڤی سیاسیی کوردستان و ئێران شەپۆلێکی بەربڵاوی پەیامی پیرۆزبایی و دڵخۆشیی حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسیی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانیی و ئێرانیی بەدواوە بوو کە ئاراستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کرا.
لە سەرجەم ئەو پەیامگەلەدا گرینگیی ئەو هەنگاوەی دێموکراتەکان و هەستیاریی ئەم قۆناغەی خەبات خرایە بەرچاو و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتووی سیاسیی کوردستان و ئێران بەرچاو و ڕوونبوو

ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتیگەلەی کە تا ئێستا پەیامی پیرۆزباییان ناردووە بریتین لە: کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ، یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان، موجاهێدینی خەلق، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی گۆڕان، حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق، ستافی بەڕێوەبەریی ماڵپەڕی پێشمەرگەکان لە دەرەوەی وڵات، خەڵکی قارەمان وشەهید پەروەری نییەر، وەشانخانەی ٤٩ کتێب، مەلا محەممەد جوانڕۆیی و هەروەها هونەرمەند ۆ هوزانڤان شەڤگەر زارا لە وڵاتی سوئید.

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

**پەیامی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە نییەری دێموکراتپەروەرە**



**لە گوندی "نییەر"ی سەربە شاری سنە، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش بە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کرد.**

**بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی سێشەممە ١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، لایەنگران و دڵسۆزان و ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە ئاوایی "نییەر"ی سەربە شاری سنە پەیامی پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات پێشکەش بە کادر و پێشمەرگەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب کرد و هیوایان خواست کە لەمەوبەدوا لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شێلگیرانەتر لە جاران درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەن و یەکبوون ببێتە ترس و دڵەڕاوکێ بۆ نەیارانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان. لە نییەری شەهیدانەوە لە پەیامی پیرۆزبایی خۆیاندا ڕایانگەیاند کە، لە مەوبەدوا سوورتر لە جاران لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەبات بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانمان دەکەین و بۆ هەموو ئەرکێک کە پێمان بسپێردرێ بەو پەڕی شانازییەوە بەجێی دەگەیەنین و سپاسی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب دەکەین کە ئاواتی دڵسۆزانی حیزبیان بە دی هێنا و یەکگرتوویی نێو ماڵی حیزبی دێموکراتیان کردە گوڵێک و لە بەرۆکی دایکی شەهیدان و بەندکراوانی سیاسییان دا، هەروەها لە پەیامەکەیاندا مزگێنییان بڵاو کردووەتە کە کورد لە سایەی یەکبوونی حیزب بە هەموو ئاواتەکانیان دەگەن.**

**٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢**

## پەیامی پیرۆزبایی لە سنە و ناوچەی لەیلاخ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات

ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات لە شاری سنە و ناوچەی لەیلاخ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییيان پێشکەشی حیزبی دێموکرات کرد.

پاش شانزدە ساڵ لێکتەرازان و دابڕان ماڵە گەورەکەی دێموکرات جارێکی دیکە بە هەوڵ و هێمەتی ڕۆڵەکانی دێموکرات بونیات نرایەوە، ئەم سەرکەوتنە مێژوویيە بە هەموو خەڵکی کوردستان بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بەندکراوانی سیاسی، لە چاڵە ڕەشەکانی کوماری پەت و سێدارە لە هەموو ڕێبەرایەتیی حێزبەکەمان لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، لایەنگران و پێشمەرگەکان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەزاران جار پیروز بێت.

ئەمرۆ لەوپەڕی خۆشی و شادیی بێ وێنەدا شایەتی ئەم دەسکەوتە گەورەین، ئومید و هیوا جارێکتر گەڕاێەوە نیو دڵی خەڵکی کوڵنەدەری کوردستان و شادی لە سیمای هەموو تاکێکی کورد بە ڕوونی دیارە، بەو هیوایە ئەم یەکگرتنەوەیە ببێتە هەوێنی یەکرێزی هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان.

ئێمە وەک ئەندامان و دڵسوزانی حیزب لە ناوچەی لەیلاخ، پیروزبایی خۆمان بە چاوێک پڕ لە فرمیسکی شادی، پێشکەشی هەر هەموو تاکی کوردی نیشتمانپەروەر لە ڕۆژهەڵات دەکەین و پەیمان نوێ دەکەینەوە شێلگیرتر لە جاران هاوکار و پشتیوانی حیزبە خوشەویستەکەمان بین.

هەر وەها ئەندامان و دڵسۆزانی دێموکرات لە شاری سنەی قارەمان، بەبۆنەی جەژنی یەکڕیزی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، بە بڵاوکردنەوەی نوقل و شیرینی و وێنەی شەهید مەهدی بامناوەیی پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزییان درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازیان بن.

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی خەڵکی گوندی تیلەکۆ بەبۆنەی یەکگرتنەوی دوو لایەنی دێموکرات**




خەڵکی گوندی "تیلەکۆ" سەر بە شاری کامێران لە پەیامێکدا پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی یەکبوونەوەی دوو لایەنی دێموکرات بۆ حیزبی دێموکرات نارد.

لەو پەیامەدا هاتووە ئێمە خەڵکی گوندی "تیلەکۆ" پیرۆزبایی خۆمان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە گەلی شۆڕشگێڕی کوردستان و هەموو کادر و پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دەکەین و جێگای هەموو شەهیدانمان سەوزە و لەنێو دڵماندایە.

بێگومان لە هەر بارودۆخێکدا تەنیا یەکگرتنەوە دەبێتە هەوێنی سەرکەوتن و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەلات و ئەو یەکگرتنەوەیە جێگای خۆشحاڵییە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

لەمەو بەدواوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لاپەڕەیەکی تری خەباتی بەهێزتر و بە یەکگرتوویی زیاتر درێژە بەخەبات و تێکۆشان دەدات.

**هــەربژین**

**گوندی تیلەکۆ ـ کامێران**

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**لاوانی گوندەکانی "نێ" و "نسڵ" لە ناوچەی مەریوان پەیامی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە**




بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، لاوانی گوندەکانی "نێ" و "نسڵ" لە ناوچەی مەریوان پەیامی پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی خەڵکی کوردستان و هەموو خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری کرد.

لاوانی شۆڕشگێڕی گوندی "نێ" بەبۆنەی بە ئەنجامگەیاندنی پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی ڕێبەرایەتیی حیزبی تێکۆشەری دێموکرات کردووە.

ئەوان هەروەها پەیمانیان نوێ کردووەتەوە کە هەروا شێلگیرانە لە خەبات و کۆڵنەدان بۆ ڕزگاریی خاک و نەتەوە بەردەوام

دەبن.

هەروەها هیواشیان خواستووە کە ئەو یەکگرتنەوەیە گوڕ و تینێکی زیاتر بە خەباتی ڕۆژهەڵات ببەخشێ و ئامادەیی خۆشیان بۆ هەر جۆرە چالاکییەک نیشان داوە.

لەلایەکی دیکەوە لاوانی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی گوندی "نسڵ" بەو بۆنە پیرۆزەوە سڵاو و پیرۆزبایی تایبەتی خۆیان ئاراستەی گیانی پاکی شەهیدان لە سەرەوەی هەموویان قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب و گەلی کوردستان بەگشتی کردووە.

ئەوان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان سەبارەت بەو پرسە، ئامادەیی خۆیان بۆ بەرێوەبردنی هەر جۆرە چالاکییەک نیشان داوە.

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**گەورەترین و بەربڵاوترین چالاکیی تەبلیغی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات لە شاری سنە**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات لەشاری سنە، بەبۆنەی یەکڕیزی و یەکبوونی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات

گەورەترین چالاکیی تەبلیغییان لە ئاست هەموو شارەکانی کوردستاندا بەڕێوە برد و هەموو گەڕەک و شەقامەکانی ئەو شارەیان بە دروشم و وێنە و تراکتی حیزبی و پیرۆزبایی ڕازاندەوە.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە ناوەندی ڕاگەیاندن گەیشتووە، ئەندامان، لایەنگران ودڵسۆزانی حیزبی دێموکرات لە شاری سنە، بەبۆنەی یەکڕیزی و یەکبوونی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، لەهەموو شەقام و گەڕەکەکانی شاری سنە گەورەترین و بێ وێنەترین چالاکیی تەبلیغییان لە ئاست ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە بردووە.

ئەندامانی چالاک، دڵسۆز، هەڵسوڕ و وەفادار بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری وشانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە بە مەبەستی خۆشحاڵیی دەربڕین بۆ یەکڕیزی و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی، وێنە و تراکتی تایبەت بە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب لە زیاتر لە ٦٠ شوێنی گشتی و شەقام و کۆڵانەکانی ئەو شارە، چالاکییەکی تەبلیغیی بێ وێنەیان لە شاری سنەی دێموکرات بەڕێوە بردووە.

ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای سپاس و پێزانیین، دەسخۆشی و ماندوونەبوونی لە لایەنگران و ئەندامانی ماندوونەناس، بوێر، دڵسۆز و نیشتمانپەروەری حیزب لە شاری سنەی سەربەرز و مەکۆی کوردایەتی، هیوای ساغی وسڵامەتی و بەردەوام بوونیان لە ئەرکە نێشتمانییەکاندا بۆ بە ئاوات دەخوازێ و دەستی ماندووبوونیان دەگوشین.

٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢

## پەیامی پیرۆزبایی تەشکیلاتی نهێنی بانە و مەریوان بەبۆنەی جەژنی یەکڕیزی حیزبی دێموکرات



بەپێی ئەزموونی ١٦ ساڵەی کارو چالاکیەکانی هەردوو باڵی دیموکرات، بوێری بڕیاردان بۆ یەکگرتنەوە، هەر لە کادر و ئەندامانی خاوەن ئیرادەی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو حیزبە دەوەشێتەوە.

ئێمە وەک ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی بانە و مەریوان، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ ئەو بڕیارە مێژووییەی یەکگرتنەوە و نوێکردنەوەی حیزبی دیموکرات، خۆمان بە پاڵپشتیی تەواوی پرۆسەی یەکگرتنەوە دەزانین و ئامادەیی خۆمان بۆ جێبەجێ کردنی هەر ئەرکێکی تەشکیلاتی لە ناوخۆدا دەردەبڕین و بەڵێن دەدەین تا دوایین ساتەکانی ژیانمان درێژە بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری و پیرۆزی ڕێبەرانی شەهیدمان بدەین.

بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم بنەماڵەی پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی شەهیدان دەکەن. سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و وڵاتانی دیکە لە حیزبی دێموکرات**

**حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و وڵاتانی دیکە، بە بۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان ئاراستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە.**

**پاش ڕاگەیاندن و واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی یەکبوون و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان پەیامی پیرۆزبایی خۆیانیان ئاراستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە و سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان، هیوای بە ئاکام گەیشتنی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕزگاربوونی گەلی کوردیان لە ژێر دەستەیی کردووە.**

**ئەو حیزب وڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسییانەی کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناردووە بریتین لە:**

**پەیامی پیرۆزبایی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی سەربەستیی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە، ناوەندی چوارباخ، فیدراسۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی فینلەند" دیا کورد، کۆمەڵەی وێژە و هونەری کوردی "ڕەوەند"، "شۆرای دێموکراسیخوازنی ئێران، دوکتور فرێدریک تیسۆ، مەحمورد بەشاری، ئەندامای مەکتەبی سیاسیی گۆڕان، شۆڕش حاجی، کەسایەتیی سیاسیی وبەرپرسی بەرەی تەحریر و ئەلئەحواز، کەسایەتیی سیاسیی و سکرتێری پێشووی پارتی ئازادی کورد لە سووریە، خەیرەدین موراد.**

**٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢**

## دەربڕینی شادی و خۆشحاڵیی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکرات



بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزکانی نێوماڵی گەورەی دێموکرات ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەندین شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات بە هەڵکردنی ئالای کوردستان و یووبیلی حیزبی دێموکرات و بڵاوکردنەوەی شیرینی و تەقەی خۆشی خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە.

لە دوای یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات سەرەڕای بارودۆخی توندی ئەمنییەتی و نیزامی لەنێو شاری سەقز، پێشمەرگەکانی نێوشاری سەقز دوو ئالای کوردستانیان لە "مەنبەعی ئاوی حاجیاوا و سەر تەپەکانی دایە مەلێعا" لە شەهرەکی "گوڵان" هەڵ کرد و شادییان خستە نێو دڵی خەڵکەوە.

هەروەها پێشمەرگەکانی نێوشاری سەقز لەگەڵ هەڵکردنی ئالاکان پەیامیان ئاراستەی حیزب و خەڵک کرد.

لاوان و ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران لە گوندی "گردوان" لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بە هەڵکردنی ئالای کوردستان و ئارمی حیزب، وەکوو هەموو خەمخۆرانی پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دڵگەرمی وخوشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە دڵنیاییان داوە کە ئەم یەکڕیزییە لە وەرگرتنی مافی زەوتکراوی گەلی کورد نزیکمان دەکاتەوە.

ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە پیرانشار لە گوندی "گەزەگەسک" بەبۆنەی یەکگرتنەوەی نێومالی گەورەی

دێموکرات چالاکییەکی بەربڵاوی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و خۆشەویستی و گەورەیی حیزبی دێموکراتیان نیشان داوە، هەروەها لەنێو شاری پیرانشار دڵسۆزانی حیزب بە تەقەی خۆشی ئەو بۆنەیان جێژن گرت.

لە بانە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان بە نمایشدانی ئاڵای کوردستان، ئارمی حیزب، جامانە و گوڵ و شیرینی، یەکگرتنەوەی ڕیزکانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆزبایی کردووە و هاوکات شێرەکچەکانی دێموکرات لە گوندی "کانیسوور"ی بانە بە ڕازاندەوەی دیوارەکان بە ئاڵای کوردستان ئەو بۆنەیان پیرۆز نرخاندووە.

هەروەها لە سەیداوای بۆکان و لە شاری سەردەشت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماڵی خۆیان یەکگرتنەوەی دوو باڵی دیموکرتیان جێژن گرتووە.

٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**بەردەوامیی شەپۆلی پەیامی پیرۆزبایی، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە حیزبی دێموکرات**

پاش واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی هاوبەش لە نێوان دێموکراتەکان و یەکگرتنەوە و یەکڕیزی لە نێوان بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا، شەپۆلێکی بێوینە لە پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا.

بەپێی ئەو هەواڵ و پەیامانەی کە بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتووە، ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و ئەندامان ولایەنگرانی حیزب لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەلات و دەرەوەی ولات، بەبۆنەی یەکبوون ویەکریزی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە، هیوای سەرکەوتنیان بۆ ئەو حیزبە خۆشەویستەی کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەلات خواستووە.

بێجگە لەو پەیامگەلەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خوێندراوەتەوە، پەیامەکان بریتین لە:

پەیامی پیرۆزبایی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی گیارەنگ،
کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا" دیا کورد"،
هاوپەیمانی سەربەخۆییخوازانی کوردستان،
بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەلاتی کوردستان،
حیزبی دێموکراتیکی سووریە، بزووتنەوەی داهاتووی کوردستانی سووریە،
پارتی یەکیەتی کوردستان - سووریا کۆمیتەی سیاسی.

٢٧ - ٨ - ٢٠٢٢

---

## پەیامی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئەوێهەنگ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب



لە ئەوێهەنگی هەمیشە دێموکراتەوە، لە ئەوێهەنگی خۆڕاگرەوە، پیرۆزبایی خۆمان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان، ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات دەکەین و هیواداریین ئەم یەکگرتوویە ببێتە هوکاری بەچۆکداهێنانی ڕێژیمی دیکتاتۆری و سێدارەی ئێران.

بە یەکگرتوویتان ئەی ڕۆڵە چاونەترسەکانی ڕێبازی نەمر قاسملوو، هەستی ئێمە لە نێوخۆ قووڵتر بوو، هیواداریین هەموو کات پێکەوە بن و باشتر و بەهێزتر لە سالانی پێشوو بن و ئێمەش بە بچووک و لاو و پیری ئەوێهەنگ لەگەڵ ئێوە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا دوایین دڵۆپی خوێنمان درێژەدەری ڕێگای پڕ لە شانازیی دێموکرات بین.

سڵاو لە قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی

سەرکەوێ دێموکرات

بژی دێموکرات

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

## پەیامی ئەندامانی حیزب لە ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان و ئاڵەشینی بۆکان بەبۆنەی یەکگرتنەوە




ئەندامانی نهێنیی ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان و ئاڵەشینی بۆکان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان کرد.

سڵاو و ڕێز

ئێمە وەکوو ئەندامانی نهێنیی ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان و ئاڵەشینی بۆکان وێڕای دەستخۆشی بۆ هەموو زەحمەت و ماندووبوونی ئەو کەسانەی کە بۆ یەکبوون و یەکڕیزیی حیزب هەوڵی خۆیان داوە.

پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێبەرایەتیی حیزب، کادر و پێشمەرگە، بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی، کەمئەندامان، هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و سەرجەم خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەین، بە هیوای سەرکەوتنی گەورەتر و زیاتر و کوردستانێکی ئازاد.

ئەندامانی نهێنیی ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان و ئاڵەشینی بۆکان

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

## کۆمەڵێکی بەرچاو لە مامۆستایانی شاری بۆکان پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە




بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێکی بەرچاو لە مامۆستایانی شاری بۆکان پەیامێکی پیرۆزباییان ڕوو لە خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە.

لە پەیامی ئەو مامۆستایانەدا هاتووە، سڵاو و ڕێز بە تینی خۆری ئاڵا لە ئێوە پارێزەرانی وڵات.

تاکە هەوێنی سەرکەوتن یەکگرتووییە. یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات خۆشی خستە نێو دڵی تاک بە تاکی کوردەواری و بزەی خستە سەر لێوی هەر دڵسۆزێکی ئەم نیشتمانە خۆشەویستە.

بەو یەکگرتنەوەیە ورە و وزە نە تەنیا لەنێو خەباتکارانی وڵات، بەڵکوو لە دڵی هەموو خەڵکی کوردستاندا چەند قات بەرزتر بووەتەوە.

بەو یەکگرتنەوەیە ڕێز و حورمەت و گەورەیی حیزبی دێموکرات چەند هێندەی ڕابردوو ڕووی لە گەشەکردن کرد.

ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بەرز و پیرۆز بێ لە هەموو قوتابییانی مەکتەبی پێشەوا و درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدانی نیشتمان.

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

**ئەندامانی حیزب لە گوندی "گەلێن" سەر بە ژاوەرۆی سنە پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە**




**بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی حیزب لە گوندی "گەلین" لە ناوچەی ژاوەرۆ پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە.**


**ئەوان سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە و ڕایانگەیاندووە کە بەبۆنەی وەسەریەکخستنەوەی نێومالّی کورد و پتەوکردن و بەهێزتربوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پیرۆزبایی بە هەموو خەڵک و خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و هەموو زیندانییە سیاسییەکان دەڵێن.**

**هەروەها لەو پەیوەندییەدا ئامادەیی تەواوی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەر ئەرکێکی حیزبی نیشان داوە.**

**٢٧ - ٨ - ٢٠٢٢**

---

**بنەماڵەی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە**




**بنەماڵەی شەهیدان "عەبدوڵڵا ئەمینزادە" و "ڕەحمان ئەمینزادە" لە ناوچەی مەریوان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە.**

**لەگەڵ ڕێز و حورمەتی تایبەت بۆ بەڕێزان کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی**

**دەبێ وەبیر بێنینەوە بە دوای لێکدابڕانی حیزبی دێموکرات، ئێمە وەکوو بنەماڵەی شەهید تووشی نائومێدی و بێهیوایی بووین بەڵام بە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەو حیزبە گیانێکی دیکەمان هاتەوە بەر.**

**لە ماوەی ساڵانی دابڕاندا هەر چەند تووشی بێهیوایی ببووین بەڵام لە کارکردن و پەیوەندی بەو حیزبە و بە ڕێبازی شەهیدان ڕانەوەستاین.**

**هەر بەو بۆنە پیرۆزەوە پیرۆزبایی گەرممان ئاراستەی خۆمان و سەرجەم بنەماڵەی شەهیدان، کادر و پێشمەرگە و ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین و هیواداریین جارێکی دیکە بە هیچ شێوەیەک کارەساتی لەو شێوەیە لە حیزبی دێموکراتدا ڕوو نەداتەوە و هیوای سەرکەوتن بۆ حیزبەکەمان و هەموو لایەک دەخوازین.**

**هەروەها ئامادەیی خۆمان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی هەر چەشنە چالاکییەک کە حیزب پێمان بسپێرێ، دەردەبڕین.**

بنەماڵەی شەهیدان "عەبدوڵڵا ئەمینزادە" و "ڕەحمان ئەمینزادە" لە ناوچەی مەریوان

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**پەیامی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە سەقز بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات**




لە شاری سەقزەوە ، شاری یازدە ئەستێرەی پرشنگداری کۆماری کوردستان، جوانترین و ڕازاوەترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەمان پێشکەش بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی، کەمئەندامانی سەنگەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بە هەمووتان پیرۆزبایی دەڵێین. هیوادارین تەبایی و برایەتی باڵ بە سەر ماڵە گەورەی دێموکراتدا بکێشێ و چیدی نسکۆ و دابڕان نەبێتە هۆی ئەوەیکە خەبات بە دژی ڕێژیمی توتالیتێر و تیرۆریستی تاران ساردوسڕیی پێوە دیار بێ.

دەستی یەکە بە یەکەی ئەو هاوڕێیانە بە گەرمی دەگوشین کە بە هەوڵ و ماندوبوونی بێوچان ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان یەک خستەوە.

ئێمە وەک ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانی شاری سەقز دڵنیاتان دەکەینەوە هەتا دوا دڵۆپی خوێنمان بە ڕێبازی شەهیدان و درێژەدانی خەبات بە دژی داگیرکەر وەفادار دەمێنینەوە.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێت خاڵێکی وەرچەرخان بێت بۆ خەباتێکی بەتینتر بە دژی کۆلۆنیالیزم و عەقڵییەت و حاکمییەتی پاشکەوتووی ئاخوندی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. بێگومان ئێمەش لەم بوارەدا ئامادەی هەموو گیانفیداییێکین.

سەرکەوتن بۆ کوردستان و کورد

مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریستی تاران

ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

---

## پەیامی پیرۆزبایی بنەماڵەکانی سەربەرزی شەهیدان لە شاری شنۆ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات




بنەماڵەکانی سەربەرزی شەهیدان لە شاری شنۆ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە.

لەو پەیامەدا هاتووە، زانایانی بواری مرۆیی وتوویانە، تێگەیشتن ڕێک بە مانای دادپەروەرییە. بنەمای تێگەیشتن، ئاگاییە. لە زەینی کوردیدا بنچینەی پێگەیشتن لەسەر تێگەیشتن ڕۆنراوە واتە ئەوانەی تێناگەن بێگومان پێشناگەن. حیزبی دیموکرات هەر لە بنج و بناوانەوە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ بەرە و ئاگایی و بەرزکردنی ڕادەی تێگەیشتنی گەلی کورد وەگەڕ خستووە و بردنەسەری ڕادەی ئاگایی خەڵکی بەشەرەفی کوردی وەک ئەرکێکی پلە یەکەم وەئەستۆ گرتووە. ڕێبەرانی شەهیدی ئەو حیزبە لە ئەساسدا شەهیدانی خۆبەخشی بەستێنی ئاگایی و تێگەیشتن بوون.

بیر و بۆچوونی جیاواز ئەگەر لە ڕوانگەی ئاگاییەوە لێی بڕوانین، بەرهەمی تێگەیشتنی جیاوازە. تێگەیشتنی جیاوازیشی بەستێنی گەشە و نەشەی مەعریفی و ڕادەی ئاگاییە. لەو کلاوڕۆژنەیەوە بیری جیاواز هەڕەشە نییە بەڵکوو دەرفەتێکی شیاوە بۆ ئەوەی کە لە پلەکانی ئاگایی نەتەوەیی بەرە و ئاستێکی بەرزتر هەنگاو هەڵبنرێت. ئەوەی لەو نێوانەدا دەتوانێت ببێتە هەڕەشە، نەسەڵماندن و تەحەمولنەکردنی بۆچوونە جیاوازەکانە.

هەنگاوی پیرۆزی یەکگرتنەوەی دوو باڵی بەهێز و ڕەنگینی حیزبی دیموکرات، ئەوپەڕی لەخۆبردوویی و بوێری و گەشەی مەعریفیی ئەو حیزبە دێتە ئەژمار و مزگێنیدەری داهاتوویەکی گەشاوەیە. ئەو یەکڕیزی و تەباییە بێگومان چقڵ و چکڵی چاوی دوژمنان و بەرچاوڕوونیی چاوی دۆستانی حیزبە. لە جودایی و لێکترازان بەر لە هەموو کەسێک بنەماڵەی بەرز و بەڕێزی شەهیدەکانمان لە بواری ڕۆحی و دەروونییەوە خەساریان بەردەکەوێت.

٢٤ - ٨ - ٢٠٢٢

## پەیامی پێشمەرگە سپی پۆشەکانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات




بەشێک لە پزیشکان و پەرەستاران لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە.

لەو پەیامەدا هاتووە ئێمە وەک کادری پزیشکی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی ئەو ڕۆژە مێژووییە پیرۆزبایی پڕ بە دڵی خۆمان ئاراستەی سەرجەم خەڵکی خۆشەویستی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و ئەندامانی حیزبەکەمان دەکەین. هەروەها سپاس و پێزانین بۆ ڕێبەری و کادری حیزبی دێموکرات دەنێرین کە بە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکی یەکگرتنەوی بنەماڵەی دێموکرات دڵخۆشی و هیوایەکەی زۆریان لە دڵی خەڵکەکەماندا چاندەوە و دیسان سەلماندیانەوە کە حیزبی دێموکرات بەردەوام بەرژەوەندیی نەتەوەکەمانی لەپێش بەرژەوەندیی حیزبی داناوە.

ئێمە وەکوو پێشمەرگە سپی پۆشەکانی ڕۆژهەڵات ڕایدەگەیەنین لەسەر ڕێبازی میللی ـ دێموکراتیکی حیزبەکەمان سوورتر لە جاران ڕادەوەستین و ئامادەی هەر چەشنە فیداکارییەکین بۆ بەئامانجگەیشتنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

پیرۆز بێت ئەم یەکگرتنەوە پیرۆزە
کۆمەڵێک لە پزیشکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٣ - ٨ - ٢٠٢٢

## پەیامی پیرۆزبایی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە کامیڕان




بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکرات، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان "سالار ئیبراهیمی"، "ئیسماعیل ئیبراهیمی" و شەهیدان "عەلی قوربانی" و "حەیدەر قوربانی" پەیامێکی پیرۆزباییان بۆ حیزبی دێموکرات نارد.

بنەماڵەی ناوبراوان پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ماڵەگەورەکەی دێموکراتیان لە هەموو خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان، زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی، کادر و پێشمەرگەکان کردووە و دڵنیایی خۆیان دووپات کردووەتەوە کە ئاواتی شەهیدەکانمان وەدی هاتووە.

هەروەها ئەو یەکگرتنەوەیان بە دیتنی ڕۆڵە شەهیدەکانیان لە کۆڕی هاوسەنگەرەکانیان وەسف کردووە و ئاوەدانیی سەنگەری ڕۆڵە شەهیدەکانیان هەست پێ کردووە.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە ئەو ڕۆژەیان پیرۆزبایی کردووە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ گەل و نیشتمان بە ئاوات خواست.

٢٧ - ٨ - ٢٠٢٢

## پەیامی پیرۆزبایی ماموستایانی ئایینیی شارەکانی شنۆ، پیرانشار و نەغەدە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات




بەناوی خوای گەورە

"ئەی خاوەن باوەڕان هەمووتان بچنە بازنەی ئاشتی و پێکەوە هەڵکردن و بە شوێن هەنگاوەکانی شەیتان و نەیاران مەکەون کە بێگومان ئەوان نەیاری ڕاستەقینەی ئێوەن . ئایەی ٢٠٨بقره"

ئێمە وەک ماموستایانی ئایینیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی خۆمان بەو بۆنە هیوابەخشە و ئەو مزگێنییە گەورە ئاراستەی دۆستان و لایەنگران و هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی و بەگشتی سەرجەم خەڵکی تێکۆشەر و ئازارچێشتووی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان دەکەین و هاوکات هەستی خۆشحاڵیی خۆمان دەردەبڕین و پێمانوایە بە هێما وەرگرتن لە دەقەکانی ئایینی سەرکەوتن بەبێ یەکڕیزی و یەکگرتوویی هیچکات مسۆگەر نابێت و بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵ و دەستەبەربوونی مافەکان و بەرهەڵستبوونەوەی نادادپەروەری و تێکۆشان بۆ چەسپاندنی یەکسانی و ژیانی وەکوو یەک لەنێو هەموو گەلاندا بەتایبەتی گەلانی مافخوازی خواپێداو لەژێر هەژموونی و باندۆری وەسەریەکخستنی هەموو توانا و هێزەکاندایە و هیواخوازین جارێکی تر تووشی لێکدابران و پەرتەوازیی نەبینەوە.

هەر بۆیە لێرە ڕادەگەیەنین کە وێڕای پشتیوانیی خۆمان لە یەکڕیزی حیزبی دێموکرات، داواکارین لە خوای مەزن لە ژێر

سێبەری تیکۆشانی بێوچانی ئەو حیزبە خۆشەویستە، گەلی کوردی مافخوراوی ئێمەش وەکوو هەموو گەلانی تر بە ماف و ئاواتە لە مێژینەکانی خۆی بگات.

ماموستایانی ئایینی شارەکانی شنۆ، پیرانشار و نەغەدە

ڕێکەوتی ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی

٢٣ - ٨ - ٢٠٢٢

---

## پەیامی پیرۆزبایی کۆمەڵێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات




کۆمەڵێک لە مامۆستایانی قوتابخانەی شارەکانی سنە و سەقز بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزبایی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات نارد.

بەشێک لە مامۆستایانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە بەبۆنەی یەکبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری و سەرجەم ئەندامانی حیزب کرد.

مامۆستایان جەختیان کردەوە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کاتە هەستیارەدا هیوا و ئومێد و گڕوتینێکی دیکەیە بۆ خەبات دژ بە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە بووەتە هۆی ئەوەیکە خەڵکی کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر خراپی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ژیان بکەن.

هەر لەو پەیوەندییەدا کۆمەڵێک لە مامۆستایانی شاری سەقز لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە سەرجەم گەلی کورد کرد و هیوایان خواست تێکۆشانەکانی حیزبەکەمان بەهێزتر بێت و ئاواتەکانی گەلی کورد زۆر بە زوویی بێتە دی.

٢٣ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**پەیامی پیرۆزبایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**




یەکبوونەوە و یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکرات بوو بە هۆی خۆشی و شادیی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات و بە ناردنی پەیامێک پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مێژووییەیان کرد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شارەدێی "پەسوێ" پەیامێکی پیرۆزباییان بۆ حیزبی دێموکرات نارد و ئەو یەکگرتنەوەیان وەک پێویستییەک بۆ بەرگری لە هێرش و هەڕەشەی داگیرکەرانی خاک و نیشتمان زانی.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری "نەغەدە" و ناوچەی سندووس لە پەیامێکدا پیرۆزبایی ئەو یەکگرتنەوەیان لە کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد.

هەر لەو پەیوەندییەدا ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شارەدێی "نێ"ی مەریوان بەدڵێکی پڕ لە شایی و بە زەوقێکی سەربەرزانە و بە بیرێکی برایەتی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دوو باڵی بەهێزی دێموکراتیان کرد.

ئەندامان و لاینەگرانی حیزبی دێموکرات سەرەڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە، پەیمانی ڕێز و وەفادارییان لەگەڵ ڕێگا و ڕێبازی شەهیدانی حیزب و گەل دووپات کردەوە.

٢٣ - ٨ - ٢٠٢٢

---

**پەیامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە مەریوان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەو حیزبە**




سڵاوێکی گەرم

بەپێی ئەزموونی ١٦ ساڵەی کار و چالاکییەکانی هەر دوو باڵی دێموکرات، بوێریی بڕیاردان بۆ یەکگرتنەوە، هەر لە کادر و ئەندامانی خاوەن ئیرادەی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو حیزبە دەوەشێتەوە.

ئێمە ناڵێین هەردوو باڵی دێموکرات یەکیان گرتەوە بەڵکوو بڕوامان وایە لەم هەلومەرجەدا هەر دوو لایەنی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە خەسارەکانی ڕابردوودا ڕۆچوونەوە و لە بڕیارێکی بوێرانەدا وێڕای پێکەوە گرێدانی سەلیقە جیاوازەکان، خۆیان نۆژەن کردەوە.

ئێمە وەک ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەریوان، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ ئەو بڕیارە مێژووییەی یەکگرتنەوە و نوێکردنەوەی حیزبی دێموکرات، خۆمان بە پاڵپشتی تەواوی پرۆسەی یەکگرتنەوە دەزانین و ئامادەیی خۆمان بۆ جێبەجێکردنی هەر ئەرکێکی تەشکیلاتی لە نێوخۆدا دەردەبڕین.

بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم بنەماڵەی پێشمەرگە و زیندانییانی سیاسی و بنەماڵەی شەهیدان دەکەین.
سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بڕووخێ کۆماری داگیرکەری ئیسلامی

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی جێژن گرت




پاش ڕاگەیەندراوی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە دەربڕینی شادی و خۆشحاڵی و بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی و بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان جێژن گرت.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ورمێ لە قەڵەسەردار و لە گوندی باوان، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان جێژن گرت و بە دانانی جامانە و چەک و ڕەختی پێشمەرگانە و بڵاوکردنەوەی نووسراوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تیکۆشەرانی دێموکرات لە پیرانشار بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی لە شوێنەکانی وەک "تالار خەیام، شەقامی پیران، شەقامی مەنگوڕ، ٢٤میتری، بازاری سیگاران، مەنتەقەی مام خەلیل، کەمەربەندی کۆنە خانێ و دەوروبەری قوتابخانەی شەوانەڕۆژی" پێشوازییان لە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرد و ئەو بۆنەیان جێژن گرت.

لە بانە ئەویندارانی دێموکرات بە ڕازاندنەوەی سفرەیەک ڕەنگین و دانانی جامانە و ئاڵای کوردستان و هەڵکردنی مۆم جێژنی یەکگرتنەوەیان پیرۆز ڕاگرت.

پێشمەرگەکانی شار لە مەریوان  بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و بڵاوکردنەوەی سروودی قاسملوو، پشتیوانیی خۆیان لە یەکگرتنی ماڵی گەورەی دێمۆکرات و ئامادەییشیان بۆ هەر فەرمانێک لەلایەن حیزبەوە دەربڕی.

ئەندامانی دلسۆزی حیزبی دێموکرات لە قوروە بە نووسینی "بژی حیزبی دێموکرات و یەکگرتن ڕەمزی سەرکەوتنمانە" پێشوازی و خۆشحاڵیی خۆیان لە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەربڕی و بەو بۆنەوە چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە "دیواندرە" لە ئاوایی "کەڵەکان" دوای بیستنی هەواڵی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان شادی و خۆشحاڵیان دەربڕی.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

---

### هەواڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، ڕەنگدانەوەی تایبەتی لە میدیاکان هەبوو




بە دوای ڕاگەیاندنی ڕاگەیەندراوی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، ئەو هەواڵە زوو ڕەنگدانەوەی تایبەتی لەسەر میدیا

ناوچەیی و جیهانییەکان بەدوای خۆیدا هێنا.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ۳۰ی گەلاوێژی ۱٤۰۱ی هەتاوی لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا، دوو لایەنی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە.

بە دوای ئەوەدا هەر زوو هەواڵەکە ڕەنگدانەوەی تایبەتی لەسەر ڕاگەیاندن و میدیا ناوچەیی و جیهانییەکان بە دوای خۆیدا هێنا.

زۆربەی ڕاگەیاندن و میدیا ناوچەیی و جیهانییەکان لە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان وەکوو پرسێکی گرینگ باسیان کردووە و هێناویانەتە بەر باس.

یەکگرتنەوە و وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات وەکوو یەکێک لە گەورەترین و ڕیشەدارترین حیزبی کوردی دەتوانێ کارتێکەریی گرینگ و شوێندانەری هەبێ و هەموو لایەک بە گرینگییەوە باسی ئەو پرسە دەکەن و هەڵسەنگاندنی تایبەتی بۆ دەکەن.

۳۱ی گەلاوێژی ۲۷۲۲

**پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە چین و توێژەکانی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات**




**بەشێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات بە ناردنی پەیام دڵخۆشی خۆیان دەربڕی و ئەو هەنگاوەیان لەم کاتە هەستیارەدا، هیوا و گڕوتینێکی نوێ بۆ خەبات دژ بە ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئێران وەسف کرد.**

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، مامۆستایان، پزیشکان و پەرەستاران لە سەرجەم شارەکانی کوردستان هیوایان خواست کە ئەم یەکگرتووییە ببێتە هۆی ئەوەی کە بتوانین خاک و نیشتمانەکەمان لەژێر دەستی داگیرکەران ڕزگار بکەین. هەروەها پەیمانی ڕێز و وەفادارییان بە ڕێگا و ڕێبازی دێموکرات و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمان نوێ کردەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی هەر جۆرە ئەرکێکی حیزبی دووپات کردەوە.**

**٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٢**

**کوردستانییان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و ئێران پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەکەن**




بە بۆنەی ٢٥ـی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات، کوردستانییان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و ئێران خۆشحاڵی خۆیان بەو بۆنەوە نیشان دەدەن و چالاکی بەڕێوە دەبەن.

ڕێکەوتی ٢٩ لەسەر ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی ئەندامانی نهێنیی حیزب لە شارەدێی دزەی مەرگەوەڕی شاری ورمێ بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
ئەندامانی حیزب بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٥ـی گەلاوێژ و بڵاوکردنەوەی پەیامی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان چالاکییان بەڕێوە بردووە و شادی و خۆشحاڵیی خۆیان لەو بارەوە نیشان داوە.
هەروەها لە شاری تاران، ئەندامانی حیزب بەبۆنەی ٢٥ـی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان بڵاو کردووەتەوە و شادی و خۆشحاڵیی خۆیان سەبارەت بەو پرسە نیشان داوە.

ئەوان وێڕای ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان بەڵێنییان نوێ کردووەتەوە کە هەتا سەر لەسەر ڕێبازی دێموکرات پێداگری دەکەن و ئەو ڕێگایە بەرنادەن.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا**

# سپاسنامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان**

**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دۆست و هاوپەیمان**

**کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان**

**کەسایەتییە ئازادیخواز و نیشتمانپەرەرەکان**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان**

**زیندانیانی سیاسیی خۆڕاگر**

**هەروەک ئاگادارن ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژی ئەمساڵ، بەرانبەر بە ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی، پاش تێپەڕاندنی ڕەوتی دانوستانی پێوەندیدار، پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە ئاکام گەیشت و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا مژدەی سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بە ئاگاداریی ڕای گشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گەیشت.**

**پێویستە بڵێین، لە سەرەتای ڕەوتی دیالۆگەکانەوە تا دوایین هەنگاوی ئەو پرۆسەیە، پاڵپشتی و هەوڵ و هەڵوێستەکانی تێکڕای ئەندامان و لایەنگران و کادر و پێشمەرگە و دۆستان و دڵسۆزانی حیزب و بزووتنەوە ڕەواکەمان، مایەی دڵگەرمی و هاندەری هەیئەتەکانی یەکگرتنەوە و ڕێبەریی هەر دوو لا بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوتی یەکگرتنەوە و لابردنی کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگا بۆ وەڵامدانەوە بە داخوازیی ڕەوای ئەوان و سەرخستنی ئیرادەی یەکڕیزیخوازانەی ڕێبەری و بەدەنەی**

دێموکراتەکان بوو.

لە پاش یەکگرتنەوەش، شەپۆلێکی بەربڵاو لە گەشانەوەی هیوا و دەربڕینی خۆشی و شادی بە شێوەی جۆراوجۆر، هەموو کوردستان و گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی ئازادیخوازانەی کوردستان و ئێرانی گرتەوە و خەڵک و لایەنە سیاسییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی دۆست و هاوپەیمانمان بە ناردنی برووسکەی پیرۆزبایی و سەردانی بنکە و بارەگاکانمان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، خۆشحاڵی و پاڵپشتیی خۆیان بەو بۆنەیەوە دەربڕی.

بەم بۆنەیەوە، بە پێویستی دەزانین بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سپاسی هەستی هاوخەباتی و پاڵپشتیتان بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بکەین و وێڕای بایەخدان بە دەربڕینی هەستی پیرۆزتان و پەیام و ناوەڕۆکی برووسکەی پیرۆزباییەکان و هەروەها پێوەندیگرتن و سەردانەکانتان ڕادەگەیەنین حیزبەکەمان لە ئاست ئەو هەموو پاڵپشتی و گەورەییەتاندا خۆی بە ئەرکدار دەزانێ و بەردەوام دەبێ لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی، مێژوویی و سیاسیی خۆی و بە جەختکردنەوە لەسەر پرەنسیپە دێموکراتیک و مرۆییەکانی، هەنگاوی کاراتر بۆ تۆکمەتر کردنی ڕیزەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوە ڕەواکەمان هەڵدەگرێت و گرینگییەکی تایبەت بە پێوەندیی دۆستانە و هاوخەباتی لەگەڵ هەموو دۆستان، دڵسۆزان و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی گەل و ڕزگاریی نیشتمانەکەمان دەدات.

لەگەڵ ڕێز و سپاسی دووبارەماندا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی


KURDISTAN
حزبی دیموكراتی كوردستان
Kurdistan Democratic Party
1945
1945
یەكگرتنەوەتان پیرۆز بێت
ڕەحمان نەقشی